# فەلسەفەی کۆچەری

## خولیا هەنووکەییەکان لە هزری فەرەنسیدا

نووسینی:Esbern Krause-Jensen

**وەرگێڕانی لە دانمارکی/ سوێدییەوە: هەندرێن**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناوی کتێب: فەلسەفەی کۆچەری

ناوی ئۆرگینالی کتیب: Nomadfilosofi

نووسەر: Esbren Krause-Jensen

ورگێری سوێدی: Joachim retzlaff

وەرگێرانی لە دانمارکی/سوێدییەوە: هەندرێن

لە بڵاوکراوەکانی: سەنتەری رۆشنبیریی نما

چاپخانەی: .....2005

تیراژ:...1000



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# له پێناو تورهه‌ڵدانی نه‌ریتی به پیرۆزکردن  و بوێری هزراندن

1

بۆ ئه‌م کتێبه‌؟ ئایا وه‌رگێرانی ئه‌و کتێبه چ مه‌یلێلێکی له پشته‌وه‌یه‌؟ ئایا باشتر نه‌بوو، له جیاتی ئه‌م کتێبه‌، رۆمانێک، کتێبێک له بواری گه‌شت و گوزار یان کتێبێک که نزیک بێت له حه‌زی ئاپۆره‌ی خه‌ڵک بکه‌م به کوردی، که هه‌م بۆ وه‌رگێران و، هه‌میش بۆ ره‌واج په‌یدا کردن ئاسانتر بوو؟ جوداوازی فه‌لسه‌فه‌ی "کۆنتینێنتال"  و فه‌لسه‌فه‌ی "ئه‌نالیوتیسک" له کوێوه سه‌رهه‌ڵده‌گرن؟ ئایا له‌م دوو رێچه‌که فه‌لسه‌فیه‌دا کامه‌یان سوودمه‌ندن بۆ رۆشنبیریی کوردی؟

هه‌ڵبه‌ت، وه‌ک پشتینه‌یه‌ک، خوێنده‌واری کورد ئه‌وه ده‌زانێت، که ،له سه‌ره‌تای ساڵی1990، یان دوای راپه‌رینه به وه‌جه‌که‌ی کوردستانی باشوور، کۆمه‌ڵێ گۆرانکاری، جڤاکی، سیاسی و رۆشنبیری... هتد، له پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا هاته کایه‌وه‌، که ده‌کرێ سه‌رتاپای ئه‌و دیاردانه وه‌ک ئاکامگیرییه‌ک یان ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی ئه‌و راپه‌رینه‌، سه‌یر بکه‌ین. هه‌ڵبه‌ته گۆرانکارییه ده‌ره‌کییه‌کانیش، به تایبه‌تی هه‌ره‌سی بلۆکی سۆزیالیزم و سه‌رکه‌وتنی سیسته‌می سه‌رمایه‌داری و ئیدیۆلۆگی لیبرالیزم و دیارده‌ی به جیهانیبوون و جیهانگیری، راسته‌خۆ یان ناڕاسته‌وخۆ، رۆڵیان هه‌بوو له سه‌رهه‌ڵدان و رسکاندنی ئه‌و دیاردانه‌ی ناو کۆمه‌ڵگای کوردیدا. لێره‌دا ئه‌م نووسینه نایه‌وێ له ورده‌کارییه‌کانی  ئه‌و هۆکارانه و ئه‌نجامه‌کانی بپه‌یڤێت. به‌ڵام ئه‌وه‌ی که لێره پێویسته وه‌ک ده‌ستپێکێک ئاماژه‌ی پێبکرێت، ئه‌و دیارده‌، یان مۆده رۆشنبیرییه که له ماوه‌ی ئه‌و بیست ساڵه‌دا کرا به ده‌مگۆی "تازه‌گه‌ری"،  له پاڵ ئه‌وه‌شدا ده‌سته‌یه‌ک له رۆناکبیری کوردی ئه‌و قۆناغه ده‌کرێن/بوون به ده‌مڕاستی  ئه‌و ته‌رزه "نوێگه‌ر"،ییه‌ی رۆشنبیریی کوردی. سه‌ره‌تای ئه‌و دیارده "نوێگه‌ری"ه‌، له گۆڤاری "ئازادی" و پاشان "ره‌هه‌ند" و "گوتار" و "سه‌راب" و ... هتد،  خۆی نمایشکرد و پاشان ته‌واوی بڵاوڤۆکه‌کانی حیزبه بچووک و گه‌وره‌کان، چه‌پ و راستی کوردی، به‌و بابه‌ت و ده‌سته‌واژانه سیخناخکران. ته‌نانه‌ت ئه‌و نووسه‌رانه‌ی که فریان به‌و جۆره ده‌سته‌واژه و روانگه هزرییانه نه‌بوو، که‌چی تا ئه‌وانیش له‌و شاڵاوه "نوێگه‌ری"یه به‌جێنه‌مێنن، یان بۆ ئه‌وه‌ی خۆیان وه‌ک "پاڵه‌وان" له به‌رانبه‌ر یه‌کتر نمایش بکه‌ن، له نووسینه‌کانیان ده‌ستییان کرد به هه‌ڵڕشتنی، یان "تێپه‌ستان" و "تێوه‌گلان"ی ناوی مێشال فۆکۆ و رۆلان بارت و ده‌سته‌واژه‌ی "گوتار" و "ده‌سه‌ڵات". به‌مجۆره له‌ناو پانتایی چۆڵ و هۆڵی رۆشنبیریی کوردییدا، "که‌له‌شێران" ده‌بن به "مه‌لای دوانزه عیلم". له‌وه‌ش زیاتر ده‌مڕاسته‌کانی ئه‌و دیارده رۆشنبیرییه‌، نه‌ک هه‌ر وه‌ک نموونه‌ی "دانسقه"ی تازه‌گه‌ر" و "فه‌یله‌سوف"ی کوردی چووێنران، به‌ڵکو وه‌ک نموونه‌ی فه‌یله‌سوف و داهێنه‌ری رۆژهه‌ڵاتی ناڤین و بگره جیهانیش وێنا کران. ره‌نگه یه‌کێک قووت بێته‌وه و بێژێ، له‌وه‌دا مه‌به‌ستت چیه‌؟ یان ئه‌و ئاماژه کردنانه‌ی من، به‌و دیارده و ده‌مڕاست و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاینەگیرەکانیانی "نوێگەری"، بە ئیرەیی و یان تۆمەتی بێ بەڵگە سەیر بکرێن. هەڵبەتە ئامادەیی ئەو چەشنە بەرتەکە حازر بەدەستانە بۆ بەندە سەیر و سەمەرە نین. بەڵام چونکە ئەو دیاردەیە لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا زۆر زەقە، بۆیە بۆ خوێندەواری لە خۆ راپەرمووی وریا ئەو ئاماژە کردنانە دەبێ شتێکی بەڵگەنەویست بن، یان کورد واتەنی "کە مانگ لە چواردە بێت حەوجە ناکات پەنجەی بۆ ڕابکێشرین". بەهەمەحاڵ. ئەوەی کە بۆ من مایەی هەڵوەستە کردنە، ئەوەیە کە، بۆ لەو رەوتە رۆشنبیرییەی کوردیدا تەنیا فەلسەفی فەرەنسی بە گشتی و، بە تایبەتیش مێشال فۆکۆ دەبێتە "وێردی سەر زاری" هەموو کەسێکی خۆ بە نوێگەرزانی کوردی؟ ئایا ئەو بە "پیرۆزکردن" و بە "پاڵەوانکردنە"، مانای کڵۆڵی خودی نووسەران و خوێنەرەکانی ناگەیەنێت؟ ئایا ئەو بونیاتە کولتورییەی کە ئاوێزانە بە پیرۆزکردنی سیمبوولەکانی، کاتی ئەوە نەهاتووە، بۆ نەشتەرگەری ناخە قەتیسماوەکەی، بیر لە خەستەخانەیەک بکاتەوە؟ باشە، بۆ ئەو "فۆکۆیست"ە دەمڕاستانە تا ئێستا یەک کتێبی فۆکۆشیان نەکرد بە کوردی؟ ئەرێ لە هیچ زمانێکدا دیوتانە، نووسەرێک یان فەیلەسوفێک، یانیش روانگەیەکی هزری بووبێتە دیاردەیەک یان کلیلێک بۆ جیهانێکی تازەی نووسین. کەچی بەرهەمێک یان بەشێکی ئەو سەرچاوەیە نەگوزرابێتەوە بۆ سەر ئەو زمانە؟ ئەو پرسیارانە بۆ خوێنەری هوشیاری کوردی جێدەهێلێم. بەڵام دەبێ ئەوە جەغت بکەینەوە، کاتێ فۆکو و دۆلوز هاتن وەک سەرچاوەیەک گەڕانەوە بۆ نیتشە، سەرەتا بە دووبارە وەرگێڕان و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو دەستیان پێکرد. هەر ئەو وەرگێڕان و خوێندەوەی ئەوانەش بوو کە پانتایی سارد و سڕی ژیانی فەلسەفی رۆژئاوای زیندوو کردەوە. چونکە بە پرۆژە کردن؛ وەرگێرانەوە و راڤە کردنەوەی نیتشە لە لایەن دۆلوزەوە بوو بە تەقاندنەوەی کێشە فەلسەفەییەکانی رۆژئاوا، کە لە ماوەی نیو سەدە، فەلسەفەی ئەنالیوستیک/فەلسەفەی ئینگلیزی و ئەمریکی، هاوکاتیش ئیدیۆلۆگی چەپڕۆ، نیتشەی کردبوو بە سەرچاوەی کارەساتی نازیزمی ئەلمانی. هاوکاتیش دەبێ ئەوە بزانین، کە دەستەواژەی "دەسەڵات" و هزری فۆکۆ لە عارەبییەوە گوازرایەوە ناو زمانی کوردی. ئاشکرایە کێشەی دەسەڵات لە کۆمەڵگای عارەبیدا دیاردەیەکی زۆر زەقە، بۆیە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا تیۆری فۆکۆ لەسەر "دەسەڵات" دەبێتە سێبوورییەک بۆ رۆناکبیری عارەبی. بەڵام جێگەی سەرنجە، ئەوکاتەی کە رۆناکبیری کوردی لە رێگای گۆڤار "العرب والفکر المعاصر" و پرۆژەی مطاع صفدی، بەو بابەتە ئاشنا دەبێت، کۆمەڵگای کوردی هێشتا رووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە نەبۆوە کە عارەب کێشەیان لەگەڵ هەبوو، ئایا کێشەی دەسەڵات لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەمان کێشەی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگای عارەبیدا؟ بەرسڤدانەوە و خەمڵاندنی ئەو پرسیارە پوێستی بە وتارێکی سەربەخۆ هەیە.

بە کورتی دەخوازم بێژم، ئەو دیاردە "نوێگەری"ەی کوردی، بەو شێوازەی کەخۆی کرد بە دیاردە و مۆدە، وەک هەمیشە، تەنیا ناوەکان و دەستەواژەکانی ئاڵۆگۆڕ کرد، نەک گۆرانێکی مەعریفی بونیاتی. بە واتایەکی راشکاوتر، گەر پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، روانگەی "ئەدەبی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ریالیستی" و ئەدەبی "بەرەنگاری"، چەند نووسەری رووسی کرابوون بە "پەرستگا" و "سەرچاوە"ی رۆناکبیری کوردی، کەچی دوای نەوەدەکان چەمکگەلێکی وەک: "ستراکچالیزم" و "پۆستمۆدێرنیزم"، نەک "مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە"، لە شێوەەکی خوار و خێچدا، نەک بە بەشدار بوون و خوێندنەوە، بەڵکو بە تەمومژاوی کردنی لە چەشنی پەیامهێنەرێکی راست و رەوان، دەکرێن بە جێگرەوەی راستی بۆ رۆناکبیری کورد. لە پاڵ ئەوەشدا فۆکۆی هزرڤان لای ئەو نووسەرە تازانەدا دەکرێتە "خدری زیندە"ی ئەو"نوێگەر"ە پەنهانەی کوردی. رەنگە یەکێک لە کێشەکان ئەوە بێت چونکە رۆشنبیریی ئێمە وابەستەی زمانی عارەبی و فارسییە، بۆیە هەر دیاردەیەک لەو دوو زمانەدا بە هەڕمێن بن، ئەوکات دوای ماوەیەک رۆناکبیری کوردیش سەری لە دوو دەنێت. لێرەدا ئاماژە کردنی من بەو کێشانە نابێت وەک دژە بۆچوون سەیر بکرێن، بەڵکو دەبێت وەک گفتوگۆ و هەڵوەستە کردن فام بکرێن

2

هەڵبەتە دەبێ بێژم، کە لە سەرەتای ساڵی 2000دا لە زانکۆی سۆدەرتۆرن لە ستۆکهۆلم دەستم کرد بە خوێندنی فەلسەفە، لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی خوێندندا، هانس روین، کە پرۆفیسۆرە لە فەلسەفە و بەرپرسی بەشی فەلسەفەیە لە زانکۆی ناوبراودا، وەک دەروازیەک بە قسە کردن لەسەر روانگە جوداواز و سنوورەکانی نێوان فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک/analytisk و فەلسەفەی "کۆنتینێنتال/kontinental"، یان ئینگلو ساستیسک-/ئینگلیزی و ئەمریکی، فەلسەفەی کۆنتینێنتال/ئەلمانی/فەرەنسی، کە دوو ئاراستەی گرینگی فەلسەفە و سیستەمی بیرکردنەوەن لە رۆژئاوادا، پێشوازی لە خوێندکاران کرد. شایەنی باسە، هەتا سەرەتای نەوەدەکان لە زانکۆیەکانی سوێد ئەو فەیلەسوفانەی کە سەر بە فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" بوون، تەواو پشت گوێخرا بوون و بۆ خوێندکاران ئاسان نەبوو لەسەر ئەو فەلسەفە و فەیلەسوفانە لێکۆڵینەوە بکەن، بەڵام لەم ساڵانەدا هانس روین یەکەم خوێندکار بوو لە سوێد لەسەر مارتین هایدگەر دکتۆرا بە دەست بێنێت.
بەمجۆرە لەگەڵ دەستکردن بە خوێندنی فەلسەفە لە کێشەکانی ئەو دوو ئاراستە فەلسەفییە شارەزا بووم. چونکە کتێبەکانی ئەو فەیلەسوفانەی، کە سەرچاوەی سەرەکی ساڵی یەکەمی خوێندنی فەلسەفە بوون و بە فەیلەسوفانی "کۆنتینێنتال" دەناسرێن، ئەوەم بە زەین داهات کە لە نووسینی کوردیدا ئەو فەیلەسوفانە لەسەر زاران بوون/هەن، بەڵام، تا ئێستاش، نە بە قسە و نە بە نووسینیش، نە گوێم لە دەستەواژەی فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" و فەلسەفەی "ئەنالیوستیک" بووە و، نە لە نووسینێکی ئەو "فەیلەسوفانە"ی کوردیدا چاوم ساتمەی لێکرد بوون! لە کاتێکدا لە رۆژئاوا لە پانتایی فەلسەفەدا، ناکۆییەکانی ئەو دوو دەستەواژە، "کۆنتینێنتال" و "ئەنالیوتیسک"، لە "ناکۆکی" رۆناکبیری نێوان هەولێر و سلێمانی، یان هەردوو "حوکمەت"ی کوردی قووڵترن. بە واتایەکی دیکە، دەخوازم بڵێم، سەرباری ئاوێزان بوونی نووسەرە "نوێخوازەکان"ی کوردی بەو هزرە، بە تایبەتیش ئەمڕۆ گۆڤار، بڵاوکراوە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دانووساندنەکانی کوردی، بە گواستنەوەی هزری فەرەنسی، یان بەو تەرزە فەلسەفە و دەستەواژانەی کە فەیلەسوفە "کۆنتینێنتال"ەکان وەک میتۆد بەکاری دێنن، سەرگەرمن. هەڵبەتە من نامەوێ لێرەدا دڵسۆزی و خەم و هیلاکی ئەو نووسەرانە لە پێناو هەوڵی ئەفراندن و گۆران رەتبکەمەوە. بەڵام ئەوەندەی من بزانم، سەرچاوەیەکی بە سوود لە و هزرە بە کوردی بەرچاو ناکەوێت کە خوێنەری کوردی بتوانێ پشتی پێبەستێت، لە کاتێکدا قسە کردن لەسەر هزری دەرەکی، بێ بوونی دەقە وەرگێردراوەکانی ئەو هزرە، وەک ئەوە وایە کە ئێمە باس لە جیهانێک دەکەین کە نەمان بینیوە، یان لە باس لە مەلەوانیکردنی ناو زەریایەک دەکەین کە خۆشمان شروشتی ئەو زەریایەمان نەبینیوە. روونتر بێژم: بۆ نموونە، هەموو خوێندکارێکی زانکۆ لە سوێد، بە گشتی، دەتوانن ئینگلیزی، تەنانەت ئەلمانیش باش بخوێننەوە، کەچی بەشێک لەو سەرچاوە هزریانەی جیهان دەکرێنە سوێدی. ئەو رۆناکبیرە ئەکادیمیانەی سوێد کە خەریکی بواری فەلسەفەی ئەلمانین، بەرلە دوو ساڵ  دووبارە تەواوی بەرهەمەکانی نیتشەیان کردەوە سوێدی. مەبەستم لەوەدا ئەوەیە بێ وەرگێرانی بەرهەمی سەرچاوەیەکی هزری، گفتوگۆ کردن و بە دیاردە کردنی ئەو هزرە، گەر مەحاڵ نەبێت، ئەوە شتێیکی ئیفلیجە. جارێک بە نووسەرێکی کوردی سوێد نشینم گوت، کە "شتێک"ی بەناو فەلسەفەی نووسیبوو، تۆ لە جیاتی ئەو نووسینە، بۆ خۆت و کورد، باشتر بوو گەر هەوڵی وەرگێرانی دەقێک بدەی لەسەر ئەو باسە، کەچی ئەو برادەرە پێی وابوو وەرگێران "ئیش"ی ئەو نیە، چونکە ئەو خەریکی "فەلسەفاندن"ە. بە کوردی گەر بمانەوێ لەسەر هزرێک قسەمان هەبێت، دەبێت ئەو هزرە لە بەرانبەرماندا ئامادە بێت، ئەگینا زمانی کوردی بە رێگایەک دادەبەین، ئەنجامەکەشی بێجگە لە سەرگەردان بوون، هیچی تر نیە.

لەم تێگەیشتنەوە دەکرێ پێشکەشکردنی کتێبی *فەلسەفەی کۆچەری خولیا هەنووکەییەکان لە هزری فەرەنسیدا*، کە نووسەری دانمارکی  ئێسبرێن کراوس-یەنسین نووسیوویەتی و یوەکیم رێتزلاف کردوویەتی بە سوێدی و منیش لە وەرگێراندا هەردوو زمانی سوێدی و دانمارکی، بەهۆی لەیەکتر نزیکییان، بەراورد کردووە، وەک دەروازەیەک لە هزری فەرەنسی، بۆ ئەمرۆی رۆشنبیریی کوردی بایەخدار بێت. بۆ ئەوەی  خوێنەری کوردی بتوانی لە ناوکۆیی/کۆنتێکستی فەلسەفەی فەرەنسی تێبگات،

نووسەری کتێبی *فەلسەفەی کۆچەری* ئیسبێرن کراوسێن-یێنسێن، لەساڵی 1940 لە دانمارک لە دایکبووە و دکتۆرای لەسەر زمان و فەلسەفەی فەرەنسی کردووە و لە زانکۆی  Århusدا لە بەشی مێژووی هزر/ئیدێهیستۆریا وانە دەڵێتەوە. ئیسبێرن چەندان کتێنبی نووسیوە، لەوانە: ستراکچالیزمی فەرەنسی، 1973؛ مەعریفە و *دەسەڵات* (سەبارەت بە رەخنەی فۆکۆ لەسەر دامەزرەوەکان)، 1978؛ *مێژووی ئیدیۆلۆگی و سیاسەت* (سەبارەت بە لیڤی شتراوس، ئالتۆسێر و گرامشی)، 1980)؛ *ئاژەڵ بە چاوە سەوزەکان* (کۆوتارێکە سەبارەت بە ژیانی تەنیایی، "سامبۆ"، ژیانی هاوبەشی کور و کچێک و ژیانی رەبەنی)، 1982 و چەندان بەرهەمی تر.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوکات وەرگێری سوێدی، یوەکیم رێتزلاف، چەندان کتێبی تیۆری لە بواری فەلسەفە، ئایین، کۆمەڵناسی، پەروەردە، سیاسەت و چەندان بەرهەمی تری تیۆری ئەدەبی لە زمانی ئەوروپییەوە کردووە بە سوێدی.

جێگەی ئاماژە کردنە، لە رۆشنبیری ئێمەدا تەنیا ناوێک دەبێتە وێردی سەر زاران. بە واتایەکی تر، ماوەیەک لەمەوبەر بە تەنیا فۆکۆ و دەسەڵاتەکەی کرا بوو بەمۆدەی نووسینی سەرتاپای خوێندەواری کورد، کەچی ئەمرۆ نۆبەی ژاک دێریدایە. بۆیە دەستەواژەی "سێنتەر" و "جیاوازی" کراوە بە چاویلکەیەک بۆ وێناندنی هەموو کێشەکانی خێزان، نێوان شار، نێوان حیزب؛ وەک تەرازوویێک داهێنان و نوێگەریی نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و سیاسی کوردی پێ دەپێورێت.

بۆیە رۆناکبیری کوردی بە هەمان پێوانە هەمیشە لە ژێر ناوی ئەفراندن و نوێگەریدا "پاڵەوانێک" دەخولقێنێت و دواجاریش ئەو پەلەوانە دەکات بە سیمبوولێکی پیرۆز و وەک بوونەوەرێکی تەلیسماوی ئاوێزانی دەبێت. ئەمەش روانگەیەکە لە خورافەت و ئایین نزیکە تا لە پرسیاری گومان و هزری نوێ، لە نە بوون و نەزانی هزر کردن دەچێت تا لە گفتوگۆ و فروانکردنی مەعریفە...هتد.

لەم روانگەیەوە، بۆ ئەوەی تەنیا دەستەواژەی "سێنتەر"، "جیاوازی"، "گوتار/دیسکۆرس " و "دەسەڵات"، وەک دەستەواژە و روانگەکانی ئەدەبی "بەرگری"، ئەدەبی "کرێکاران" و ئەدەبی "ریالیزمی/سۆسیالیزم"ی گۆرین، نەکرێن بە کلیلی کردنەوەی دەرگای "کەون و کائینات"ی کوردی؛ بە ئیفلیجی لە رۆشنبیریی و ماڵی خوێنەری کوردی کەڵەکە نەبن، دواجاریش رۆناکبیری کوردی لەسەر ئەم "وەزن و قافیەیە"ی  فۆکۆ و دێریدا، تاکە فەیلەسوف لە کورد دانەتاشێت، پێویستە وەک پرۆسە و تۆرێک لە بزاڤی هزر پروانین. لێرەوە گرینگی ئەو کتێبە لەوەدایە کە لە نمایشێکی پوختەدا تایبەتمەندی فەلسەفەی فەرەنسی بەرجەستە دەکاتەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییەی فەلسەفەی فەرەنسی، هەوڵدەدەم بە دەست پێوەگرتنەوە  جیاوازییە سەرەتاییەکانی نێوان فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" و فەلسەفەی "ئەنالیوستیک" بخەینە روو، بۆ ئەوەی بتوانێ پانتایی فەلسەفەی رۆژئاوا، بە تایبەتیش فەلسەفە وەک پرۆسەیەکی بە کۆمەڵی، یان پرۆسەیەکی ئاوەڵا سەیر بکەین، نەک وەک ئەوەی لای ئێمە باوە، کە هەموو بزاڤێک لە لە قەبەر کەسێکدا قەید دەکەین.

3

رەنگە گرینگ بێت بزانین کە ئەو دابەشکردنەی نێوان فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" و فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" چۆن دەستیپێکرد؟

بەر لەوەی لەو دابەشکردنە بپەیڤین، دەبێت بزانین رەچەڵەکی ئەو فەلسەفە "ئەنالیوتیسک"ە لە کوێوە هاتووە. دەسەتەواژەی "ئەنالیوتیسک/analytisk"، واتا رەڤەکاری لە وشەی "راڤە/analys" هاتووە. سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەی "راڤەکاری" کەمێک ئاڵۆزکاوە، لە ساڵانی 50 و 60 ەکاندا ئەو دەستەواژەیە لە بواری فەلسەفەدا بە شێوەیەکی فراوان، بەڵام بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێوەیەکی دیارکراو، بەکاردەهێنرا. فەلسەفەی راڤەکاری بە واتای فەلسەفەیەک بوو کە بە رێگای میتۆدێکەوە راڤەیەک ئەنجامدەدات. هەڵبەتە لەو روانگەیەوە فەلسەفە لەوەتەی هەیە خەریکی ئەو جۆرە راڤەکاریە بووە. چونکە مرۆ لە ئاستی فەلسەفەدا هەمیشە هەوڵیداوە چەندان دیاردەی ژیان راڤە بکات، تاکوو لە چیەتی/جەوهەری شتەکان یان ئۆبژەکان نزیک بێتەوە. بۆ نموونە، پێناسەکانی ئەرستو بۆ چیەتی. وەلێ تایبەتمەندی فەلسەفەی راڤەکاری/ئەنالیوتیسک سەدەی بیست چیە؟ ئایا مرۆ لەو فەلسەفەیەدا واز لە ئۆبژەکان دەهێنێت، لە پری ئەوە یەخەی کێشە فەلسەفییەکانی تر دەگرێت؟ هەڵبەتە لە گۆشەنیگای زمانەوە ئەو فەلسەفەیەش لەسەر ئەو کێشانە دەڕوات، کە بە راڤەکردنی زمانەوە خۆی لە جیهانبینی فەلسەفە رزگار دەکا، بەمەش خۆی لە وێناکردنە مێتافیزیکییەکان دوور دەخاتەوە.
وێرای ئەمەش فەلسەفەی راڤەکاری خۆی بۆ سێ شێوەی راڤەکردن تەرخان دەکات: 1. راڤەیەکی کلاسیکی. 2. راڤەیەکی ئیدیالی زمان. 3. راڤەی زمانی رۆژانە. راڤەی کلاسیکی دەبەستریتەوە بە روسێل. بنەمای راڤەی روسێل باس لەوە دەکات کە زمانی رۆژانە هەرچەندە روونە، بەڵام مانایە راست و ستروکتورەکەی حەشار دەدات. ئەو نموونە راشکاوەی کە روسێل جەغتی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە: "پاشای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە". "ئایا سەر رووتانەوەی پادشای فەرەنسا راستە یان هەڵەیە؟" گەر ئەو پادشایە نەبێت کەواتە ناکرێ سەری رووتاوە بێت. رۆسێل پێی وایە ئەو کێشانە بە لۆگێکی راست چارە دەکرێن. بەڵام رۆسێل تەنیا خۆی خەریک نەکرد بە راڤەی لۆگیک، بەڵکو پاشان زیاتر خۆی خەریک کرد بە کێشەی مێتافیزیکەوە.
دوای ساڵانی 40 – 50 یەکان فەیلەسوفی ئەلمان ڤیتگنشتاین فەلسەفەی زمانی رۆژانە دامەزرێنەراند.. لە روانگەی ڤیتگنیشتانەوە مانای وشە لە بەکارهێنانی خودی خۆی دایە. کاتێ ئێمە دەفەلسەفێنین بەمجۆرە لە مانای ئاسایی وشەوە دوور دەکەوینەوە و رۆدەچینە ناو چەمکەکان. بۆ نموونە، ڤیتگنیشتاین ئاماژە بە بە هەڵە بەکارهێنانی دەستەواژە دەروونییەکانی وەک "ئازار"، "ویست"، دەکات، کە بە هەمان شێوەی شتە ماددییەکانی وەک "مێز"، "بەرد" بەکار دەهێنرێن، ئەمەش وامانلێدەکا پروا بەوە بکەین کە دەستەواژە دەروونییەکان ئۆبژەکان ناودێر دەکەن. بەڵام چونکە ئۆبژە شتی کۆنکرێتین، بۆیە دەبێ ئەو ئۆبژانە زۆر تایبەت بن، ئۆبژەی ناوکی بن. ئاکامی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە ئاستی مێشکەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی فەلسەفەی ببینینەوە.
بەو مانایە مرۆڤ چۆن شتێک لەسەر ناوکیەتی ئۆبژە بە دەست بێنێت؟ ئایا تەنیا سۆبژە/فەیلەسوف دەتوانێت ئەو زانیاریانە بزانێت؟ کەواتە هزری ڤیتنگیشتاین کێشەی زۆرە و ناتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات. ئەو تەرزە فەلسەفەیە لە سەدەی بیستدا زۆر باڵادەست بوو، بە تایبەتی لە ئینگلیستاندا. سەرباری ئەوەش لە 50یەکاندا فەیلەسوفێکی وەک /کووین



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرهەڵدەدا و دەیەوێت لە روانگەی لێکجوداکردنەوەی دوو "هەقیقەت" ئەو کێشانە چارەسەر بکات. Quine.

کیونی لەمەدا گریمانەکەی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە: راستی سیونتێستیسک/syntestisk و راستی ئیمپیریسک/empirisk، راستی راڤەکاری/analytisk.

هەڵبەتە لەم نووسینەدا دەرفەتی ئەوە نیە لە گشت لق و پۆپەکانی ئەو فەلسەفەیە بپەیڤین. ئەوەی کە نمایشکرا تەنیا بەشێکی بچووکە لە وردەکارییەکانی ئەو رێچکە فەلسەفیەدا.

بۆ جەغترکدنەوە دەبێ سەرنج لەوە بدەین کە چەمکی فەلسەفەی "کۆنتینێنتال/kontinental" و "ئەنالیوتیس/analytisk" وەک دوو چەشنە جیهانبینی فەلسەفی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە سەرهەڵدەدەن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوای شەڕی جیهانی یەکەم فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" لە بەشی فەلسەفەی زانکۆیەکانی رۆژئاوا باڵادەست دەبێت. بۆیە دەبێ بزانین لە پشت ئەو بە باڵادەست کردنەی فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک"و گۆشەگیر کردنەی فەلسەفەی "کۆنتینێنتال"دا لە وڵاتە ئینگلیز زمانەکاندا، مەرام و هۆکارێکی ئیدیۆلۆگی ئامادەیە. بۆیە دەبینین  هەر لەوکاتەوە فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" وەک میتۆدێک بە دژی فەلسەفەی ئەلمانی قووتدەکرێتەوە. هاوکات ئەو فەلسەفەیە بۆ سەرچاوە روو دەکاتە کولتور و زمانی ئینگلیزی. لە پاش شەڕی جیهانی دووەمەوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ئەو رەوتە فەلسەفیەی "ئەنالیوتیسک" دەبێتە روانگەیەکی سەرەکی و باڵادەست. شایەنی باسە، ئەو فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی "زانستی" پەتییە. بەمجۆرە بەشەکانی تری فەلسەفە، یان فەیلەسوفەکانی تر، بەو بیانۆەی کە "زانستی" نین.  لە ژێر ناوی "مێتافیزک". "ئەدەب" و تێرامان"دا پشتگوێ خران. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا روسێل Russel و مۆر Moore و میتۆدی راڤەکاری چەمک ئەو بەناوکردنە بە فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" دەبەخشن. ئەو فەلسەفەیە هەندێ جار وەک میتۆدێکی شۆرشگێرانە خۆی دەنوێنێت ، بەڵام بۆ ئەوەی لەو داپرانە فەلسەفییە تێبگەین دەبێ ئەو کارە وەک پرۆژەیەکی ئۆتۆپیانەی مۆدێرنیستانە و  پرۆژەی زمانێکی ناسیۆنالیستانە فام بکەین. چونکە ئەگەر بە وردی سەیری خودی شێوازی ئەو فەلسەفەیە بکەین، دەبینین  لە شێوازی جیهانبینیەکی رووت و خەستدا، دەخوازێت بە بەڵگەی سادە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. لەم روانگەیەوە ڤیتگنشتاین  لە "تراکتەتۆس"دا، کە بریتییە لە خاڵە گرینگەکان یان مانێفێستە فەلسەفەییەکانی ئەو، بە راشکاوی ئەو جیهانبینییە فەلسەفەیە جەغدەکاتەوە، وێڕای ئەوەش ئەو کتێبە بە فەلسەفەیەکی شیعرییانە خۆی بارگاوی کردووە.

فەلسەفەی ئەنالیوتیسک بە بیرۆکەکانی دەخوازێ ئەوە جەغتبکاتەوە کە بە شێوەیەکی جادووگەرانە دەتوانێت مرۆڤ لە ئاگاییە پەنگخواردووەکانی مێژوو، کە ئەو ئاگاییە بەرهەمی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەدەی 1800 یە، رزگار بکا و سەرەتایەکی نوێ بۆ ئەو مرۆڤە ئاوەڵا بکاتەوە. بەڵام بە مەرجێک مرۆڤ دەبێت میتۆدێکی راست و دروست دەستەبەر بکا، ئەوکات بە زمانێکی راشکاوەوە دەتوانێت خۆی لە مێژوو رزگار بکات و بۆ یەکەم جار لە کاتی ئێستادا ئامادە بێت.
هەڵبەت ئەو بیرۆکەیە سەبارەت بە ئاگایی مێژوو و رزگار بوون لەو مێژووە، بەرەنجامی جیهانبینی گەشبینیانەی رۆشنگەرییە، کە لەوێدا زانست دەبێتە سەچاوەیەک بۆ بڕیاردان لەسەر هەموو شتێک.
وەک گوتمان هۆکاری پابەندی بۆچوونی ناسیۆنالیزم سەبارەت بە فەلسەفەی ئەنالیوتیسک دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی جیهانی دووەم، کە ئەو شەڕە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ نەریتی ناسیۆنالیزمێکی راستەقینە تازە کردەوە. بۆیە لەئاکامی ئەو شەڕەدا لە ئینگلیستاندا دەستکرا بە سڕینەوەی تەواوی فەلسەفەی ئەلمانی. لەوێوە ئیتر هێگل و نیتشە لەناو فەیلەسەفەی ئەورووپیدا توردران، وەک پروپاگەندەکارێکی ئەلمانی سەیر دەکران و واشیان لە خەڵکی ئەورووپی کرد کە خۆیان لەوان بپارێزن. هاوکاتیش سەرتاپای کولتوری ئەلمانی وەک تانەیەکی دژێوی رژێمی نازیزم و بەرهەمی کارەساتەکانی وێنا دەکرا.
بەڵام نووسینەکەی فەیلەسوفی ئەلمانی Carnap/کارناپ، لە ساڵی 1930دا یەکلاکردنەوەیەک لە پانتایی فەلسەفەی ئەورووپیدا دەهێنێتە ئاراوە، کارناپ لەو نووسینەدا باس لەوە دەکا کە ئەو بە پشت بەستن بە راڤەی زمانێکی لۆگیکی رەوان و پەتیەوە توانی ئەوە نیشانبدات کە تێزە/گریمانە مێتافیزیکیەکەی هایدگەر وەک مێتافیزیکەکەی هێگل هیچ ناوەڕۆکێکی تێدا نیە. واتا کێشەی بیرۆکەکانی هێگل و هایدگەر پەیوەندی نیە بەوەی کە ئەوان دوو فەیلەسوفی خراپ و ئاڵۆزن کەس تێیان ناگەن، بەڵکو بە راشکاوی بیرۆکەکانی هایدگەر و هێگل ناچنە خانەی فەلسەفەوە. ئەو راڤە سووک ئاسانەی کارناپ لەسەر هایدگەر و هێگل هەڵوێستێکی خراپ لەسەر ئەو فەلسەفەیە جێگیر دەکا و لە نەوەکانی دواى خۆشیەوە دەنگدەداتەوە.
هاوکاتیش لە بەرانبەر ئەوەدا روسێل/Russell و فرێگە/ Frege پەرە بەو نەریتە فەلسەفییە دەدەن. لە ئاکامدا کارناپ و کیونی ئەو ترادیسیۆنەیان بۆ ئەمریکا گواستەوە. لە هەمان کاتیشدا لە هەمبەر ئەو رەوتەدا قوتابخانەی هورسێل و فێنۆمۆلۆگی سەقامگیر دەبێت. هایدگەر لە ئەلمانیاوە و هاوکاتیش نەوەیەک لە فەیلەسوفی فەرەنسی لە سارتەرەوە تا دێریدا ئەو ترادیسیۆنەی هۆسێرل و فرێگە پەرە پێدەدەن.
شایەنی باسە، لە پەنجا و شەستەکاندا لە ئەمریکا و سوێدا ئەو رێچکە فەلسەفییەی هۆرسێل و فرێگە و هایدگەر بە بوونگەرایی ناودێر دەکران. بەڵام لە حەفتایەکان بە دواوە دەستەواژەی "کۆنتینێنتال" سەرهەڵدەدات. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دەستەواژەیە فرەن، بەڵام وێرای فێنۆمێنۆلۆگی، تیوری رەخنە، ستراکچالیزم و پۆستستراکچالیزم سەریان هەڵدا.
دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان فەیلەسوفە "کۆنتینێنتال"ەکان کارێکی ئاسان نیە. بەڵام رەنگە بتوانین بڵێین ئەو فەلسەفەیە بەردەوامییەکە لە ئیدیالیزمی ئەلمانی، کە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هزردا جەغت لەسەر ڕەهەندی مێژوویی دەکاتەوە، هەروا ئەو فەلسەفەیە زیاتر جەغت لەسەر ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی لە ئاوەز دەکاتەوە. هەڵبەتە گرینگە بزانین کە چەمکی "کۆنتینێنتال" تەنیا لەناو کولتوری زمانی ئینگلیزیدا مانای هەیە، چونکە کولتوری زمانی ئینگلیزی پێویستی بە چەمکێک هەیە تاکوو بتوانێت ئەو هزراندنە بەرجەستە بکاتەوە، کە لە زمانی فەرەنسی و ئەلمانیدا بوونی هەیە. چەمکی "کۆنتینێنتال"، مانای بوونی فەلسەفەی هەموو کێشوەرەکان ناگەیەنێت، چونکە سەرچاوە گرینگەکەی ئەو فەلسەفەیە لە ئەنالیوتیسک لە فرێگە، ڤیتگنشتاین و کارناپەوە سەریهەڵداوە، کە ئەوانەش ئەلمانی زمان بوون. مەسەلەکە ئەوەیە کە فەلسەفەی ئەنگلۆساستیسک دەخوازێت بەو دابەشکارییە بازنەیەک بە دەوری فەیلەسوفی ئەوروپیدا بکێشن و ئەوە بسەپێنن کە فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" بە شێوەیەکی تایبەتی نامۆ و جودایە لەگەڵ کولتوری زمانی ئینگلیزیزیدا. بە واتایەکی تر، فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" پەیوەندی بە ترادیسیۆنێک هەیە کە لە بنەڕەتدا هی خۆی نیە، بەڵکو لە دەرەوەی خۆیدا هاتووە، جا یان دەبێت ڕەتیبکاتەوە، یانیش خۆی بۆ تەرخان بکات. بەڵام لە هەردوو باردا ئەوە دەبێتە دروستکردنی سنوورێکی نالەبار لە بەرانبەر نۆرمەکانی ئەنالیوتیسکدا. کەواتە فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" چەمکێکی بێلایەن نیە، بەڵکو دەربڕینی کولتورێکە کە زیاد لە پێویست بە ئاستەنگ کراوە. چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕەهەندی کولتورێکی دیاریکراوی پێدراوە. هاوکات چونکە کولتوری سوێدی تەواو لە ژێر کاریگەری ئەمریکیدایە، یان بە ئەمریکی کراوە، بۆیە لە زمانی سوێدیدا دەستەواژەی فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" بە ڕاشکاوی بەکار دەهێنرێت. سەبارەت بە ئەمریکی بوونی کولتوری سوێدی ئەو سنوور بەندییە کە لە بواری هزردا لە سوێد دروستکراوە، هانس ڕوینی بەرپرسی فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" لە زانکۆی ستۆکهۆلم لە سێمینارێکدا لە ساڵی 2001 کە لەگەڵ بەرپرسی فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" ئەنجامیدا، گوتی: "ئیتر کاتی ئەوە هاتووە فەلسەفەی سوێدی، لە پری ئەوەی لەناو ئەو فەلسەفە "ئەنالیوتیسکە"دا قەتیسماو بمێنێتەوە، دەبێت هەوڵبدات ئەو فەلسەفە بە کولتورکراوەی "ئینگلیزی-ئەمریکییە" بکات بە بابەتێکی ئاگایی خۆی. دە ساڵ زیاتر دوای ڕوخانی دیواری بەرلین پێویستە دیواری ئەو ئاوەزەش بروخێت کە نەوەکانی فەلسەفەی سوێدی ئیفلیچ کردووە. بەڵام پاش ئەو هەموو ساڵە کە فەیلەسوفانی سوێد خۆی لە نەریتەکانی کولتوری "ئەویتر" گۆشەگیر کردووە، ئیتر لێرەوە دەبێت ئەو کولتورانە تاقیبکاتەوە...".

**4**

لەم ڕوانگەیەوە کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆشنبیریی کورد لەمە بە دواوە بە شێوەیەکی وردتر گفتوگۆ لەگەڵ هزر و تیۆری یان تەواوی کولتورەکاتی جیهانی دەرەوەی خۆی مامەڵە بکات. ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی، بە تایبەتی بەشی باشوور، وەک کۆمەڵگایەکی مەدەنی گەشاوە خۆی پێناسە دەکات، هاوکاتیش لە بواری خوێندن بە گشتی و بە تایبەتیش خوێندنی زانکۆیەکان زمانی کوردی چیتر وابەستەی زمانی بەسەردا سەپێنراو نیە. بۆیە مەهانەکانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەک نەبوونی دەرفەت بۆ پرۆژەی راڤە و لێکۆڵینەوە لە ئاستی زانکۆدا چیتر ناتوانێت بکرێنە وەڵام و چاوپۆشین بۆ ئەو گەڕەلاوژە رۆشنبیرییەی کوردی. لێرەوە پێویستە رۆشنبیری کوردی خۆی لەو پۆلێنکردن و داوێنگیر بوون بە تاکە ناوێک و تاکە دیاردەیەکی فەلسەفی و تیۆری سەرفراز بکا. بۆ ئەمەش رۆشنبیریی ئێمە دەبێت بە تێگەیشتن لە بونیات و تایبەتمەندییەکانی کولتور و سەرچاوە مێژووییەکانی کوردییەوە زەمینە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ روانگە هزرییەکانی دەرەوەی خۆی پرەخسێنێت. بە واتایەکی تر، کاتێک زمانی کوردی سەرقاڵ دەبێت بە دیاردەیەکی هزری، کە ئەو دیاردەیە بەرهەم و سەرەنجامی کێشە و پرسێکی تایبەتی زمانێکی ترە، یان ناوکۆیی کولتورێکی ترە، گەرەکە لە روانگەی جیهانبینی کوردییەوە پێناسەیەکی بۆ تایبەتمەندی و گرینگی ئەو روانگە هزرییە هەبێت، واتا بەلای کەمییەوە، کاتێک کە ئێمە روانگەیەکی هزری دەگوازینەوە بۆ ناو زمانی کورد، دەبێت زمانی کوردی بە راڤە کردن و بەشدار بوونی خۆیەوە ئەو هزرە داپڕێژێتەوە. چونکە نائامادەیی ناوکۆیی کوردی لە مامەڵە کردن لەگەڵ هەر هزر و تیۆرییەکدا، نە هزری خودی نووسەر دەفراژێنێ  و نە ئەو هزرەش کایەکەی سوودبەخش دەبێت لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەنجامەکەی  هەمیشە لە بە پیرۆزکردنی  هزر و ئیدیۆلۆگیەکان کۆتایی هاتووە. رەنگە پەیوەندی بەوە هەبێت، کە رۆشنبیریی ئێمەدا هەمیشە بە شێوەیەکی بەستەڵۆک و بێ بەشداری و بێ راڤەکاری پەنای بۆ ئەو روانگە هزری و ئیدیۆلۆگیانە بردووە. واتا کاتێک رۆشنبیریی کوردی قسە لەسەر بیرۆکەیەک، فەیلەسوفێک، یان سەرچاوەیەک دەکات، هەمیشە وەک دەقێکی پیرۆز سەیری ئەو سەرچاوە و فەیلەسوفانەی کردووە. لە کاتێکدا خوێندنەوە ئەوکات بەرهەمدار و فراژاوە، کە خوێنەر یان نووسەر، بۆ ئەوەی ببێت بە خۆی، بۆ ئەوەی رەهەندێکی تازە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی لە دوای خوێندەوەی دەستبکا بە بەشداریکردن و دامەزراندنەوەی ئەو گەردوونەی، کە ئەو هزرڤانە یان سەرچاوەیە بۆی دروستکردووە. وابەستەبوون و داوێنگیر بوون بە هەر روانگەیەکی هزری، ئاکامەکەی دەبێتە بە پیرۆزکردن و پەرستنی ئەو روانگە هزرییە، کە ئەمەش کتومت ئەو تەلەزگەیەیە، کە رۆشنبیریی و خوێنەر و سیاسەتمەداری کوردی، کۆمەڵگای کوردی زمانەکەی تێدا قەتیسماو کردووە.

لەم روانگەیەوە دەخوازم بڵێم، ناکرێ رۆشنبیریی کوردی وەک دوو ئایین یان دوو دژ سەیری فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" و فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" بکات. کێشەی جیهانبینی کوردی لەوەدایە، کە تا ئێستا بە پرۆژەیەکی ئامادەکراوی خەمڵیوی باس لە هزر ناکا. هەوڵەکان لە رەوتێکی تێکەڵاو کردن و جەڵەبیدا ئەنجام دەدرێن؛ گۆڤار و چاپخانە و ناوەندێک نیە خۆی بۆ رێچکە و قوتابخانە هزرییەکان ئامادە بکات. ئەمرۆ سەرتاپای گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردی لە یەکدەچن. بابەتە جوداکان لە دووتۆی گۆڤارێکدا کەڵەکە دەکرێن، بەمجۆرە تایبەتمەندی نووسینەکان مانایەک نابەخشن. هاوکاتیش  لەو لێکچوون و پەرش و بڵاوییەدا سەرتاپای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڤارەکان ناتوانن ببنە سەرچاوەیەک بۆ هزرێکی تایبەت. هەر بۆیە ئەرکی ئەو رۆناکبیرانەی کە سەرگەرمن بە قسە کردن لەسەر هزری جیهانی ئەوەیە، کە لە پرۆژەیەکی بەردەوامدا خۆیان تەرخان بکەن بە راڤە کردن و وەرگێرانی رەوتی چەشنە هزرێک کە دەتوانێت پرسیارە کوردییەکان شل بکاتەوە و دووبارە بیانخەملێنێتەوە. هاوکاتیش بە بەراورد کردن و بە کێشە کردنی ئەو رێچکە فەلسەفی و روانگە هزرییانە دەکرێت زمانی کوردی رەهەندێکی جیاواز بۆ خۆی و ئەو هزرانە دابهێنێت. ئەم ئەرکەش بە کۆبوونەوەی دەستەیەک لە نووسەری وردبین دەکرێت، نەک هاوگەڕەکی، هاوشاری یەکتر پەرستن!

بەڵام کێشەی لەبار بوون و نەبوونی ئەو دوو روانگە فەلسەفیە، واتا فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" و "کۆنتینێنتال" بۆ زمانی کوردی، کارێکی ئاڵۆزە. چونکە فەلسەفەی "ئەنالیوتیسک" هەڵگری پرۆژەیەکە کە بەناوی زانست و لۆگیکەوە جیهان راڤە دەکا. ئەو لۆگیک و زانستەس لە بونیاتی رۆشنبریی ئێمەدا کێشەیەکی ئاڵۆزە. لە کاتێکدا سەرتاپای خوێندن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا بیئاگایە لە پێشکەوتن و ئاکامەکانی پرۆژەی رۆشنگەری. وێرای ئەمەش بۆ پیادە کردنی ئەو روانگە فەلسەفیە پێویستمان بە پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی هزری هەیە لە ئاستە جیهانبینییە جودایەکانی ئەو دوو ئاراستە هزری و پشتینە و جیهانبینی، یان تایبەتمەندیە رۆشنبیرییەکانی کوردی. ئەمەش بە تاکە کەسێک و لێکۆڵینەوەیەک وەڵام نادرێتەوە.

لە پاڵ ئەمەشدا، فەلسەفەی "کۆنتینێنتال" بەو پاشخانە کوردییەی کە لە بەرایی ئە،م نووسینەدا ئاماژەمان پێکرد، رەهەندێکی وێڵ و تەمومژاوی پێداوە. لە پاش نەوەدەکانەوە فەلسەفەی فەرەنسی، لە ژێر ناوە جودایەکانەوە لە ئاستێکدا کورتکراوەتەوە، کە گوایە هەموو شتێک رەوایە. واتا، ئەوەم من لە نووسینەکانی ئەو رۆناکبیرانەی کورد گەیشتبم ئەوەیە، کە ئیتر نووسین و هزراندن ئاراستەیەک یان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر شان نەماوەتەوە. بۆیە لە روانگەی ئەو رۆناکبیرە "فۆکۆیست" "پۆستمۆدێرنیست" و "هەڵوەشانەگەریست"انەی کوردییەوە ئەرکی نووسین کردەیەکی سیاسی یان هەڵوێست دیاریکردن نیە، بەڵکو تەنیا راڤەیەکی رووتە و خەمی داهێنانە، کە روون نیە، ئاخۆ ئەو داهێنانە لە چیدایە؟ ئەرکی چیە؟ واتای ئەو داهێنانە کوردیە چی دەبەخشێت؟. بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونەمان راشکاوتر بێت، بۆ نموونە، یەکێک لەو چەشنە پۆستمۆدێرنیستانەی کوردی، لە نووسینەکانیدا هەوڵدەدات پێمان بێژێت، کە نووسین کردەیەکی بێلایەنە، واتا لە روانگەی ئەو بێلایەنیەوە، جیاوازییەک لە نێوان "پێشمەرگە" و "جاش"دا نیە، بەڵکو ئەوەی گرینگە لای ئەو قسە لەسەر ئەو چەمکانە و راڤەکردنییانە. ئەم تێگەیشتنەش لەو روانگەیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کە هزری فەرەنسی وەک یارییەک لە چەمگەل و زمانەوانی خۆی نمایشدەکا، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی هزری فەرەنسی، لای رۆناکبیری کوردی، بە هۆی ئەو رەشبینیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەبێتە روانگەیەکی مێتافیزیکی و بوارێک بۆ هەڵاتن لە ئەرک و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵوێستە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان و... هتد. یان قەرەبۆ کردنی ئەو بۆشاییە رۆشنبیریی رۆحیەی کە، خۆی لە خۆیدا، ئەو نووسەرە بەرهەمهێنەریەتی.

لێ بەر لە کۆتایی دەکرێ بۆ هەڵوەستەیەک بپرسین: ئێمە دەزانین راپەڕینی 68 و ئاکامەکانی دەبنە بنەمایەک بۆ وەرچەرخانی ئەو هزرڤانانە فرەنسیانەی کە چارەکە سەدەیەکە رۆناکبیریی کوردی وەک چاویلکەیەک بەکاریان دێنن، کەچی بۆ کۆستی هەلەبجە، ئەنفالەکان و راپەڕینی91 نابنە بنەمایەکی وەرچەرخێنەرانە و ئاسۆیەکی جیاواز لە جەم رۆناکبیریی کوردی؟

لێرەدا دەخوام بێژم ئەو وەرچەرخانە کاتێ بەرجەستە دەبێتەوە، کە رۆناکبیری کوردی دەست بەردار بوو لەو رۆحیەتە هەستەکیی و کەف و کوڵانە، کە بەناوی شیعر دەکەوێتە هەڵڕشتنی وشەگەل. ئەو لێدوانە بەناو شیعرییانەش نەک هەر داخستنی ئاسۆی ئەو وەرچەخانەیە، بەڵکو کاڵکردنەوە و بێناوەڕکردنی ئەو_یادانانەیە. هاوکات ئەو لێدوانانەی کە بەناو پسپۆڕانی ئەکادیمی کورد لە تێڤی و بڵاوکردنەوەکانی ئەو حیزب و ناوەندە بەناو ئازادەکان کە بۆ خواستی حیزبی و ئامانجە سیاسییە بەرتەسکەکان نمایشدەکرێن، نەک هەر سڕکردن و بێ بەهاکردنی ئەو یادانەیە، بەڵکو بەنامۆکردنی ئەو ناخە راساوەیە کە ئاوێزانە بە رووبەڕووبوونەوە بوێرەکانی. بەهەمەحاڵ، زمانی کوردی ئەوکاتە دەبێتە خاوەن ئەفراندنێکی جودا، کە بوێرانە ئەو جیهانبیننە قەتیسماو و مێژووی ئەو یادە پەنگخواردووانەی کورد لە هزراندنێکی وەرچەرخێنەرانەدا بەرجەستە دەکاتەوە. هەر چۆنێک بێت، ئاسۆی ئەو پرسیارە بۆ کۆچی رامانگەلەی کە_بەڕێوە بەجێدەهێڵم.

وەلێ دواجار زمانی کوردی دەبێت وەک گەردوونێکی بزواو و وەرچەرخاو لە تەواوی هزری ئەوروپی پروانێت. لەو روانگەیەوە رۆناکبیری کوردی دەتوانێت بچێتە ناو گەردوونی ئەو هزرە، کاتێک کە دەستبەردار بوو لەو بونیاتەی کە سیخناخە بە رق و تۆڵە؛ بە سپی و رەشکردنی جیهان؛ بە "پاڵەوانکردن"ی خودێک، کە لە دەست کلۆڵی خۆیەوە وێڵە بە دوای ئەو خوێنەرەی کە تا مردن ژیانی بە چەپڵە لێدان و "بە پیرۆزکردن" بەسەر دەبات.

هەندرێن

5ی ئەپریلی 2005 / ستۆکهۆلم-سوێد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بەشی یەکەم**

# دەسەڵات و مەیل

## بە دوا چوونی شوێن پێی فەلسەفەیەکی راساو (ئالتۆسێر، فۆکۆ، دێریدا، لیۆتار و دولۆز/گۆتاری)

**" بە بەندکردنی هاومرۆڤەکانت وا مەزانە کە خاوەن ئەقڵێکی بێگەردیت."**
داستۆیۆڤسکی

### 1 بەرایی

بۆ رەخنە لە دەسەڵآت؟ بۆ بە تایبەتی ئێستا؟ چونکە ئەمڕۆ چەمکی "دەسەڵآت" بۆتە وشەیەکی جادووگەرانەو لە هەموو کات و ساتێکدا بەکاردەهێنرێت – هەروا چونکە، وەك چەمکگەلی "سەرمایە"، "نائاگایی"، "زمان" و "سۆبژە"، لە گفتوگۆیە فەلسەفی و تیورییەکاندا بۆ هەموو شتێك بەکار دەهێنرێت. بەڵام پەیڤی جادووگەر تەنیا تا ئەو رادەیە جادووگەرە، کە لەبەر ئەوەی کۆپلەیەکی واقیع بەرجەستە دەکاتەوە کە هێشتا وەك *باڵادەستییەکی نەبینراو بۆ یاسایەکی بڕیاردراو تاوتۆ نەکراو* یان بە شتێکی لەم چەشنە تێیدەگەین. بەڵام کەمتر بەدوای تاوتۆکردن (هاوکاتیش بە مەتەڵکراو) هاوار دەکا. تەنیا لە ژێر رۆشنایی ئیدۆلۆگیەکی نوێ (کە هەندێك ئەو ئیدۆلۆگیە بە "زانست" ناودێر دەکەن)، دەتوانێ رەفتارەکانی (کێ بوو"مانا"کەی وت؟") بە رەوتەکەی بگەیەنێ. لای راڤەکارانی سەرمایە، بە باش و خراپەوە، بەمجۆرە رۆیشتووە. لای راڤەکارانی غەریزە و راڤەکارانی زمان و راڤەکارانی جەم نائاگاییشەوە،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەمجۆرە رۆیشتووە. هەروا رەنگە لای راڤەکارانی دەسەڵاتیشەوە بەمجۆرە پروات. زانیاریی لە بوارێکی زانینی لەباردا بە هێواشی کاری بۆ کراو و دامەزرێنرا، بەڵام هاوکات بە ئاوازێکی خێرا دەکەوێتە  دوای بوارێکی ئەو  ئیدۆلۆگیەی کە ناومان برد. کتومت هەروەك زانست و ئیدۆلۆگی بە "سەرەوژێر"کردنەویەکی رێکخراو بە یەکەوە گرێدراو بن (واتا سەرەوژێر لە پەیوەندی ئەوەی کە بۆ نموونە بە دیدی ئالتۆسێر: لە پێشڕا ئیدیۆلۆگی دێت و پاشان زانست). کەواتە لێرەدا: ئەو پێکەوە گرێدانە، لە ئیدۆلۆگییەوە بۆ زانست و بۆ ئیدیۆلۆگیەکی نوێ، هاوکاتیش بە بنەمایەکی "زانستیانە" هەڵبژێردراوە رێکدەخرێن.

واتا بە بۆچوونی من رەخنە لە دەسەڵات  دەبێ وەك رەخنەیەکی راڤەکارانە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات تێبگەین، کە بۆ نموونە شان بە شانی پەیوەندیە ئابووریەکان (مارکسیزم)، پەیوەندیە غەریزە ئامێزەکان (دەروونشیکاری) و پەیوەندیە هزریە سیستەماتیکراوەکان-(هەرمێنتێتیك، سیمۆتیك و هتد)،لە ئارادایە.

هاوکاتیش ئەو پەیوەندیە جوداوازانە وەك دوو دیدی تەواوکەری یەکتری لە ناوەڕۆکێکی ئاڵۆزدا لێکگرێدراون، لەوێدا بێهوودەییە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەیت کە کامەیان (مریشك یان هێلکە) لە پێشەوەیان دێت. لەم ناوکۆیی/کۆنتێکستەدا، گەر ئەو دەرپرینەی ئالتۆسێر بەکار بێنین، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە کە هەموو شتەکان وەك ناوکۆیی ئۆبژەکان لە سەرەتاوە-داڕێژراون، چونکە دەسەڵات هەمیشە لە پێش "پەیوەندیەکانی گۆرینەوە"، "غەریزەکان"، "وشە" و "پەیوەندیەکان دەسەڵات " – بەر لە سەرمایەداری، بەر لە مارکس، فرۆید، سۆسێر و نیتشە هەبووە، بەڵام ئەو شتە راشکاوانەش هەمیشە مێژوویەکی مەرجدار یان هەبووە.

هەڵبەت دەسەڵات نە شتێکی نوێیە و نە شتێکی داپراویشە لە مێژووی جیهانیدا، کە لە ماوەی سەدەی بیستەوە سەریهەڵدا.

هەوەك هەمیشە وەك چۆن لەگەل بوونی مرۆڤەوە، ئابووری، غەریزە و زمان هەبوونایەتی، هاوکاتیش دەسەڵات لەوێدا ئامادە بووە. بەڵام ئەو دەسەڵاتە نوێیە دیاردەیەکە سەرنجی زیاتری هێناوەتە ئاراوە، هەرچەندە مرۆڤ پێشتریش بیری لە پەیوەندییەکانی کردۆتەوە (بەڵام رەنگە پێشتر وا فرە لێکجانەدەکرانەوە). واتا نابێ وا بزانین کە رەخنە لە دەسەڵات، وەك  ئەفراندنی تیورییەکی نوێ و سەردەم خوڵقێن، کە زانیارییەکی زیاد لە پێویستی بەدەستهێناوە، بۆ نموونە کەموکوری تیوری ئابووری، تیوری سیاسی و تیوری بە کۆمەڵایەتیکردنی پر کردبێتەوە. کەواتە رەخنە لە دەسەڵات نابێ وەك "پێشبڕکێکارێکی تێگەیشتن" ("پروانە، ئەوە منم خاوەن راستی!") سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێ هاوشانی راڤە رەخنەییە بنەماییەکانی ترەوە، وەك زنجیرەیەك لە بنەماکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان سەیر بکرێت. راڤەیەك کە پاش ئاماژەیەکی جمەدارانە کەمێك لە سێبەری (نیتشە)دا رەنگە وێرای ئەوانی تر لەو حەفتاو پێنج ساڵەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دواییدا وەستا بێت، کە لەوێدا شێوەکانی دەسەڵات بە ڕەهایی پەلیهاوێشت. راڤەیەك کە رەنگە کات بەسەر چووبێت –کات لە کات ترازاوە چیتر پەرە بسێنێت.

ئەوەی کە لەم ناوکۆییەدا بەرجەستە کرایەوە نمایشێکی گشتیی بوو کە سەبارەت بە بابەتی دەسەڵات دەگوترێت. وەلێ لە کاتێکدا کە هەر کەسە و دێ بۆ خۆی تێزێک دەخاتە روو، کە بۆچی لەم چوارچێوەیەدا بەردەوام لەمەڕ ***دەسەڵات و مەیل*** قسە دەکرێ؟ کەواتە منیش دەمەوێ تێزەکانی "خۆم" لە شێوەی دوو پۆستولات-بێمەرجی(1) بخەمە روو:

1- دەبێ وەک پەیوەندی هێز لە پەیوەستی نێوان مرۆڤەکاندا پروانینە ***دەسەڵات***. 2- دەبێ وەک وزەیەکی غەریزە لە پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا پروانینە ***مەیل*** . دواجار دەسەڵات و مەیل لێکئاڵاون.

هەڵبەت لەم ناوکۆییەدا یەکێك لە خاڵەکان ئەوەیە کە هەر کام لە "دەسەڵات" یان "مەیل" لە تیوری سیاسی (مارکسیزم) و نەخۆشی دەروونی (دەروونشیکاری)دا دوو چەمکی بەربڵاون. واتا ناوەخنەکانیان لە پێشدا بە خۆڕا دەستەبەر نەبووە، بۆ نموونە چەمکی "ململانێ" (ململانێی چین) و "غەریزە" دەکەونە خانەی ئەو لێکۆڵینەوە ترادیسیۆنە ناوبراوە. بۆیە مرۆڤ خۆی دەتوانێ لەگەڵی بێت و ئەوانە "دەستەبەر" بکات؛ ناوەڕۆکیان بداتێ و مشتوماڵیان بکاتەوە. سەبارەت بە پرسی چەمك، کە بە باشە و خراپەوە، بەندە بە "دانی پێش دەستپێک" و دیاری نەکردن لە پەیوەندی لەگەڵ پلە وەرگرتندا، کە باشتر خۆی لە رەخنەی سیستەمی هزرکردنی مارکسیزم و رەنگە دەروونشیکاریدا چەسپاندووە.

بۆیە ئەو چەمکانە، ***دەسەڵات*** و ***مەیل***، راشکاوانە خۆی رەپێش بکا و ئەو رەخنە خاو و تەمبەڵە لەو رەخنانەی دوایی یان لەو رەخنە کەمێك خەو سووکە وشکەڕۆیانە بێدار بکاتەوە. ئەگەر نەشێ رەخنە لە دەسەڵات بۆ شتێکی تر بەکاربهێنرێت، دەبێ بۆ خۆی هەمیشە شتێك بێت.

کەواتە رەخنە لە دەسەڵات بریتیە لە راڤەکردنی دەسەڵات و مەیل. ئەمەش نەك بۆ ئەوەی سنووری مارکسیزم لە "ژێرخانەوە" "بۆ چەپرەوی" و دەروونشیکاریەوە ببەزێنین، بەڵکو بۆ ئەوەی لە کاتێکی نوێدا ئاماژە بۆ ئەرکێکی نوێ بکەین. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی تیوری بە "ت"ی گەورە نیشانبدەین، بەڵکو وەك تیوریەکی *گونجاو* بۆ رەخنەگرتن لە بوارێکی پشت گوێخراو، دیو بە دیو لەگەڵ پانتاییەکانی تر، نیشانبدەین.

لێرەدا رەخنە لە دەسەڵات هەوڵێکە بۆ نەخشەکێشانی بوارێك، کە رەنگە بە ئاراستەیەکی لار خۆی ببینێتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ بواری غەریزە و ئابووری، نێوان بواری زمان و سۆبژە، لەگەل چەمکگەلی "دەسەڵات" و"مەیل" کە ئەو هەردوو هاودەمە هێشتا بە تەواوی پێناسە نەکراون.

گەر مرۆ بتوانێت بەو بازنە بە دەور کێشانە کاتییە و دابەشکردنەی ئەو پانتاییە رازی بێت، ئەوە مرۆ روخسەت دەبەخشێ بۆ پیادەکردنی دەسپێکی لێکۆڵینەوەیەك، کە دەخوازێ کتوپڕ کەمێك



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر پەیوەندی دیسپلینەکانی ئەو رەخنە باوانە بهزرێ. گەر ئەوەش نەبوو، مرۆ ناچارە لە پێناو هزر کردنێکی تر خۆی بۆ بانگێکی سەربازیانەی رێك وەستاو مشتومالٌ بکات.

## 11 ستراکچرالیزم، ستراکچرال مارکسیزم و پۆستستراکچرالیزم

### ئا) ئالتوسێر: مارکسیزم- و رەخنە لە دەسەڵات

ئەم بەشە بە گشتی تایبەتە بە سێ فەیلەسوف کە بە پۆستستراکچالیزم ناودەبردرێن: میشێل فۆکۆ
Michel Foucault، ژیل دولۆز Gilles Deleuze و ژان-فرانسوا لیۆتار Jean-Francois Lyotard.

هەڵبەت ئەمانە "تەنیا" بە کاریگەری دوا بەرهەمەکانیان، کە لە 1972 دەستپێدەکا، پۆستستراکچالیزمن. لەهەمان کاتدا پۆستسرالچالیزم زیاتر ئاماژە پێدانی قۆناغێکە (بەشێکیش ئاماژە کردنێکە بۆ بابەتەگلێك) نەك ناوێك بۆ رەوتێکی فەلسەفی یان قوتابخانەیەك. بەو مانەیە مرۆ دەتوانێ بێژێ کە پۆستستراکچالیزم لە فەلسەفەی فەرەنسیدا هەوڵی چەند تێروانینێکی تیوریانە بوو، کە لە ئەوەڕۆی ستراکچالیزمەوە سەریهەڵداوە (لەوانە کلاود لێڤی شتراوس نوێنەری دەکرد). پۆستسراکچالیزم هەوڵدەدا لە روانگەیەکی رەخنەییەوە چەند واتایەك لە تێروانینەکانی ستراکچالیزم پەرەپێبدا. لەم دواییانەدا پۆستستراکچالیزم یان ئەو "فەلسەفە نوێیە"، وەك شێوە بەرتەکێکی تیوری-فەیلسەفییانە لەبەرانبەر ستراکچالیزم سەریهەڵدا، کە رەنگە تەمەن درێژ نەبێت. بەڵام پۆستستراکچالیزم، وێرای ئەمەش بە ئاگاییەوە مەودای خۆی لە بەرتەکی ئەو فەلسەفە نوێیە بەناوکراوانەوە دیاریدەکات، ئێستاش-بۆیە لە جەم فەلسەفەی راسترەوی جێگۆڕکەر خۆی سەپاندووە-بە پلەیەکی بەرزیش لە جەم هەڵوێستی سیاسی راشکاوانەی ئەوپەڕی چەپرەو، (کەمایەتییەکان، دژی بزاڤە تاکدەسەڵاتخوازەکان...هتد) سەپێنراوە.

هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لە ستراکچالیزمی فەرەنسییەوە دەستپێبکەین بۆ ئەوەی بگەین بەو فەلسەفە شۆرشگێرانە (سوبێرسیڤ فیلوسوفی)ی پۆستستراکچالیزم ، واتا بگەین بەو *شێوازە* راساوەی *فەلسەفاندن* کە دەخوازێ ئەو فەلسەفە باوە پروخێنێت.

مۆدێلی تاوتۆکردنی سەرکەوتنەکانی ستراکچالیزم لە رۆژگاری دوای شەڕی جیهانی لە نێو زانستی زماندا، خەڵکناسی/ئەنترۆپۆلۆژی و دەروون شیکاری، ئەو سەرکەوتنە کەم و زۆرانەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا پیادە کرا (لەوانە لای رۆلان بارت)، کەمێک زووش کایەکانی لەسەر فەلسەفەی فەرەنسی و پەیدا بوونی تێورییەکان بە گشتی بەدیار کەوت. لەو ناوکۆییەدا فەلسەفەیەك خۆی رەپێش کرد، کە لە نێوان مارکسیزم و ستراکچالیزمدا بوو، کە لەوەدا فەلسەفەی لوێس ئالتوسێر تایبەتی خۆی هەیە. کە پایەی تیوریەکەی بە ***ستراکچال مارکسیزم*** ناودەبردرێت؛ ئەمەش دەکرێ پێشەکیەکی گونجاو بێت– هەندێك پێیان وایە کە بە هیچ شێوەیەك گونجا نیە -، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دەسەڵات و مەیلەی کە لەناو فەلسەفەی پۆستستراکچالیزمی فەرنسیدا لە ئارادایە. لە یەکەم نیگاوە راڤە کردنی ئالتۆسێر بۆ مارکسیزم بە پۆلێنکردنە نێگەتیڤەکەی لەمەڕ مارکس کە کاریگەری هێگلی بەسەرەوەیە، هەروا تەواو خۆ بە دوور گرتنی لەو بەرهەمانەی کە مارکس لە کاتی لاویەتی نووسیوویەتی، واتا لە چەمکی بە نامۆ بوون و ئەوانی تر، وەك ئۆرتۆدۆکس (کلێسەیی) خۆی بنوێنێت. بەڵام ئالتۆسێر بە رێگای خودی مێتود، چەمك و کۆمەڵێ لە ئاکامگیرییەکانی، بە تەواوی خۆی لە ئۆرتۆدۆکسیەت جودا دەکاتەوە.

ئالتۆسێر لەو دەگمەنانەیە، لەناو ترادیسیۆنێکی داخراوەی کۆمونیستیدا، کە بە کەرەسەی چەمکێکی نوێ و بە رەواج، بوێرانە خوێندنەوەکەی خۆی بۆ مارکس ئەنجام دەدات. لە جیهانی فەرەنسیدا تەنیا سارتەر – چەند ساڵ پێشتر، لە بەرهەمەکەیدا "رەخنە لە ئاوەزی دیالێکتیکی 1960" ، بە تێگەیشتنێکی جودا و بە وێنەی تایبەتمەندیەکەی ئالتۆسێر - توانی بە بێ بنەماڕێژیەك و بە بەکارهێنانی هەموو پەیامە شیاوەکانی ئامرازەکانی زانیاری، وێرای "بۆرژوازیانە" و "مارکسیانە"، خودی مارکس بخوێنێتەوە. بەڵام سارتەر لە دەرەوەی تراسیسیۆنی مارکسیانە بوو، یان بە واتایەکی تر: ئەو ئەندامی حیزب نەبوو. ئێستا من، بە شێوەیەکی ئاوەڵا دەمەوێ بڵێم، کە بە پروای من رەنگە سارتەر و ئالتۆسێر بناغەدانەری رەسەنی، بەلای کەمیەوە لە جیهانی فەرەنسیدا، رەخنگری دەسەڵات بوون. وێرای ئەمەش ئەوان بوون کە لەم ساڵانەی دواییدا بە مەرجی مێژووی تیورییانەوە رێگەیان بۆ گفتوگۆیەکان لەسەر دەسەڵات خۆشکرد.

ئالتۆسێر کەوتۆتە ژێرکاریگەرییەکی قووڵی ئێپستمۆلۆژی (زانستی زانین) یان زانستی تیوری هاوچەرخی فەرەنسی (باشلار، سانگولێم)، بەشێك لە تەوژمی ناو دەروونشیکاری (لاکان) و ئەنترۆپۆلۆژە ستراکچالیستەکان (لیڤی-شتراوس). ئەو بە کۆوتاری "بۆ مارکس" و کۆبەرهەمی "خوێندنەوەی سەرمایە" (هەردوکیان لە 1966دا بڵاوبوونەتەوە)، خۆی ئامادە کرد تاکو لەناو "سەرمایە"دا تایبەتمەندی چەمکە مارکسییەکان مشتو ماڵ بکات. ئالتۆسێر بەمە ئەو چەمکانە لە سیستێمێکدا رێکدەخات، کە ئەو پێشتر بە ئاماژەیەکی بە پێزی جەستەییانە رادەگەیەنێ کەتاکە کارێکی پر بە پێستە – لە هەمان کاتیشدا مارکسیستیەکی راستینە و لەگەڵ ئێستادا گونجاوە – تیورییەکی مارکسی و فەلسەفیانەیە. ئەو "فەلسەفە"یەی کە لەسەر "سەرمایە" و لە زانستدا کاریگەری هەیە، کە دەبێ لەو بەرهەمەدا شیبکرێتەوە و لەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به دوا گەڕانەش تەنیا بە هاوکاری خوێندنەوەیەك ئەنجامدەدرێت کە پێدەگوترێت نیشانەگەریی/سیمپتۆمال. لە بەرانبەر ئەوەشدا دەکرێ بڵێین کە ئالتۆسێر بەهرەی لە خوێندنەوەکەی لاکان لەسەر فرۆید وەرگرتووە.

هەڵبەت لە جەم ئالتۆسێر ***خوێندنەوەی نیشانەگەریی*** مانای *مێتۆدێکی ئێپستمۆلۆژی بۆ دۆزینەوەیەکی زانستیانە* دەبەخشێ. واتا مرۆ بە یارمەتی ئەو مێتۆدەوە دەتوانێ پێشهات و گۆڕانە ئیدیۆلۆگیەکان بدۆزێتەوە و دەستنیشان بکات، کە بەمەش ئەو خوێندنەوەیە دەبێتە ***زانست***.

بە دیدی ئالتۆسێر و لێکۆلینەوەی گروپەکانی نزیك ئەو کە مارکس دەرکی زانیارییەکی تازە پێشەکەشدەکا، واتا لای ئەو زانیاری نەریتێکی تێوریيە (teoretisk praxis) کە لەو "سیستەم"ەی کە چەمکەکان دروستی دەکەن، خۆی لە خۆیدا، بە هەمان شێوە وەك ماتماتیك لە هزری گرێکی و فیزیا لای گالیلی و نیوتن، بۆ زانستایەتی خۆی گەرەنتیەك دەبینێتەوە. واتا مارکس، نەك بەرەو ئیدیالیزمی هیگلی بەڵکو بە گشتی بەرەو مێتودەکانی ئەزموونگەری و پیادەکاریش، سەرە داوەکان لێکرادەکێشێت. بەگوێرەی ڕاڤەکاری ئالتۆسێرەوە مارکس "پێشبینی" ئەو ستراکچالیزمە نوێباوەی کردووە، سامانەکەی بریتیە لەوەی کە ئەو، بە بەراورد لەگەڵ داهێنانی کێشوەر و ماتماتیك و فیزیای پێشتر، کێشوەرێکی تازەی زانستی، مێژوو، دۆزیوەتەوە.کە لە نێوان ساڵانی 1961 و 1966ەوە لە نوێگەرییە ستراکچالیستییەکانی نێو مارکسیزم بەرجەستە دەبنەوە.

وەلێ ئەوە چ پەیوەندیەی هەیە بە رەخنە لە دەسەڵات؟ بەڵێ، بەشێکی زۆر پەیوەستە بە دەسەڵات.

ئەوە یەکەم وەرچەرخانە– بە گوێرەی زانیاری من- لە نێو تراديسیۆنی مارکسیانەدا پریارێکی وا لەگەڵ خودی مارکس رووبدات. ئەو وەرچەرخانەش رەتکردنەوەیەکی توندی ئاکامیگیرانەیە لە هێڵگەلێکی بنەمای "بۆرژوازیانە" لە هزری مارکسدا؛ کە ئەم کارەش پۆڵێنکردنێکی بوێرانەیە لە هزری بوژاوە و پەلکێشاوی کێوییانە لە هزری مارکسدا، کە هاوئاستی ئەم سەردەمەی ئێمەیە، جۆرە رووبەڕوو بوونەوەیەکی وا تا ئێستا ئەنجام نەدراوە کە بتوانێ بە تەواوی تیوری مارکسی دابمەزرێنێتەوە، هەروا ئەو رەخنەیە هیچێك لە دیکتاتۆریەتی و بە دیکتاتۆریکراو لە بە خراپ بەکارهێنانی لە مارکس نەبواردووە.

مارکسێکی راستەوخۆ – رەخنەی مارکسیزمی و بە ناڕاستەوخۆ رەخنە لە دەسەڵات، پێشنیاز کردنەکە بەمجۆرەیە!

1- *رەخنەیەکی راستەوخۆ و بونیاتنەرانەیە لە مارکس* بۆ ئەوەی ئەو کاکڵە ئاوەزگەراییە لە تێرامانی ئەودا ، لە پشتەوەی خودی خۆیدا، لە کاتیکی دیارکراو، لە چەمکە بێتواناکانی، دەستکەنە بکات. *رەخنەیەکی راستەوخۆ لە مارکسیزم و هاوکات لە پاڵ ئەمەش رەخنەیەکی*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*ناڕاستەوخۆ لە دەسەڵات* (پەیوەندی نێوان زانیاریی، دەسەڵات و سیاسەت): بەشێکی بۆ ئەوەیە کە ئەو شتە وشکەڕۆیە (دۆگماتیك) شێوێنراوانە (داپۆشراو، حازر بەدەستەکان)لە تێرامانەکانی مارکس هەڵبماڵێت، بەشێکی تریش بۆ ئەوەی بە ڕێگای بەرپەچدانەوەیەکی تیوری لایەنی ڕوشێنەرانەی سیاسی "بە هەڵە بەکارهێنانی دەسەڵات" لە مارکس (ستالینیزم) بەرجەستە بکاتەوە.

2- لێ وێرای ئەمەش *ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ و بونیاتنەرانە لە دەسەڵات* پێشکەش بکات. واتا ڕەخنە لەو دەسەڵاتە گەورەیە (لە ئامرازەکانی دەوڵەتی ئیدیۆلۆگی) بگرێت، هاوکات مێشێل فوکۆ ڕەشنووسی شرۆڤەیەکی تیوری، بە ڕێگای شیکردنەوەکانی بۆ *میکرۆفیزیك*: لە کەناڵە "بێبایەخ" و هەمیشە پشتگوێخراوەکانی پەیوەندی دەسەڵات کە لەناو تۆری پەیوەندییەکانی مرۆڤدا ئامادەیە، واتا لەمەڕ ئەو "دەسەڵاتە بچووکەکان" پێشکەشدەکات.

*ئیدیۆلۆگی و ئامرازەکانی دەوڵەتی ئیدیۆلۆگی،* ( 1970)، کە نووسینێکی چکۆڵەی ئالتۆسێرە، ڕەنگە ئەو بەرهەمە سەرەکیە بە جۆرێك گرینگی پێنەدرابێت، بەڵام بە پرِوای من نوێترین ڕەخنەی فەرەنسیە لە دەسەڵات، بۆیە کەمتر بۆ نەخشەکێشانی تیورییەکی گەورەتر لەسەر پێکەوە بەستانەوەیەك بۆ بەرنامەی ڕاڤەکاری بەکار دەهێنرێت. کەچی بەرهەمە سەرەکیەی دووەم، *کۆنترۆڵ و سزا* کەی فوکۆ سەبارەت بە ڕەخنە لە دەسەڵات،کە لە 1974 چاپکراوە، وەك ئەوەی ئالتۆسێر پشتگوێ نەخراوە.

## ب) فوکۆ: سەبارەت تێوری مەرجداریەتی مێژوویی (وێرای تێوری دەسەڵات)(

هەمان ساڵ کە ئالتۆسێر خەریکی پۆڵێنکردنی پەیامەکەی بوو لە مەڕ ڕەخنە لە دەسەڵات، فوکۆش بە زۆری پشتگیریە کۆکراوەکانی ڕۆناکبیری ڕۆژئاوای بەدەست هێنا، بەڵام کتێبە پرشنگدارەکەی (کە بە ئینگلیزیی -ئەمریکییەکە بە The *Order of Things* ) وەرگێردراوە (بە فەرەنسی سوێدی و عەرەبیش لە ژێر ناوی *وشەکان و شتەکان* ڕۆیشتووە)، کە لە مشتومڕی فەلسەفی فەرەنسیدا بووە میراتگری شۆرگێرانەی بوونایەتی- Existentializm ی کارە سەرەکییەکەی سارتەر *بوون و عەدەم* (1943). ئەو کتێبە هەروەک بووناندن (بە بوون کردن) "بونیاتگەری" ڕەواجێکی زۆری بە دەست هێنا و لە ناو کولتور-و مێژووی هزردا بەلەدی بۆ هزراندنێکی تەواو تازە کرد. وێرای ئەمەش بەلای فۆکۆشەوە *وشە و شتەکان* واتای ئاکامگیریی یەکلاکردنەوەیەک بوو لەگەڵ شێوازە باوەکانی وەک *Geisteswissenschaft* لە دیلتی Dilthey ەوە تا گادامێر Gadamer و دەوروبەرەکانی هایدگەر و هەموو شێوازە باوەکان لە هومانیزم دیاریبکا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ ئەوەی **رۆح**، **مرۆڤ**، **هومانیزم**، **پێسەوەچوون** و **ئاوەز** (لە چاپکردنە گریمانەییەکان) نمایشبکات. وەهمەکان - یان بەلای کەمییەوە وێناندنەکان کە لە بەجێهێشتنی بواری زانیارییەوە بەڕێوەن – فۆکۆ رۆدەچێتە ناو ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە خۆی بە ئەرکۆلۆژیای زانیاریی ناویێژی دەکات. ئەو لێرەدا لە ساڵی 1969ەوە بەو ناونیشانە خۆی بۆ ئەو بەرنامەی نووسینە: بە لێکۆڵینەوەیەکی هزرییانەی مێژوو لە زانیارییە مرۆڤایەتییە داپۆشراوەکان و هێڵێک لەو زانیارییە باوە مێتود ئامێزانەی کە بە مەرجەکان دەوروپێچ کراون بۆ ئەو چەشنە لێکۆڵینەوانە، خۆی ئامادە دەکات. لە *وشە و شتەکان* دا فۆکۆ هەر لە سەدەی ناوەڕستەوە تا ئەمڕۆ لە ناو چەند بواری سەرەکیدا (زمان، ئابووری و ژیان) بۆ زانیارییەکانی مرۆڤ، ئەو بنەما زانیارییەی کە پرینسیپەکانی کۆنترۆل و لەو دەرپرینە زانیارییانەی مرۆڤایەتی کە لە هەندێک شوێنی "جوگرافیا ناوچەییەکان" و لەناو هەندێک سەردەمە دیارەکاندا لە خۆیاندا هەڵیان گرتووە، بە دوای نەخشەی مەرجدارە بیرلێنەکراوکاندا دەگەڕێت. فۆکۆ ئەو بوارە بناڕغەڕێژانە بە سیستەمی زانیاریی –*ئێپستێمێکان*- *epistemèer*، *"بناغەکانی زانیاریی"* ناودێر دەکا و ئاسۆی ئەو زانیارییانە یان بنەمایە زانیارییانە، لە ناو تواناى مەرجدارییەکانی بیرکردنەوە نامۆدێرنن و بە گوێرەی کاتە دەستنیشانکراوە مێژووییە ناسراوەکان پریار دەدرێت. یان بە واتای فۆکۆ: **سەرەتاگە مێژووییەکان** – HISTORISKA APRIORIER.

وێرای ئەمەش فۆکۆ رادەگەیەنێ کە ئەو بناغە جیاوازانەی هزراندنی *ستروکتور*، رێزێک لە سیستەمی هاوپێوەند پێکدێنن کە دەکەونە ژێر ئەو ئاگاییە راستەوخۆیەی کە جڵەوی سەرگوزەشتە و بۆچوونەکانی مرۆڤ دەکات. واتا یەکێک لە نزیکترین پوختەی لاساییە گاڵتە ئامێزەکەی بەمجۆرەی خوارەوەیە:

لە دەورانی رێنسانسدا شت (thing) لە گۆشەنیگای پرینسیپی *لێکچوواندن* (analogi)یەوە رێکخرا. جیهان وەک کتێبێکی گەوەرە دەخوێندرایەوە و راڤە دەکرا، لەناو ئەو کتێبەشدا توانای رۆشنبیریی مرۆڤانە لە خاڵەکانی لێکچوواندنەوە نیشاندەدرا. لە دەورانی-کلاسیکی و قۆناغەکانی بەدواوە تا رۆشنگەریی گۆرانێکی بنەڕەتی لە جیهانی سیستەمی زانیاریی-ئێپستمێ èpistmèی رۆژئاوا هاتە کایەوە: تەنیا خودی بەراورد کردن لە نێوان چەندایەتی کتومتی پەتی و کۆنترۆلی کتومتیانەی چەندایەتی یان مشتومالکردنی *لە رادەبەدەری* وەک شرۆڤەکردنێکی مێتودیکی و شێوازی تێگەیشتن دەستپێدەکا. لە دەورانی 1800دا رووی **مێژوو** بەدەر دەکەوێ و دەبێتە پریاردەرێک بۆ تێگەیشتنی "شت". هاوکات بە رای فۆکۆ ئەو بە مێژووبوونە دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن و ئەوجا لە بواری زانیندا **مرۆڤ** بەدیاردەکەوێت. بوونەوەرە مێژووگەرا -historicitet زیندووەکان، مێژووگەرا ئابووری و *داهێنانەکانی* زانستە کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆڤایەتیەکان تایبەتمەندییەکن لەو ئێپستمێیە نوێیە، کە ئێمە هێشتا (بەڵام تا کەی؟) بەشێکین لەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵبەت وێرای ئەمانە لە *وشە و شتەکان* دا پرسیار دەکا لەمەڕ کێشەگەلێکی *ڕوونەکراوە* (روونیش ناکرێنەوە؟) لە کولتوری خشۆکیەوە بۆ خەمڵین – kulturmetamorfos و تاوانی ئێپستمۆلۆگیانە، نەک لەمەڕ پلە بە پلەی نەشونمای ئاوەزگەرایانە، ئەوەی کە پێیدەگوترێ پێشوەچوون.

ئەوەی کە فۆکۆ ناڕاستەوخۆ لە *وشە و شتەکان دا* پیشانیدەدا ئابووری، جوداهەڵگری، پەیوەندیە فراژاوەکانی هزرە - لە نێوان مرۆڤگەل و شتەکاندا- هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا *مێژوویەکی مەرجدارن*. هەلبەت پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش بە هەمان شتە. لە *وشە و شتەکان دا* "سەرەتاگەی بە مێژوو بوون" دەبێتە کلیلی چەمکەکان. کۆپلەی مێژووی هزری ئەرکۆلۆژیای زانین لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەسەر *زانیاریی* مرۆڤانەیی و نەریتی مرۆڤایەتی کە *مێژوویەکی مەرجدارە* قسە دەکا. "سەرەتاگەی مێژوویی" کلیلی چەمکەکانە لە *وشە و شتەکاندا*. بەشی ژینالۆژیای ئەرکۆلۆژیانەی مێژووی هزر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەمەڕ ئەوە دەدوێ کە *زانینی مرۆڤانەیی و نەریتی مرۆڤانەیی مەرجداریەتی مێژووین.*

تەواوی تیوری و تەواوی پیادەکردن مەرجداریەتی مێژوویین. بەرزکردنەوەی "چەمکە بنەرەتییەکان" بۆ رەوایەتی خۆیان، چیەتیە ئەپستراکتەکان – **هەقیقەت، رۆح**، **مرۆڤ، سەرمایە**، **نائاگایی، زمان** یان **دەسەڵات** – سەفسەتەیە و دەشکرێت بە سەفسەتە، ئاکامی ئەمەش کەم یان زۆر دەبێتە تێروانینێکی دۆگمایانە و تیوریەکی تێرۆریستانە یان سیستەمێکی تۆتالیتاری پەتی. ئەو بۆچوونە بۆ من هەمیشە وەک سەرچاوەی هێزێک لە کتێبی رچەشکێنی *وشە و شتەکان* دەبینرێت، لە راستیدا فۆکۆش لە دوا بەرهەمەکانی هەوڵیداوە کە لەو بۆچونەوە ئەو فەلسەفە ناشیرینانە و ئاکامی مێژووە هزرییەکان زەقبکاتەوە. واتا بۆ ئەمە بنەمای تێزەکەی بۆ لە *وشە و شتەکان* مشتوماڵ دەکات. بە رای من، روانگەیەکی باشە بۆ راڤەکردنی دەسەڵات و رەخنە لە دەسەڵات.

## دەسەڵات – مەیل – فەلسەفەی راسانگەریی (دێریدا، لیۆتار، دولۆز و فۆکۆ)

دەسەڵات و مەیل، چوون بە دوای شوێن پێی فەلسەفەیەکی راسانگەر – با بڵێین بۆ ئەمە پێشنیازێکی باشتر دێتە پێشەوە و رەنگە ئەو بەناوکردنە راستەخۆیە لە تەک دوا خولیایەکان لە فەلسەفەی فەرەنسیدا بچەسپێ. بەهەمەحاڵ ئەوەیە کە لە زۆر لاوە باسکردنەکە لەسەر ئەو مەسەلەیە. بەلای کەمیەوە لەناو جوگرافیای فەلسەفەی نوێی فەرەنسیدا راپەڕینی مای 68 **داپڕانێکی** پێشهێنا، کە وێدەچێ تا ئەمڕۆش لەناو فەلسەفەدا قووڵتر و تا ئەمڕۆش رادیکالتر لە بواری ئابووری، سیاسی و مۆرالییدا بەرجەستە دەبێتەوە. لە راپەڕینی 68 ی مای –



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەک دوا خاڵی گەورە و سیمبولێک بوو بۆ راپەڕینی لاوان، شۆرش و شۆڕشی کولتوری – زۆرێک لە فەیلەسوفی فەرەنسی لە خودی ئارەزووی خۆیانەوە رووبورووی جەختکردنەوەیەک بوون کە لەگەڵ هەموو میراتی فەلسەفەوە لە پلاتۆنەوە تا هێگل دابڕێن. بە پرواى زۆر لایەنگیرانی ئەو فەیلەسوفانە پێویستە مرۆڤ بە هەمان شێوە لەمەڕ مارکسیزم و فرۆیدیانیزم بهزرێ کە دواجار تایبەتمەندییەکانی ئەوانە جۆرە میراتگریەکە لە نەریتی ئاوەزی رۆژئاوایی و خۆشەویستی کوێرانەی ئاوەز، کە درێژبوونەوەکەی "گوتاری دەسەڵات"ە: بۆ مەبەستی کۆنترۆلکردن هزری باڵاپیاو و/یان هزراند بە خۆیەوە دەگرێ. لەو ناوکۆیی /کۆنتێکستەدا تەنیا نیتشەی لێدەرچوو کە گومانکاری و ناڕازی بوونی لەسەر هەبێ، بەڵام نیتشە پێشتر لە کاتی خۆیدا بە تێزەکانی خوڵقێنەری گومان بوو. مێژووی فەلسەفەناسی فەرەنسی فەرەنسیۆس شاتەلێ - Francois Châtelet لە کتێبە ئاکامگیرە رچەشکێنەکەیدا *فەلسەفەی ئەکادیمی – La philosophie des professeurs* دا (1970)، هەرچەندە ئێستا مەیلەو فەرامۆشکراوە، رەخنەی لە هەموو *ئنیستوتێتە فەلسەفیەکانی* فەرەنسی لە جۆری ئەوانەی کە لە خوێندگای دواناوەندی و پلەی زانکۆکان جێگیرن گرت. شاتەلێ لەو شوێنانە، لەو ئامرازە گونجێنەرانە ناڕازی بوو، کە لەوێدا "ئیدیۆلۆگی بۆرژوازی" دەستی بەسەر داگرتوون، ئەو ئیدیۆلۆگیەش ئەو رەخنە جەربەزەیەی کە لەو نەریتە فەلسەفیە دوورودرێژە هەیە بە جۆرێک فۆرمۆلە دەکا کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بۆرژوازی بکا و ئەو نەریتە باوەی فەلسەفەش بربندار نەکا و نەیتوێنێتەوە. مرۆ دەکرێ ئەوە بە ***کولتوری جڵەوکردن*** نادێر بکات.

ژاک دێریدای فەیلەسوف و تیۆروانی دەق، کە پێکڤە لەگەڵ ئالتۆسێر مۆرکێکی زۆریان لەسەر "نیستوتێتی خوڵقێنەری بلیمەتەکان– Ècole Normale Supèrieure "، بەجێهێشت، بە روو هەڵماڵین لەسەر حەزی دەسەڵات کە زاڵە بەسەر جەوهەری خوێندندا بە تەواوی ئەو رەخنەیان پەیرەو کرد. دێریدا ئەو زانکۆ – و رەخنە فەلسەفیە بە پرۆژە تیۆرییەکەی خۆیەوە دەبەستێتەوە: **هەڵوەشاندنەوە** - DECONSTRUCTIONی فەلسەفە، واتا لێکداپچڕاندنی نەریتی فەلسەفەی رۆژئاوا، واتا پارچە پارچە کردنی بۆ تیکەی بچووک و تاقیکردنەوەی تاکو گەر بکرێ لەسەرەتاوە بە هەڵبژاردنی بناغەیەکی تر بونیات بنرێتەوە.

دێریدا بە گوتنەوەی وانەی فەلسەفە و بە داهێنانی رەخنە فەلسەفییەکانی، کە لەوێدا چەمکی *جیاوازی – La diffèrence* جێگەیەکی گرینگی هەیە، بە هێواشی بێوچان و بێسڵەمینەوە بەردەوام بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێتافیزیکە رۆژئاواییە کە لە پلاتۆنەوە دەستپێدەکا تا هێگل. ئەو تایبەتمەندییەی دێریدا ئاسایە لەسەر پرۆسەی بە پارچە پارچە کردن بەندە بەوەی کە تەواوی نەریتی کولتوری رۆژئاوا لەسەر **لێکچوواندن** بونیاتنراوە، هزرکردنەوەی لێکچوواندن کە لەسەرخۆ ئیمەی خێل و کوێر کرد. بە دەرپرینێکی سادە تێزی دێریدا وەستاوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر مرۆ دەستی بە بیر کردنەوە کرد و چاوی هەڵێنا جیاوازی دەبینێت، دواجار مرۆ دەتوانێت هەم فەیلەسوفانەو، هەمیش گشتایەتی بە فرەوانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ببینێت. دێریدا کردەی خۆی وەک *داڕماندن – destrukturering"بەناوەندکردنی ئاوەز - logocentrismen"*، بە پارچە پارچە کردنی  ئاوەزی فتیشزم (لێرەدا فتێشیزم هەم بە واتای خەیاڵاندنی سێکسی بە رێگای شمەکی منێ دەگەیەنێ و، هەمیش خاوێنییەکی لە رادەبەدەر، وەرگێڕ)، پێناسە دەکات.

بە رای دێریدا دەبێ فەلسەفە لە **بوارە گشتییەکەی نووسیندا،** کە هەمیشە هەوڵیداوە بەسەریدا زاڵ بێت، *دووبارە بنووسرێتەوە*. دانانی نەخشەکەی بەمجۆرەیە: 1- نووسین= کەرەسە/دەربرین/پایەکان. 2- بزوان ("دەنگی ئاوەز") = ئیدیالیتێت/نەخشەی لۆژیکی/*دابەشکاریە ئەبستراکتەکان*.ناخۆرسکی.

دێریدا هەموو راڤە و وانە گوتنەوە و وزە زانیارییەکانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەو دەقە فەلسەفیە مێژووییانە و مێژووی سەبارەت بە رەوانبێژیە جودایەکانی فەلسەفە بە کێشە بکات، بەڵام *هاوکات* فۆرمێکی تر بکاتە بەر ناوەڕۆکە باوەکانی وانە وتنەوەی فەلسەفە و فۆرمی وێناندنە گشتیەکان، بە مەبەستی ئەوەی کە زمانی فەلسەفەی راساو بکا بە ئامراێک بۆ بەرەیەکی ئیدیۆلۆگی و سیاسی – من بەمجۆرە لە وزە و واتای رەفتاری دێریدا تێدەگەم. بە تایبەتیش لەم خاڵەدا من وا دێدریدا دەبینم کە بەهرە بەخش و بێوێنەیە (رەنگە بە مەزەندەیەکیش "دانسقە" بێ)، واتا دێریدا تایبەت و توورەیە و وەک ئاژەڵێک بێوچان لە فەلسەفەیەکی **سیاسی** - "دوور" لە گشت شێوەیەکی پارتی سیاسی و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بە مانای داخرا و بەر تەسکی سیاسیانە، کار دەکا. ئایا هاوچەشنێکی لەم جۆرە شێتە بەختەوەرە بوونی هەیە؟ بەهەمەحاڵ ئەوەیە کە رەسەنایەتی، ئۆرگینالیەتی دێریدا بەرجەستە دەکاتەوە.

بە هەمان شێوە ژان فرانسیس لیۆتار ی هزرڤان سەر بە هەمان فەلسەفەی وەرچەرخێنەرە- یان پرۆسەی فەلسەفەی راساوە کە لە دوای 1968ەوە ئەو ئاراستە هزریە بە فەلسەفەی فەرەنسی دەبەخشێت. لیۆتار بە رەگێکی بە هێزی لەناو دیاردەناسی (فێنۆمێنۆلۆژی) لە دواییدا پاش چەند ساڵ لەگەڵ بەرهەمەکانی مارکس و فرۆید نزیک بۆوە، کە ئەمەش دوای ساڵەکانی دوای راپەڕینی خوێندکار و- کرێکارانەوە ئەوی هاندا بەرەو ئاسۆیە "نوێ"یەکان. لیۆتار ماوەیەک خەریک بوو بە رامانێکی سەرگێژکارانە کە بەلای ئەوەوە لەوێدا هەموو شت مەیل بوو و، لەوێدا رزگار بوونیش بریتی بوو لە ئابووری لیبدیانە (حەزی سیکسیانە). ئەو پێی وابوو پاش گواستنەوەی زانیاری "نەشوەی لیبیدیانە"ی خۆیەوە تازە چارەسەریەکی تەندروستی واقیعی و بونیاتنەرانەی تاقیکردۆتەوە و، لە سەفەری ئەوەیە کە ئەزموونی تایبەتی خۆی و سەرنجەکانی لە فێنۆمێنۆلۆژی، مارکسیزم، دەروونشیکاری و "فەلسەفەی مەیل" (سادێ، باتالی و ئەوانی تر) بە ئاراستە تایبەتیەکانی بەرنامەی چالاکی و پێشنیاز بۆ هاریکارییەکانی ئەوپەڕی بەرەی چەپرەوی ئاڵۆگۆڕ بکا.

کاتێ لیۆتار هەر زوو ئاماژە بە نیتشە دەکا، بەوە خۆی دەکا بە دەمڕاست بۆ ***نیهیلیزمێکی چالاکی.*** ئەو پێشنیازێکی - ئەنارکیستیانە دەکا-کە مرۆ بە ئاگاییەوە دەبێ بە پەلە پەردە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر ئەو بەهایە روخاوانە، لە پێشەوەی  هەمووشیان بەهای **راستیی** رۆژئاوا هەڵبماڵێ.
وێرای  ئەو قەیرانی قەناعەتەی کە "رەفاهیەت"ە مۆدێرنەکان و کۆمەڵگای پیشەسازی پێیدا تێدەپەڕی، کەچی بەهای **راستی** (**راستی** وەک بەرزترین بەها) هێشتا لە سەرەوە دادەنرێ. چۆن و بۆچی؟ بەڵێ، بە رێگای ئەوەی کە دەسەڵات بەسەر  پروا بوونێکی کوێرانە بە وێناکردنە **زانستییەکان** (راستییە زانستییەکان) جێلەق نەبێ. ئەوەی کە لیۆتار دەیخاتە ژێر پشکنینەوە ئەو عەقیدە باوە زانستیەی تێکنۆکراتەکانە. ئەو ئیدیۆلۆگیە قالبدراوەیە لە کۆمەڵگای پیشەسازیە "لێکچڕژاوە"کەماندا کە ناوی **زانستە** و، ئەو ئەفسانە مۆدێرنە بەسەرماندا بەڵادەستە و هەڵسوکەوتمان لە شێوە دەگرێت.
لیۆتار لە وێناکردنی لەمەڕ *پیادەکردنی کاریگەری زانستیانە لەسەر مرۆڤ* ئەو مەترسییە لەناو گەشە سەندنی سەرمایەداریدا وەک **کۆنترۆلێکی رەها** بەسەر مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ئاشکرا دەکا. ئەو بیرۆکەی زانستێک وەک رووبەڕوو بوونەوە لە بەرانبەر ئەو مۆدێلە سەرمایەدارییە دادەنێت کە نوێنەرایەتی جەخت لەسەر کاریگەری گوتاری زانیاری نەکاتەوە، بەڵکو گوتارێک کە زیاتر دامەزراو بێ لەسەر داهێنانی فەنتازیا لە چەشنی دەرپرینە پراو پڕەکانی ئەفراندن و جموجۆڵیە مرۆڤەیەتییەکان کە لە کارە هونەرییەکاندا دەفراژێ. ئایا ئەوە وەک شتێکی بێبایەخە و وەک ئەو شتەیە کە پێشتر زۆر جار بۆ نموونە لای مارکۆس - Marcuse ئاماژەی پێکراوە؟ بەڵێ، بەڵام هەڵبەت ئەوە رێی تێدەچێ کە سەرباری ئەوە "بێبایەخیەت" و هاودەم گوتراوەکانیش دەکرێ جارێکی تریش گوێمان لە لایەنی باشەکەی ببێتەوە، رەنگە هەر ئێستا گرینگ پێدانێک و سیاسەتێکی دارێژراوی سەرنجکێش جاڕ بدات.
هەروا لیۆتار لە "یەکەی هزر کردنەوە" و هەڵوەشاندنەوەی خولیاکان و شیانی داڕمانەکاندا نیشانەیەکی پۆستەتیڤ دەبینێ.  بە هۆی بەرز بوونەوەی هەر یەک لە فۆرمی کێشەکانی سێنترالیزم روو دەدەن.
ئەوەش لە گرژی پێگە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگای ریزێک لە گروپە کەمایەتیەکان و بزاڤە راپەڕیوەکاندا سەرهەڵدەدەن، هەروا ئەو کێشەیە لە رێگای گومانی نەوەی تازەتر لە خودی سەیر کردنی بۆ **شۆرش** (کامە شۆرش؟) (بە کام مەرج؟) (بە کامە مەبەستیش؟) لە ئارادایە.
بە واتای لیۆتار ئەو شەڕەنگێزییە جیاوازانە لە نەریت و رەخنە گومان ئامێزانە تەنانەت لەو رەخنە تیۆرییە باوانەش بوار بۆ گەشە کردنی جۆرە وزەیەکی نوێی فەلسەفی و سیاسیانە خۆشدەکەن. خودی لیۆتار، رەنگە زۆر بە سادەیی وەلێ وێرای ئەمەش هزر وروژێنانە، ئاماژە بۆ ئەم ستراتیژانەی خوارەوە دەکا: جاڕدانێکی *گاڵتەجاڕ* هەڵگری هەمیشەیی و *پڕ لە بێز* بە دژی دەسەڵاتدارە جێگیر و باڵادەستەکانی سیستەمی دەسەڵات؛ جۆ*شدانێکی*کۆنکرێتی بەردەوام لە لایەن "بەهایە" جێگرتووەکانی سەرمایەداری بە رێگای *سوککردن* و خاڵەکانی پرۆتێستکردن؛ هاوکاتیش بەردەوام بە کاری  *خۆڵ هەڵکەنە* ( جۆرە گیانەوەرێکی بچووکە زەوی هەڵدەکۆڵێ و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گیانەوەری بچووکی تر دەخوات، وەگێڕ) *کە مارکس پێشتر باسی کردووە. واتە ئەوەی کە لیۆتار ئومێدەوارەنە بۆ رووبە ڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران کاری بۆ دەکا* ***گەمەی*** *گروپە بچووک و لاوازەکانە*. کەواتە مەسەلەکە بەندە بە گروپە پەرگیر کراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات و کەمایەتییەکان، هەروا گشت مووچە لە خوارو دەست کورت و، چەوسێنراوەکان، ژن و منداڵەکان، کە رەنگە هەنگاو بە هەنگاو، بەهێزتر بن، لە بەهێزەکان بەهێزتر بن.

ئەوە لە بوارێکی بەربڵاودا بەندە بە هاندانێکی رەخنەیی کە مۆخی ناوەوە لە ئێسکە لیۆتاریەکەوە بئەنجنی و هەڵمژێ. لەراستیدا لەو "بیرۆکە ئاشکرایە ئاژاوەگێریە"ەوە ئازوقەی شەڕ هەیە کە دەکرێ بۆ رەخنە لە دەسەڵات هێزێکی تۆکمە و بە وەجی تێدا دەستەبەر بکەی. هەروا هەوڵێکی ئازایانەیە کە بە هەمان جۆر بیر لە هەمان پەیوەندییەکانی نێوان ***دەسەڵات*** و ***مەیل***، نێوان پەیوەندییەکانی هێز و هێزە هاندەرەکان بکەیتەوە.

کە بتوانی شەپۆلی مەیل، کە زەمینە خۆش بکەی بۆ "مەکینەکانی مەیل" (=مرۆڤەکان وەک کار کردنی مەکینەی بچووک لە ئابووری و وزە)، کە بەستەر و تاپۆکان کە تەکنیکە زل و مەکینە پیشەسازیەکان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا مرۆڤەکان وەک بوونەوەرێکی مەیلاندن ملکەچ دەکەن – بەمجۆرە پرۆژەی فەیلەسۆفی فەرەنسی ژیل دولۆز Gilles Deleuzes لەو راڤە کردنە خۆی رەپێش دەکا کە لەسەر سەرمایەداری و شیزۆفرینای ئەنجامی داوە، کە لە *ئەنتی-ئۆدیپۆس* *Anti -Odipus* دا ساڵی1972 بڵاویکردەوە، ئەو بەرهەمە لەگەڵ چەپرۆی مارکسیستی دەروونناس Fèlix Guattari فیلکس گۆتاری پێکەوە نووسیوویانە. دولۆز پێشتر لە کارە ئەکادیمیەکانی لەسەر هیوم، کانت، سپینۆزا و نیتشەوە هات و دەمامیکی لەسەر فەلسەفە وەک جۆرێک لە تامی مەیل هەڵماڵی، بەو مانایە کە مرۆ بەردەوام تامی ماسی دەستکرد لەسەر چەنگاڵ دادەنێت. بە رای دولۆز مێژووی فەلسەفە مێژوویەکی درێژە لە هزر کردنەوەیەکی دەستخەڕۆدان و خۆفریودان. فەلسەفە لە بنچەکەدا بەردەوام باس لە مەیل دەکا، بەڵام کەس بە راست و رەوانی ئەوە ناڵێ. مرۆ لە بری ئەوە قسە لەسەر ئاوەز و ئەقڵ و راستی و ...هتد دەکات. هاوکات دولۆز دەڵێ مەیل راستیترین فەلسەفە و وزەی هاندەری هەموو کردەوەیەکە: ئەوە چیە، بێجگە لە برسیەتی بەڵام لە پەیوەندیەکی نزیکیەوە بۆ "برسیەتی"، ئەوە بۆ مرۆڤگەل مردنە لە پێناوی بیرۆکەکاندا؟ برسیەتی و برسیبوون بە دوای زانیاری، کە رەنگە ئەوەش برسیەتی دەسەڵات بێت؟ ئەوە لەسەر ئەوە ماوەتەوە کە وردتر شیببکرێتەوە.

لە دیدی دولۆزەوە تەواوی تەقەڵاکان بە دوای زانیاری لە فەلسەفەوە بیگرە تا دەگاتە ئابووری و دەروونشیکاری بڕیاردراوە کە دامەزراندن و دارێژانی **قانوونە** لە یادەوەری ("سەیرکە! ئەوەیە **راستیی**! دان پێنانی جڤاکیانە بە **راستیی** بۆ هەڵمژتنت، رەگەزەکەت، زمانەکەت... ئەوە هی ئێمەیە و بۆیە قانوونی **تۆشە**"). بە گوێرەی مۆدیلی خەتەنە کردن و لەش کوتان (بە بەراورد کردن لەگەڵ فۆکۆ، *کۆنرتۆل و سزا)*، بڕیار دراوە کە ئەو قانوونە لە جەستەی مرۆڤدا بچەسپێنرێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و دابڕێژرێ. بۆیە دولۆز نیشانەی لێکچوون لە نێوان کولتور و دەمکوتکردن- Repression , دادەنێ، هاوکاتیش ناخشەیەک بۆ شیکاری شێتی ئامادە دەکا کە ئامادە بێ ئەو هەموو راستییە شۆڕشگێرە پان و پۆرانە بە مەیل ببەخشێت.

رەفتاری دولۆزی و گۆتارییانە، راڤەکردنی مەیل، بە رێگای ئەوەی کە شتەکان دەخەنە سەر لێوارەکانی خۆیان کە بەوەش هاوتاییەکە دەکەوێتە بان بێبناغەیی. لە دیدی دۆلۆزەوە پێویست بوو ئەو ناوەڕاستە ***بنەڤینرێنەوە*** کە ئەو بە پارچەی بچووک بچووک خستییە پێش "پەیام"ەکەی: تەواوی فەلسەفەی باو و شێوەی دەربڕینی ئەکادیمیانەی لە یەکتر ترازاند، بە رەمەکی و بە گاڵتەجاڕانەی کردن. هەڵبەت ئەوە بۆ خۆی گرینگە کاتێ بۆچوونێکی ***نوێ*** دەبێتە پشتیوانی ئەو کارە، بۆیە شێوەی دەربڕین و ناوەڕۆک بێ جیاوازی پێکەوە هاوتا دەبن. وێڕای ئەمەش بێگومان ئەوە مەحاڵە کە کارێکی وا دەستەبەر بکرێ، بۆیە بۆچوونێکی تەواو نوێ شێوەی دەربڕینێکی تەواو نوێشی گەرەکە، لەگەڵ ئەمەش خەڵکی تر(بەلای کەمییەوە یەکسەر) لێی حاڵی نابن.

ئەو شێتایەتییە کەم یان زۆر بە پان و پۆری لە *ئەنتی-ئۆدیپۆسی* دولۆز و گۆتاری بەیان کراوە. بوێریشە. بۆیە بێگومان ئەو چەشنە ئاژاوەگێرییە بە دژی زانیاریی و مەعریفە، هەر چەندە گەر مرۆ ئەوە بە بلیمەتی، شیعراندن یان سەر لێتێکچوون ناوی ببات دەبێ تاقیبکاتەوە. کێشەکە بەندە بە باڵاترین زانیارییەوە، لەوێدا تاکو ئاوەز و ژیان بکەونە یاری دەبێ جۆرە رێکەوتنێک لە نێوان بە دواگەڕانی زانیاریی و بوون بە زانیاریی فەراهەم بکەن. بەمجۆرە ئەوە بەستراوەتەوە بە خۆمان کە لە ناوکۆییەکدا لە بوونیایەتی ئاسانترە ئەوە بە تاقیبکەینەوە کە ئەگەر بکرێ کەمێک "ئاوەز" لە نائاوەزی رزگار بووی دولۆزیانەوە بەدەست بێنین.

بەرهەمی مێشال فۆکۆ لەمەڕ سەرهەڵدانی چیەتی زیندان و مێژووی زایاندەگەرایی (سێکسوالیتێت)، کە دوورە لە بنەماگەریی، کتومت بەستراوەتەوە بەو نموونە جوداکارییە. ئەو کارانە ، سەربەخۆ و بە رەسەنی، راڤە دولۆزیانەکان لەمەڕ مەعریفە وەک دەسەڵات (لەگەڵ ئەمەشدا دواتر هێز و مەیل) بەرەو پێشەوە دەبەن، هەروا ناڕەزایی و بە گومانکردنی لیۆتاریش بە دژی بەهای راستیی (ئاکامگیری زانست و راستییە زانستییەکان وەک بەهایەکی باڵا و "سروشتێ"یانە) پەرە پێدەبەن. فۆکۆ لە *کۆنترۆڵ و سزا* دا، دیسانەوە، باس لەو لێکچڕژانە گەورانە دەکا، کە بە واتای ئەو بە ئاوەزی فەرمانڕەوای کلاسیکیەوە، بەو رێزداری و نەگبەتیەی رۆشنگەریی کە ئێمە منداڵی ئەوین، گرێدراون و بەرهەم هاتوون. زنجیرەیەک هەوڵ بۆ مەعریفە و دەسەڵات، تۆرێک لە هاوپەیمانی لە نێوان مەعریفە و دەسەڵات تەواوی جەستەی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. فۆکۆ ئەوە بە "میکرۆدەسەڵات"- بە دەسەڵاتکردنی جوداواز ناودێر دەکا: لە پەیوەندییەکانی نێوان هاوسەری و خێزان و منداڵەوە بگرە تا دەگاتە باڵادەستی کۆمەڵگای راستەوخۆ هەرارکیکراو – رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگا. بە تێرامانی فۆکۆ لە کۆمەڵگادا ئەو هەموو دەسەڵاتە پەرش و بڵاو بۆتەوە و لەناو بۆرژوازییەکاندا لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زنجیرەیەک خاڵی چاڵاکی سیاسیدا شێوە و بەهانەی خۆیان رەگئاژۆ کردووە، لە پاڵ ئەوەشدا مرۆ لە سەرەتاوە لای فۆکۆ هەمان مەرجداری دەبینێتەوە کە داواکردنە بۆ پشتگیریی کردن لە هەموو بزاڤ و خۆپیشاندانی کەمایەتییەکان کە لای لیۆتار و دولۆز دا هەیە. فوکۆ و دولۆز ئەوە بە تاکە ئومێدێک بۆ ئێستا و ئایندە دەبینن؛ ئایندەیەک کە دەبێ جودا بێت، واتا شتێکی تر جودا بێت لەوەی کە "چاوەدێری مێردەزمە" دەکا کە لە ئەمێستادا رەوانتر خۆی پیشاندەدات.

## 111 ئاکامگیرییەک لە شێوەی چەند رامانێکی گشتیدا

چرایەتییەکی بێرادە و گفتوگۆیەکی کاریگەر لە نێوان فۆکۆ و دولۆز لە گۆڤاریLÀRC (ژمارە 49) کە ساڵی 1972 ئەنجامیانداوە و ئێستاش دەکرێ لە میانەی نمایشکردنە پێشاندراوەکاندا لە چەند ئاراستەگەلی سەرەکی رەخنەی هەنووکەیی فەرەنسی لە دەسەڵات  بەهای ئەو گفتوگۆیە وەک کەشکۆڵێک، رێنماییەک لە سەرووی پرسیار کردن و تێرامانە (سیاسی)یەکانەوە ببینرێت.

پەیوەندی نێوان رۆناکبیران و دەسەڵات کۆی ئەو پرسیارانەیە کە لەو گفتوگۆیە هاوبەشەی نێوان فۆکۆ و دولۆز ئاراستە دەکرێن. بەلای فۆکۆ و دولۆزەوە کێشەکە بەندە بە گرێدانەوەی پەیوەندیەکانی نێوان تیۆری و نەریت- praxis کە بە جۆرێک خاکی هاوبەشی نێوانیان زیاتر ناتەواو بێ بە جۆرێک خاکی هاوبەشی نێوانیان لەوەی کە بیری لێدەکرێتەوە زیاتر ناتەواو بێ، لێکترازاو و ئاڵۆز بێ. هەردووکیان هاوڕوان لەسەر ئەوەی کە تیۆری هەمیشە ناوچەیی، لۆکالییە، هەروا تیوری، لە بواری راڤەکەی خۆیدا پیادە دەکرێت، زۆریش ئاسانە کە رووبەڕووی بەربەست و قەتیسمان ببێتەوە، ئەمەش وا دەکا کە ناچار بێت  هانای  "قەرزی تیۆری" بۆ بوارەکانی تری لێکۆڵینەوە ببات (سەرنجبدە کە ئێستا تەقاندنەوەی سنوورەکانی دیسپلین و پەنا بردن بۆ تیۆریی فرە زانستییەکان لە هەڕمێندایە).

لێرەوە لە درێژبوونەوەی ئەوەدا رەنگە مرۆ یەکێتییەک دەستەبەر بکا کە تیۆری و پیادەکردن لە پەیوەندییەکی فرەدا دەڕژێنە ناو یەکترەوە، لە پاڵ ئەوەشدا هەردوولا بۆ یەکتر دەبن بە جۆرە کەناڵێکی گواستنەوە و سیستەمی تەزووی کارەبایی. *بۆ نموونە*: فۆکۆ لە ئاستێکی *تیۆریانە* دا لە (*مێژووی شێتایەتی*، 1961) دەستیکرد بە راڤە کردنی ناوچەیەکی تەنراو و ئاپۆرەکراو. ئەو بەو  کارە قەڵەمڕەویەکی دا بە خۆی کە لەسەر چیەتی، ماهیەتی مێژووی زیندان مێژوویەکی هزری بنووسێت. فۆکۆ  پێی وایە فڕێدانی مرۆڤەکان لەمدیوی تەڵبەندەکان مانای ئەوپەڕی گرینگدانە بەوەی کە *قسە بکەی* بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆت (لێرەدا مەبەستی ئەو *رێکخراوە هەلبژێردراوەیە* کە بۆ شێتەکان قسەی دەکرد)، کە ئەو شێتانە لە نێوان تیۆری و پیادە کردندا جۆرە تۆری سیستەمێکی بەناوی Gip (مەبەستی فۆکۆ بازنەیەکی پەیوەندیە لە نێوان خودی شێتەکانەوە. وەرگێڕ)  دروست بکەن. پروانە (*کۆنترۆل و سزا)*. یانیش خودی فۆکۆ – لە ئاستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*تیۆرییدا* – خۆی بوو بە جۆرێک لەو رێکخراوە هەڵبژێردراوە بۆ شێتەکان. بە کورتی: فۆکۆ بە هاوئاهەنگی و لە ئاقاری راڤەیەکی راستەوخۆی مێژووی هزریانە و بە سەرکەوتنەکانی *کۆنترۆڵ و سزا* وێکڕا لەگەڵ زیندانییەکان لە زینداندا گروپێکی بە ناوی راگەیاندن و ئاگاداری و چاڵاکی (*le groupe information prisons*, GIP) رێکدەخات، کە لە KRUMی سوێدی نزیکە).

پاشان لە گفتوگۆی ناوبراودا فۆکۆ و دولۆز دەچنە سەر باسکردن لە کێشەی ***نوێنەرایەتیکردن***. بە واتای دولۆز لە راستیدا *نوێنەرایەتی* و "هزری *نوێنەرایەتی*" چیتر وەک رەخنەی روانگەیەکی جڤاکی تەماشا ناکرێت، بەڵکو رەخنەیەکی تیۆریی و پراکتیکی ***کردەوەییە*** کە گرینگە. وەکو تر فۆکۆ و دولۆز هاوران لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئێستا لە بەرانبەر بە هەڕمێن بوونی ***سیاسەتاندنێکی ساغڵەمی*** رۆناکبیرانە وەستاوین. وەک شتێکی باو ئەرکی رۆناکبیر (لە پلاتۆنەوە تا ڤۆلتێر و رۆسۆ و، لەوێشەوە تا دەگاتە مارکس و گرامشی و بەشێکیش لە سارتەر) ئەوە بوو بڵی ***کە قەیسەر رووتە***. فۆکۆ سەبارەت بەو پێناسە تازەیەیە لە رۆناکبیر جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە *کە ئاپۆرەی خەڵک بۆ دەستکەوتنی زانیاریی هیچ سوودێک لەو جۆرە رۆناکبیرە وەرناگرێ*. ئەوان باش دەزانن کە کێشەکان چین، هەروا ئەوان خۆیان لە رۆناکبیران باشتر ئەو مەسەلەیە وردتر تێدەگەن: ئەوان رۆژانە تەنیا لەناو جەستەدا هەست بەوە دەکەن. کەواتە رۆڵی رۆناکبیر دەبێ – بە شێوەیەکی نموونەیی/ئیدیالانە- چیتر بریتی نەبێ لەوەی کەمێک خۆی لە پێش ئەوانی تر دابنێت، بەڵکو رۆلێ رۆناکبیر رووبەڕووبوونەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و شێوەکانی چەوساندنەوەیە، ، بۆ نموونە وەک مامۆستا لە خوێندگا، زانکۆ و شوێنەکانی تری خوێندن، جا مێینە بێ یان نێرینە هەردووکیان *ئۆبژێکت* و *کەرەسەن* بۆ ئەوان. وێرای ئەوە فۆکۆ و دولۆز لە گفتوگۆیەکەیاندا بەردەوام دەبن تا دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە تیۆریی بۆ خۆی ***سیستەمێکی ناوچەییە***. واتا تەنیا – رەنگە هەندێ جار تیۆری زۆر گشتگیر بێت بەڵام وێرای ئەمەش هەمیشە "تەنیا" – تیۆریی ناوچەیی و هەرێمییەکان لەگەڵ بۆچوونە کۆنەکاندا لەسەر تیۆرییە سەرتاسەرییەکان (تیۆری گەردوونی) لە ململانێدایە.

هاوکات هەردووکیان جەغت لەسەر قوورسایی ئەوە دەکەنەوە کە تیۆرییەکان وەک ***سندووقی کەرەسەکان*** دەبینرێن، کە وەک شتێک دەکرێ بەکار بهێنرێن – باش سەرنجبدە: ئەوە لە پێناو خودی تیورییەکان نیە. ئەگەر چەند مرۆڤێک نەبێ کە تیۆریی بەکار بێنن، ئەوە یان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ئەو تیۆرییە بێنرخە یانیش بۆ ئەو کاتەی کە هەیە لە بار نیە. یان بە دەربڕینی ورووژێنەرە جەغتکردنەوەوانەکەی دولۆز: مرۆ *بۆ تیورییەک رووی بۆ دواوە وەرناگێڕێت*؛ مرۆ تیۆری نوێ دەئافرێنێ کە لە ئاستی سەردەمەکەی بێت.

لە کۆتاییدا فۆکۆ و دولۆز دێنە سەر پرسیاری دژە رێفۆرم و کردەی شۆڕگێرانە. یان ئەوەی کە پێیدەگوترێ رێفۆرم بە جۆشدانی مرۆڤگەلێک کە خۆیان بە "نوێنەرایەتیکردن" دادەنێن و، کاریشی بۆ دەکەن و بە قسە کردن لە جیاتی ئەوانیتر بۆ خۆیان ئەو نوێنەرایەتیکردنە دەکەنە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بازاڕ. بە ناوی ئەوانیترەوە - ئەمەش شێوەیەکە لە ***لاواندنەوەی دەسەڵات،*** کە زۆر ئاسانە لە کاتی بەرز بوونەوەی چەوساندنەوەدا بە دوای *دەسەڵات دابەشکردن* بکەوی. یانیش هاوکات ئەوە بە داڕێژاندنەوە/ رێ- فۆرم – RE-form ە کە راستەوخۆ ***کارلێکراوەکان*** ناچاری ئەوە دەکا

– ئەوکات رێفۆرم کۆتایی دێت و لە بری ئەوە دەبێتە کردەیەکی شۆڕشگێرانە، کە لە خودی وێنەی رەگە نیوەچڵەکەیدا پڕیار دراوە کە بونیاتی دەسەڵاتە *کۆکراوەکەی* و هەرارکیە بناینراوەکەی تووشی کێشە بکات.

پاش ئەوەی کە دولۆز ئاماژەی بەوتۆرە ئاڵۆزە، مەیلەو نەبیراوەی نێوان ***مەیل و دەسەڵات و حەز*** دەکا و خاڵە لێکگرێدراو و هەوارگاکەی دەسەڵات و شێوە هەمەجۆرەکانی دەسەڵات لە ناو جەستەی کۆمەڵگا ئاشکرا دەکا، فۆکۆش بەم "بەرنامە شیکراوەیە"ی خۆی گفتوگۆیەکە تەواو دەکا: "ئەو جوگرافیایە پەلهاوێژەی کە تۆ باسی دەکەی دەکرێ بەمجۆرە راڤە بکرێ: هەر لەو ئان و ساتەی کە مرۆ بەرە لە دژی چەوساندنەوە دەست پێدەکا ئەوە پرۆلیتارە کە پێشرەوی ئەم بەرەیە دەکا و هاوکاتیش ئامانج، مێتود، بواری هێز و چەکەکانی دەست نیشاندەکات، هاوپەیمان بوونت لەگەڵ پرۆلیتاریا واتا خۆ گرێدانە بە پێگەکەی و ئیدۆلۆگییەکەی. ئەمەش واتا قبووڵکردنی سۆنگەکانی بەرەی پرۆلیتاریایە. ئەمەش واتای هەڵوەشاندەوەی ناسنامەی خۆت دەگەیەنێت. بەڵام گەر ئەوە بە دژی دەسەڵات بوو کە مرۆ بە دژی شەڕ دەکا، ئەوکات هەموو ئەوانەی کە دەسەڵات بەسەریاندا زاڵە یان دژی پرۆلیتار بە خراپ بەکاریان دێنێ، هەموو ئەوانەی کە مل کەچ نەبوونە، دەبێ پێکڕا لەو شوێنەی کە خۆیان تێدا دەبیننەوە لە روانگەی چاڵاکی خۆیان (یان دەستەپاچەیانەوە) دەست بکەن بە جۆشدانی بەرەیەک. بە دەستپێکردنی بەرەیەکی لەم جۆرە، کە هی خۆیان و ئامانجەکەیانە ئەوە خۆیان باش زاڵ دەبن بەسەر مێتودەکان و خودی خۆشیان دەتوانن لەگەڵ ئەو بەرەیە بن و بڕیار بدەن، ئەوان دەتوانن بچنە ناو ئەو پرۆسە شۆڕگێڕییەوە. هەڵبەت وەک هاوپەیمانی پرۆلیتاران، کاتێ دەسەڵات بە گەڕ دەکەوێ، گۆڕانی بەسەر خۆی دێنێت بۆ ئەوەی چەوساندنەوەی سەرمایەدارانە بپارێزێت. دەسەڵاتدارانی سەرمایەدار لەو شوێنەی کە چەوساندنەوە بە دژی پرۆلیتاریاران پیادە دەکەن کە ئەوان بەرانگاریان دەبنەوە ئەوە لە نزیکەوە هەست بە شۆڕشەکەیان دەکەن. ژنان، زیندانیەکان، ئەوانەی بە زۆرەملێ کراون بە سەرباز، لە خەستەخانە کراوەکان، هۆمۆسێکسوالەکان و چەندان گروپی تر کە ئێستا دەستیان کردووە بە زنجیرەیەک لە پێکدادان بە دژی ئەو شێوازە تایبەتمەندەی دەسەڵات، ئەو ناچار کردن و کۆنترۆڵەی کە بە دژی ئەوان پیادە دەکرێت. لە کاتی ئێستادا ئەو جۆرە پێکدادانە بەشێکن لە ژێر مەرجەکانی ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕیەی کە ئەو گروپە رادیکالن، دوورن لە سازش کردن و رێفۆرمیزم، هەوڵیش نادەن دەمڕاستی بکەن و بە ناوێکی تر هەمان دەسەڵات بەدەست بگرنەوە (کە ئەوان دەیانەوێ پێشی لێبگرن). ئەو بزاڤانە گرێدراون بە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریاوە ئەوانیش دەبێ وەک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو بزاڤە لە پێناو هەموو ناچار کراو- کۆنترۆل بەسەر داسەپێنراوەکان تێبکۆشن کە بە دەست ئەو دەسەڵاتە جێگیرەوە گیریان خواردووە.
واتا هاوکات خاسڵەتی گشتی ئەو بەرەیە لەناو ئەو فۆرمە بە توتالیسێرە کراوەدا کە تۆ ئێستا باست کرد، کە لە ژێر دروشمی **ر**استییدا، ئەو فۆرمە دەکرێ بە توتالیسێرەکردنێکی تیوریانە، بەرجەستە نابێتەوە. ئەوەی کە ئەو خاسڵەتە گشتییە بەو بەرەیە دەبەخشێ خودی سیستەمی دەسەڵاتە، هەموو بەکارهێنانێکی دەسەڵات و- پیادە کردنی شێوەکانی ئەو دەسەڵاتەیە."

**بەشی دووەم**

## فەلسەفە و هەڵوەشاندنەوە Dekonstruktion :

## یەکلاکردنەوەی ژاک دێریدا لەگەڵ مێتافزیکی رۆژئاوا

### 1 دەربارەی دێردیدا

ژاک دێردیدا لە 1930 لە دایک بووە (لە کۆتایی 2004 ماڵئاوایی کرد، وەرگێڕ) و فەلسەفەی تەواو کردووە. لە زانکۆی École normal supèrieur لە پاریس دەرسی دەگوتەوە، لەوێ پێکەوە لەگەڵ لویس ئالتۆسێر بەڕێوەبەری بەشی/ئینستوتێتی فەلسەفە بوون. هەردووکیان پێکەوش لە قوتابخانە خوێندکار بوون، کە خوێندکارەکان لە کاتی ناپۆلیۆنەوە پاش ماوەیەکی زۆر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کورت ئەو ناوە بەو ئینستوتێتە رەنگینە دەبەخشن. دەمەوەێ بڵێم کە ئالتۆسێرو دێریدا ژیانیان بۆ ئەوە تەرخان کرد کە وانەی فەلسفە پەرەی پێبدەن و بە تەواوی نوێ بکەنەوە کە ئەوان خۆیان لەوێدا بەر لە سی، چڵ ساڵ وەک خوێندکار وەرگیران.

ئەو کاریگەرییەی کە دێریدا لە ماوەی ئەو  پانزە ساڵەی دوایی لەسەر خوێندکارەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەشە مرۆڤایەتیەکان بەجێیهێشت دەکرێ لەگەڵ هەمان ئەو ئیلهامەی کە وەک هەستێکی پێشتر ئالتۆسێر هەیبوو بەراورد بکەین. بەڵام ئەو دوو هزرڤانە نوێنەرایەتی دوو "ئاراستە"ی فەلسەفی جودا دەکەن، کە رەنگە لەچەند خاڵێک سەبارەت بە رەخنە و خاسڵەتی تایبەتمەندی سەرسەختانە لە سەرقاڵ بوونیان  بە دوای پرۆژەکانیان هاوبەشیان هەبێ، بەڵام هەر یەک لەو پرۆژانەی ئەوان بەرەو دوو ئاراستەی جیاوازی فەلسەفە و – نەخشەی مێژووی تیۆری و هەروا بە روونی بەرەو دوو شوێنی جاوازدا دەڕۆن.

بە شێوەیەکی راشکاو. چونکە ئەو یاریە پەخشانی و بوونگەرایيەی بە زۆریش ئەو "بە بوونگەرایکردن"ی کە لە بەرهەمەکانی کاتی لاویەتی هەردووکیاندا هەیە، واتا هەر ئەوەشە کە هەردووکیانی بە زیندوویی راگرتووە، وایکردووە هەردووکیان ئازار ئامێز و وەک خودی خۆیان بن، بەوەش دەکرێ لە یەکەم نیگاوە وا ببینرین کە لە بناغەدا دوو بەرهەمی جودا ی خود ئاسا و ئەدەبی بە سەلقەدار هەروەک خودی خۆیان لەناو ئاراستەکدا بن و لە هەوڵی ئەوەدان کە بە هێواشی بەرەو "بوونایەتی" نزیک دەبنەوە، کەچی لەسەر  دەقەکانی پێشوویان  هەدووکیان لە پەیوەدندی نێوانیاندا زۆر کێشەیان هەبوو.

بەڵام هەمیشە بواری وانە گوتنەوە ونووسینیان جودا بووە. ئالتۆسێر زۆربەی کات بە تەنیا ئیشی لەگەڵ چۆنیەتی مێژووی تیۆری سیاسی و مارکسیستیانە ، لە مۆنتێسکیۆ و رۆسۆوە تا بە فەلسەفەی ماتریالیستیانەی سەردەمی رۆشنگەری فەرەنسی و تێدەپەڕێ و تا دەگاتە مارکس، لێنین، گرامشی و ماو، خەریک بووە. کەچی نووسینەکانی دێریدا بە مانایەک لە مانایەکان لە " دیوێکی تر"ەوە لەسەر خوێندنەوەی سیستەم و تیۆری زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە پلاتۆنەوە  بە هێگل و هورسلەوە تا دەگات فرۆید، ساوسێر، لیڤی-شتراوس و لاکان، رۆلی خۆیان گێراوە، هاوکات دێریدا لەو  دەقانەش بەهرە وەردەگرێ کە هەڵیاندەوەشێنێنتەوە و چریان دەکاتەوە. من لەو نووسینەدا زیاتر نزیک دەبمەوە لەوەی کە مەبەستم لە بوونی "دیوێکی تر" چیە کە رەنگە ئەوە وەک سەرەتا تا رادەیەک خۆ بە حاڵبوونێک سەیر بنوێنێ.

ئەو ئەرکەی کە دێریدا خۆی بۆ تەرخان کردووە، کە ئەو چەندان جار لە دیمانە و نووسینە جیا جیایەکانی دووپاتەی کردۆتەوە، ئەویش ***هەڵوەشاندنەوەی*** گشت ترادیسیۆنی مێتافزیکی رۆژئاوایە. هەڵ-وەشاندنەوە/De-konstruktion  دەیەوێ لیکجیاکردنەوە لە یەکتر و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پارچە پارچە کردنە لە یەکتری، لە لە یەکچوواندێکدا کە بۆ نموونە مرۆ دەتوانێ وا لە ماتۆرپایسکل بکا. هەڵوەشاندنەوەی مێتافیزکی رۆژئاوا واتا تەفلیشکردنی "مەکینە"، کە بەلای کەمییەوە، بە جۆرێک بەوە بەش بە شکردنە لێکجودایانەی و شیوەکانی، هەتا بەلای کەمیەوە بۆ کاتییش بێ، ئەو مەکینەیە لە کار بوەستێت.

بە تێبنییەوە دەڵێم کە ئەو باڵکێشی و قووڵیە سەرسوورماندنەی کە لە هزری دێریدا هەن دەستەمۆ نەکراو ، شێوەیەکی دڵنیا، شلەژاویەکی جلەو نەکراو و باڵا کردووی نەوەستاوی "شێتایەتی"یە. وەلێ من هەر لە ئێستاوە پەیڤێک بەکار دێنم کە تەنیا بە جۆرێک لە چێژی تایبەتیەوە دەتوانێ ئەو شێوەیە بەکارهێنانە پرەخسێنیت. ئیتر تا ئێرە با بگوزەرێین لەسەر پرسی"بلیمەتی" و/یان "شیتایەتی" دێریدا. بەڵێ وێرای هەموو ئەوانەش لێرەدا مەبەست پیشاندانی ئەوە نیە. من تەنیا هەوڵدەدەم هەندێک لە هێڵە سەرەکییەکان لە فەلسەفەی ئەودا پێشکەش بکەم، بریار دان بۆ ئەوانی تر بە جێدەهێڵم گەر حەوسەڵەیان هەبوو. لە گشت رووداوێکدا ***پرۆژەی هەڵوەشاندنەوە***، کە وەک داوێك بەناو نووسین و جۆشیەکانی دێریدا ئامادەیە، کە لەگەڵ کاتدا زۆر لقوپۆپیان لێدەبێتەوە، هەرچەندە گەر ئەو کارانەش بە شەرمنی، وردیی و هێشتنەوەی زۆر کەلێنیش خرابنە بەر دەست. ئەمەش بۆ خۆی هەم وەک مێتود و هەمیش شێوازی دەربرین گور و جۆشێکی تایبەتمەندی هەیە. تایبەتمەندییەکی سەرسەختە، واتا ئەوە ***هەمان*** بابەتی بناغەیی فەلسەفی تایبەتمەندیش سەرسەختانە بەدوا دا دێت، ئەو بابەتە هەمەجۆرانەی مێژووی تیۆریە *جوداکان* کە دێریدا کاریان لەسەر دەکا. دێریدا بەو دەربرینە دژوارانەی، کە لەگەل سنووری زەبروزەنگدا ئازار هەڵگرن، هەمیشە بە ڕێگای خودی تێرامانە درەوشاوەکانەوە لەناو شێوە تۆکمەکانیدا دەچێنێت،
تێرامانی فەلسەفییانەی دێریدا بەندە بە خودی کێشەی- *نووسین*. دێریدا لە نێو ئەوانەدا تێرامانەکانی رۆسۆ لەسەر زماندا دەورووژێنێت، ئەو لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا بە پوختی چەمکی-نووسین هەڵدەسەنگێنێت، کە ئەو بە هەنگاو دوای هەنگاوی لێک و پێک کردنەوەی مەکینەی فەلسەفەی رۆژئاوا دەتوانێ وەک ئاسنێکی تواوە بەکاری بێنێت.
لە کارە سەرەکییەکەی سەبارەت بە گراماتۆلۆگی – واتا فێرکاری لە سەر نیشانەی نووسراو، کە لە ناوەڕاستی 60-کاندا لەوکاتەی کە زۆر *تیۆری* تر سەریان هەڵدا، دێریداش جۆرێک لە تیۆری نووسین "دەئافرێرێنێ"- ئەو بەو کارە مافی راستی بە خۆی دەدا بڵێ کە *وشە*، وشەی گوتراو، وشەی "زیندوو" لە تەواوی مێژووی هزری رۆژئاوادا لەسەر حیسابی *نووسین*، وشەی نووسراو بە خراپی بەکار هێنراوە. دێریدا بەو بۆچوونە بە رێگای شێوازی بەڵگەدارییەوە هەندێک راستی پیشاندەدات کە ئەوەش پرواى بە زۆر کەس هێناوە. بەڵام من هەرگیز بە تەواوی نەمتوانی قەناعەت بکەم بەو تێزە دێریدانەییە. بەڵێ، راستییەکەی ئەوە تاکە تێزێکە لە فەلسەفەی دێریدا کە من ناتوانم هاوپراوی بم (یان لێی تێبگەم؟). هەڵبەت دەبێ بێژم ئەو تێزە یان بابەتە وەک خشتی بناغەیەکە لە هزری دێریدا. من لەبەشی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو باسە، لەوێدا لە بەشێکدا بە شێوەیەکی کورت قسە دەکەم لەسەر بەرهەمە رچەشکێنەکەی سەبارەت بە گراماتۆلۆگی کە دێریدا بەوە توانی بە نێوەندکردنی ئاوەز-*Logocentrismen* یەکلابکاتەوە، لە بە شێکی تردا بە ئاماژە کردن بۆ کتێبە زووەکەی لەسەر ئێدموند هورسل (*دەنگ و دیاردە*) دێمە سەر کێشەی راستیی و دواجاریش لە روانگەی کارە مەزنەکەی کۆوتاری *نووسین و جیاوازی* ەوە پرسیاری *جیاوازی - deffèrence* تاووتۆ دەکەم بەو شێوەیەی کە هزری دێریدا لە فەلسەفەی تازەتر فۆرمۆلە دەکرێت.

ئەوانە هەموو سەرنجێکی گشتیین و شێوەیەکە لە ناسندنێکی پوخت. وەکو تر لەبەر ئەوە ئەم وتارە لەم بوارەدا خۆی بۆ خزمەتکردن و مەبەستێکیٚ دیاریکراو تەرخان کردووە بۆیە دەرفەت نیە باس لە شتەکانی تر بکرێت.

## 11 یەکلاکردنەوە لەگەڵ بە نێوەندکردنی ئاوەز

وەک گوتمان پرسیار لەسەر نووسین وەک هاندەرێک لە پشت فەلسەفەی دێریدا وە ئیشدەکا، کە ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ کۆمەڵیٚ *نووسین*. دێریدا لە گراماتۆلۆگی-*De le gramatologie* دا کە لە 1967دەرچووە تێزە سەرەکییەکەی لەسەر *سەرەتاگەی وشە لە پەیوەندی بە نووسین لە تەواوی هزری رۆژئاوادا، وێرای* سەرتاپای شێوەکانی "ئیدیالیزم" کە بەرهەممهێنەریانە، دەخاتە بەردەست.

لەو پەیوەندییەدا دێریدا دەربرینێک دەبینیٚ کە ئەو بە داڕشتنی تیۆری رۆژئاوایی و بە نێوەندکردنی ئاوەز -LOGOCENTRISM ی فەلسەفەی رۆژئاوایی ناودێری دەکا، ئەو تاک رەهەندە بە نێوەندکردنەش کە بە ریگای وشە و ئاوەزەوە ئەنجام دەدرێت. دێریدا بە چەمکی "logocentrism” بنەمای روانگە ترادیسیۆنەکانی مێتافیزک دەست نیشان دەکا، کە ئەو پێی وایە ئەوە خودی روانگەی ئەو فەلسەفەیەیە کە وەک مەرجێکە بۆ بریاری "راستییەکی بەرچاو" پشتی پێدەبەستیٚ، کە ئەمەش لەناو *وشەی گوتراودا* ئامادەیی *مانایەک* رادەگەیەنیٚ، هەروەک دەنگی مرۆڤایەتی پەیوەندییەکی بریاردراوی هەبیٚ لەگەڵ رۆح و هەروەک *logos* یان ئاوەز و دەنگ هەڵگری راستییەکی سروشتی و بەرجەستە کراو بن.

بە واتایەکی تر دێریدا ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە مرۆ دروستی دەکا لە نێوان " دەنگ، کە لەوەدا وشە"، "رۆح، کە لەوەدا مرۆڤایەتی/نەمری" و "ئاوەز، کە لەوەشدا راستی" هەیە، بە کێشەیان دەکات. ئەوانە هەموویان بۆ عەقیدە- kultێکی ئیدیالیانەی لە ناوەکیگیر، بە رێگای دەنگدانەوەی ئەوە تا دەگاتە نەخشەی زانستی زمانی دەنگ (fonocentrism) و نەخشەی دەروونشیکاریی رۆح (psykocentrism )، جێگیر کراون،

دێریدا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکا تا تەواوی ئەمانە، بەرەو دەرەوە وەرچەرخێنێتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو خولیایە کە بە زۆر شێوە پێچەوانەی فەلسەفەیەکی ساغلەمە، مرۆ هەر زوو ئەو بە *ئوبێکتیڤ کردن-oobektivera*ی *سوبژایەتی- subjektiviteten* یە لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی سارتر، بە تایبەتیش لە *بوون و عەدەم* (1943) دەبینێتەوە. بەڵام لای دێریدا مەسەلەکە ئیشکردنە لەسەر تیۆری ***نووسین***، هاوکات ئەوە لای سارتەری لاو ئیشکردن بوو لەسەر گەشە پێدانی تیۆری ***ئاگایی***. وەکو تر کە ئەمەش رەنگە بە رێکەوت نەبێت. هەردوو فەیلەسوف رەخنەی سیمۆتیک و رەخنەی دەروونشیکاری لێکدەترنجێنن. هەڵبەت سارتەر و دێریدا هەمیشە، لەبەرانبەر چەمکی "زانستیانە"ی ساوسێر لەسەر نیشانە و چەمکی "زانستیانە"ی فرۆید سەبارەت بە نائاگای، فەلسەفەیەکی گوماناوی و هاوکاتیش ناڕەحەت و رزگارکەریان داناوە.

من لێرە بە دواوە کەمێک زیاتر تاووتۆی چەند چەمکی نیشانە/sign دەکەم کە لە *گراماتۆلۆگی* دا بەر چاون. رەنگە ناسناندنی دێریدا لەم بەشەدا بە ئاڵۆز و ئەبستراکت بخوێنرێتەوە، وەلێ ئەوە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گراماتۆلۆگیانەشە.

ئەو هێزەی کە لە پشت تیۆری نووسینی دێریدا هەیە، وەک خۆی روونیدەکاتەوە، بریتییە لە "سەرنج کێشی". واتا ئەوەی کە سەرنجی دێریدا رادەکێشێ زمانی *قسە* کردنە کە بە جۆرێک هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە - بە تایبەتیش لە رۆژئاوادا لە سەروبەندی قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی نووسینی فۆنەتیکیدا – وەک *par excellence*، مۆدێلێکە کە نووسینی نووسراوە وەک چەشنە ئاوێنە بوونەوەیەکی لاوەکی لە: بەرهەمهێنانەوەیەکی سادە یان کەرەسەیەکی یارمەتیدان، دە*ربرینێك* لە پێناو دە*ربڕینێک*، دەبینێت، کە ئەمەش بوو بە نوێنەرێکی قبووڵکراو. لە روانگەی ئەم خاڵەوە، بە واتای دێریدا ئەو مۆدێلە لە هزری رۆژئاوادا بە تەواوی باڵادەست بوو، کە دەبوو وشەی بە قسە گوتراو گونجاو بێت لەگەل راستیی زمان، "سروشت" و "بنچینە"، هاوکات نووسین دەبوو تۆوێکی ناخۆرسکی، تۆوێکی دروستکراوی خواستراو بێت، بە کورتی بیانۆیەکی ناپێویست بێت. ئێستا دێریدا پێمان دەڵێ کە ئەوە دەکەوێتە بەر پێوانەی بەها و ستروکتوری پرینسیپ، کە دەکرێ ئامادەییان لە سەرتاپای مێژووی تیۆری رۆژئاوادا، هەر لە سۆفیستەکان و پلاتۆنەوە بگرە تا بە رۆسۆ و هێگل تێدەپەڕی تا دەگات فرۆید، ساوسێر و لیڤی-شتراوس، بەدیبکرێت، بۆیە دەتوانین وەک fonocentrisk، بە نێوەندکردنی چوارچێوەی دەنگ دەست نیشانی ئەوە بکەین.

دێریدا ئێستا لەناو قووڵایی مێژوویەکی پێچاو پێچی فەلسەفیانەوە دەخوازێ لەناو مێتافیزکی رۆژئاوادا پەیوەندی نێوان دەنگ و *ناوەز/ئەقڵ* بپشکنێتەوە. دێریدا بە ئاراستەیەکی مەیلەو ورێنە ئاساوە هەوڵدەدا ئەوەمان نیشانبدا کە دەنگ دەربڕین وەک نوێنەرایەتیەکی ترادیسیۆنیانە لە پەیوەندی بە نەخشەکاری دەربڕینەوە تەنیا دەتوانێ لە بە ڕەواکردن بەشداری بکا و لە روانگەیەکی ترادیسیۆنیشەوە جیاوازی نێوان شتێک کە *ناوەکی*یە (لەوێ هزر ئامادەیی هەیە) و شتێک کە دەرەکییە (لەوێ نووسین ئاماژە پێکراو بێ) روونبکاتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەواتە بەشێوەیەکی ئاسایی وشەی گوتراو وەک ئەو دەرپرینەی کە نزیکایەتی زۆرە لە ئاگایی دەخەملێنرێت، بەمجۆرە *دەنگ لە پێش هەموو ئەوانیتردا* دەبێتە *دەرپرین*.

بە دیدی دێریدا لەو خاڵەڕا تێگەیشتنێکی لەم تەرزە، واتا بە کەم تەماشا کردنی نووسین، کە زانستی زمانەوانی مۆدێرن بە جیاوازیە کۆیلە کراوە ناهاوئاهەنگیەکانی چەمکی نیشانە/sign: توانادار/هەستدار، ئەبستراکت/کۆنکرێت، گەشەی زەمەن، ناوەڕۆک/دەرپرین، ئاماژە-signifiant -واتادار/signifè ... هتد، خۆی پێکهێنا. بۆ زیاتر جەختکردنەوەی ئەوە کە بە دیدی دێریدا چەمکی نیشانە حوکمی چەمکی "راستیەتی" ئێمە دەکا، "کە جیانەکرایەوە لەو دەسەڵاتە راستییەی کە وەک میراتگرێکی *logos* دەنرخێنرێت"، لەوێدا لە بەردەوامی ئەوەدا "پەیوەندییە بنەچەیی و گرینگەکانی لەگەڵ *دەنگ-( fonè*)دا هەرگیز نەپچراوە".

بە کورتی مێتافیزیکی نووسینی دەنگ، وەک دێریدا پێشنیازی دەکا لەگەڵ نیشانەی "logocentrism"دا (کە ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ *LOGOS*: وشە، ئاوەز) دەستگیر دەکرێت و ئەو راگەیاندنە فەلسەفیە لە درێژبوونەوەی نووسینی فۆنۆتیکیەوە وەک هاومانای مێتافیزک دەبینرێت. لێرەوە لە پاڵ ئەمەدا مرۆ تێدەگا بۆچی هزری رۆژئاوا لەناو ستروکتورەکەی خۆی، تا دەگاتە بەشێک لە تێگەیشتن لە *زانستایەتی*، کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە مێژووی نووسین و لە پەیوەندیەکی لە باری پێناسەکراوی نێوان نووسین/دەرپرین و دەنگ، دیل دەبێت.

دێریدا لە رەشنووسە تایبەتمەندییەکەی خۆی دەربارەی تێوری نووسین رادەگەیەنێ کە نووسینی دەنگ هەرگیز ناتوانێ دەرفەتەکانی نووسین بەتاڵ بکاتەوە: بۆ ئەوەی لە بری ئەوەی کە لە نووسینی دەنگ بهزرین کە لە شتێکی ترەوە هاتووە، واتا لاوەکیە، بۆیە دەکرێ بە روانگەی دێریدا ئەوە بسەپێنین کە توانایی گشتی نووسین بۆ زمان مەرجێکی بنەڕەتیە. گراماتۆلۆگی لەو کارە گریمانەیەدا کۆی نمایشکردنێکی تیۆریانەیە.

پاشان دێریدا ئەوەمان نیشان دەدا کە تەنانەت لە ناخی زانستی زمانەوانییەکەی سۆسێردا لە نێوان تێزە گشتیەکانی لەمەڕ *خاسڵەتی رێککەوتی* نیشانە و وێناندنە رێزپەڕەکانی لەمەڕ راهاتنی ***سروشتییانەی*** نووسیندا قەتیسمانێک هەیە.

گەر بریار درابێ کە نیشانە تەواو لە بنەما بەدەر بێ و رێککەوت بێ، ئەوە بە واتای دێریدا بەدەر لە یان بە بێ بەستانەوەی نیشانە بە ئەنیستوتێکی تۆکمە، واتا بە بێ ئەو قەتیسمانەی کە دێریدا بە ***شوێن پێ/شوون*** (*La trace*) ناوبێژی دەکا، دەبێتە شتێکی لە ئاوەز بەدەر. ئەوە "رەنگدانەوە"یەکە کە لە "شوێنی دەقێکی نەقشکراودا " دەهێڵرێتەوە یان دەپارێزرێت، ئەوەش بەر لە هەموو شت ئا لێرە و لە کاتی ئێستادا جیاوزییە بونیاتنراوەوکان "دەباتەوە دواوە" کە بە رێگای "ستروکتوری ئاماژەکردنەکان"ەوە دەرفەت بۆ جیاوازیی دەرخسێنن کە وەک خۆی دەرکەوێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەواتە بە رای دێریدا خاسڵەتی رێککەوتی نیشانە مەرج بۆ رێچکەیەکی دەستنیشانکراو دادەنێ، واتا  بۆ فۆرمێکی نووسین مەرجێک دەستنیشان دەکات کە ناوەڕۆکی شوێنکات و پەیوەندی (لەگەڵ شتێکی دیکە)دا بە خۆوە دەگرێت.
ئەگەر بەهای نیشانە/sign وەک ئەوەی کە دێریدا لەسەری دەنووسێ بەڕاستی بەمجۆرە خۆی بنوێنێ، بەو مانایەی کە "پارچەی زمانێک جگە لەو تێزە هاوپێودانگە هەرگیز  ناتوانێت خاوەن بنەمایەکی دیکە بێت"،  ئەگەر زمانی پێناسە کراو بە واتای دێریدا بریتی بێ لە جیاوازییەکان، ئەوە ستروکتوری ئەو زمانە بە گشتی تەنیا دەتوانێت یارییەک بێت لە ئاماژەیەکی دوو لایەنیدا. هەر یەک لە "دەستەواژەیەك" لە شوێن پێ بترازێ هیچ ئامادەییەکی تریان نیە - کە دەتوانرێ بۆ – دەستەواژەیەکی تر ئاسان بکرێنەوە کە لە دەسەتەواژەیەکی تر جودایان دەکاتەوە.
بەم مانایە نووسین *یارییەکە لە زماندا*. واتا مرۆ دەبێت وەک جۆرێک لە رستە-بەندی لە رەچەڵەکی شوێن پێ و رەچەڵەکی نووسین تێبگات، بۆ ئەوەی بە رێگای ئەو جیاوازییەوە هەر یەک لە دەستەواژەکان رەگەزی فۆرمیان پێبدرێت. ئەو فۆرم پێدانەش بەرئەنجامێکە، زمان سەرچاوەکەی کە نووسینە دەکاتە نموونە/مۆدێلێک، تا *بریار لەسەر جیاوازییەکان بدات*.
لێرەدا دێریدا تێگەیشتنە گراماتۆلۆگییەکەی بە قووڵی لە بناغەی تیۆری زانیاریی زانستە زمانەوانیە هەڵبژێردراوەکەی ئاشکرا دەبێت، لێرەشەوە ئەو زانستە خودی رەگەکە دەکاتە کێشەیەک. بە بۆچوونی دێریدا خاسڵەتی جوداکارانەی نیشانە/sign لەناو خۆیدا چەمکی نووسینی ترادیسیۆنی ناچاری سرینەوە دەکا. واتا دێریدا دەڵێ تێزە سەرەکییەکەی سوسێر سەبارەت بە *زمان* بریتیە لە جیاوازی ژیان وەبەردانی بوونی  ***پەڕێکی- نووسین***- یان "ئاخاوتنێکی خۆش" یانیش "جیاوازییەکی بریاردراو" – کە بە *لۆگیکی دەکەوێتە پێش* تەواوی ئەو لێکدژانە (بۆ نموونە، کات/شوێن و دەربرین/ناوەڕۆک) کە رەگی بە کەمگرتنی نووسین دەکەوێتە ناو ئەمانەوە. بە واتایەکی تر نموونەی "سەرەتای نووسینێک" کە  هەموو رەگەزێکی زمان، وەک رەگەزەکانی خۆیان،  لەناو خۆیاندا رەگەزەکانی شوێن پێی خۆیان هەڵدەگرن، کە ئەمەش بە دیدی دێریدا بناغەی "سەرەتای نووسین" پێکدێنێت. بەم جۆرە بە پروای دێریدا بەرهەمی نووسین سەرەتایەکەی لە شوێن پێوە سەرهەڵدەگرێت، واتا "نا-سەرەتا"یەک، چونکە شوێن پێ  هەمیشە شتێکە پێش واخت بریار دراوە. زمان وەک بنەمایەکی گوتنەکەی خۆی مەرجێکی هەیە ئەویش "*وەرچەرخانی دەرەکی"*ە، ئەو "وەرچەرخانە دەرەکی"ە کە هەمیشە زاڵە لەناو تەونی شوێن پێدا.
لێرەوە ئێمە دەتوانین پلەی رەخنە زانستییەکەی دێردیدا بپێکین. ئەو گراماتۆلۆگیە گشتیەی، کە زانستی زمانەوانی دەگناسیش تەنیا دەتوانێ  ببێتە بەشێکی سنووورداری ئەوە،  کە دێریدا نەخشەی بۆ دەکێشێت، نەتوانێ ببێتە زانستێکی کارا/پۆزەتیف. هەروا پێناسە نوێکانی دێردیدا لەسەر نووسین، "چەمکە گشتییەکانی سیمیۆلۆگی"، ناتوانێ ببێتە چەمکێکی "زانست"یانە. ئەمەش نەک لەبەر نەبوونی لۆگیک، بەڵکو هەم لەبەر ئۆبژەی راڤەکاری "ئۆبیکتیڤیتێت" و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"هەقیقەت"،  واتا مەرجەکانی زانستی لۆگۆسێنتریزم، کە ئەوە پێکەوە لەگەل جیهانبینیەکان سەبارەت بە بوون، ناسنامە، رەچەڵەک. زانایی، ئاگایی و...هتد وابەستەن بە فۆرمە ترادیسیۆنەکانی جیهانبینی *ئامادەیی* (ئامادەیی رەچەڵەک). دەبێ شوێن پێ و پرۆسەی بڕیاردەری جیاوازییەکان بە ناچاری کۆتای بەو ئامادەییە بێنێت. "هزرێکی-جیاواز" دەتوانێ لەگەڵ "هزرێکی-لۆگۆسی" یەکبگرێت، کە ئەوەی دوایی بە رێگای غەدر کردن لە زمان و فرێدانی بۆ شوێنێکی دەرەکی کەم بایەخ خوی باڵادەست کردووە. بۆیە گراماتۆلۆگی دێردایانە ئەو کێشەیە بە ئەرکێکی سەرەکی خۆی دەبینێ کە کەم تا زۆر هەموو مەرجە راگەیەنراوەکانی زانستی زمانەوانی، ئەو تیۆریە پان و پۆرانەی  کە لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بوونەتە بە هێز کردن و هاوکات رێگە خۆشکەری ئەو جۆرە بە ئاڵۆزکردنە تیۆریە زانستییە، هەڵبوەشێنێتەوە.

## دەنگ و دیاردە

نووسینە سەرەتاکانی دێریدا لەسەر ئێدموند هوسێرل- Edmund Husserl (1859-1938) دەدوێن. ئەو نووسینانەی دێریدا سەرەتا لە فۆرمی وەرگێرانێکی کورت و دەروازەیەکی درێژ، پاشانیش لە فۆرمی لێکۆڵینەوەیەکی کورت بەرجەستە دەبنەوە. دێریدا لەو نووسینانەدا، بە پێودانگی خوێندنەوە ستراتیژییە ناسراوەکەی، راستەوخۆ هوسێرل راڤە دەکا، دەیخاتە ژێر پرسیار سنووری هزرەکانی "دەبەزێنێ" و گەشە بە هەوڵەکانی دەدا.
گەر مرۆ بخوازێ بە پوختی تێبگا لەوەی کە چۆن فەلسەفەی هۆسێرل خۆی نمایشدەکا، ئەوە دەتوانێ ناڕاستەوخۆ سوود لە ئەزموونی دێریدا، مێتود و لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی وەربگرێت، کە بەهرەکەی لەو هزرڤانە ئەلمانیە رامان ئامێزە هەڵێنجاوە. هاوکاتیش دێریدا بە شێوەیەکی ئۆرگینال بەرکۆڵێک لەسەرکەوتنەکانی هوسێرلی داڕشتنەوە، مشتوماڵ کرد و بەرەو پێشەوە برد.
هوسێرل، کە بە دانەری دیاردەگەرایی/فێنۆمێنۆلۆگی دەناسرێتەوە، بە دژی بە مێتافیزکی ئیدیالی (پلاتۆن، کانت، هێگل) و پراوەی/ ئێمپریزمی پۆسەتیڤیزم (هیوم، لۆک، کۆمتێ) وەستایەوە. ئەو *دیاردە/fenoment* ی وەک پلاتۆن و کانت بە دژی بوونایەتیەکی بەرجەستەکراو: بیرۆکە یان شت وەک خۆی/ noumenon دا نەنا.
لە لایەکی ترەوە هوسێرل ئەو دیدەی پۆسیتیڤیستەکان رەتدەکاتەوە کە پێیان وایە دیاردە بریتیە لە فاکتەرێکی بەڵگە نەویست، هەروا ئەو دیدەی ماتێریالیستەکانیش رەدەکاتەوە کە پێیان وایە دیاردە وەک جەوهەرێکی رەسەن و گەردوونی کە بە "ماددە" ناودێر کراوە بریتیە لە بەرجەستەکردنەوەی فۆرمەکان. چونکە بە پروای هوسێرل دیاردە نە جەوهەرێکی واقیعیانە (نە فاکتەر، "ماددەیە")، نە شتێکی ساختەشە، بۆیە دەبێ وەک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"بەرجەستەکراوێک/نوێنەرایەتیەک"، خۆ نواندن و خۆ-پیشاندان (-بۆ یەکێك) ببینرێت، گرینگی یان مانا لەوەدایە کە دەبێ فەلسەفە هەوڵبدا ئەوە رۆشنبکاتەوە.

بەڵام بەڕاست مەبەست لە *واتا* و *کاکڵە* چیە؟ لێرەوە ئێمە رووبەڕووی ئەو خاڵە ئاڵۆزە، بنچینەی بابەتەکە لە فەلسەفەی هوسێرل دەبینەوە کە کاریگەری خۆی لەسەر نەوەیەک لە فەیلەسوفی فەرەنسی، هەر لە سارتەر و مێرلۆ-پۆنتی بگرە تا دەگاتە فۆکۆ و دێریدا بەجێهێشتووە.

هوسێرل لە کتێبەکەی، *مێدیتەشیۆنی دێکارتیانە*/ *Cartesianska meditationer* / وەک "ناوکۆیی"*ەک واتا* پیشاندەدات، کە هەستکردنی سۆبژەیەک ، تۆماردەکا، خۆی یەکدەخات، جەغتدەکاتەوە یان فۆرمۆلە دەکاتەوە. کەواتە مرۆ دەبێت لە سۆبژەیەکی سەربەخۆوە کە وەک جۆرە سەرەتایەکی تەواو دەست پێکی خۆی دیاریبکات، تەنانەت بۆ سۆبژە خودی دەر و دونیاش "بوونەکەی هەمیشە پێشتر هەبووە". بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە رووکەشە کە تەنیا جەغت لەسەر شت و دەستکەوتی تایبەتی خودی سۆبژە بۆ چۆنیەتی شێوەی *بینین* دەکاتەوە، وەکو تر فێنۆمێنلۆگی بە پێچەوانەی بۆچوونە زانستیەکان، کە بە روانگەی هوسێرل ئەوانە تەنیا دەکرێ پرپارێکی رووت و لاوەکی بێت، پێی وایە دەتوانێ بە رێگای ئەمدیوی شێوەی مەرجداریە راستەوخۆ و کولتوریەکان "خودی شت بپێکێت". لە روانگەی ئەو تێگەیشتنەوە بۆ ژیان دەکرێ سەر لە نوێ ئەو بنەمایە پریاردراوە رەمەکیە، ئەو رەمەکیەتەی کە مەرج و بنەمای هەلبژاردنە بۆ واتا (هەڵێنجانە) بئافرێنین.

بە پروا و ئامۆژگاری هوسێرل، ئەگەر مرۆ بیەوێ سەر لە نوێ ئەو بنەمایە پریاردراوە چرکە ساتیە لە زانیارییدا – جا گەر بەند بێ بە ئاخاوتن لەسەر مێژووی فەلسەفە یان مێژووەکەی خۆی – بئافرێنینەوە، دەبێ ئاکامگیریەکی چڕکراوە پێشکەش بکات، کە ئەمەش نابێ لە گومانە دێکارتیەکە جیاواز بێت، بەڵام دەبێ ئەم کارە زیاتر پەرە بەم گومانە بدات. ئەو ئاکامگیریەش بریتەیە لە "دانانی جەغتکردنەوە"یەک لەسەر جیهانێکی "پریاردرای راستەوخۆ" و تەواوی دەستکەوتە زانستییەکان.

ئەرکی ئەو بنەمایە پریاردراو رەمەکیە سەرقاڵ بوون نیە بە "چەمکە دروستەکان"، بەڵکو بە "سۆبژە کە بە چەمک چاک دەبێتەوە" سەرقاڵ دەبێت. دێریدا بە چەشنە مێتودێک جەغت لەسەر پەرە پێدانی ئەو بە دیالێکت کردنەی زانیاریی دەکاتەوە. ئەو بە دەرککردنێک بە خودی روو بە ڕوو بوونەوەی ئەو ئۆبژەیە نەخشەی چەمکە ساختەکان و رامانە سۆبێکتیڤە ناچار کراو و شوێنی لە دایک بوونەکان، سیستەمی ئەو بیر کردنەوەیە تێکدەشکێنێت.

وەک بینیمان دێریدا بە ئاسانی توانی بچێتە ناو بەشێکی فرەی ***روانگە*** باوەکان و پەنجە بخاتە سەر لۆگۆسێنتریزم. تەنیا لە پێناوی تاقیکردنەوەی هزریش، خۆی دەخاتە دەرەوەی ئەو سیستەمە، بەمەش توانی سەبارەت بە ئامادەیی مانا لە وشەی گوتراودا ئاماژە بە بناغە بێمەرجەکانی-postulat مێتافیزیک بکا، کە هەروەک لە سروشتەوە **ئاوەز** و **وشە** دەمڕاستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەقیقەت بن. وەک گوتمان زمان لە پەیوەندی بە وشەوە وەک رووە دەرەکییەکەی لە پەیوەندی بە رووە ناوەکەییەکەی، هەروەک جەستە لە پەیوەندی بە رۆحەوە  وەک ئەلف و بێیەکان لە پەیوەندی بە واتای رۆح بە نزمی نرخێنرا بێت. دێریدا هەمان پێگە لای سوسێر، لیڤی-شتراوس و لاکان دەدۆزێتەوە.

بەم چەشنە بە رێژە کردنی بەشێک لە روانگە ترادیسیۆنەکان (لە پلاتۆنەوە بۆ فرۆید و ئەوانی تر)، ئەوەش توانای "ئامادەباشیەک" بۆ دێریدا دەڕخسێنێ کە بوارێکی ئیدیالی بۆ تیۆری نووسین دەبمەزرێنێت. دەڵیم بوارێکی ئیدیالی  چونکە دێریدا بە نمایشکردنی هەزار ساڵ لە "دەمکوتکردنی" نووسین لە فەلسەفە و-مێژووی هزری رۆژئاوا سەرتاپای ئەو تابلۆیە رشدەکاتەوە.

وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بۆ من سەختە لەوە تێبگەم کە لە ترادیسیۆنی رۆژئاوادا **وشە** بە هێوری فشاری کردبێتە سەر **نووسین**؛ ئەوە دروست نیە بەڵکو پێچەوانەکەی راستە؟ لەمە بترازێ  من بە تەواوی هەموو *مەشقە* فەلسەفییەکانی دێریدام قبووڵە کە وەک سەرپەرشتکارێکی زانکۆ لە دیدی گرینگی  دامەزرێنەرانەی تیۆری نووسینەوە، توانی ستراتیژی مێژووی رەخنە و رەخنەی زانیاریی ئەنجامبدا، کە ئێمە لە فەلسەفەی رۆژئاوادا زۆر پێویستمان بەوە هەیە.

ئەوەی کە لە فەلسەفەی ترادیسیۆنی بە راستینە ناو دەبرێت، وەک مەرجێکی پێشوەخت  بە لە بەرچاوگرتنی ماناکان لە پەیوەندیان بە دەرپرینەوە کە ناوەڕۆک بڕیاری لەسەر نەدراوە. دێریدا لە لێکۆڵینەوە بچکۆڵانەکەی *دەنگ و دیاردە*- *La Voix et la phènomène*، کە کایەی هوسێرلی بەسەرەوەیە بۆ یەکەم جارە ئەو تەوژمە لە فەلسەفە و- مێژووی هزر و تا دەگاتە ئەو سیمیۆلۆگییە سرتراکچالیستیە بخوێنێتەوە، کە لەوێدا لۆگۆسێنتریزم بە چڕی دەفراژێت. دێریدا دەخوازێ بەو خوێندنەوەیە لە پێناو سوودی شتێکی پێشتر *نەوتراو*، بە شێوەیەکی پەرەدۆکسال چەمکی نیشانە لەناو بات. ئەو نەوتراوە کە بۆ بە دەستهێنانی سوودێکی تایبەتمەندە کە بەمەش بتوانێ بە هۆی دەنگی نزمی شەبەنگی رۆحەوە لەگەڵ بووندا لە ناو "کۆمونیکەشۆن"ێکی سەرەتاگە و راستەوخۆدا ئامادە بێت. دێریدا دوای شوێن پێی ئەو ***ئەفسانەیە لەسەر سەرەتاگە*** دەکەوێ، ئەو ئەفسانەیە لە شێوەی لە قتوکراویە دیالێکتیکیەکەی لەناو هەموو بەرهەمە فەلسەفی و زانستییەکاندا ئامادەیی هەیە کە دێریدا تووشیان دەبێ، لە یەکتریان هاوێردەکا.

## نووسین و جیاوازی

وەک بینیمان بە رای دێریدا سەرەتاگەیەک نیە کە تەواو رەها بێت، چەشنە سەرەتایەکی بەرچاو یان چەشنە خاڵێکی سەرشاری  پێناسە کراو، بۆ *مانا و گشتایەتی بەرهەمی مانا* لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڕێدا نیە. بۆیە کە دێریدا، لەوەدا سنووری فێنۆمێنۆلۆگی و تێگەیشتن کە لە مێژووی هزردا کەوتونەتە ژێر کایەی ترادیسیۆنی ماتریالیزمی، دەبەزێنێ. دێریدا لە هەموو کارەکانیدا بە تووندی هێڵ بە ژێر ماتریالیەتی نیشانەدا دەکێشێت. هەڵبەت ئەو ماتریالیەتە لە گەردوونی چەمکی دێریدا زۆر شێوەی جودا جودا دەپۆشێت. زمان تەنیا بە تواناى ئەو نووسینە نەقشکراوانە، یان واتا، ئەوەی کە دێریدا رەنگە لە یەکەم نیگایەوە بە جۆرە داڕشتنێکی "مەتەڵ/mystik"یکیەوە بە ***شوێن پێ*** ناوبێژی دەکا، بەرجەستە دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەو چەمکە لە بواری زانستی زماندا وەک شتێکی وردەکار و رادیکالانە تا ئەوپەڕی کۆتایی هاوچەشنی مەتەڵ ئامێزی چەمکی ماتریال تەماشا دەکرێت، هەروا بە زۆریش وەک کۆدێکی سیحری بەکار دەهێنرێت، بێ ئەوەی کە جیهان بە هۆی ئەو (شوێن پێ)یە رۆشنتر بێتەوە.

دێریدا لە راڤە و تەرزە رامانێکدا لە ژێر دێری à le Saussure، لەو خاڵەدا بۆ ئەو روانگەیە دەچێ، کە دەکرێ هەموو زمانێک وەک *یاری جیاوازیەکان* تەماشا بکرێت. وێڕای ئەمەش هەر شوێن پێیەک وەک خۆی بە تەنیا قبووڵ دەکرێت، وەک جیاوازی جیاوازەکان، تەنیا لە هێزی بوونی شوێن پێیەکی ترەوە تێیبگەین؛ بە دەربڕینی دێریدا *trace-de-diffèrence* (شوێن پێیەک-لە-یەک-جیاوازی، تاکە شوێن پێیەکی جیاواز). لە فەلسەفەی دێریدا هزراندن لە مەڕ ***جیاوازی*** رۆڵێکی گرینگی هەیە، بە دەربڕینێکی کورت دەکرێ بڵێین جیاوازی لەسەر ***هەڵوەشاندنەوە*** چەقدەبەستێ، کە لە پشت نەخشەی دەقە فەلسەفی و-مێژووی هزریەکانیدا رۆڵی پرینسیپێکی مێتۆدۆلۆگی و *جیاوازی* وەک رەمەکیەتی و وزەی هاندەری دەگێرێت.

چەمکی "جیاوازی" بە گشتی لە هزری نوێتری فەرەنسیدا شوێنێکی سەرەکی داگیر دەکا. بە رای من مرۆ دەتوانێ بەشێک لە مێژووی هزریی بنووسێت لەسەر خولیای کۆمەڵێ فەیلەسوفی تازەی فەرەنسی کە ئەو کردارەیان رۆشنکردۆتەوە، لای ئەو فەیلەسوفانە بیرۆکەی جیاوازی لە بە ستروکتور کردنی داپڕانێک لە ترادیسیۆن و دواڕشتنەوەی مێتودۆلۆگیەکی نوێ –هەروا بە فەلسەفەشەوە کە دیالۆگانەکانی ئەوانە لەگەڵ زانستە کۆمەڵناسی و مرۆڤایەتییەکان رۆڵێکی بەرچاو دەگێرن.

هەڵبەت ئەو وێناندنە لەسەر *جیاوازی* لە سەرەتادا دەربڕینێکی کەمێک ئاماژە پێکراوی رۆژانەیە. ئێمە رەنگ، شێوە، دەنگ و بۆنەکان، وشە و رەفتارەکان وەک فرە دیاردەیەکی ئاڵۆز دەبینین، کە هەمووشیان جیاوازیان هەیە لەگەڵ لە یەکتردا. مرۆ تەنیا دەتوانێ بە خاڵی دەستپێکردن لە *جیاوازەکانەوە* شتەکان هاوێر بکا و فامیان بکا. تەنیا وێناندنەکان لەسەر "خوا"، شوێنێکی بەتاڵ" و "نەبوون/عەدەم" تا دەگات بە جیاوازی، بەڵام هەر بۆیە ئەو وشانە لە واتایەکی دیاریکراودا دەتوانن لە دەرەوەی وێناندنەکاندا خۆیان ببیننەوە، واتا نوێنەری شتێک بکەن کە مرۆ هەرگیز بیری لێنەکردۆتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرۆ پێشتر لە لۆگیکی ئەرستۆدا چەمکی جیاوازی دەبینێ، کە وەک چەمکێک بێ جودا کردنەوە بەندە بە وێناندنی تاکەکەس. هەروا مادام فەلسەفەی گرێکی جیاوازی وەک باڵادەستییەک لەسەر توخمی جودای دیاردەکان قبووڵە، ئەوە ئەو جیاوازیە خولیایەکی قووڵی (ئیدیالی؟) هەیە کە ناسنامەیەکی سەرەکی وەک جەوهەرێکی دانراو لە ناخی واقیعدا قبووڵ و دیاریبکات. جیاوازی، نائاسایی، وەک تاوانێک سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک گۆڕانێک فام دەکرێت کە لەناو کۆی یەکایەتیەک کە لە بوونی خۆیدا هەر خودی خۆی و هەمان یەکاتی دەگەیەنێت. لای پلاتۆن بە دیالێکتیکێک ناسنامەی بوونایەتی و ناوکۆیی/کۆنتێکست لە نێوان وەک خود (ناسنامە) و ئەویتر (جیاواز) دەخوێنرێتەوە. ئەرستۆ هێڵی پەیوەندیەک لە نێوان توانا و رەفتار ، نێوان کەرەسە و دروستکردن دادەنێت، بەو شێوەیە جیاوازیەکان دەبنە وەڵامدەری ساتە وەختی هەمەجۆر یان دیدگەلێک لە تاکێک و کۆی هەمان یەکاتیەکە.

دێکارتیزم بەوە لەگەڵ ئەو ترادیسیۆنە دەپچڕێ بەوەی کە یەکەی بنەمایەک هەڵدەبژێرێ و لیکداپڕانێکی رادیکال لە نێوان ئیدیالی ماددە، لە نێوان جەستە و رۆح پیادە دەکا، بەمەش دژایەتییەکان لێکهەڵدەکاڵێن. بەڵام وێرای ئەمەش ، هەروەک بۆ نموونە مارتیال گیۆرۆ Martial Guèroult ئەو کارەی کرد، مرۆ دەتوانێ بڵێ کە چەمکی خوا لای دێکارت Descartes دەبێتە هۆی دانانی پردێک لە نێوان هەردوو جەوهەرەکە. سپینۆزا لە هەموو بارێکدا هزراندن و تەنینەوە لێکگرێدەدا کە بەشێوەیەکی رادیکال ئاستیان جیاوازە، بەمجۆرە هزراندن و تەنینەوە پێکەوە دوو دیو لە هەمان واقیعدا پێکدێنن.

ئەو خولیایە رۆچووە قووڵە لە خواستی کەمکردنەوەی جیاوازیەکان لە شێوەی بیر کردنەوەی زانستیشدا بەرچاو دەکەوێت. هەر لە کاتی چەسپاندی قانوونی زانستییدا مەرجێک بۆ رێکخستن و گونجاندنی دیاردە جودایەکان ئامادەیە. سیستەمی زانستە گەورە و گریمانەکان مەبەستی گەڕاندنەوەی رەهەندە فرەکانی زانستە لە فۆرم و پرۆسەکان بۆ ستروکتورە سادەکان، بۆ نموونە بۆ تیۆرییەکانی وزە، تەزوو، گەردیلە و شانە زیندووەکان. بەکار هێنانی چەمکی پێشکەوتن/evolution لە بواری زیندەوەرناسی/بیۆلۆگی، مێژوو، کۆمەڵناسی و...هتد، پەیوەستە لەگەڵ چەمکی یەکایەتی و ناسنامەدا. لە روانگەی دروستکردنی یەکاتی و رێکخستنی یەکاتیەکانەوە ئەو روانینە لەسەر ماددە زیندوو، مرۆڤ و "گەشەسەندن"ی رێکخستنەکانی کۆمەڵ کە ئەمەش دواجار جیاوازیەکان دەسڕێتەوە.

هەڵبەتە لە رۆژگاری ئێمەدا هەندێ هزرڤان/بیریار هەوڵدەدەن کە خۆیان بخەنە بان ئەو شێوە تێرامانەوە. ئەوانە هەوڵدەدەن *جیاواز بهزرن بێ ئەوەی ئەو جیاوازیە گرێبدەنەوە لەگەڵ پەیوەندی ناسنامەدا*. ئەو بزاڤە لە فەلسەفەدا بە نیتشە دەستپێدەکا. بە پێروای دولۆز، وەک فەیلەسوفێکی ئەم رۆژگار دەکرێ بە رەسەنترین میراتگر و پەرەپێدەری جیهانبینیەکانی نیتشە سەیر بکرێت، لە روانگەیەکی بیرۆکراتی و- تێکنۆکراتیەوە ئەرکی سەرەکی فەلسەفەی نوێ بەزاندنی سنوورەکانی نێوان لۆگیک و مێژوو و نێوان تاکگەرایی و گەردوونگەراییە. لە دیدی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دولۆزەوە  واقیع بە جیاوازیە راشکاو و دووپاتەکانیەوە دروستکراوە. (بۆ نموونە: هەردوو زایەندە/جنس. جووت بوون؛ خاوەنداری، کەم و کوری، گۆڕێنەوە، کۆمونیکەشۆن، نا کۆمونیکەشۆن؛ رۆژ و شەو؛ وەرزەکان...هتد).

دەتوانین بێژین کە دێریدا بە کارەکانی  لەسەر نووسین وەک بڕیاردەری جیاوازیی، فۆکۆ بە گریمانەکانی لەسەر فۆرمە رادیکالەکانی هزرە جوداکان لە مێژوودا و ئالتوسێریش بە وەرچەرخاندنی چەمکە زانستییەکان، کەریگەرییان بەرچاوە لەسەر ئەو تەوژمە هەنووکەییەی فەلسەفەدا.

ئێمە بۆ یەکەم جار لەناو زانستە کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا چاومان بە تیۆریی زانستیەک دەکەوێ کە جیاواز لەسەر ئەو جۆرە هزرە ئیشدەکا ئەویش ئالتوسێرە، کە تێزە سەرەکیەکەی بریتیە لەوەی کە لە دواجاردا زمان پێکهاتووە لە جیاوازیەکان. بە هەمان شێوە بە دیدی لیڤی-شتراوس فۆرمی جیاوازی کولتورەکان سیستەمێک پێکدێنن کە ناکرێت لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن، بە تایبەتیش، ناکرێ ئەو کولتورە جیاوازانە، لەناو گەشەی سەمتی یەکایەتی هەراركیەکی بونیاتنراودا،  لەگەڵ یەکتردا بگونجێنرێن.

لاکان چەمەکی جیاوازی دەهێنێتە ناو بواری دەروونشیکاری و کە لە زۆرینەی باسەکانی ئەو لەمەڕ سۆبژە ئەو جیاوازیە پایەی سەرەکی وەردەگرێ. بە گویرەی تێگەیشتنی لاکانی ئەو سۆبژە مرۆڤانەیە لەبەرانبەر خودی مرۆڤ و وشە و رەفتارەکانیدا رۆڵی سەرەکی هەیە. مرۆڤ بەردەوامییەکە لە نێوان گوتاری نائاگایی و گوتاری دەستە جەمعیدا، ئەوەش هەروەک مولکایەتییەک لە خۆیدا منی ئەو مرۆڤە کۆنترۆل دەکات، لەمەشڕا مرۆڤ وەک بە دوو بەش بوونێک و و پەرت و بلاوانە هەست بە خودی خۆی بکات.

ئەگەر بگەڕێنەوە لای دێریدا و هێڵە سەرەکیە کێشراوەکانی لە کتێبەکەی  L’ècriture et la diffèrence (نووسین و خیاوازی)، کە رەنگە بەوە مرۆ بتوانێ هەنگاوێک دوورتر بڕوات و بڵێ کە ئەو (دێریدا) لە بەرایدا وەک جیاوازی/بڕیاری جیاوازی  سەیری خودی ژیان و پرۆسەی ژیان بکات. دێریدا دەخوازێ بەم شێوازە چەمکی " DiffèrAnce" بنووسێت بۆ ئەوەی کارەکتێری چاڵاکانەی سۆبژە بۆ جیاوازی/بڕیاردانی جیاوازی/دوور خستنەوە نیشان بدات. لەم روانگەیەوە بۆ ئەوەی مردن فەرامۆش بکەین، کە فرۆیدا پێشتر ئاماژەی پێکردووە، دەکرێ وەک ئابووری لە خودی ژیان تێبگەین.

گەر مرۆ لە دوا جاردا بە روانگەی جیاوازییەوە ژیان ببینێت، پرینسیپی کاکڵەی هزر دەبێتە قانوون بۆ ***مەودا*** (ماوەی نێوان شوێن، دوورکەوتنەوە، مەحفکردن، بێ نەزمی...هتد). وەک چۆن دەبێ ئەو تێگەیشتنانە لەسەر "مێژوو" و "ئەبەدییەت" تێک و پێک بدرێن دەبێ بە هەمان شێوەش خودی ئەو تێگەیشتنە لەمەڕ ***ئامادە بوون***  هەڵبوەشێنرێتەوە. چونکە بە مانایەکی تەواو دروست هیچ سەرەتاگەیەک لە گۆڕێدا نیە. ئەوە خودی بزووتنەوەکانە کە لە یاریە جیاوازەکانیاندا سۆبژەگەرایی و ئۆبژەگەرایی بەرهەمدێنن، هەروەک بە رێگەی پشت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوێخستنی بزووتنەوە جیاوازییەکانەوە چەمکی مێتافیزک، "خودی ئامادە بوون"، "ئامادەیی مێژووی رابردوو" و "ئەبەدییەت" بەرهەمدێن.

### V بەمجۆرە: بەرەو پەرە سەندن

هاوکات دێریدانە نەخشەی مێتودی هەڵوەشاندنەوە لە رەخنەی دەروونشیکاریدا پیادە دەکا. وێراوی ئەمەش ئەو پرۆژەی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەکەی لە بواری سیاسەتی فێرکاریش پەیرەو کرد، لەوێدا ئەو پرۆژەی رەخنە زانیارییەکەی بەرجەستە دەکاتەوە و لە شێوەی رەخنەیەکی تووند لە پێشەوەیاندا ئاراستەی هەوڵی بەڕێوەبەرانی حوکمەت دەکا کە دەیەوێ باڵی پێگەی فەلسەفە لە ئاستی شەهادەی باڵادا ببەستێ، بەڵام هاوکات وەک شتێکی ئاسایی وانە گوتنەوەی فەلسەفە قبووڵ دەکرێ. دێریدا لە ساڵی 1975 بە رەمەکیانە رێکخراوی GREPH (گروپی لێکۆڵینەوە لە مەڕ وانەدانی فەلسەفە) پێکا.
ئەو لە ئاکامگیریەکدا بە پیادەکردنی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە فەلسەفە و-مێژووی تیۆریی خۆی پەرە پێدەدا و دەخوازێ رەخنەکانی خۆی لەسەر دامەزراوەکانی فەلسەفە فرەوانتر و مشتوماڵتر بکا و، بە رێگای وانە گوتنەوەکانی فەلەسەفە وە هەوڵدەدا سیستەمی خوێندنی فەرەنسی بە شێوەیەکی تازە بونیات بنێتەوە .

## بەشی سێیەم

# فەلسەفەی کۆچەری و بزاڤەکان

# ناساندێک سەبارەت بە تێڕوانینی فەلسەفەی دۆلوز

# 1 ژیل دۆلوز: دەروازیەک بۆ ژیاننامە و بەرهەمەکانی

ژیل دۆلوز لە زانکۆی Ècole normale supèrieur خوێندنی تەواو کردووە، کە ناپۆلیۆن دواى شۆڕش ئەو زانکۆیەی وەک "جێگرێک" لە پری ئەو زانکۆیە باوە درەستیکرد، کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئینستوتۆشیۆنەکەی بە ئاوەزی سەدەی ناوەڕاست بەڕێوە دەچوو. لە پاریس زانکۆی "سۆربۆن" وەک نموونەیەکی تازەتر نوێنەرایەتی زانکۆیەکی دەوڵەمەند دەکا کە چەند مەترێکیش دوورە لە Ècole normale. لە نێوان هەردوو زانکۆدا تەنیا سنوورێکی سیمبوولی هەیە کە ئەویش ئەو باڵاخانە زەبەلاحەی Panthèonە، کە لە ساڵی 1791ەوە دروستکراوە و وەک جۆرە پەرستگایەکی شۆڕش سەیر دەکرێ، هەر لەوکاتەوە لەسەر دەروازەی ئەو باڵاخانەیەدا بە پیتی زلی لە ئاڵتوون نووسراوە AUXGRANDS HOMMES ALA PATRIE RECONNAISSANTE (سوو‌پاسی ولاتی دایک بۆ پیاوە مەزنەکان)، پیاوە مەزنەکانیش بریتین لە ( Mirabea, Voltaire, Rousseau, Viktor Hugo و چەندانی تر کە ماونەتەوە. ئا بەڕاست، Mirabeau پاشان ناوی ڕەشکرایەوە چونکە لەوە دوودڵ بوون کە گەورەیی ئەو لە کام ئاستدایە. لە ڕوانگەی ئەو چەمکگەلە دۆلوزیانەوە کە لە دوا بەرهەمەکانی بەکاریان دێنێت ، بەمجۆرە مرۆ بە ڕێگای هەڵومەرجی مێژووییەوە دەتوانێ شوێنەواری جێماوی مرۆڤ بۆ سنووری دونیای نێوان "سۆربۆن" و Ècole normale بگوازێتەوە: کە ئەو شوێنەوارە بەجێماوە جۆرێکە لە جومگەکانی کۆچەرگەرایی Nomadism، کەچی ئەوە کۆدە زیکزاکیە سیاسییەکانی هەنووکەییە کە پڕیار لەسەر چۆنیەتی ئەو شوێنەوارە دەدا، وەکو تر کۆمەڵێ چەمکی ڕوانین ئامێزی تر بەرجەستە دەبنەوە، کە پڕن لە ڕوانگەی تازە و هزرهەڵگر، ئەو وتارەش لە ئاستێکی زۆر سادەدا دەیەوێ گەڵاڵەیان بکات.

ژیل دۆلوز لە ساڵی 1925 لە دایک بووە (لە ساڵ 1995 لە نهۆمی ەوە6 لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆی فڕێدا و ماڵئاوای کرد، ئەو بڕیاردانەی دۆلوز بە هەڵبژاردنی خۆکوشتن، بە گشتی پەیوەندی هەبوو بەو دەستەوەستان بوونەی بەرانبەر نەخۆشی سییەکانی و هەناسە تەنگیەکەی، کە ئەوەش وایلێکرد ئیتر نەتوانی وەک جاران بە جۆشەوە باسی فەلسەفە بۆ ئاپۆرەی ئەو خوێندکارانەی زانکۆ بکات، کە لە هۆڵی فەلسەفە دا هەمیشە بە تامەزرۆوە گوێیان لە باسەکانی ئەو دەگرت، بۆیە دەبێ ئەو خۆکوشتنەی دۆلوز وەک بڕیارێک بە دژی مەرگ و مەرجە سەپێنراوەکانی لێکبدرێتەوە. وەرگێڕی کوردی)،

دۆلوز سەرەتا لە زانکۆی لیۆن وانەی فەلسەفەی گوتەوە. پاشان لە شوێنێکی دوورە دەست خۆی لە زانکۆی ڤینسێنس بینییەوە، کە "ژەنەراڵ" دوای 1968، ئەو زانکۆیەی وەک جۆرە بەخشینێک بۆ باڵی چەپڕۆی پاریس لەناو دارستانێکی دوور و لاتەریک دروست کرد، هاوکات ئەو زانکۆیە بە "دیاری" بەو خوێندکار و هەروا بە بەشێک لە مامۆستایە زۆر بزۆک ڕەخنەگرە توندڕۆیەکان دەبەخشرا. بەڕێوەبەرانی بەشی ئینیستوتی فەلسەفەش لەو زانکۆیەدا پێکهاتبوون لە نموونەی وەک میشێل فۆکۆ، ژان-فرانس لیۆتار و ژیل دۆلوز. خەڵکی "ڤینسێن" ئەوە ئینستوتێتە بە "ئەزموونگەریە کەلاوەکە" ناو دەبەن، وەکو تر ئەو خەڵکە خۆیان شانازی بە دۆخی ئینستۆتێتەکەیان دەکەن، کە بەڵگەنامەی تاقیکردنەوەی لەگەڵ بەڵگەنامەی تاقیکردنەوەی زانکۆکانی تری فەرەنسیە هەرگیز هاوئاست نەبووە، هەروا تابلۆ/تەختەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاگادارییەکانی هەمیشە دەدڕێنرێت و چوارچێوە فیزیکیەکەشی بوارێکی رەخساندووە بۆ ئەو داڕینە رۆژانەییە. نوێترین و ناڕەحەترین زانکۆی پاریسە!

لە پەنجا و سەرەتای شەستەکان کتێبە سەرەتاییەکانی ژیل دولۆز شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفی دەنوێنن، کە باسەکانی لەسەر ناوە گەورەکان و پرسیارەکانی مێژووی بیرۆکەکان چەقدەبەستن. ئاماژە بەوە کراوە ئەو نووسەرانەی کە دۆلوز راڤەی کردوون هەمیشە ئەو بیرۆکانەی لە هزری ئەوانەدا زەقکردۆتەوە کە ئەو ترادیسیۆنە ئاوەزگەرایە خۆی لێنان دزیوەتەوە. دۆلوز دواتر لەسەر ئەوە سوور دەبێت کە لە نێوان ئەو هزرڤانانەی کە ئەو راڤەی کردوون (وەک راڤەکردنەکەی لەسەر کانت) هێڵێکی پێکەوە بەستراو هەیە: رەخنەیەک لە ناکارایی، چاندنێک لە دڵخۆشیەتی، دژە هزرکردنێکی رۆمانتیکی ئاراستەی "ناوەکیەت" یان بەرەو ناخ هەڵگەڕانەوەیەك" دەکاتەوە، رەخنەیەکیش لەسەر دەسەڵات ئەنجام دەدات.

مرۆ دەتوانێ بە هێمنی بڵێ کە دۆلوز لە کتێبەکەی *نیتشە و فەلسەفە* ( *Nietzsche et la phiosophie* ،1962)دا ئەو هزرڤانە دەدۆزێتەوە کە بەمەش لەمە بەدواوە فلسەفەی نوێباو ***رزگار دەکا،*** بەڵێ ئەو فەلسەفە نوێباوە لە تەواوی ئەو *کولتورە* پێشەنگەی زەمەنی ئێستامان، لەژێر قورساییەکانی ترادیسیۆن رزگار دەکا و ئامرازێکی تری پێدەبەخشێ کە بەوە بتوانی ژیان و جیهان تۆمار بکات. بەلای دۆلوزەوە نیتشە ئەو فەیلەسوفەیە کە "لەراندنەوە ، سوورگە، گێژەن، قورسایی و وزە، هەروا سەما یان خۆشبەزی کە یەکسەر دەچێتە ناو مێشک ئەفراندووە". نیتشە لەوانی تر زیاتر ئەو جیهانە لە تاکگەراییە و بەر لە تاکگەراییە بە تاک کراوەکانی _ پێشهاتە تایبەتییەکانی شرۆڤە کردووە _ کە ئەوە بە *جیهانی دیۆنۆسی* یان ***ویستی دەسەڵات*** ناودێریان دەکات، کە لەوێدا هەردوو دەربڕین ئازادی و *چاڵاکی سەربەخۆ* جەغتدەکەنەوە. واتا تەواو لابردنی ناوەند و هەڵوەشاندنەوەی گەردوونێکی بە ناوەندکراوی ئاوەزیانە: رزگارکردنی دەرک، هەست، غەریزەکان و یارییە ئازادەکانی مەیل.

بەر لەوەی دۆلوز بە قووڵی کارە فەلسەفەییە تایبەتمەند و رەسەنەکانی ئەنجام بدا، دوو وتاری لەسەر دوو نووسەری داهێنەر. Marcel Proust *et les signs* 1964 و *Prèsentaton de Sache-Masoch* 1967 نووسی.

بۆ دۆلوز نووسینەکانی پرۆست نموونەی هێمایەکە بۆ رەخنەی فەلسەفی چونکە نووسینەکانی وێنەیەک لە هزراندن دەبەخشن کە کۆنتراستێکی بەهێزیان لەگەڵ ئەو فەلسەفە باوە هەیە. لای پرۆست لۆگیک بە تەنیا حوکمی هزر ناکا، بەڵکو بە زۆری _ لە پشت لۆگیکدا _ لێکچنراوییەکی ناوێزە لە نیشانە، تێکەڵاوییەک لە گەمەی نیشانە، یەکگرتنی نیشانە و ئاماژەی نیشانە، هەموو ئەوان باڵادەستن لە هزردا، کە بە دیدی دۆلوز راڤەیەکی جۆشدەرانە رزگار بوونە لە "هەست بە گوناح کردن " و "دۆزینەوەی بەزۆرەکیانەی راستیی"ەکی شەکەت. دواجار ئەوەش تێگەیشتنێکە لە پێناوی حەز چونکە *خوێندنەوە بۆ ئەوەیە تاکو کەسانی تریش حەز بە خوێندنەوە بکەن.*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆلوز شاعیری نەمساوی Sacher_Masoch پەسن دەدات چونکە _ سروشتیانە دەست لەناو دەست  بە دژی رەوشتی سواو و ترادیسیۆنی دکتۆری دەروونناسی دەبێتەوە _ چونکە ئەو شاعیرە بە گۆرینی سزا بۆ چێژ وەرگرتن یاسا سەرە و ژێر دەکاتەوە. لە روانگەی دۆلوزەوە حەوسەڵەی مازۆخیانە بریتیە لەوەی کە هەست بە گوناحکردن دەبێتە بەشێکی خەملیو لە تێرکردنی غەریزە.

دۆلوز لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیە ئەکادیمییەکانیدا کە لە ساڵی 1968 لە ژێر ناوی *جیاوازی و دووبارەیی* هەروا لە  *لۆگیکی رستە/مانا*، 1969 نووسراون، کار لەسەر پرسیاری ***نووسین***، دەربڕینی نووسراوە، نووسین وەک شەپۆڵێک  و نەک وەک کۆد، دەکات. واتا دۆلوز لە پشتڕا وەک (دەرفەتێک بۆ) ئازاد بوون، ئازاد بوون لە دەسەڵات و ئازد بوون لە  دەربڕینی بە یاسا کراو بەرەو نووسین هەنگاو دەنێت،  لەوەدا کە ئەو لە کتێبەکانیدا ئاماژە دەکا بە شاعیر. ئەنترۆپۆلۆگ، زماناس و دەروونشیکار،  ئەو بێ راوەستان لەسەر هەڵچوونی سۆز، چڕایەتی، ئەزموون و بە تایبەتکراوەکان دەپەیڤێ. ئەو سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە مرۆ لەمدیو هزراندن، هزرەکان، سیستەم و تیۆرییەکاندا دەتوانێ هەمیشە شوێنەکانی سۆز، فاکتەری چڕایەتی، ئەزموونە بینراوەکان و ئەو ئەزموونگەریە بوونایەتیەی کە فەرمانڕاویی ئەوانە دەکا و بنەمایەکانیشان دەستنیشان دەکا،  بدۆزێتەوە.

لە روانگەی بابەتی جیاوازی /la diffèrence وە _ کە لای دێریدا هەیە_ دۆلوز بە رەخنەیەکی سەرسەختانەوە کار لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانە دەکا کە هەوڵیانداوە جیاوازی بەلاوە بنێن و تەسکی بکەنەوە بەهەمان شێوەش کە مرۆ وەک شتێکی خراپ لەسەر جیاوازی دواوە: بە رێگای ئەوەی کە مرۆ خودی جیاوازی ملکەچی ناسنامەی "باڵادەستێک"_ یان  پرینسیپی یەکایەتییەک کردووە. بەڵام ئەو جۆرە ناسنامە یان یەکایەتییە نەبەخشراوە، بەڵکو دۆلوز سوورە لەسەر ئەوە، کە ئەوە هەمیشە بە پەتی/ئەبستراکتی *دڕێژراوە*. دۆلوز بە دژی پلاتۆ/ئەفلاتۆن ژیان دەداتەوە بەر سۆفیستەکان، کە  ئەوان جەغتیان لەسەر جیاوازی دەکردەوە،  هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ ماوەیەکی درێژ وەک هەڵگەڕاوەیەک وێنا دەکران. هەڵبەتە نابێ وەک وەک چەمک بیر لە جیاوازی بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ *پیادە بکرێت و وەک چڕایەتی* دەرکی *پێبکرێت*. وەکو تر لیۆتار باسی ئەو بابەتە دەکا و لە دوا نووسینەکانیدا گەشەی پێدەدات. هەروا دۆلوز پێی وایە کە تەنانەت خودی تاکەکەسیش، لەسەر بنەمای ئەو چڕایەتی _ جیاوازییە بونیات نراوە. بۆیە ئەو لە بری "تاکەکەس" و "کەسێک" بە واتا باوەکەی دەستەواژەی *تاک/singulariteter* بەکاردێنێت.

*سەرمایەداریی و شیزۆفرینیا*1: *ئەنتی ئۆدیپ*، 1972، ناسراوترین بەرهەمی دۆلوزە، کە پێکەوە لەگەڵ دەروونناس فیلیکسی گۆتاری نووسیوویانە. تێزە(گریمانە)ییەکەی ئەو کتێبە روانینێکی بێمەرجانەیە لەسەر ئەو مەیلی گەردوونیەیە کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە. دۆلوز و گۆتاری بە پێچەوانەی مارکس _ تا دەگاتە فرۆید! _  ئەوە شرۆڤە دەکەن کە تەواوی بوارە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵێەتییەکان راستەوخۆ بە شەپۆلی مەیلاندن تەنراوەتەوە، بۆ ئەوەی *لیبیدۆ/حەزی سێکسی* لەناو هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا پەرش بێتەوە پێویست ناکات رابگەیەنرێت، بە مەزن بکرێتەوە یان بگوازرێتەوە.

بە رای دۆلوز و گۆتاری سەرمایەداری لە خودی خۆیدا دەخوازێ کە شەپۆلەکانی مەیل ئازاد بکا و بەردەوام خۆی لە یەکایەتی مانایەکدا نزیکدەکاتەوە کە لە راستیدا ئەوە سنووری خودی شیزۆفرینایە. سەرمایەداری هەموو تاواناکان بەکار دێنێت بۆ ئەوەی لەمپەر بخاتە پێش ئەو خولیایە پەنگخواردووانە. خاوەنداری تایبەت خێزان، ئایین، زێدی باب و باپیر و لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا دەروونشیکاری! دۆلوز و گۆتاری لە بری دەروونشیکاری وەک جێگربەک لە پێناو بونیات نان و شۆسیالیستیەک "راڤەی شیزۆ/schizoanalys دادەهێنن، کە لە *ئەنتی ئۆدیپ* دا جەغتی لەسەر کراوەتەوە و هەردوو نووسەر ئەو بابەتە لە کتێبی *کافکا* (1975) *و تەقینەوەی زەوی* (1975) باشتر درێژە پێدەدەن. راڤەی ***شیزۆ/ SCHIZOANALYS*** هێشتا بە تەواوی گەڵاڵە نەبووە. وەک دەبینن وەک پارچەی مۆسیکێکی پچڕاو ئەو بەسەرکردنەوە خێرایەمان ئاراستە کرد، کە دواجار مرۆ دەتوانێ کتێبەکانی دۆلوز بەسەر سێ چەشندا دابەش بکات: زنجیرە وتارێک، کە دۆلوز لەوێدا لەسەرەخۆ و بە وەردی تایبەتمەندی مێتودی (هیوم، نیتشە، کانت، پرۆست. بێرگسۆن. ساخر-ماسۆخ، سپینۆزا) دەپشکنێتەوە، ئەو لە چەند لێکۆڵینەوەی گەورەدا، کە لە (*جیاوازی و دووبارەیی، لۆگیکی رستە/مانا*) کە لەوانەدا دۆلوز لە ئاستێکی باڵادا لەسەر خودی هزری خۆی دەئاخڤێت، لە دواجاریشدا لەگەل فێلیکسی گۆتاریدا کار دەکا کە بەوەش دەگاتە بوارێکی تازەی شیکردنەوە، کە ئەویش لە هەموو شتێک دەروونشیکاری و سیاسیە، هاوکات ئەو لەگەڵ گۆتاریدا لە (*ئەنتی ئۆدیپ. کافکا، تەقینەوەی زەوی)* دا ئامرازی بە تاکایەتی کردنێکی نوێ بەرهەمدێنن.

## 11 بەرەو تێگەیشتنێکی نوێ لە فەلسەفە

لە ساڵی 1968ەوە لە هزری دۆلوزدا تەرزە وەرچەرخانێک دێتە ئارەوە. بەمجۆرە لە پێشدا مرۆ دەتوانێ بڵێ کە ئەو بەو دوو کتێبەی کە لەو ساڵەدا بڵاویکردنەوە بە راڤەی رەسەن و تێبینیەکانیەوە هزرە سەربەخۆیەکانی خۆی بەرەو ئاراستەی فراژان و گەشەپێدان دەبات، کە کارەکانی ئەو دواییەشی پێکرا لەگەڵ گۆتاری ئەو وەرچاەرخانە جەغدەکەنەوە. کەواتە دەکرێ 1968، لە چەشنە هێمایەکدا، وەک ساڵی راچڵەکاندنێک لە شێوەی هزراندنی دۆلوز تێبگەین، هاوکاتیش ئەو ساڵە لە خاڵی *بریتیە* راچڵەکاندنێک لە شێوە فرەکانی تێرامانی لاوان لە پەیوەندی نێوان تیۆری و نەریت: رابوونی خوێندکاران، رابوونی لاوان و جەغتکردنەوە بۆ شۆرشی کولتوری. لە گۆشە نیگای ***جیاوازی و دووبارەیی*** (1968) و ***سپینۆزا و کێشەی دەربڕین*** (1968) ەوە مرۆ دەتوانێ پریارێکی سەرەتایی بدا سەبارەت بە فامکردنی دۆلوز لە مەڕ فەلسەفە و مێژووی بیرۆکەکان و هەنووکەیی، واتا لە مەڕ ئەو شێوازەی کە مرۆ چتۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەتوانێ بیرۆکەکان بە هەنووکەیی بکا تاوەکو ئەو بیرۆکانە بە کارایی لە کاتی ئێستا و هەڵگری داهاتووش بن و ئامادەییان هەبێت. بۆیە من هەوڵدەدەم لێرە بەدواوە ئەوە تاوتۆ بکەم. وەلێ سەرەتا دەمەوێ بە کورتی هەردوو کتێب بە جیا بناسێنم.

دۆلوز لە ***جیاوازی و دووبارەیی*** دا خۆی ئامادە دەکا تاکو گەشە بە دوو چەمک بدا و پەیوەندییەکانی نێوانیانیشیان نەهێڵێت. ئەو لە دیوێکدا چەمکی ***جیاوازی ئازاد*** چاک دەکاتەوە بەو مانایەی کە نابێ ملکەچ بکرێ یان بخرێتە ژێر باڵادەستی ناسنامە یان هاوچەشنی. چەمکی جیاوازی وەک پێناسە نەکراوێک وێنای دەکرێت. کەچی هزری باوی رۆژئاوا سەرقاڵە بە دۆزینەوەی هاوچەشنی و هاورەگەزی، یاخود لە هەمووبارێکدا هەوڵدەدا بە راڤەکانی ئەو جیاوازیە لەناو تاک رەهەندییەکاندا بتوێنێتەوە. دۆلوز دەخوازێ جیاوازی ببینێ: ئەو هەوڵدەدا لە هەموو شوێنێک ئاماژە بە لێکجودای بکا و لەوە نەترسێ کە داوێنگیر بێت لەو شتە گوتراو و بیرۆکانەی گوزارە لەو پەیوەندیانە دەکەن کە رادیکالانە نائاساییترن لەو شتانەی کە ئێمە راهاتووین بیریان لێدەکەینەوە.

لە دیوێکی تریشەوە دۆلوز چەمکی ***دووبارە بوونەوەی لێکچڕژاو*** ***rèpètition complex*** بەکار دێنێ کە ناکرێ بۆ دووپاتە بوونەوەیەکی مەکینەیی کورت بکرێتەوە. تێگەیشتنێکی لەم چەشنە ئاماژە بە کێشەی مۆرالی و سیاسی دەکا کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەروا لەمەش خراپتر بریتیە لەوەی کە گێلایەتی، ناڕەوایی و بەربەریەتی مرۆڤایەتی دووپاتە دەبنەوە. لێرەدا مرۆ لەوە نزیک دەبێتەوە کە نیتشە ئەوەی بە ***دووبارە بوونەوەی ئەبەدی*** ناوبێژ کرد بوو. ئەمەش واتا فەلسەفە و مرۆڤ بە گشتی مۆدەیەکی هەیە کە ئەو دووبارە بوونەیە لە چاودا ببینێت: کە بۆئەوەی هەمیشە بژی، هەمیشە ئومێدەوار بێ، بەردەوام بێ لە هەڵسوکەوت، کە مرۆڤ _ سەرباری دووبارە کردنەوەی گێلایەتی و بێماناییەکانی _ بە سازدانی هزر و ژیان بکۆشێ بە دوای بەهایەکی گونجاو.

دۆلوز لێکۆڵینەوەکەی لەناو چەندان بواردا پیادە دەکا: مەتماتیک، فیزیا، زیندەوەرناسی، دەروونشیکاری و جوانناسی. *جیاوازی* بە پشت ئەستووری ناکۆکی و *بێ ناوەندی* (بە مانای رەتکردنەوە یان لابردنی ناوەند)، کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە.

واتا رەتکردنەوەی دووبارە بوونەوە و رەتکردنەوەی بە دەمامک کردن، بەڵام لە گشت کاتدا کێشەکە لەسەر دووبارە بوونەوەیە، هەمیشە هەر هەمان شتە _ رەنگە دووبارە بوونەوەیەک لە هەمەجۆریدا، وەلێ لە ئێستا و لە هەموو ئەبەدیەکدا، هەمیشە هەر ئەو دووبارە بوونەوەیە. لە پەیوەندی ئەو تەرزە تێگەیشتنەوە مەرجی ئێتیکی/رەوشتناسی مرۆ ، بە جۆرە سۆزێک، دەتوانێ بەمجۆرەی خوارەوە گەڵاڵەی بکات: دەبێ تۆ ئەو دووبارە بوونەوە تاقیبکەیتەوە، جۆشی بدەی، هەوڵبدە خۆت بیر بکەیتەوە و _ لە ناو جەرگەی دووبارە بوونەوەدا _ دەرکی ئەو شتانە بکە کە پەیوەندان بە ژیانتەوە هەیە. وەک مرۆڤ ئەوە پێکهاتەی تۆیە. تۆ دەبێ هەوڵبدەی کە چیت پێدەکرێت ئەوە بکەیت!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدەم خوێندنەوەی کتێبیەکەی دۆلوز لەسەر جیاوازی و دووبارەیی بەرە بەرە گەردوونێک لە "*وێنەی گاڵتەکاری*" : جۆرێک لە بەردەوامی  و لێکجودایی "ئەکتەری چەمک" و نمایشکردنی چەمک" بەرجەستە دەبنەوە، کە بریتین لە چوار یان لە لابردنی ناوەندایەتی جیاوازی و دووبارە بوونوەیەکی ئاڵۆزکاو یان دەمامکدار،  کە جیهانبینی ترادیسیۆنی سەرەوژێر دەکەنەوە و مەرجەکانی ***ناسنامە، هاوشێوە، لێکچوواندن*** و زەقبوونەوەی *لێکدژەکان* پشتگوێ دەخەن. لە دیدی باوەوە مرۆ بە مەرجێکی لۆگیکی، مێژووی  دیاریکراوەوە خۆی دروستکردووە. دۆلوز ئێستا بە پێچەوانەی ئاوەزگەرایی. کاریگەریی و توندوتیژی کێبەرکێی گەردوونی "لۆگیکی" ەوە گەردوونی بیرڕۆییەکان دادەنێ، ئەو تێرامانانەی کە لە خۆیاندا یاسای خۆیان هەیە، کە لۆگیک تێنیاگات یان نایەوێ شارەزای بێت.

بەڵی، بە جۆرە واتایەک دۆلوز لە پێناو ***هزراندنێکی بێ وێنا کردن*** : لە پێناو جیاوازییەکی بڕیاردەر،  جیاوازییەکی بەرهەمهێنەر و  هزراندنێکی دووبارەی روون و رەواندا، تەواوی ئەو جۆرە وێنا کردنە ترادیسۆنە لەسەر ***هزراندن*** ئاوەژوو دەکاتەوە. ئەوەش هەڵەیە کە ئەو کارە بە *هزراندی بیرڕۆییە ئازادەکان* ناوبێژ بکەین، بەڵام ئەوە لە هەر بارێکدا بێت، بە واتای بنەڕەتی وشە، ئاخاوتنە لەسەر هزراندنێکی ***ئەنارشیستانە***: هزراندێکی جڵەو_نەکراو و بە مانای هزراندنێکی بێ جڵەو یان  بەرهەڵدراو.

دۆلوز بە دژی ئەو تێزە چڕکراوە گەورانە یان هاوئاهەنگیە گەورانەدا ناهاوئاهەنگی، شلۆقی دادەنێت. هزراندن *بە هەر نرخێک* بێت ئەرکی ئەوە نیە کە گونجاندن دروست بکات. دەکرێ لەنگی، ناهارمۆنی زیاتر بۆ هزراندن هاندەر بێت. رەنگە ***نوسین***، لە ترس یان پەسندان، باشترلە زۆر تێگەیشتنی لۆگیکیانە  راستیەکی تر دەربڕێت، بەڵام راستییەک (هەقیقەت) کە وەک ئەوەی لۆگیک بناغەدارە.

 دۆلوز لە تۆژینەوەکەی *سپینۆزا و کێشەی دەربڕین*، کە بە پێچەوانەی تۆژینەوەی دکتۆراکەی کتێبێکی فرە بە نرخە  بەڵام بە مەبەستێکی شۆرشگێرانە، بە سوور بونەوە  دەستدەکا بەوەی کە لە فەلسەفەدا هەردوو ناساندن لەسەر سپینۆزادا پیادە ناکرێن. دۆلوز وەک تەنیایەک سپینۆزا نمایش دەکا، کە بە رزگارکەرێکی رادیکاڵ و _ پرۆژەیەکی رزگاری  فەلەسەفە بەرجەستەی دەکاتەوە و هاوکاتیش ئەو کتێبەی دۆلوز پرۆژەیەکە کە بە مەتەڵاندن تا ناخ رۆدەچێت.کە ئەو نمایشکردنەی دۆلوز لە سپینۆزا بۆ زۆر فەیلەسوفی رق و کینەدار دەبێتە جێگەی بێزاری، بە روانگەی دۆلوز تەنیا ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە فەلسەفە لای Lucretius فەیلەسوفی شاعیری رۆم و دوای ئەویش نیتشەدا دەبینینەوە. واتا تێگەیشتنێک لە فەلسەفە وەک ***بێئومێدکەرێکی رادیکاڵ***.

دۆلوز گەورەیی سووپاسگوزاری فەلسەفیانەی سپینۆزا بۆ دێکارت لەبەر چاو ناگرێت. بەڵام هەڵبەتە ئەوەی کە پەیوەندە بە نمایشکاری مەسەلەی مێژووی تیۆری پەیوەستە بەوەی کە وەک نمایشکارێک سپینۆزا هەڵبژێرین تا بتوانین هەندێ بابەتی دێکارتیانە بە پاکی بچێنین و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیخەملێنین، وەک دەزانین  لە ترادیسیۆنی مێژووی فەلسەفە و سیاسەتی کولتوری فەرەنسیدا خودی دێکارت، کە لە ڕاستیدا هزرڤانێکی نوێ بوو، شێواندرا، تا مردن لە باوەشی گرت و وەک هێمایەکی گەوەرەی نەتەوەییانە بە ئەفسانە کرا. ئەو کارەش لە ژێر ئەو ناوەی کە لە فەرەنسا پێی دەڵێن "جەوهەرگەرایی دێکارتیانە" روویدا، ئەمەش جێگەی گاڵتەجاڕییە کە وەک شتێکی تایبەت بە فەرەنسی سەیری ئەو مەسەلەیە دەکرێت: چونکە هزری فەرەنسی، هەر لە پادشای سول و کۆرنێلیاوە تا دەگاتە ناپۆلیۆن و ئاوگۆست و کۆمت و دێ گاول و ئەندرێ مالرۆ، کە لەناو هونەر و سیاسەتدا هزرێکی رۆشن و تێرامان هەڵگرە.

سپینۆزایزم پرسیارگەلێک ئاراستە دەکا کە بە پڕوای دۆلوز بۆ ئەمڕۆ زۆر تازەیە. بۆ نموونە پەیوەندییەکانی نێوان *لێکچوواندن* ( تیۆری دەربارەی جەوهەرە باڵایەکان)، *زانستی زانین/ئێپستمۆلۆگی* یان زانست و_تیۆری زانیاری (تیۆری دەربارەی بیرۆکەکان) و *ئەنترۆپۆلۆگی سیاسی* یان ئابووری، سیاسەت و *بە کۆمەڵایەتی بوون* (تیۆری دەربارەی رەفتاری بوون، ئازار کێشان و هەڵسوکەوتەکان) لێکدەترنجێنێت.

ئەو ئامانجەی کە دۆلوز لە کتێبی *سپینۆزا و کێشەی دەربڕین* دا  تاووتۆی دەکا ئەویش بڕیاردانە لەسەر پەیوەندییەکانی  نێوان ئەو سێ رەهەندە،  کە ئەوەی بەندە بە سپینۆزاوە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنی دەکا:

1_ تێراماندنی هاندەرانە یان "هاودەنگی بوونگەرایی" لە *تیۆریدا سەبارەت بە جەوهەرێکی باڵ/subastans.*

2_ بەرهەمی راستینە/هەقیقەت یان "شکۆمەند کردنی واتایەکان" *تیۆری سەبارەت بە بیرۆکە.*

3_ دڵخۆشی کردەوەیی (لە ئامێزکردنی ژیان) یان "سەرفراز بوون لە دەستی ئازارە ناخۆشەکان" و ئەو ئۆرگانە هەڵێنجراوانەی لە هەستە مرۆڤایەتییەکان، واتا *لەو  تیۆریەی کە کار لەسەر ئاکاری بوون دەکا* (مۆدە هەمجۆرەکان).

بەمجۆرە لێرەدا ئێمە دەگەینە  ئەو یەکەم تیۆریە رەشنووسەی کە بۆ سێ رەهەندە سیاسی _مۆرالیەیەی کە  *بوونایەتی، مەعریفە و وروژاندن*  یان خرۆشی دەخوێنێتەوە. تیۆرییەکانی ئەم دواییە لە لەناو تیۆری ئابووری (راڤەی پێداویستی)، تیۆری سیاسی (رەخنەی ئیدیۆلۆگی) و تیۆری جڤاکی (رەخنە لە دەسەڵات) دەکۆشێ کار لەگەڵ ئەو شتگەلە بکا.

بە پڕوای دۆلوز دەکرێ ئەو سێ رەهەندە لەگەڵ روانگەی چەمکێکی *سیستەماتیکیەوە* رێکبخرێت  _ چەمکێک کە دەکرێ  بۆ خەملاندنی راڤەکان بەکار بهێنرێت و تیۆریەکان رێکبخات _ واتا چەمکی ***دەربڕین*** (expression). دەبێ بەو شێوەیە لەوە تێبگەین کە *جەوهەر* (بوونایەتی)ی لای سپینۆزا لە *خاسڵەت/attributen* (مەعریفە/زانستگەل)ی خۆی دەردەبڕێت، هاوکات ئەو زانستانە (ئەتریبوت) لە شێوازی بوونایەتی (چاڵاکیە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمەجۆرەکان) خۆیان دەردەبڕن و دواجاریش بیرۆکەکان لە خودی خۆیاندا *تژین لە دەربڕین*. ئەوەی دوایی راستەوخۆ ئاماژە بۆ مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان تیۆری و نەریت/praxis ، بۆ بەرهەمی چەمک وەک ئەوەی کە هەیە و بۆ نەریتی تیۆریانە دەکات، کە هەڵبەت بە رۆڵی خۆشی دەچێتە ناو رەوتی مەسەلەی نەریتی سیاسییەوە.

هاوکات دۆلوز ئەوە نیشاندەدا کە چەمکی "دەربڕین" بەر لە سپینۆزاش مێژووە درێژەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رێنسانس و سەدەی ناوەڕاست. هەروا دۆلوز دەچێتە سەر ئەوەی کە چەمکی "دەربڕین" رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ تەنانەت لای لێبنیز/Leibniz، کە مانایەکی تەواو جیاوازی لەوەی سپینۆزای پێدەبەخشێ. بە دیدی دۆلوز تاکە خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان لێبنیز و سپینۆزا کە ئەوان لەو تیۆری و پراکتیکەی چەمکی دەربڕینەدا بناغەیەک بۆ ئەو بەرتەکە گەورەیە بە دژی دێکارتیەکان، واتا دەگمەنییەکانی_دێکارت دروست دەکەن. کەواتە لێرەدا دەربڕینگەری و ئاوەزگەریی لە بەرانبەر یەکتردا دادەنرێن، کە ئەمەش بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە فەلسەفە وەک هێڵێک هاورەوتە لەگەڵ کارەکانی دۆلوزدا.

دۆلوز وەک پەیامنامەیەک لە لە دەربڕین لە زانیاری مرۆڤایەتی دەڕوانێت نەک وەک راگەیاندنێک لە ئاوەزگەرایی. لە درێژ بوونەوەی ئەو روانگەیەدا ئاوەزگەرایی و ناسیۆنالیزم لە کاکڵەدا لەگەڵ هزردا شتێکی هاوبەشیان هەیە: *من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم*. ئاوەز لە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ سۆبژەدا ئامادە دەبێ. سۆبژە ناخی ئاوەزە، بە پێچەوانەشەوە. ئەوە یەکێکە لە بەهێزترین و زیاترین شۆڕشگێری کە مرۆ دەتوانێ لە مێژووی فەلسەفەدا وەری بگرێت. دۆلوز لە دژی ئەوەدا وەک هزری بێ ناوەند/decentrera ***چڕیەتی دەربڕین*** دادەنێت. بونیاتی ئەو چەشنە دەربڕینە چڕەی کە دۆلوز لای سپینۆزا دەیدۆزێتەوە بریتیە لە بناغەی بونیاتێکی بزۆک، بونیاتێکە لە بزوان، لە بونیاتێکی ناوکۆیی/کۆنتێکستیانەدا رەگەزە هەمەجۆرەکان وەک یەک مەرجدار و ئاماژە بە یەکتر دەکەن.

بۆ نموونە: خودی بنەمایەک بۆ بونیاتی ناسیۆنالیزم دەکرێ کردەیەکی بنەچەکی، بەرنامەی شارێک یان یاری شەترەنج (چڵە دارێک، شانۆیەک، یاسایەکان) بێت. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە دەربڕینێکی چڕ دەکەوێتە پێش کتێبێک، نمایشکردنی شانۆیەک و ئاهەنگی شەترەنجێکی دیاریکراو.

دۆلوز لە خودی شێوازی تێگەیشتنی سپینۆزا لە چڕیەتی دەربڕین شتێکی کاکلەیی لە فەلسەفەکەی لە ***شێوازی*** فەلسەفاندنەکەی: ***ستایلە*** فەلسەفیەکەی دەبینێ. بەم چەشنە جۆرە هێرشێکی لامل ئاوەڵادەبێتەوە کە کتێبە تایبەتمەندەکەی *رەوشتناسی* سپینۆزا جەغتیدەکاتەوە (*Etik*). دۆلوز *رەوشتناسی* وەک زنجیرەی دوانە مانایەک پێناسە دەکا: لە لایەک ئەو کتێبە پێکهاتووە لە زنجیرەبەندییەکی لێکترازاو ، لە راستیەکی راشکاو، سەلماندن، بەڵگە و شریتەبەندی تێزەکان _ *de more geomentrico*، هەروەک کە کتێبی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*ڕەوشتناسی* ناونیشنانەکەی ژێرەوە بە (بە شێوەیەکی گیۆمیتریانە/سێگۆشەیی ماتماتیکی) دەستپێدەکا، کەچی هەرچەندە سپینۆزا ئەو کتێبەی بە شێوەی دێکارتیانە نووسیوە، بەڵام هاوکاتیش سپینۆزا گاڵتە بە مامۆستا مەزنەکەی دێکارت دەکا. لە لایەکی تریشەوە ئەو کتێبە پێکهاتووە لە توند و تیژی، گەرمی و هاوکاتیش پێکهاتووە جا کەم تا زۆر لە هەندێ پەراوێز و تێبینی لێکپچڕاو. دۆلوز بەمجۆرە کەسایەتی ئەو کتێبکە پوختە دەکاتەوە، کە کتێبێکە دوو ئاراستەی ***چڕیەتی دەربڕین*** بەخۆیەوە دەگرێت.

بەمجۆرە بە قەڵەمکێشیەکی سادە دەتوانین بڵێین کە هەردوو بەرهەمی ڕچەشکێنی دۆلوز تا ئەو رادەیە پڕ دەکات. بەڵام ئەمە وێنەیەکی روون لە ستایلی دۆلوز، شێوازی فەلسەفاندنی تایبەتی ئەو و تێگەیشتنی ئەو لەسەر فەلسەفە و کردەکانی بە ئێمە نابەخشێت.

لە راستیدا دەکرێ بێژین گەردوونی فەلسەفەی دۆلوز، کە لە دەستپێکدا دەکەوێتە لێتۆژینەوەی دکتۆرایەکەی کە لەوێدا جیاوازی و دووبارەیی و بە لۆگیکی مانا دەخەملێت، کە ئەو بەرهەمە وەک ***داستانێکی دانسقەیە*** و، (بۆ ئەوەی ئێستا خودی ئاماژەکەی دۆلوز بۆ (*Alice i Underland*) بەکار بێنین ئەو بەرهەمە "لەمدیو ئاوێنەوە" لە زنجیرەیەک ستروکتور و دەڤەرە نەناسراوەکان خۆی نمایشدەکا و رزگاریشیان دەکا، واتا قورسایی ترادیسیۆن و وزە بەستراوەکان لە (*Alice i Underland*) *رزگار دەکا* و بە هەنووکەییان دەکا.

ئەوە رێیکەوت نیە کە مرۆ دەتوانێ لە فراژانی کێویانەی گەردوونی هزری دۆلوز بە گومان نەبێت _ ئەوە دەڵێم نەک بە هۆی ئەوەی چونکە من ئەو کتێبەی پێشتری دۆلوز، *نیتشە و فەلسەفە*، خوێندۆتەوە، کە بە بوێرییە رەسەنایەتییەکەی و توڕدانی ناوەندایەتی لۆگیکەوە بە راشکاوی زەنگ بۆ شێوازێکی تازەی هزراندن لێدەدا. ئیتر لێرەوە چیدیکە حەوجە ناکا کە هزری راسانگەرانەی نیتشە بە فۆرمی تێگەیشتنەکانەوە بلکێنین و هاوکاتیش نابێ بە سووک و سانایی بە شێوەیەکی رووکەش و وەڵامدەرانە نکۆڵی لە نیتشە بکەین، بەڵکو پێویستە بە تەواوی هەوڵبدەین لەو ئاستە بە *دیمانەی* ئەو بگەین کە ئەو لەوێدا لە باڵاترین ئاستی نیتشەییانەدایە، واتا دەبێ لە پرسیاری ئەو لە دایکبوونەوە ئەبەدییەکەیەوە بە دیمانەی ئەو بگەین، کە دۆلوز لە ماوەی 1968 بە بەردەوامی لەسەر ئەو پرسیارەدا چەقدەبەستێ و دەیپشکنێتەوە. بۆیە پێویستە سەرباری هەموو شتێک هەوڵبدرێت بە هۆی ئەو *جەغتکردنەوەی ویست*، ئەو ***بەڵێ بۆ ژیان***ەی کە لای ئەو هەیە *قبووڵ* بکرێت! سەرباری ئەو رەشبینیە فرە قورسەش کە لای ئەودا هەیە! بۆیە هەوڵبدەی کە بەڕاستی بازنە بە دەوری ئەو ***بەڵێ بۆ ژیانە*** سافیلکەیە بکێشی و نەخشەی بۆ داڕێژی، کە ئەو (بەڵێ بۆ ژیانە) جودا ناکرێتەوە لە روخێنەریە بەردەوام و، لە وەهمەکان و، لە درۆیەکانی ژیان و، لە هەموو ئەو دابینکاریە خەمینە و ئەو سەرکێشیە لە واقیع هەڵاتنانەی نیتشە، کە ئەوانە هەموویان بەشێک لە نانی رۆژانەمان پێکدێنن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ *جیاوازی و دووبارەیی* و لەگەڵ کتێبی سپینۆزا وە شتێکی نوی بە دیار دەکەوێ کە مرۆ بە پشتینەی کتێبەکەی سەبارەت بە نیتشە بە وردی مەزەندی کردبوو، هەروا مرۆ بە رێگای کۆپلەکانی ئەو کتێبەی لە مەڕ نیتشەوە بۆی لوا کە بتوانێ  بە کۆکردنەوەی بەرهەمە فەلسەفی و ئەدەبیەکانی تر، کە دۆلوز بە دەمامکی جودا لە خۆی پۆشیبوون: هیوم و پرۆست، کانت و بێرگسۆن، راڤە نوێیەکەی لە فرۆید سەبارەت بە گەردوونی سەخێر_مازۆخس کە دۆلوز کردوونیەتی بە دیاری و بەوانەشەوە دیمانەی ئەو بناسێتەوە، هەروا لەوەش زیاتر ئەو *دیدارە بەختەوەرە*، ژیان لە ئامێزگرە و فەلسەفە پەسندەرەی، کە دۆلوز لە نێوان سپینۆزا و خوێنەر سازیدەکا کە ئەوەش لە هەمان کاتدا بۆ تێگەیشتن لە خودی دۆلوز بە قەد  تێگەیشتنەکە لە نیتشە گرینگی هەیە.

وەک گوتم دۆلوز لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە سپینۆزا چەمکی لەبەر چاوانی ***دەربڕین*** راڤە دەکا کە ئەو نووسەرە تێبینی نووسانەی بەر لە سپینۆزا ، چەند کارامەش بووبن، نەیانتوانیوە لەوەدا دەنکە گەنمێک بەدەست بێنن. ئەو ئامادەییەی ***دەربڕین*** کە لە ژیان لە ئامێز کردنەی سپینۆزادا هەیە،  کەچی بۆ ئەو نووسەرە تێبینی نووس و خودی تێگەیشتنەکەیان لە فەلسەفە، کە لەسەر بنەمای ناسنامە و _ یەکایەتی هزر دامەزراوە و کە بەهای جیاوایان تەسک کردۆتەوە، بە تەواوی نامۆ بووە و نامۆشە،

## چۆنیەتی دەربڕینی بەختەوەری لە کاتی دەستەبەر کردنی زانیاریدا

ئەو بە دوا گەڕانەی دۆلوز لە مێژووی فەلسەفە، ئەو شرۆڤە کردنەی لە کۆچەریی، ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو نووسەر/فەیلەسوف و پرسیارە جیاوازانە کە گفتوگۆیەکانمان تاووتۆ و گەڵاڵەی کردن، کە ئەمەش مانای  ویستێکی بەهێز بۆ تێگەیشتن و ساز بوون لەگەڵ هزرێکی کەسایەتیانە و رەسەن، هەروا لەگەڵ جۆرە شێواز و تێگەیشتنێکی تەواو نوێ لە ژیان نیشاندەدات،  دۆلوز پلە بە پلە هزراندی تایبەتی خۆی لە وێنەی چکۆڵانە و ورد _ لە شێوای رۆمانێک یان فیلمێکی ئالان رۆبێ_گریلێت (Alain Robbe_Grillet) یان مارگەرێتە دۆراس دا ئاشکرا دەکا _ لەوەی کە ئەو بە جلپۆشینی جودا خۆی نمایشدەکا، بۆ ئەوەی مەتەڵەکانی خۆی  بخەملێنی  پەنا دەباتە بەر ئەو گەیاندنانەی کە بەوانە بتوانێ ئومێدی نادیاریەتی ئارەزووەکانی دەرببڕێت.

کەواتە خاڵی دەستپێک: بوونەوەرێکی جەستە مرۆڤانەی سەر لە شێرە (sfinx)...

من دەرکم بەو هەستە کرد کە کتێبە سەرەتاییەکانی دۆلوزم لەسەر: هیوم (*پیادەکاری و سۆبژەگەرایی*، 1953)،  نیتشە، کانت و پرۆست خوێندەوە. بۆیە من بەوە دڵخۆش بووم کە ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە کتێبەکەیدا دەربارەی سپینۆزا و بە تایبەتیش لە *جیاوازیی و دووبارەیی* دا *بە ناوی خودی خۆیەوە* گەردوونی خۆی دەناسێنێ و لەسەری دەپەیڤێ، کە مرۆ ئێستا بە هۆی ئاماژەکانی پێشتر بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر ئەوە دڵنیا دەبێتەوە.

هەروا مرۆ کتوپڕ بەوە توانی خودی دۆلوز بکاتە کێشە، ئەو کێشەیەی کە ئەو لە لاپەڕە سەرەتاییەکانی *جیاوازیی* و *دووبارەیی* ەوە سەفەرەکەی نیشاندەدات: بۆ ئەوەی ترسەکان لەسەر جیاوازی، وێناکردنەکان لە مەڕ خەوشەکانی جیاوازی و لەمەڕ سەرتاپای جیاوازیی لە هزردا لاببات.

دۆلوز لە فرە ئاستدا بە رێگای هەڵکاڵینەوە بەرانبەر سەرتاپای یاسای دۆخەکان، کە لەناو گوتاری فەلسەفی هەر لە پلاتۆوە تا دەگاتە هێگل بە دژی جیاوازی دامەزرێنراوە، لەگەڵ ئەو جۆرە بەر تەنگکردنەوەیە لە جیاوازی دەکەوێتە شەڕ، هەروا دۆلوز لە ئاراستەیەکی فرەواندا دەبینێ _ لای هیوم یان لە شانۆ، لە دژە گوتاریانەی نووسینە دژە گوتاریەکەی رۆسلێسی سوریالیست و لەناو ماتماتیکدا _ ئەو رێچکەیە قووتدەبێتەوە، کە چلۆن هزر هەوڵدەدا لە جیاوازیدا لەوە دابڕێت. ئەو هەوڵدانە کەم و زۆرانە لە شێوازی زماندا خۆی دەربپرێت، لێ لە هەموو دۆخێکدا وەک ئەرکێکی بێمەرج دەچرپێنێ _ کە بەلای دۆلوزەوە ئەوەش ئەرکی تیۆریکارە/تیۆریناسە.

جیاوازی و دووبارەیی: دووبارە بوونەوەیەک کە لە جیاوازیدا دەخەملێت، بەڵێیەکی تازە کراوەیە (بە مانای بەرجەستە کردنەوە نەک نەرێیەتی) _ بەمجۆرە لەو کتێبەدا ئەو بابەتە دەردەکەوێ و خۆی نمایشدەکا، ئەو کتێبە کە دەکرێ تا ئاستی شێوازی ناسراوی هزر کردن ببزوێ و بژی، مرۆ گەر بە گشتی بۆ ئەوە و حەزی لە بزواندن یان بۆ تەواوی شێواندنی بێت دەبێ بوێری ئاوەڵا بوونی هەبێت.

ئەو کتێبە لە دووەم جار خوێندنەوەیدا بە دڵخۆشی سەرمەستی کردم، پاشان ئەو کتێبە رێگایەک بەرەو فرە ناوەندایەتی، فرەیاتیەک لە *بەربەستگەلێکی* لێککگرێدراو دەکاتەوە، بەڵام هەروا رێگاش بەرەو فرەیاتیەک لە گەلێک ناوکۆیی/کۆنتێکستی نوێ و سەرسوورهێنەر دەکاتەوە. نەک بە شێوەیەکی شکۆدارانە بەڵکو بە واتای نیتشەیی بە شێوەیەکی ***شاگەشکە بوون*** بێدار دەبێتەوەە، واتا مرۆ لەو سەرخەوە خۆشانە بێدار دەبێتەوە کە لە ترادیسیۆنی فەلسەفی بۆی پێکهێنراوە. ئەو ترادیسیۆنە فەلسەفیە ،، لەمدیو گشت جیاوازییەکان، پرۆسەی گەشە کردنە نەپچراوەکانە (ئەوەی کە بە **پێشقە** چوون ناودەبرێ) وا خۆی رادەگەیەنێت کە داهێنەری **یەکایەتی،** لە ئازار بەدەرە، **سیستەمێکە،** یەکاتییەکی لێککگرێدراو دروست دەکا، کە ناسنامە زامن کەریەتی ($A=A, 2^{+2=}4$) ...

واتا بە مانای ئەو راڤە کردن و رووتکردنەوەی فۆکۆ هزر کردنێکی (کلاسیکی)ە؛ هزراندنێکی ئاوەزگەرا، هزراندنێکی رۆشنگەرانەیە کە ئێمە هێشتا لە زۆر لایەندا منداڵێکی ئەوین، کە زۆر سەختیشە ئێمە بتوانین لە دەرەوەی ئەو هزرە رۆشنگەریەوە *بهزرین*.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به کورتی بڵێم به خوێندنه‌وه‌ی *جیاوازی و دووباره‌یی* ئه‌وجا کتوپڕ ده‌توانین به ئازادی هه‌ناسه بکێشین. کتێبکی ئاسانه، به‌ڵام کرینی هه‌رگیز  ئاسان نیه، خۆی له خۆیدا به واقیعکردنی به‌هایه‌کی نیتشه‌ییانه‌یه. نیتشه، که به به‌راورد له‌گه‌ڵ ڕۆحیه‌تی گێرمه‌ن/ئه‌لمانییه‌کان و "ڕۆحه ره‌هایه‌که‌یان" ، ڕۆحیه‌تی ڕۆمانییه‌کانی به فره ژانێکی ساکار بین و پڕ له ناسکایه‌تی و کاسایه‌تی تایبه‌ت پێناسه کرد و  به "ڕۆحی ئه‌وروپای باشووری" ناودێری کردن. نیتشه له کتێبی "*مه‌سه‌له‌ی ڤاگنه‌ر*"دا به ورووژێنه‌رانه و ئازادانه ده‌ڵێ: "نا، من *کارمنی بێزت/ Bizets -* *Carmen*به باشتر ده‌زانم له  تریستانی *ڤاگنه‌ر/ Wagners tristan و ئیسۆلدا Isolde* "، (مه‌به‌ستی نیتشه له شانۆگه‌ری کارمنی بیزێت  و شانۆگه‌ری تریستان ئیسۆلدای ڤاگنه‌ره، وه‌گێڕ). دۆلوز له توێژینه‌وه‌ی دکتۆرایه گه‌مه و گۆڕانی ئامێزه‌که‌یدا ئاپرۆی خوێندنی فه‌لسه‌فه‌ی زانکۆ، وه‌ک خوێندێکی سه‌خت، باو، له قالبدرا مردۆخ و وشکه فره بێزارکه‌ر، ده‌با و ده‌یشواته‌وه. به‌لام  هێشتا شوونی شێوازی فه‌لسه‌فه‌یه‌کی ترادیسیۆنی له‌ناو *جیاوازی و دووباره‌یی* دا ده‌بینرێت، بۆ ئه‌وه‌ی مرۆ ئه‌و وه‌رچه‌رخانه‌ی دۆلوز له‌گه‌ڵ ئه‌و فه‌لسه‌فه ترادیسیۆنه بدۆزێته‌وه ده‌بێ تا *ئه‌نتی_ئۆدیپۆ* و کاره هاوبه‌شه‌کانی له‌گه‌ڵ گۆتاری به‌رده‌وام بێت. رزگار بوون _ ره‌نگه سه‌رگه‌ردان کردن وه‌لێ سه‌رگه‌دانیه‌کی به‌رهه‌مهێنه‌رانه _ ئه‌و سه‌رگه‌ردانیه له خوێندنه‌وه‌ی کتێبێکی وه‌ک *جیاوازی و دووباره‌یی* هه‌ستی پێده‌کرێت،  هه‌روا له‌وه‌شدا تووشی ئه‌و سه‌رگه‌ردانیه ده‌بین که  دولوز له پشکنینه‌وه‌ی فه‌لسه‌فیدا به دوای نه‌خشه‌ی رێگایه‌کی له پێشڕا کێشراودا ناڕوات. له گه‌ردوونێکی فه‌لسه‌فیدا، له‌وێدا دووباره‌یی رووبه‌ڕووی وێنا کردن یان نواندن ده‌کرێته‌وه، که ئه‌و وێنا کردن یان نواندنه وه‌ک شتێکی باو له خانه‌ی تۆژینه‌وه‌یه‌کی بونیاتنراوی لۆگیکی و سیسته‌ماتکیدا پۆلێن ده‌کرێت. دۆلوز له‌و گه‌ردوونه فه‌لسه‌فیه‌دا نایه‌وێ خوێنه‌ری بانگکراو ببێته بینه‌رێکی سست و په‌سیڤ. له‌وێدا مرۆ به کارایی و چوستی دێته ناو گێژه‌نه‌کانی شه‌پۆلی دووباره‌یی، که هه‌ڵبه‌ت ئێمه خۆمان به‌شێکین له‌وه.

## 17 فه‌لسه‌فه له که‌سی چواره‌می تاکدا

که کتێبه جودایه‌کانی دۆلوز ده‌خوێنێته‌وه هه‌میشه وا هه‌ست ده‌که‌ی که ئه‌و به رێگای نووسینه‌کانیه‌وه بوار بۆ یه‌کێکی تر ئاوه‌ڵا ده‌کاته‌وه تاکو بئاخڤێ. هه‌سته‌که‌ش هه‌ر ئه‌وه‌نده نیه: دۆلوز به نووسینه جودایه‌کانیه‌وه فۆرمی هه‌مه‌جۆر، له چه‌شنی خووڵگه‌یی، شێوازی جیاواز بۆ نووسینی فه‌لسه‌فه ده‌ئافرێنێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێرەدا ئێمە بەرانبەر مێژووییەکی مەعەریفی، مێژووییەکی هزری و کێشەیەکی مێژووی فەلسەفیدا دەبینەوە. لە ماوەی رۆژگاری کلاسیکیدا ئەوانەی کە دەئاخڤن دەکرێ بڵێین ***تاکەکەسەکانن***. فۆرمی تاکەکەسی و جیهانبینیەکانی تاکەکەسیین، کە سەرتاپی جیهانی کلاسیکی، سەردەمی رۆشنگەریی رەگرێژ کردبوو. لە قۆناغی کلاسیکیدا بە تێکرایی *تاکەکەس* و *بوونایەتی* پێودانگی یەکترن. خوا وەک باڵاترین فۆرم لە بوونی بە تاکەکەساندن سەیر دەکرا. وەکو تر بۆ ئەوەی سەرفرازبیت لەو شیوە ئیدۆلۆگی و ئاڵۆزکاویەی کە ئەوانە بە تووندی چەسپاون لەو قۆناغەدا بەراوردێک بکە لە نێوان دێکارت و هەوڵە گومان ئامێزەکانی سپینۆزا.

لە قۆناغی بەساڵاچووی رۆمانتیکیدا لە هیکرا دەبینین ئەوە ***کەسەکانن*** *کە دەئاخڤن، ئەمەش کە شتێکی تەواو جودایە. کەسەکان پێکەوە هاوکات لەگەڵ وێناندنەکان پێناسە دەکرێن*، واتا بتوانی وێناندن: خەیاڵاندنی بوونت هەبێت. ئەو تێگەیشتنە بە راشکاوی لای هزرڤان/بیریاری وەک فیختە و کیکگارد بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەوە ئێمە چاومان بە دیمانەی بە سەنگی زمانێکی نوێ و سەنگی ژیانێکی نوێ دەکەوێت.

ئەمرۆ ئێمە ***رەمەکیەتێک*** دەبینین کە بۆ وێنە لای دۆلوز هەیە رەنگە ئەو رەمەکیەتە لە وێنادنەکانی تاکەکەس و وێناندنی کەسەکان سەرفرازمان بکا، ئەو رەمەکیەتەش هەر تەنیا پێکنەهاتووە لە *ئامادەبوونی وزە شاراوەکانی* بێمەرجیەتی ( postulat). دۆلوز لە مێژە وازی لەو ئەلتەرناتیڤە ساختانە هێناوە: ئێوە یان تاکەکەس و کەسەکانن (تاکگەرایی، لیبرالیزم و هەروا بوونگەرایی و ئەنارشیزمن) یانیش هاوکات ئێوە کەم تا زۆر دەکەونە خانەی نادیاریی و ستروکتورە پێناسە نەکراوەکان، ئاپۆرەی خەڵک l هێزەکان (ستراکچالیزم، مارکسیزم، دەروونشیکاری و ئەوانی تر).

ئەوەی کە دۆلوز پەنجەی لەسەر دادەنێت ئەو گەردوونەیە کە پێکهاتووە لە *بەر_لە تاکگەرایی/per_individuella، راناوی تاکی کەسێکی نادیار. ئەوانەش* دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ تاکەکەسەکان یان کە کەسەکان، ئەوەش نەک بێ بوونی

"پشتینەیەکی پێناسە نەکراو"ی وەک ستروکتور (ئابووریانە، غەریزەییانە یان پرۆسێسیانە/دسکورشیڤ). ئەوە پرسیاری تاکەکانە (دیاردەگەلی جودا) کە بزوا و هەمەجۆرن، کە لەسەر تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر جێگۆرکێ دەکەن، لە یەکتر دادەبڕێن، دێڕێک لە ئەنارکیەتی بێ ناوەند ("چەمکە لێکترێنجراوە بێ سیستەمەکان") بەرهەمدێنێ، واتا پەیڤە پۆلێنکراوەکان "بە سەفەرەکانیان"ەوە لە جیهانێکی بێسنووردا دەبن بە ژیانێکی کۆچەریی.

لە نێوان دابەشکردنی شوێنێکی ئەبەدی کە بە هۆی دیاریکردنی سنوور و گەمارۆدان تاکەکەسەکان وێکڕا جێنشینکراون، هەروا دابەشکردنی فرە تاک (singulariteter) لە شوێنێکی ئاوەڵای ناگەمارۆدراو یان بەبێ مافی خاوەنداریەتی، جیاوزییەکی زۆر هەیە. مرۆڤ، پەیڤەکان _ موڵکی تایبەتی نین بەڵکو دۆخێکی سەرفرازن، رەفتارگەل و خزمەت گوزارن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شاعیری ئیتالی فێرلینگهێت قسە لەسەر کەسی چوارەمی تاک دەکا، کە مرۆ دەتوانی بێژێ ئەوە ئەو جۆرە کەسەیە کە دۆلوز لە کتێبی *جیاوازی دووبارەیی* دا بواری بۆ دەڕەخسێنێ *کە بئاخڤێت*. پەیڤ و هزرەکان لە کەسی چوارەمی تاکدا: لە دەرەوەی ئەو ڕێزمانەی کە ئێمە ڕاهاتووین تیایدا نەشتەرگەر/عەمەلیات بکرێین، مانای بۆچوون، گەیاندن و ئاماژە دەبەخشن.

## V فەلسەفە و مێژوو وەک نمایشکارییەک: مێژووی هزرییەکان

کەواتە بە جۆرێک لە جۆرەکان مرۆ دەتوانێ بێژێ کە دۆلوز لەو فەیلەسوفانە دەڕوانێ کە لە *شوێنێکی ئاوەڵادا تاکگەلن/ singularitet*، من حەز دەکەم ئەو ڕۆناکیەی کە دۆلوز دەیخاتە سەر ریزێک لە وێنەی مێژووی فەلسەفی لەگەڵ ڕۆناکیی دەرهێنەرە مۆدێرنەکان بەراورد بکەم کە بە خودی *نمایشکاریەکانیانەوە* ڕۆشنایی دەخەنە سەر دەقە نووسراوەکان.
هەڵبەت ئەو پەیوەندیە لە *جیاوازی و دووبارەیی دا توانەوەیەکی چکۆڵەیە*. دۆلوز چیتر خۆی نابەستێتەوە بە ڕاڤەکاری بەڵکو بەرەو ئەو ئاراستەیە کە ببێتە نووسەر، فەیلەسوفێک. بە مانایەکی گشتی مرۆ دەتوانێ "فەیلەسوف" بێت کە توانی فەیلەسوفانی تر ڕاڤە بکا و سەرنجی لەسەریان هەبێت، واتا ببێە فەیلەسوفێک لەسەر شانی ئەوانی تر. بەڵام هاوکاتیش مرۆ دەتوانێ بە خۆی بیر بکاتەوە، ئازا بێ و تەواوە فەیلەسوفانە لەسەر قاچی خۆی بواستێت: ببێ بە ***فەیلەسوف***.
مێژووی فەلسەفەوانی وەک دەرهێنەرێک شتێکی شیاوە، ئەگەر ئەوەش بۆ شتێک بەکار بهێنرێت دیسان شیاوە. مرۆ دەتوانێ بپرسێ کە ***مێژووی فەلسەفە*** و مێژووی فەلسەفەوان کام ڕۆڵ دەگێرێت. ئەو مێژووی فەلسەفە بێگەردەی کە دۆلوز خەونی پێوە دەبینێت و لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ دەکا پێکهاتووە لە *کۆلاژ/مۆنتاژ*، ڕەنگە دۆلوز پێی وابێ کە ئەو جۆرە کۆلاژە، مۆنتاژە بتوانێت ئەو خوێندنە ئاکادیمیە، وشک و برینگ، منجە منجکەرە، سیخناخکراو بە پەراوێز و بێزارکەرە درێژ خایەنەی کە پێکهاتووە لە جوگرافیاک لە نووسین نوێبکاتەوە؟ یان ڕەنگە مرۆ بۆ نووسین بیر لە شێوازێکی تر بکاتەوە، کە بتوانێ بە ئاسانی وتەی سەرچاوەکان لە نووسیندا بە باشی دابنێ و هەمیشەش "وێرای" ئەوە هزر و بابەتەکان، بەڵام بەشێوەیەکی بەهرەمەندانە، خەیاڵاندنی ئازادانە، ***هزراندنێکی پەرە پێدەرانە*** بنووسێت؟
شتێکی ڕوونە کە زۆربەی فەیلەسوفە سەربەخۆیەکان کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە. کە چۆن سەیری فەلسەفە بکەن؟ چۆن *خۆیان* بیر بکەنەوە لە پەیوەندیان لەگەڵ فەلەسەفەدا؟ مرۆ دەتوانێ بە ڕاست و ڕەوانی بڵێ، بەجۆرە مانایەک کە ئەوانە پێشتر بیریان لێکراوەتەوە و باسیان کراوە، مێژووی فەلسەفە بە واتایەک جۆرە کارگەیەکی بە سوودە. سووکە نیگادانێکی خێرا، بەڵێ ڕەنگە هەر ئەوە بێت. لێ هەروا مێژووی فەلسەفە شتێکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بریقەداری کولتوری و مەشقێکە بۆ ماڵیکردنی کولتور. خاوکردنەوەیەکە بۆ هزر. هاوکات یەکجار سەختە کە لە دەسەت ئەو مێژووی فەلسەفەیە رزگار بین کاتێ مرۆ بۆ یەکجاریش بوو بێ کە بۆ ناو ئەوە پەلکێش کرابێ.

کەواتە وەک دۆلوز گۆڕێنی مێژووی فەلسەفە بە رێگای نەریتی نمایشکارییەوە، بە دیمەنگەلێکی بەرە بەرەیی نمایشکاریی، کە ئەوە شێوازێکی لە بارە بۆ چارە کردنی ئەو کێشەیە. مرۆ بەسەر نیتشەدا باز نادات، مرۆ نیتشە راڤە ناکا، بەڵکو مرۆ بە گریمانەکانی خۆیەوە ئەو نمایشدەکا.

***نمایشکردن*** واتا ئەو دەقە نووسراوە بە *بەهایەکی دیکەوە*، کە بەهایەکی "دەقهەڵگر_نیە" رۆشایی دەخرێتە سەر. کەواتە گۆڕینی مێژووی فەلسەفە بۆ شانۆ کە لە مەودوا وەک شێوازی هزراندنی دۆلوز دەکرێ ببێتە شێوازێک بۆ وانە گوتنەوە _ پرۆژەی توێژینەوە.

دۆلوز لە *جیاوازی و دووبارەیی* هەوڵیداوە بە تەکنیکێکی نائاسایی، کە رەنگە زیاتر لە کۆلاژ نزیک بێت تا لە شانۆ. چەمکی "جیاوازی" بخەملێنێتەوە و نیشانی بداتەوە. کۆلاژ وێنەیەکە کە بە لێک چەسپاندی پارچە کاغەز، پارچە قوماش کە لەملاو لەولا کۆدەکرێتەوە دروست دەکرێت. ئەو دەستەواژەیە بۆ پارچە شانۆیەکیش بەکار دەهێنرێت کە لە پارچەی جیاواز پێکدەهێنرێت. *لێرەدا* مەبەست لە کۆلاژ یان مۆنتاژ شتێکە بەشێوازی تەونچنی مافور/فەرشی فەلسەفی. فەلسەفیانە کۆکردنەوەی شتە بەکار هێنراوەکانە.

مرۆ دەتوانێ وەک سەرگوزەشتەیەک و چنراوێکی باشی تەکنیکی کۆلاژ و مۆنتاژی یان رەنگە تەواو وەک تەکنیکی زنجیرە فیلمێکی دووپاتە بۆوەی بەردەوام کە پێکهاتووە لە کۆپلەی چکۆلە چکۆلە و هەمەرەنگی مەیلەو بەدینەکراو، بە شێوەی وێناندنێکی فەلسەفیانە بهزرێ. لە مۆسیک و تابلۆی هونەردا ئەو چەشنە شەپۆڵانە وەک *هونەری پۆپ* *Pop Art* پێناسە دەکرێن. بناغەی هونەری پۆپ رەوتێک بوو لە ناو هونەری نوێدا کە لە دەورانی 1960 سەریهەڵدا. هونەری پۆپ بە پێکڤە کۆکردنەوەی هەموو جۆرە کەرەسەیەکی رۆژانە و بە شێوەیەکی وروژێنەرانە و نمایشکردنی دەیویست کارێکی جودا رابگەیەنی، لە چاو "هونەری دانپێنراوەکە"، هەمیشە فۆرمی تابلۆیەکان ناکۆک بوون یان شێوەی گاڵتەجاڕانەیان هەبوو،

تەکنیکی کۆلاژ/مۆنتاژ وەک چەشنە بیر کردنەوەیەکی فەلسەفی چتۆ بەرهەمێک دەبەخشێت، رەنگە ئەوە بە بەراورد لەگەل ناوەڕۆکەکەی *جیاوازی و دووبارەیی* تەواو ئاکامگیر نەبێ. لە دوای ئەو ساڵانە دۆلوز لە کتێبی *لۆگیکی مانا* هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەهاوێژێ، تەقینەوەیەک لە شێوازی نووسینی ئەکادیمی دروست دەکا.

## V1 پاڵەوان و بکوژ لە شانۆی فەلسەفەدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شتێک که دەکرێ جێگەی سەر سوورمان بێت ئەویش ئەوەیە که دۆلوز، به تایبەتیش له ***جیاوازی و دووبارەیی و*** له *لۆگیکی مانا* دا، **له** ڕۆژگارێکی ڕەخنه ئامێزدا زۆر به گوڕ و جۆشەوە ئەو فەیلەسوف و نووسەرانه به خوێنەر دەناسێنێت. هەندێ جار مرۆ دەتوانێ وا مەزەنده بکا که ئەو کاره شتێکی کارا و زیاد له پێویستیه، بۆ نموونه له کتێبەکەی لەمەڕ بێرگسۆن که لەوێدا دۆلوز له بۆچوونه کۆنپارێز و نەریتخوازەکانی بێرگسۆن "بێدەنگ" دەبێت. وەکو تر دۆلوز له ڕەخنه گرتنی هێگل سەختگیرانه سەرتاپا و ئاکامگیره. بۆچی لای دۆلوز له ڕەخنەدا ئەو چێژ وەرگرتنه گشتیه و کتوپڕیش ئەو ڕەخنه زێده سەختگیره هەیه؟

به پڕوای من ئەوه لەم شێوەیەدا کۆدەبێتەوە: گەر شتێک که بۆ مرۆڤ سەرنجڕاکێش *نەبێت*، گەر شتێک که ڕاستەوخۆ شتێک نەدا بەدەستەوە، گەر شتێک که حەوسەڵەت بۆی نەبێت تا کاری لەگەڵ بکەی _ بەڵی، ئەوکاته مرۆ هیچ بەهانەیەکی نیه تا لەسەر ئەو شته بنووسێت. به دیدی دۆلوز، سپینۆزا و نیتشه، به ڕاشکاوی فەیلەسوفن و توانای ڕەخنەیی و هەڵوەشاندنەوەکانیان تەواو لێکتر جیاوازن. بەڵام، ئەوەش خودی پرسیاره دۆلوزیانەکەیه، که لای سپینۆزا و نیتشەدا ئەو *توانا ڕەخنەییه* له ئەرێیاتی، بەڵێ بۆ ژیان و دڵخۆشیەک، له *چاندنی* بەڵێ و دڵخۆشیەک، له *شکۆداری ژیان* و حەزی ژیانێک به پێچەوانەی ژیانێکی شێوا و _ که ژیان له بێزارییەکی نەپراوە دەخلێتێنێ، بەرجەسته دەبێتەوە،

بۆیه بەلای دۆلوز وه ئەو توانایه کردەی فەلسەفەیه: که دژی بێئومێدی بهزرێ، که دژی دڕدۆنگیه و که واز له ڕەخنەیەک *ناهێنێت* که هەرچەند قوڕسیش بێت. مێژووی زانستناسی فەرەنسی گۆستۆن باشلار، له ناوکۆیی/کۆنتێکستێکی تری تیۆری زانستیدا، بەرهەمێکی بەناوی *فەلسەفەی نەخێر* نووسیوه. له ڕەهەندێکی فرەدا دەکرێ بڵێین که دۆلوز ***فەلسەفەیەکی بەڵێ*** ی نووسیوە: بەڵێیەک بۆ ژیان له ئامێز گرتن، ژیانێک لەگەڵ شتەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە و *بەر له هەموو شتێک* شەڕ لەگەڵ چەمک دەکا. بەڵێ بۆ ئەوەی ببی به فەیلەسوفی کۆکەرەوەی پرسیارەکانی دەستی دووەم و دروستکردنی *تۆرەکان*، گەر شتێکی تر نەبوو.

له درێژەدان بەو ئاماژەیەی که پێشتر سەبارەت به ڕەخنه له فەلسەفه له ئاراستەکەیدا بەرەو نمایشکاری یان کۆلاژدا وەک دەرفەتێک و شێوازێک بۆ نووسینی مێژووی فەلسەفه، مرۆ ئەوەی که پەیوەسته به بێرگسۆن و هێگل دەتوانێ بێژێ که دەکرێ وەک گشتایەتیەک (بێرگسۆنیزم) له فەلسەفەیەکدا پڕوانێت که ڕەنگه کۆنپارێز بێت و لەو ڕەگەزه جودایانەی که خودی ئەو نین چاوپۆشی بکات. لای بێرگسۆن قسه کردن لەسەر بابەت بەنده به تێگەیشتنی خۆی سەبارەت به *ژیان* (*èlan vital*)، ئەو دیده لەگەڵ بیرۆکەی (*conatus*) ی سپینۆزا بەراوردی بکه، سەبارەت به *ئازادی* (لەگەڵ سارتەر بەراوردی بکه) و سەبارەت به هەستی *نەخۆشی* (لەگەڵ فۆکۆ بەراوردی بکه).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵبەت مرۆ دەتوانێ بپرسێ بۆچی دۆلوز بە هەمان شێوە یەخەی هێگل ناگرێ و بە دوای بابەتی بەرهەمە زانیارییە کارایەکانی ناگەڕێت و خۆی لەوانیتر بێدەنگ ناکات. دۆلوز تەنیا ناراستەوخۆ بەرسڤی ئەو پرسیارە دەداتەوە. گەر من لە جێگەی ئەو بم وەرامێکی زیاتر راستەوخۆم دەدایەوە، کە دەکرێ بە تەواوی بەمجۆرە بێت: ئێستا ئەگەر وەک شانۆ لە فەسەفە پروانین کەواتە مەسەلەکە بەندە بە نمایشکردنی فەلسەفە، بەمجۆرە وەک نمایشکردنی هەر شانۆیەکی تەواو دەبێ خائنێک، بکوژێک هەبێت. لەو شانۆیەی کە دۆلوز بەرهەمی دێنێ، ئەوە لەو شانۆیەدا هێگل رۆڵی ئەو بکوژە دەگێڕێ (ئەوە لەگەڵ گەشە پێدانەکەی ئەندرێ گلوکسمان بەراورد بکا، کە لە ساڵی 1977 ئەو بابەتە لە *هزرەکانی دەسەڵات* ئەنجامی داوە). خودی کارگەکە سیخناخکردن و قورسکردنی ژیانە بەو هەموو بەرهەمە پەتی/ئەبستراکتانە، هەروا بە یەک ماناکردن یان تێکەڵاو کردنی ژیانە لە دەوڵەت و ئایین، تۆمارکردنی مەرگە لە ژیان، ملکەچکردنی ژیانە بۆ نەرێتی ژیان (نەرێتی و نەرێتی نەرێ/نفی النفی/negation och negations negation) _ ئەوانە هەموویان دۆلوز واتەنی لە فەلسەفەی هێگل بەرجەستە دەبنەوە (سەبارەت بەو بۆچوونە بە تایبەتی سەیری کتێبەکەی دۆلوز لەسەر نیتشە _ *جیاوازی و دووبارەیی* بکە). ئەو دیالێکتە نەرێتی و لێکدژیەی هێگل بە شێوەیەکی سروشتی بوو بە سەرچاوەی ئیلهامی ئەو بیرۆکەی دۆلوز کە بە "زمانی خیانەتکاران" ناوبێژی دەکا، (فۆرمی خیانەتکارانەی زمان) ، بۆ نموونە، ئیدیۆلۆگیەکان، بخوێنەوە، سەرباری ئەمەش لە راستڕۆ وە بۆ چەپڕۆ، واتا شێوەگەلێک لە تیۆلۆگی، خواناسی، خولقاندن، فاشیزم، ستالینیزم، تێکنۆکراتی، بیرۆکراتی و ...هتد.

بەمجۆرە لە راستیدا مرۆ دەتوانێ ئەو بیرۆکەی دۆلوز بە *رقبوونەوە لە نەرێتی* ناودێر بکا، ئەمەش دۆلوز هاندەدا کە وەک دژایەتییەک بۆ مەزنایەتی ***جیاوازی*** و ***لێکدژی*** بەرهەم بێنێ. دۆلوز و هێگل ناتوانن یەکبگرن چونکە لایەنگری هەمان شت نین. ئەوان لە ئاگر و ئاو دەچن: نائاسایی کەرەسەی زانیارییەکی بەرهەمهێنەرانەیە لە هزرکردنی ئەوان لە مەڕ خودی جیاوازیەوە. کاتێ لەسەر خودی لێکدژی دەهزرین ئەوکات دەبێ ئەو نائاساییە شەڕی لەگەڵدا بکرێت و بترنجدرێتە ناو پێکهاتەی بیرۆکەکان. پێویست بەوە ناکا گومانمان لە ئاست پەتیەتی لێکدژە راشکاوەکان هەبێت لە هزری هێگلدا، لەوەشدا دۆلوز راستدەکا، کە هێگل لە وێنەی ناسنامەی هزردا لە ئاستێکی *پەتیدا* پەیامی ململانێیەکی هزری رادەگەیەنێت، وەلێ لە پیادەکردندا بە ترنجاندن، بە ***ئاوێتە کردن***، واتا وردە شەڕەنگێزی و لێبووردنێکی قەتیسماوەوە پشتگیری سەرکەوتنی لێکدژییەکان دەنوێنێ،

بەڵام ئێستا دەکرێ پرسیار بکەین کە ئاخۆ دۆلوز لەگەڵ مارکسدا هەمان پەیوەندی دورستدەکا. دۆلوز قسەیەکی زۆر لەسەر ئەوە ناکات. ئەو لەسەر بەرهەمی مارکس تەنیا هەندێ ئاماژە و کورتە سەرنج پێشکەشدەکا، کە بە گشتی باش و سوود بەخشن. لە هەمبەر ئەوەشدا دۆلوز راڤەیەکی داهێنەرانە لەسەر پەیوەندی ***ململانێ _جیاوازیی*** لای فرۆید



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەنجامدەدات، لەوەدا دۆلوز پەردە لەسەر ئەو ترنجاندنە ساختانە لەناو پایەی لێکدژەکان، سادیزم/مازۆخیزم، غەریزەی مردن و ...هتد، هەڵدەماڵێت. دۆلوز ئەوە دەسەپێنێت کە مازۆخیزم دژە یان کۆنترۆڵێک نیە لە بەرانبەر سادیزمدا بەڵکو بە پێچەوانەوەی سادیزم، مازۆخیزم بە تەکنیکی نمایشکارییەک و کردەی تێر کردنەکانیەوە _ بۆ خۆی جیهانێک دروست دەکا.
ئەوەش دەبێتە پرسیارێکی ئاوەڵا کە بۆ هەمان کار لەگەڵ مارکسدا نەکرێت، واتا چەمکی "لێکدژکان"ی مارکس لە پەیوەندی بە چەمکی "جیاوازی" دۆلوز بەرەو رووی یەکتر بکرێنەوە. لێرەدا لە بواری تێمایەکاندا بۆ رەخنەیەکی قووڵی فەلسەفی، ئەرکێکی فرە مەزن، لە مێژووی هزر و رەخنەی بیرۆکەکاندا رووبەڕووی بابەتێک دەبینەوە، بەخۆم دەمەوێ بەوەندە رازی بم کە بە کورتی و نەخشەکێشانە بەمجۆرە گریمانەی کارێک پێشنیاز بکەم: ئەمەش ئەوەیە کە مارکس لە هێگل "رزگار بکرێت"، خۆمان بۆ دامەزراندنەوەی مارکس تەرخان بکەین، دۆزینەوەی ئەو جوداوازیی (پڕیاری جیاوازی)یە و میکانیزمی جەغتکردنەوانە لای مارکس _ بەڵێ من کتومت وەک ئالتۆسێر دووبارە ئەو لایەنانە دەدۆزمەوە لای مارکسدا، کە ئالتۆسێر بە شێوەیەکی هزر ورژێن بە هاورەوت لەگەل دۆلوزدا لە کارەکانیدا ئەو بیرۆکانەی مارکسی گەڵاڵە کردەوە، کە لە بەرهەمەکانی بە ناوی *بۆ مارکس* و *چۆن سەرمایە بخوێنینەوە 1_ 11* پێشکەشی کردن.
هەر چۆنێ بێت _ هەروەک دۆلوز و ئالتۆسێر چاویان بۆ ئەو کارە هەڵێنا _ مرۆ لای مارکس، لە مدیو ئەو رێزبەندیە ساختەیەی لێکدژەکان، ئالتۆسێر و دۆلوز لەمدیو ئەو ناوکۆییە تەواو لۆگیکی و پەتی و لێکدژە ساختانەدا کۆمەڵێک لە *سیستەمی دینامیکی و تەقێنەرانە* دەبیننەوە، هەروا بە بنەمای سەنگ دابەشکردنی جیا جیاوە کۆمەڵێک ناوکۆیی لە پەیوەندی ئاوەڵا: بواری ئابووریانەی لێکداپڕاو یان بواری غەریزەیی و رەوتی پرۆسەی لێکداپڕاو؛ ئاژاوە و ناوچەی لە کۆنترۆڵ بەدەری ناوەکی دەبیننەوە.

## V11 ئاخۆ تۆ "مارکسیستی" یان "بودیست" ؟ وەڵام بدەوە!

دواجار لەمەڕ ئەو بێدەنگیە رێژەییەی دۆلوز سەبارەت بە مارکس دەمەوێ دوا وشە بڵێم. ئومێدەوارم کە ئەوەی باسم کرد ئەوە بگەیەنێت کە لای دۆلوز میانەیەک لە نێوان تێگەیشتنی فەلسەفی و فۆرمێک یان شێوەیەکی تر لە تێگەیشتنی گەمە یان "یاری تیۆری": زیری مرۆڤانە، *فەلسەفەی بەرایی (filosofia ludens)* هەیە. هەروا من ئاماژەم بەوەش کرد کە لای دۆلوز میانەیەک لە نێوان پەیوەندی تێگەیشتن لە فەلسەفە و جۆرێک لە هزری ناڕازیبوون، راسانی فەلسەفی، هزرێکی دژە فەلسەفەی هەیە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێ من دەخوازم "دوا" مەسەلە، واتا پرسێک سەبارەت بە "دۆلوزیزم" بێژم، کە تۆ بڵێی ئەو هەڵگری چەشنە رەهەندێکی سیاسی بێت و دەشێ کۆمەکیەک بە نەریتی شۆڕشگێڕانە ببەخشێت. ئەوەش پرسیارێکی ئاساییە، کە رەنگە پێویستیش بێت بەڵام هەندێ جار مەزەندەکان دەمبەست دەکرێن.

من دەتوانم لەوە تێبگەم کە تەنینەوەی جیهانی زانیارییەکان هەقی بە **شۆڕشەوە** نیە، بەڵی مەرجێک بۆ **شۆڕش** دروست ناکا، هەرچەندە گەر زانیاریی لە ئاستی خۆیدا "*شۆڕشگێڕانە*" بێت، دەکرێ زانیارییەکان لە خۆیاندا هەڵگری غەریزەیەک یان هێزێک بن بۆ راپەڕین کە رەنگە ئەو رۆحیەتە لە شیعر و هونەر دا هەبێت، بۆ نموونە ئەو هێزە لای *ئەزموون _رەفتاری* Laing، Savage، Rose،Salvador Dali، Pierre Boulez، مۆسیکی Henz Janov و ، پێشبینیە رامان ئامێزەکانی Grof دا هەبێت. با بزانین ئەو *پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە* چی *بەرهەمدێنن، دەبا لەوە دەست پێبکەین کە فەلسەفە لەو قۆناغەی کە تێیدا دەژی ئەرکێک لە ئەرکەکانی بەدەستهێنانی* ***دەسەڵات*** *بێت*، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەسەڵاتی "*پایەی سۆبژە*" ی هەبێ، واتا بئاخڤێ. وەک پێشتر لە نەخشە کێشیدا باسمان کرد، کە لە جیهانی کلاسیکی و رۆشنگەریدا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی ***تاکەکەس*** بوو. لە جیهانی رۆمانتیکدا ئەو دەسەڵاتە هی ***کەسەکان*** (من. سۆبژە) بوو و لە جیهانی مۆدێرندا دەسەڵات هی ***تاکگەل / SINGULARITETER*** ( تاکگەلە کەم تا زۆر دەنگە نادیارەکان) بوو.

نابێ فەلسەفە ئەو دەسەڵاتانە قبووڵ بکات، بەڵام رێگە بەوانە دەدات کە *بئاخڤن*: فەلسەفە، چەمک، شێوازی دەربڕین و چوارچێوەی تێگەیشتنەکانیان قەرز دەکا.

ئەو دەسەڵاتانە یان "پایەی سۆبژانە" لە ***مێژوو***دا بوونیان هەیە و بەرهەمدەهێنرێن، هەروا لە دیوێکی تردا بە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانەوە بەستراونەتەوە. لێرەدا ئێمە لە نێوان فەیلەسوفە تازەکانی فەرەنسیی وەک ئالتۆسێر، فۆکۆ و دۆلوزدا بە راشکاوی بوارێک لە کاریگەریەکی دوو لایەنی بەدیدەکەین.

بۆ ئەوەی ئاوڕێک لە خەونە گەورەکانمان، ئەو هێزە هەوەسگەراییە سەرمەستانەی خۆمان بدەینەوە: شۆڕش، واتا ئەو خەونە بریتئە لە شێوە گۆڕین یان جێگۆڕکێی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان کە وەڵامدەرێکە بە دژی ئەو گەشە کردنەی ئەو یان دەسەڵاتە، واتا "پایەی سۆبژەکان"، بۆ نموونە ***تاکەکەسی بۆرژوا*** لە رۆژگاری "کلاسیکی"دا لە ساڵی 1789دا. بە شۆڕش هەستان.

چارەکردنی کێشەی شۆڕشی رۆژگاری ئێستامان _ کێشەی *شۆڕشێکە لە دەرەوەی بیرۆکراتی*، شۆڕشێک کە بیرۆکراتیەت بەشداری نەکا _ بە واتای شێوازی دۆلوز هزر کردن واتا "ئەفراندن"ی شۆڕشێک کە بە رێگای نیشاندانی فۆرمە نوێیەکانی پەیوەندیە کۆمەڵیەتیەکانەوە بەرجەستە دەبێتەوە. کە لەوێدا ئەو "تاکگەلە" مۆدێرنانە دەکرێ وەک ***کەمایەتیە***



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***کارایەکان/ئەکتیڤەکان،*** بە بێ هیچ خاوەندارییەکی مافی تایبەتی، بە بێ دەست بەسەر داگرتن، بە بێ گەمارۆدان و بە بێ دەرگا لەسەر داخستن، لە چوار چێوەی *ڕەهەندێکی کۆچەری/نۆمادی* بەشدار بن.
لەم ڕوانگەیەوە فەلسەفەی کۆچەریی دۆلوز لە ئاستی فەلسەفەیەکی هەنووکەییدایە کە بە دژی دیکتاتۆرییەتی، بە دژی بە ناوەندکردن و بە دژی بزاڤە بیرۆکراتەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵدەکاڵێ،

**بەشی چوارەم**

## نووسین و مەیل
## ڕانانێک لە کتێبەکەی دۆلوز و گۆتاری لەسەر کافکا

مەسەلەکە بەندە بەوەی کە شەپۆلەکانی ڕەمەکیەت و مەیل ئازاد بکرێن، بە جۆرێک کە مرۆڤی ئەمڕۆ بتوانێ، وەک "مەکینیەکی مەیلدار" لە خۆی تێبگات. "ئێستا ئەو هاوردە/مێتافۆرە نامۆیە بەکار دێنین چونکە لە گەڵ ئاستی ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەسازێت"، مرۆڤی ئەمڕۆ دەبێ ئەو فشار و قەدەغەکارییە لەسەر خۆی هەڵبگرێت، کە تەکنەلۆگی باڵادەست و مەکینەی دام و دەزگاییەکان هەمووومانی لەناو خۆیدا زیندانی کردووە.
بەمجۆرە دەکرێ بە کورتی مەبەستی ئەو پرۆژەیە بخرێتە ڕوو، کە دۆلوز لە کارە هاوبەشەکەیدا لەگەڵ دکتۆری دەروونی فێلیکسی گۆتاری لە *ئەنتی_ئۆدیپۆس* دا (1972) پێشنیازی دەکەن و دەیخەمڵێنن.
دۆلوز لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتریدا لەسەر هیوم، کانت، سپینۆزا و نیتشەدا، فەلسەفەی وەک گوتار/dicurs ڕاگەیاند. کە (فەلسەفە) بە ناوی ئاوەزەوە جۆرە تەڵەیەک بۆ مەیل دادەنێتەوە. فەلسەفە هەمیشە لە دەوروبەری مەیلدا دەخولێتەوە. مەیل گەمارۆ دەدا. لە ناو تۆڕی چەمکەکاندا دیلی دەکا، دواجار ئەو مەیلە دەئاوەزێنێت _ یان بە تەواوی بچوک و تاسکی دەکاتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فەلسەفە لەگەڵ یاری، لەگەڵ کاری دوو لایەنی لە نێوان *مەیل* و *دەربڕین* دا هەمان رەفتار دەکا، کە دۆلوز هەوڵدەدا لە ***جیاوازی و دووبارەیی*** و ***لۆگیکی مانا*** دا ئەوە هەڵبوەشێنێتەوە.
لە روانگەی دۆلوزەوە سەرتاپای ئاراستە پۆلێنکراوە کولتورییەکان، لە وانە گوتنەوە و ئەدەب و فەلسەفە و پلاندانانی فێرکاری لە "مارکسیزم"، زانستی زمان و دەروونشیکاری، وەک ئامرازگەلێکی سیستەمی کۆمەڵگا هەموو ئەوانە مەبەستی ئەوەیە کە یاسا لە ناو خەڵکدا بچەسپێنێت. ئەو سیستەمە دەخوازێت، بە مۆدێلی خەتەنە کردن و لەش کوتان، ئەو یاسایە لەناخ و رەفتاری جەستەی ئاپۆرەی خەڵکدا بچنێتەوە و بیچەسپێنێت.
بۆیە دۆلوز نیشانەی لێکچوون لە نێوان کولتور و چەوساندنەوە دادەنێت. ئەوەی کە ئێمە بە "کولتور" ناوبێژی دەکەین کە ئەوە هەمیشە  بە مەشقکردنێکی زۆرەملێی رێکخستنکارانە دروستکراوە. دۆلوز لە لەگەڵ گۆتاری لە *ئەنتی_ئۆدیپۆس* دا دەکۆشن کە یەکەمین رەشنووس بۆ کتێبی ***راڤەی شیزۆ، نەخۆشی ئەقڵی/*** ***schizoanalys*** پێشکەش بکەن (ئەو کتێبە راڤەیەکی خەمخۆرانەیە لەسەر ئەو  مرۆڤە لێکداپچڕاوەی رۆژگاری ئێستامان).
ئەو کتێبە  وەک دژێک لە بەرانبەر دەروونشیکاریدا،  لە بری مەیل  زیندانکردن، پۆلێنکردن، گەمارۆدان و  ماڵی کردن  خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، دۆلوز گۆتاری خۆیان بۆ ئەوە تەرخاندەکەن بۆ ئەوەی  مەیل وێرای هەموو رەخنە کۆمەڵاتی و توانایەکانی ئازاد بوونی تاکەکەسیانە بەدیار بکەوێت.
ئەو کتێبەی کە دۆلوز و گۆتاری لە سالی 1975 لەسەر کافکا بڵاویان کردەوە دەکرێ وەک ئامادە کردنێکی سەرەتایی و لێکترازاندن بخوێنرێتەوە، کە دەکرێ بڵێین هەوڵدەدا وەک جۆرە راڤەیەک لەسەر شیزۆ لە "نەریت" بچێتە دەرەوە.
دەبا ئێستا بە هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ دەستەواژەکانی *ئەنتی_ئۆدیپۆس*ی دۆلوز و گۆتاریدا _ کە لەوێدا ئەوان  بیرۆکەی "مەکینە مەیلدارەکان" بە ئێمە دەناسێنن _ ئەو کتێبە، وتارگەلەی ئەوان لەسەر کافکا بە **مەکینەی کافکا** ناوبێژ بکەین، مەکینەی کافکا بەو مانایەی کە  مەیل کە بە رێگای سەفەری درێژی ژیانی کافکاوە  وەک مەیلێکی ژێر شەپۆڵ هەوڵدەدا بەرێگای نووسینەوە خۆی دەربڕێت.
بە گشتی زۆر کەس کافکا وەک نووسەرێک دەناسن کە کاکڵەی بیرۆکەکەی بریتیە لە رەشبینی، بێهوودەیی و چەشنە ئەڵقەیەکی مێتافیزیکی  کە بە دەوری شتێک دەسوورێتەوە، کە رەنگە ئەو ئەڵقە مێتافیزیکیە لە فشار و هوروژمی بیرکردنەوەکانە هەم لە خودی خۆی و پاڵەوانی رۆمانەکانی وی بچێت. وێرای ئەمەش کافکا هەمیشە وەک نمایشکردنێک/شانۆکاریەک باس لە ئەفسانەی دڕەقی یاسا دەکا کە مرۆڤەکان ملیان بۆ کەچکردووە و دەکرێ ئەو ملکەچکردنەش بە چارەنووسی مرۆڤ، بە جۆرە هەست بە تاوانکردنی ئەو مرۆڤە ناودێری بکەین، کە بە تایبەتی ئەو هەست بە تاوانباریکردنە ژیانی مرۆڤی مۆدێرنی سیخناخکردووە!.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بەو هەست بە تاوانکردنە لای مرۆڤی ئەمڕۆ، رۆمانی *دادگا/پرۆسیس* یان ( ک) ی ئەندازیار بهێنە بەرچاوی خۆت، کە (ک) لە ئێوارەیەکی دڵڕفێندا یەکسەر بە بێ هیچ بنەما و بڕیارێکی سەپێنراو دەگاتە شارۆچکەیەک کە لە تەلارەکەیدا پیاو چاکێکی ئەفسانەیی و نادیار حوکمی دەکات. من بە یادمە کە چۆن (ک)، لە توناوتونێکدا کە بە گەردوونێکی بیرۆکراتیانەی کارمەندی رەسمی هەرارکیکراوە و ژێرخان و سەرخانەکەی لە ژێر باڵادەستی بەڕێوەبەرانی ئەو تەلارە ملکەچ کراون، بەدەم حەزی ژیان و کار وەرگرتن لەو شارۆچکەیەدا وێڵ و سەرگەردانە، لە ژێر یاسایە بێهوودە و لێکپچڕاوەکانی ئەو شارۆچکەیە دەتلێتەوە. (ک) وەک پارچەی خەونێکی مێردەزمە، بە تەنیا لە دژی ئەو هێزە عاسێ و قورسانە شەر دەکا دەیانەوێ دواجار ئەو خۆی بدات بە دەستەوە و ئەوە قەبووڵ بکات کە ببێتە زیندانیەک لەناو ئەو بە نامۆ بوونە "هاوبەشە"دا.

کافکا بە کەسایەتیە ئەفسانە و فرە رەهەندییەکانی ناو رۆمانەکانییەوە بوارێکی تایبەتمەند بۆ هەموو جۆرە راڤە کردنێک ئاوەڵا دەکاتەوە.

بە ناودارترین شرۆڤە کردن کە دەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێ، کە باسی ئەو بە دوا گەڕانە کیرکیگگاردیەی (ک)ی ئەندیازارە دەکات، کە تووشی هەستی وێناکردنێکی بارگاویکراو بووە سەبارەت بە *نائامادەیی* خوا، بۆیە لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری ناو کڵێسەدا خۆی لەناو ململانێیەکی بێچارە دەبینێتەوە، کە تاقمە پیاوێکی ئاینی لە تاقی سەرەوەی ئەو کڵێسەیەدا دەژین کە لە دەوری وێناندنی خوا دروستکراوە بەڕێوەی دەبەن. هەروا ئەو شرۆڤە ناسراوانە لەسەر کافکا جەغت لەسەر رەخنەکانی ئەو لە بیرۆکراتی و سیستەمە تۆتالیتارەکان دەکەنەوە، کە رژێمەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات بە تووندی رووبەرووی ئەو رەخنەیە بوونەوە. هەر بۆیە ئەو وڵاتانە پاش وەختێکی زۆر دواجار رێگەیاندا تا کتێبەکانی کافکا چاپبکرێن. ئێمە تەواوی ئەو راڤە کردنانەمان لە بەر دەستدایە کە لەسەر *رەفزکردنەوەی باوک* و سۆراغە بەردەوامەکانی وی بە دوای وێنا کردنی باوک چەقدەبەستن، کە پاڵەوانەکانی کافکا بە رابوون و رەشبینیە ملکەچکراوەکانیانەوە ئەوە بەرجەستە دەکەنەوە. تەواوی مۆدێلەکانی ئەو راڤانە بە پشتگیری زەخیرەی دەروونشیکاریەوە ئەنجامدراون.

ئەوانە حەزیان کردووە بەمجۆرە دەقەکانی کافکا راڤە بکەن، ئەو دەقانەش لە بەرایدا لە مەڕ رەشبینی، کڵۆڵی و پەرکەم دەئاخڤن.

دۆلوز و گۆتاری دەخوازن لە پارچەی بچووکدا ئەو "کافکا_ئەفسانەییە" بتەقێننەوە. ئەوان پێیان وایە کە "لە روانگەی مەیلەوە نووسەرێکی وا کۆمیدی و سەیر هەرگیز بوونی نەبووە ؛ لە روانگەی دەرپرینەوە نووسەرێکی وا سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرگیز بوونی نەبووە. سەرتاپای، تەنانەت رۆمانی *دادگا/ پرۆسێس*ەکەشی پێکەنینێکە لە تریقانەوە. بگرە ، لە *نامەکان بۆ فیلیکسی* یش سەرتاپای سیاسییە،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆلوز و گۆتاری دەخوازن بە کتێبەکەیان کاریگەریەکی  ورووژێنەرانە لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵن و ئەو کاریگەریەش شتێکی مۆدەخوازانە و رووکەش نیە، بۆ نموونە:" ئەها ئێستا ئێمە کتێبێکی زرینگ و نائاسایی لەسەر کافکای بە بەناوبانگ و خۆشهەڕمێن دەنووسسین. جا بازاڕی کتێبەمان زۆر بە رەواج دەبێ". کەچی ئەو کتێبە لە بری ئەو سەرنجدانە رووکەشە،  بەر لەوەی تەواوی کتێبەکە گەڵاڵە بکەن، وەک پێشەکییەک بۆ *ئەنتی_ئۆدیپۆس*،  بە "پیاسەیەک" لەگەڵ شیزۆفرینیا دەستپێدەکەن و لە رێگایەکی سەرسووڕهێنەرانەدا بەرەو ئاراستەیەک رێدەکەن تا بە  گەڵاڵە کردنی ئەو   *هەزار هەڵدێرەی* بەرهەمە مەزنەکەیان ***سەرمایەداری و شیزۆفرینی*** لەنگەر دەگرن (ئەو بەرهەمە بەشی یەکەمی بە *ئەنتی_ئۆدیپۆس* دەستپێدەکا).
لێ  لە نێوان ئەو هەزار هەڵدێرانەدا بەشێکی باسەکەیان دێتە سەر ئەوەی کە پێی دەگوترێ: کافکا. ئەو دوو دەق راڤەکارە    "دۆلوز و گۆتار) "راڤەکارێکی کۆچەرین". بایەکی فێنک هەڵیکردووە. ئەی رێگا؟ هیچ رێگایەک نیە. هیچ  نەخشەیەکیان بۆ کاروان نیە، هیچ سەفەرێکی بڕیاردراو لە گۆڕێدا نیە، هیچ دەروازەیەکی سەرەکی نابینرێت بۆ ئەوەی رووی لە بەرهەمی کافکا بکات. بە پێچەوانەوە گۆشە نیگای فرە هەیە کە چەندان دەروازە  بەرەو "هوتێلی_ئەمریکا" ئاوەڵا دەکەنەوە. ئەو هەموو دەروازە هەمەجۆرانە لە بەراییەوە هیچ دەرفەتێک بۆ راڤە کردنێکی دەروونشیکاری دەق ناهێڵنەوە. ئەو دەروازانە مەرجێک دادەنێن کە *داهێنانێک* (بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆر کتێب کە لای جۆرە کەسێک نووسراوە) و *مەیلێک* (کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پرۆسەی نووسیندا پێکەوە کۆدەبنەوە) نابێ  بۆ ستروکتورێکی جێگیر ملکەچ بکرێن، نابێ بکەوێتە ژێر  *دەرپڕینێکی باڵادەست*؛ نابێ بە دوای یاسایەکی جێگیری پێشدەست "فۆرم" بکێشرێت کە گوایە کاری راڤە کردن وەک ئەرکێک  دەبێ نەخشەی بۆ بکێشێت.
دۆلوز و گۆتاری روانینی خۆیان بە خەمڵیوی و راشکاوی رادەگەیەنن کە ئەوان لە کتێبەکەیان لەسەر کافکا دەیانەوێ چی *ئەنجامبدەن*، واتا دۆلوز و گۆتاری ئەوە رەتدەکەنەوە کە بنەما سەرەکیەکانی جیهانبینی کافکا تەنیا لە "هێما هاوبەشەکان" یان " هەستە برینދارەکان/trauma" پێکهاتووە. وێڕای ئەمەش ئەوان ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ دەق رەتدەکەنەوە کە  دواجار بە دەستنیشانکردنێکی وەک "ئەوەیان مانایەکەی  ئەمەیە" کۆتایی بە دەقەکە دێنن، ئەو چەشنە مامەڵە کردنەش لەگەڵ دەقدا درێژدەری ئەو فەلسەفەیە کە کەسایەتیەکەی لە گوتنێکی وەک ***ئەوەی دەمەوێ بڵێم ئەمەیە*** بەرجەستە دەبێتەوە، بۆیە بناغەی گرفتی  راڤەکارە ترادیسیۆنەکان لەسەر دەق دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەو فەلسەفە باوە. بەمجۆرە ئەو راڤەکارە باوانە لە پشت مەبەستە ئاشکرایەکانەوە هەمیشە بە دوای دۆزینەوەی "مانا داپۆشراوەکان"دا دەگەڕێن.
بەڵام ئەی ئەوەی دۆلوز و گۆتاری بە دوایدا دەگەڕێن چییە؟ ئەوان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی کافکایەکی_"*سیاسی*" دامەزرێننەوە، بەم دامەزراندنەوەیەش دەرفەت بۆ کۆی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرهەمەکانی کافکا دەڕەخسێنن تاکو وەک "مەکینەیەکی زەبەلاح" بەرجەستە ببنەوە، واتا تاکو بەرهەمەکانی کافکا لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا هەمیشە بە ڕێگاوە بن، هەمیشە ڕێگای تازە بکەنەوە؛ بەو کۆرە ڕێگایانە، بەو ڕێگا پێکەوە گرێدراوانە ڕەوتی کۆچەکانیان _وەک تۆوێک لە تەلارێکدا، چرۆکانی پێکەوە بەرەو هەموو لایەکدا پەلبهاوێژن، یان کتومت چەشنی سیستەمی خۆڵێکی کەڵەکە کراو یان زەویەکی گردۆلکەی ، کە بەرهەمەکانی کافکا وەک جۆرجە کوێرەی/mullvaden (ئەو ئاژەڵەی کە لە ژێر زەویدا خۆڵ تۆپەڵە دەکا؟، و. کوردی) ، لە ژێر ئەو خۆڵەدا چەندان کولانکە و دەروازە بکەنەوە بۆ دەرچوون.

بەمجۆرە دەست و پەنجە نەرمکردنە بۆ نزیک بوونەوە لە نووسین، کە لەوێدا وشە وەک بوونێکی خاوەن کەسایەتی بە پراکتیزە کردنەکەی فشار دروستدەکا و بە شێوەی جودا ڕێکخستن دروستدەکا، بەردەوامیش لە نێوان ڕۆخی ماناهەڵگری و بێماناییدا هاوسەنگی دروسدەکا، بۆیە دۆلوز و گۆتاری وەک چەکێک یان کەرەسەیەک سەیری وشەکان دەکەن، کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئابووری، مێژوو و سیستەمە جودایەکان کراون.

بیرۆکەی *ئەنتی_ئۆدیپۆس*، کە لەوێدا دۆلوز و گۆتاری مەبەستیانە بۆ دواجار ئەفسانەی ئۆیدیپۆس یان ڕاستتر بڵێم جیهانبینییەکانی مۆدێلی شرۆڤەکانی دەروونشیکاری لەسەر گرێی ئۆیدیپۆس تێکبشکێنن، کە لێرەدا ئەو کارەی ئەوان لەبەر چاواندا سەخت دەنوێنێ، بۆ نموونە، سەبارەت بە *نامەیەک بۆ باوک* لە نۆڤێمبەری 1919دا، کە لەوێدا کافکا باوکی تاوانبار دەکا لە هۆکاری گرفتە سێکسی و، کەسایەتیە سەختگیر و، کێشەی لە نووسین و "گەردوونی چارەنووسە" (تەنیایی) ەکەی.

ئایا ئەو نامەیە بەڵگەیەک نیە کە بە ڕاشکاوی زەمینە بۆ ڕاڤەیەکی دەروونشیکاری خۆشدەکا؟ نا هەرگیز، ئەوە وەڵامی دۆلوز و گۆتاریە کە لە بەشێ دووەمی کتێبەکەیان بەناوی "ئۆدیپۆسێکی زێدە مەزن"دا باسی دەکەن: لەو بەشەدا دۆلوز و گۆتاری ڕادەگەیەنن، کە کافکا خۆی ئەو جۆرە ڕاڤەکاریە دەروونشیکاریە لە مێشکی ئەو دەروونشیکارناسانە ئاوەژوو دەکاتەوە و دۆشداماویشان دەکا، چونکە مەشقی هەمەجۆری نووسینەکانی کافکا زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە تۆڕی چەمکەکانی دەستەواژە بونیاتڕێژکراوەکەی **ئۆدیپۆس** بتوانێت بەرزەفتیان بکات.

بە دیدی دۆلوز و گۆتاری، بۆ ئەوەی لەو لێکچڕژانە ئاڵۆزەی خێزان، سیاسەت و دەوروبەر تێبگەین، پێویستە ئاور بەرەو لایەکی تر بدەینەوە، واتا ئاور بەرەو ئاراستەی ئەو مەیلە بدەینەوە کە لە نامە، چیرۆک و ڕۆمانەکانی کافکادا بەدوای دەرپڕینی خۆیەتی.

لێرەدا نامە گۆڕینەوە لە نمایشکاریەکانیدا، بە تایبەتیش لە کۆی بەرهەمە گەورەکەی کافکا *نامە بۆ فیلیسیا*، وەک سەرەتایەک ڕۆڵی ڕەگەزێکی گرینگ دەگێرێت، ئەوەش تاکە نامەیەکە کە دۆلوز و گۆتاری بە شێوەیەکی سیستەماتیکی مشتوماڵی دەکەن و دەیخەملێنن. لەو نامانەدا ئەو "مارە کردنە"ی کە باسی لێوە دەکرێ (ئەوە لەگەڵ کیرکگارد بەراوردی بکە) کە بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەپۆڵی وشە بێکۆتایی و دەقەکانەوە  فیلیسیا _ ئەو ژنە گەنجەی کە کافکا تەنیا چەند جارێک چاوی پێکەوتبوو گەمارۆ دەدا و تەنگی پێهەڵدەچنێ.
کافکا لە نێوان 1912 و 1917 دا بێسڵەمینەوە نامە بۆ فیلیسیا دەنووسێ و جار جاریش لە هەندێ دێری نامەکانی  خۆی پەشیمان دەبێتەوە کە تازە رەوانی کرد بوون، وەلێ ئەو فیلیسیا ناچار دەکا کە لە رۆژێکدا دوو جار وەڵامی نامەکانی بداتەوە. وەک دۆلوز و گۆتاری روونیدەکەنەوە، کافکا وەک "چەشنە چاڵاکیەکی خوێنمژانە بۆ نامە گۆرینەوە". لە لای خۆیەوە بە تەنیا رێکەوتنی گرێبەندی ژن هێنان قبووڵدەکا، ئەوەش چاڵاکییەکە کە کافکا لە پێناو کار کردن پێویستی پێیەتی. کافکا لە ژوورەکەیدا لە تەک مێزی بوونایەتیەکەی وەک جاڵجالۆکەیەک "بێجولە" بە  داوە دەزوو و بە بۆمبی نامەکانی خوێنی فیلیسیا هەڵدەمژێت. تاکە ترسێک کە کافکا وەک تروسکە و تۆقینێک بە مەزەندە بەرهەستیەکەی دەرکی پێدەکرد تەنیا ئەوە بوو کە دەبێ ئەو بە  تۆری پەیڤەکانی فیلیسا بەند بکات و رێگای دەرچوونەکان دەبێ کۆڵانی گەرانەوەکان خۆیان نیشانبدەن.
بۆیە کافکا هاوکات زۆر چیرۆک لەمەڕ ئەو بیرۆکەیە دەنووسێت بۆ ئەوەی لەسەرەخۆ بتوانێ ببێتە ئاژەڵ. دۆلوز و گۆتاری ئەو قێز و بێزەوەریە هەمەجۆرانە وەک مەشقگەلی فرە شێوەی خۆ پاراستنی رەها پێناسە دەکەن. لێرەوە، ئەوان هەردووکیان خوێنەرانی کافکا لە بێژینگ دەدەن، کە ئەو بیرۆکانەی کافکا نە پەیوەندی بە هاوردەکان و نە قێزەوەریش هەیە، بەڵکو بیرۆکەکانی ئەو بەندن بە زۆر کێشەی کۆنکرێت و بوونگەرایی: کە جێنشین بوون و مانەوەی ژیانە لەو جیهانەی کە نووسراوە و کردەی نووسین دەیبەخشێت. ئەمەش لەو گەردوونە راڕا و دڕدۆنگەیەدا بۆ کافکا تاکە دەرفەتێکە بۆ هەناسەکێشان.
ئەو دەعەجانە/مەسخ  بوونە بە ئاژەڵ رێگایەک بۆ دەرباز بوون،  پەڕینەوە بۆ گەردوونێکی چرانەی بێگەرد ئاوەڵا دەکاتەوە، کە ئەو گەردوونەش پرە لە وزە و شەپۆڵ و شاگەشکەیی. لەم گەردوونەدا هەموو مانایە خراپەکان بەلاوە دەنرێن و بۆیە مرۆ بە "ئازادی" وەک دەرپەرینێکی پاک پەنا بۆ ئەزموونی وشە دەبات، کە بەمەش مرۆ لە هیکرا دەتوانێ واتای ***کەسایەتیانەی خۆی*** بە وشە ببەخشێت _ وێرای ئەو ترسەی رەنگە مرۆ بەدەم ئەو لە دونیا دابڕانەوە خودی خۆی ونبکات. مرۆ بەرەو رووی ئەو ترسە دەبێتەوە کە شێت ببێت یان تووشی دەرگا لەسەر خۆ داخستن،  لە هزر رۆچوون سەرگەردان بێت، کە لەوێدا مرۆ ئیتر نەتوانێ دەستی بە کەسی تر رابگات. بەڵام هاوکات لە ئاراستەیەکی تریشەوە ئەو پەڕینەوەیە، ئەو راڕەوە هەڕەشە دروستدەکا: بەر لەو کۆتایی هاتن، یان داشکاندنەوەی مرۆڤایەتیانە، ئەو بوونە مرۆڤایەتیە لە رادەبەدەرە: خێزان و ژیانی خێزانداریە، مەرگ بوونی هەیە.
بۆ ئەوەی کافکا بە تەواوی خۆی دەرباز بکات لەو هەموو هەڕەشەکاریانەی فەرمانڕەوایەکان (شێتایەتی، مەرگ، خێزان، ) ناچار دەبێت ئەو لیست و نمایشکاریە فرە ئاڵۆزانە بەکار بێنێت،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمەش دەرفەت بۆ ئەو خۆشدەکا کە بە یارمەتی میکانیزمە مرۆڤایەتیەکانەوە (وەک خوێندنەوە و خەیاڵاندن) بتوانێت وزە نامرۆڤایەتییەکان (وەک دەعەجان بوون بۆ ئاژەڵ) بەدەست بێنێت.

لە دیدی دۆلوز و گۆتاریەوە بێوچان لێکنزیکردنەوە و گواستنەوە یان جیێنشین کردنی ئەو کەسە جودا و راستەوخۆیانە لە شوێنیگەلی جیاوازدا کە لاشە یان باشتر بڵیم: تۆپۆگرافیای ئەو سێ رۆمانەکەی *ئەمریکا*، *دادگا* و *تەلار* پێکدەهێنن. ئەو دادگایەی کە ئەو سێ رۆمانە باسی دەکەن ئەمجارەیان بێسنوورە. هەڵبەت لە رمانی *دادگا* دا تاکە رێگای کافکا بۆ دەرباز بوون "دواخستنی ئەو بریارە نەپرایەوە یان چاوەڕوانکراوەیە": رووداوەکان هەموویان لە هۆدەی ئیشکردنەکەی تەنیشت خۆیدا روودەدەن. چونکە عەدالەتی بەڵگەنەویستانە و ئاشکرایانە، بە بێ بوونی یاسایەکی دەرەکی و دوور لە هەست بە گوناهکردنێکی ناوەکی پیادە دەکرێت. بۆیە لێرەدا تەواوی ئەو شتانەی کە کافکا باسیان دەکا دەکرێ وەک ریزە مەیلێکی جوداواز یان دەمبەستکراو و _ رۆلی ملکەچکراو (داد بەسەر داسەپێنراو، تۆمەت بارکراو، شایەد ...هتد) لێیان تێبگەین، کە ئەوانە هەموویان لەناو *گەمەی دەسەڵاتێکی* بێکۆتاییدا، پۆلێن دەکرێن، دابەشدەکرێن، نمایشدەکرێن، دەگۆڕدرێن و ناوەڕۆکی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا لە یەکاتییەکدا کۆدەکرێنەوە.

هەڵبەتە کافکا بە نیشاندان و بەرجەستە کردنەوەی ئەو گەمەی دەسەڵاتە ناتوانێ "ئازادی" دەستەبەر بکات، بەڵام ئەو لە ناوجەرگەی نەپساوەی بەکارهێنانی وشەدا (رەنگە) ئاماژە بە رێگایەک بۆ دەرباز بوون دەکات کە خۆی ئاوەڵا ناکاتەوە. ئەو رێگای سەرفراز بوونە سۆراغێکی هەمیشەیە بە دوای *رێگایەکی دەرباز بوون* ، تاکە چارەیەک لای کافکا بەر لە هەموو شتێک ئەوەیە کە هەوڵبدا بەردەوام کتومت خودی خۆی بنووسێتەوە تاوەکو رێگای ئەو سەرفراز بوونە بەرجەستە بکاتەوە. بەم واتایە، بە پروای من. کافکا "سیاسیە". هەڵبەتە کافکا هەرگیز لە سیاسەت یان بە راشکاوی لە پارتێکی سیاسی چاڵاکانە کاری نەکردووە. لێ بەڵام دۆلوز و گۆتاری پێمان دەڵێن، کە کافکا ئەو "دەسەڵاتە بەدە" لە خودی ئاسۆی *فۆرمەکانی*: لە تێکنۆکراتی ئەمریکی، بیرۆکراتی سۆڤیەتی و دیکتاتۆرە فاشیستیەکاندا بەرجەستە دەکاتەوە، کافکا ئەو مەکینە دژە مرۆڤایەتیانە، ئەو دەسگا تۆتالیتاریانە پارچە پارچە دەکا، هەموو بەشەکانی ئەو مەکینانە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو کردەیەش بە زمان ئەنجامدەدات. کافکا بە هێزێکی سادە لە دەربرین، هەمیشە بە شێوازێکی رەقی وشک، بە شێوازێکی خاوی مەیلەو نادیارانە زمان لەناو ئەو رستانەی، کە تێیادا ئاراستەی ئەو وێناکردنە دیاریکراوە، گشتیە قبووڵکراوانە، دادەماڵێت _ کە دەسەڵات بناغەڕێژی کردوون!

دۆلوز و گۆتاری ئەو زمانە بە "زمانی کەمایەتی"، بە "جۆرە بیابانێکی ئەلمانی " ناودێر دەکەن. بەڵێ ئەو زمانە کتومت هاوئاهەنگە، هاومانەیە لەگەڵ هەندێک بارودۆخی مێژوویدا. کافکا لە نامەیەکدا کە لە ساڵی 1922 دا بۆ بۆ ماکس برۆدی ناردووە دەڵێ لەم سەدەیەدا بۆ یەهوودییەکانی پراگ "مەحاڵ بوو بنووسن، مەحاڵ بوو بە ئەلمانی بنووسن، هەروا مەحاڵ بوو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به شێوەیەکی تر بنووسن". دۆلوز و گۆتاریش ئەوە جەغتدەکەنەوە کە چۆن هەموو ئەو شتانەی لە زمانێکی کەمایەتیدا دەردەبڕدرێن سیاسین یان دەبنە سیاسی. هەرچەندە ئەگەر ئەو شتانە بووبن بە ئەوپەڕی تەنیایەکی سۆبژەیی (واتا منی تاکێک)، بەڵام ئەو شایەدیانە هەموویان دەبن بە بەهایەکی بە کۆمەڵی.

ئەگەر لە واتایەکی بەرجەستەکراویشدا، هیچ "هاوبەشییەک" نەبێت، کەچی نووسینەکانی کافکا لە خۆیاندا هاوبەشییەکی *شیاو* بەرجەستە دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەدەب دەبێتە ڕەوتەنیەک لە شۆرشێکی بەدەمڕێوە یان وەرچەرخانێک لە شێوازی ڕەفتاری ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگایەکدا: ئەدەب دەبێتە شێوەیەک کە ناوەڕۆکی پریارێکی (نوێ) رادەگەیەنێت.

تێز/تێڕوانینی سەرەکی کتێبەکەی دۆلوز و گۆتاری سەبارەت بە ئاراستەی روانگەی کافکا، هەموو ئەو مەرجە شۆرشگێرانەی تێدایە کە ئەدەب خاوەنیەتی، تەنانەت بۆ ئەمڕۆش لەبارە کە تێیادا دەژین. دۆلوز و گۆتاری کۆی وتارەکەیان بەمجۆرە پوختدەکەنەوە: "کافکای_هێز، کافکای_سیاسی. تەنانەت لە نامەی ئەڤینداریەکانیدا سیاسەت دەخولقێنێت، کافکا لەو نامانەدا وەک تارماییەکی خوێنمژراو لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا هەست بە خودی خۆی دەکا. چیرۆکەکان یان داستانەکانی بە دەعەجان بوونی ئاژەڵ وەک نەخشەکێشانێک بۆ چەندان ڕێگای دەرباز بوون بەرجەستە دەکەنەوە. رۆمانەکان، کە بە شێوەیەکی بێسنوورانە نەک کۆتایی پێنەهێنراو، مەکینە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێستا و ئایندە لێکهەڵدەوەشێننەوە.

لە خودی ئەو گۆشەنیگایەوە کە کافکا یاسا، هەست بە گوناحکردن و لاتەریک بوون لە ناخ و لە دەوەروی خۆی دەئاڵێنێت و ئەوانە وەک جۆرە شتێکی ئیفیلج بوو بەکار دێنێت، کە ئەو چیتر پروای بەوانە نەماوە. هەروا ئەو چیتر پروای بە هێما، لێکچوواندن و هاوردەکانیش نیە، ئەو تەنیا پروای بە پەیکەر و نمایشەکارییەکان هەیە، کە ئەمانەش هەموو شێوەکانی مەیل بەرجەستە دەکەنەوە. ڕێگای دەرباز بوونەکانی کافکا هەرگیز ناوچەکانی پەنا بردن نین، واتا ئەو ڕێگایانە بریتی نین لە سەرگێژی لە دەرەی جیهاندا. بە پێچەوانەوە ئەو ڕێگایانە ئامرازێکن بۆ ئەوەی نزیکترین ئایندەی ئەو "دەسەڵاتە بەدە" بدۆزنەوە کە خەریکە خۆی ئامادە دەکا و پریار دەردەکات. کافکا دەخوازێ ئەوەی کە ئەو لە زانستی زمانی، سیاست و جڤاکی دەینووسێت لە ژێر ناوی "ئەدەبی کەمایەتیی" پێناسەی بکات. بەڵام ئەدەبی کەمایەتی لەناو خودی ئەو فۆرمە ئەدەبییە باڵادەستەدا بناغەیەک بۆ شۆرش بونیاتدەنێت".

راڤەکارانی کۆچەریی دۆلوز و گۆتاری وەک داهێنەرێکی ڕێچکە و تولە ڕێگا بە خێرایی، سۆراغکارانە، تامەزرۆیانە و بە شێوەیەکی سەرگەردانەوە کە هەندێ جار رستەکانیان هانکێر دەبن، ڕێنیشاندەری خوێنەران بۆ ناو جیهانی دەقەکانی کافکا دەکەن. بەڵام دەکرێ ئەو شێوازە دانسقەیەی ئەوان وەک جۆرە ئازاد بوونێک تاقیبکەینەوە، چونکە مرۆ وەک خوێنەرێک بە خوێندنەوەی شێوازی نووسینە راشکاوەکەیان، هەستدەکا گرینترین شتێک، کە لە ئێستا ئێرەدا گوترا بێت، دەستەبەر کردووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکرێ بڵێین گەر ئەو پشکنیەوە بە زۆرەملێیەی دۆلوز و گۆتاری لەناو دونیای_کافکادا _ ئەمجارە من لای خۆمەوە بە مەبەستێکی باش ئەو دەرپرینە بەکار دێنم _ کە بەدەم گەمارۆدانی "دەڤەرەکانی جێنشین"ەوە، تەنیا پاشماوەی خۆڵەمێشی بڵێسەی ئاگردانەکان لە دوای خۆیانەوە بە جێدەهێڵن. بە دڵنیاییەوە نارەزایی و تووڕەییەکانی ئەو ئێڵ و تیرە جێنشینانەی ناو وڵاتی کافکا لەو جۆرە بە سەرە و ژێر کردنەی وێناندنەکانیان و بە تێکشکاندی پەرژینەکانی دەرووبەی دەڤەرەکەیان کە دۆلوز و گۆتاری ئەنجامیان داوە هەتا کاتێکی درێژخان دەمێنێتەوە . بەڵام هەردوو فەیلەسوفە کۆچەرەکەمان دەمێکە ماڵی ئەو خێڵ و ئێلە جێنشینانەی ناو وڵاتی کافکایان بەجێهێشتووە، بە قووڵی چوونەتە ناو دەڤەرێکی ترەوە، چونکە لەوێدا هەزاران دەشتایی و هۆبە و بنار هەیە تاکوو ئەوان لەوێرا نیگایەک بدەنە رۆژگارەکەیان، بۆ ئەوەی بە نیگاکانیانەوە ئەو رۆژگارە شێتانەیە نیشان بدەن، نۆرمەکانی ئەو رۆژگارە داڕمێنن و _ بەرەو پێشەوە بڕۆن بۆ ئەوەی دیل نەکرێن و لە ناو ئوردوگایە زۆرەملێیەکان زیندانی نەکرێن.

## بەشی پێنجەم

# هونەر، مەیل، ئابووری

## سەبارەت بە "فەلسەفە-لیبیدۆیانەی لیۆتار

### 1 ئاستەنگی متمانەی بەهایەکان – گەڕان بە دوای "نەبوونگەراییەکی/نەهیلیزمێکی کارا"

راپەڕینی خویندکاران لە ئاداری 1968 داپڕانێکی قووڵی لەناو فەلسەفەی نوێتری فەرەنسیدا دروستکرد کە پاشماوەکەی لە بوارە سیاسی و ئەخلاقیەکە بەمجۆرە نەبوو. راپەڕینی لاوان ئەو خواستەی بۆ بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفە بەرچاوەکانی فەرەنسی جەغتکردەوە کە ئیتر دەبێ لە کۆی ئەو میراتە فەلسەفیە، هەر لە پلاتۆ وە هەتا هێگل وازبێنن. بە واتای زۆر لەو فەیلەسوفە فەرەنسیانە تەنانەت دەبێ وازبێنن لە مارکسیزم و دەروونشیکاری، چونکە ئەم دووانە بە وردی ملکەچی راڤەیەکی وشکەڕۆن و تەنانەت ئەو دوو "تیۆریە رەخنەییە" وەک میراتگەریەکی ئیماندارانەی ئاوەزی رۆژئاوا خۆی دەنوێنێ و پشتگیری ئەو "گوتاری دەسەڵاتە" بە ناوکراوە دەکا، واتا پشتگیری دەرپرینی زەبروزەنگ و چەەوساندنەوە دەکا. کە ئەو گوتارەش خاسڵەتی ئەو کۆمەڵگایە تێکنۆکراتیەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەرجەستە دەکاتەوە.
لەناو ئەو فەیلەسوفە فەرەنسیانەی کە من ئاماژەی بۆ دەکەم ئەویش مێشل فۆکۆی مێژووی هزرناس و ژاک دێریدای رەخنەگری دەقە کە ئەوانە لە سوێد ناسراون. وێڕای ئەمانەش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەتوانین ئاماژە بە ناوی مێشێل سرێس/Michel Serres تیۆریکاری زانستی  و ژیل دۆلوز و ژان_فرانسۆ لیوتاری فەیلەسوف بەرین.

هەروا بزاڤی ئەو دایرانە وەک ئەو فەیلەسوفە ناوبراوانە لە هزری ئەو دواییەی فرانسیس لیۆتاریشدا رەنگدەداتەوە، بەڵام لیۆتار لە چاو فەیلەسوفەکانی دوای ئاداری 1968 لەو بزاڤەدا بەشی شێری بەردەکەوێت. لیۆتار بە گەڕانەوەی بۆ نیتشە خۆی وەک "نیهیلیزمێکی کارا" رەپێشدەکا. ئەو پێشنیازی ئەوە دەکا کە مرۆڤ بە ئاگایی ئەو وێرانکارییە باو و متمانە نالەبارە قووڵدەکاتەوە کە تەواوکەری ئەو بەها و پێوانە ناوبراوەیە، لە جۆرێک گۆشەنیگای چرکەساتی ئیستادا، پێمان وایە، کە ئێمە بەر لە هەموو شتێک بۆ بەهایەکی *راستییدا* دەژین. ئەفسانەی راستی، تەنانەت لەو قۆناغە قەیراناویەی کە رۆژئاوا پێیدا تێدەپەڕێت لە باڵاترین دۆخدا دەژی، ئەو ئەفسانە راستییە هەر تەنیا لە فراژاندا نیە؛ بەڵکو سیاسی و تێکنۆکراتییەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ داڕێژانی ئەو "جیهانە خۆشە تازەیە" سوودی لێوەردەگرن _ بە رێگای ئەو پروا بوونە قەبەیە بە زانست و ئەو "پسپۆرانە"ی کە توانیویانە لە ناو بەشێکی فرەی خەڵکدا بیپارێزن سوودی لێوەر دەگیرێت.

یەکێک لە خزمەتە گرینگەکانی لیۆتار  ئەوەیە کە لە پەیوەندی بەو جیهانبینییەی زانست و کاریگەریی پیادە کردنەکەی بەسەر تاک تاکی مرۆڤ و رەفتاری رەمەکیانەی مرۆڤایەتییەوە، لە ژێر سایەی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا دەستنیشانی ئەو ترسناکی کۆنترۆل و چاوەدێرییە بەربڵاوە دەکات. وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ  نموونەی کۆمەڵگایە تۆقێنەرە، کە وێدەچێ بەمزوانە خۆی لە گۆشەگیریدا ببینێتەوە، لیۆتار بیرۆکەیەک لە جیگەی زانست دادەنێت کە ئەرکی کۆنترۆل کردن و زمانحاڵی کاریگەری دروستکردن نیە، بەڵکو ئەو زمانحاڵە لە پێناوی داهێنان، مەعریفەیەک کە لێوان لێوە لە خەیاڵاندن کە دەکرێ لەگەڵ ئەو دەرپڕینانە بەراود بکرێت کە لە چالاکی هونەریدا هەنە.

هاوکات لیۆتار لە تێکچوونی شیرازەی خواستی یەکاتەتی و هزرە گەردوونیەکاندا نیشانەیەکی رۆناک دەبینێت. بە روانگەی لیۆتار بە کێشە بوونی فۆرمە جودایەکانی ناوەندایەتی/سێنترالیزم، پەرتەوازە بوونی پایە سیاسییەکان بەهۆی زنجیرەیەک رووبەڕوو بوونەوە و بزاڤی کەمایەتییەکان، بگرە بە هۆی ئەو رەخنە لە وەهم بەدەرەی کە دەستە شۆڕشگێڕەکان هەیانە لەو ناوەندە دەسەڵاتە، ئەوانەش زەمینە خۆشکەرن بۆ  ستراتیژی ئەلتەرناتیڤێکی نوێ  دژی ئەو سیستەمە باڵادەستە. ئەو ئەلتارنەتیڤەش بە تیکەڵاو کردنێک لەو دەستەخەڕۆیی و دژە دەسەڵاتیەی کە لە گاڵتە پێکردن، نوکتە و یارییە بچووک و لاوازەکانەوە هەیە، دەستپێدەکا، پاشان ئەو ئەلتەرناتیڤە بە یەکگرتن و بە هانا چوونی یەکترەوە دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە باڵادەستە بتاسێنێت بەمجۆرە لاوازەکان بەرە بەرە بەهێزتر دەبن لە دەسەڵاتە بەهێزەکە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێرە بە دواوە لەم ناساندنەدا هەوڵدەدەم ئەو لایەنە لە فەلسەفەی لیۆتاردا نمایش بکەم کە ئەو بەشێوەیەکی خۆیەتیانە و رەسن  کار لەگەڵ ئەو غەریزە مرۆڤایەتیانە و  شێوازەکانی ئەو غەریزەیە دەکات کە لەناو ژیانی کۆمەڵگاو بەرهەمی مەعریفەدا ئاوێتە بووە.

## 11 دوور کەوتنەوە لە مارکس و فرۆید

ژان_فرانسیس لیۆتار لە زانکۆی Gaulle بوو بە پرۆفیسۆر و پاش 68 کە زانکۆی Vincenne لە قەراغی پاریسدا دروستکرا، لەوێ بوو بە مامۆستا. هەڵبەتە لە ساڵی 1982 ئەو زانکۆیە کتوپڕ داخراو و لە ژێر چوارچێوە داڕێژراوەکاندا لە ژێر فشاردابۆ سێنتەری پاریس گوازرایەوە.
دەکرێ بڵێین لیۆتار و ژیل دۆلوز پێکەوە ناسراوترین نوێنەری "فەلسەفەی مەیل"ن. لیۆتار لە کارە فەلسەفییەکانی پێشوویدا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دەستەی گۆڤاری *سۆسیالیزم یان بەربەری/Socialisme ou Barbarie* کاری دەکرد، کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی باڵی چەپی وەک کلاود لافۆرت و کۆرلێنوس کاستۆریادیس دەریان دەکرد و لە ژێر کاریگەری ترۆتسکیش دابوون. هەڵبەتە دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە لە ساڵی 1948 وازیان لەو  ترۆتسکیزمە تووندە هێنا و وەک دەستەیەکی چەپی مارکسیستی سەربەخۆ هەتا ساڵی 1966 لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە بەردەوام بوون، هەر لەو ساڵەشدا گۆڤارەکە راوەستا.
لیۆتار وەک کاستۆریادیش بەرە بەرە خۆی لەو مارکسیزمە ئۆرتۆدۆکسە کیشایەوە، پاشان وەک بزاڤێک سەیری کرد کە مرۆ دەکرێ لەوێدا ببێتە "ئەندام" . لیۆتار لەساڵیَ 1973 دا لە کتێبەکەی *Dèrive à partir de Marx et de Freud (سەرەتایەک لە مارکس و فرۆیدەوە)* هەوڵەکەی بە ئەنجامدانی "رەخنەیەکی بونیاتنەرانە" لە مارکس و فرۆید بەرجەستە دەکاتەوە.
بە واتایەکی تر: لیۆتار بۆ یارمەتیدانی فەیلەسۆفە باوەکان کەرەسەی زانیاری لە مارکس و فرۆیدا وەردەگرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی بە ناچار کراوی وەک باڵادەست/ئەکتۆریتارێکی بێ هەڵە لەوان تێبگات. بە پێچەوانەوە لیۆتار پشتگیری لە بەرەی دژە ئەکتۆریتارەکان و رەخنەگرانی هزری"نووسینە پیرۆزەکان" دەکات. ئەو لە پێناو بەجێهێشتن و تێپەڕاندی ئەوان و دەستپێکێکی تازەدا مامەڵە لەگەڵ مارکس و فرۆید دەکات.
لیۆتار لە کتێبی *سەرەتایەک لە مارکس و فرۆیدەوە* بۆ یەکەم جار نەخشەیەک دەکێشێت کە ئەو بە "*سیاسەتێکی لیبیدۆیانە*" ناویێژی دەکا، واتا لە روانگەی غەریزەوە جۆرە هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و هاوکات ئەو غەریزانەش وەک وزەیەکی سیاسی و یاری لێکبدرێنەوە. ئەو ئاستە فەلسەفییە لەگەڵ "جوانناسی لیبیدۆیانە" خزمایەتی هەیە، کە ئەو لە ساڵی1971دا لە کتێبی *گوتار، فگیور/وێنە/Discours, gestalt* دا، باس لە رەچەڵەکی غەریزە ئامێزی هونەر و شتە هەستەکیەکان دەکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پایەی فەلسەفەی لیۆتار دەکەوێتە دەرەوەی *مارکسیزمێکی فرۆیدیانە* و خۆشی لە قوتابخانەی فرانکۆرت "بە دوور دەگرێت". کاکڵەی ئەو روانگەیە لە *ئابووەریەکی غەریزەییانە* یان "فەرمانڕەوایی غەریزە" بەرجەستە دەبێتەوە، کە لیۆتار پێی وایە *سەرمایەی* مارکس و *ئەمدیو پرینسیپی هەوەسەکەی* فرۆید بەو رەگەزانە بارگاویکراون. بەڵام ئەوان ئەو غەریزەیە پشتگوێ دەخەن و سەرنجی خوێنەر بۆ لایەکی تر رادەکێشن. بۆیە من بەر لە هەموو شتێک کارە گەورەکەی لیۆتار *ئابووری لیبیدۆیانە*/*Èconomie libidinale* و "فەلسەفەی مەیل" تاووتۆ دەکەم، کە وەک فەلسەفەیەک دەبینرێ کە فرۆید کاریگەری بەسەریەوە هەیە، بەڵام هاوکاتیش لیۆتار هەڵوێستێکی رەخنەییانە لە پرِوای دەروونشیکاری نیشاندەدا و جەغت لەسەر مەیل وەک هێزێکی رەمەکی و ئازادانە کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە دەکاتەوە. کاتێک کە چەند فەیلەسوف، لە پێشەوەیاندا لیۆتار و دۆلوز، پەیڤی "مەیل" هەڵدەبژێرن، چونکە ئەو پەیڤە هێشتا لەناو ئامرازی چەمکە چەسپاوەکانی دەروونشیکاریدا ئاوێتە نەکرابوو. ئەم تەرزە "وشە قاچاغە" بوار بۆ بیرکردنەوەیەک بە پێچەوانەی مۆدێلەکانی قەتیسماو و چەقێنەرانەکانی شیکردنەوەی دەروونشیکاری دەڕەخسێنێ.

لیۆتار هەر لە *گوتار، فگیور/وێنە* دا، دەستدەکا بە جەغتکردنەوە لەسەر *مەیل* و وەک جۆرە "شتێک" لێی دەڕوانێ کە لە کردەیەکدا هەم لە پەیڤین و خۆ دەربرین و هەمیش لە دەرککردن بە هەستەکاندا ئامادەیە. واتا هەم لە دیوی دەربرین و هەمیش لە دیوی بۆچوونی کایەکان ئامادەیە. لیۆتار بەهەمان شێوەی فرۆید مەیل وەک *ئاستەنگ/ کێشەیەک* پێناسە دەکا، واتا بێ بەشە لە پێداویستییەکانی ژیان، بێ بەشە لە شتێک کە مرۆ دەبێ هەیبێ بۆ ئەوەی لە ئاستی دەروونیدا بتوانێت بژیت، بە کورتی ئاستەنگ وەک هەوا، ئاو، خۆراک و خەون لە ئاستی ژیانی مرۆڤدا شتێکی پێویستە. ئەو ئاستەنگە بۆ مەیل شتێکی بنەڕەتیە، بە رای دۆلوز رازیکردنی مەیل تەنیا لە ئاستی خەیاڵاندن بەدیدێت و چەشنە نواندنێکی سومبلی یان خەوناوی هەیە. پاشان رۆحیش، وەک شکسپیر ئاماژەی بۆ کرد، پێهاتووە لە گەردیلە و وردە خەونەکان، هەندێ جاریش سەختە بزانین کە خەون پێویستی بە چ وزەیەک هەیە.

یەکێک لە روانگە گرینگەکانی لیۆتار لە کتێبی *گوتار، وێنە*، ئەوەیە کە میکانیزمە جودا و شێوازی رەفتارەکانی مەیل وەک *وەرچەرخێنەرێک*، ئاوەژوو کردنەوەیەک لە گرینگیەتی هونەریدا خۆی دەردەبڕێت. مەیل دەربرین بە ساڕێژکردنە هونەریەکان، کۆد و چوارچێوەی وزە رێکخراوکان ئاوژوو دەکاتەوە کە لە مەیلدا ئاوەڵا دەبنەوە. جۆش و هەڵکاڵینی هونەر لەوەدایە کە لە گەردوونێکی پێویستدا کردەیەکی ئازاد و باڵادەستە، هەرچەندە گەر ئێمە ئەو گەردوونە وەک کۆسمۆس یان کۆمەڵگایەک لێکبدەینەوە.

لیۆتار بە نموونە هێنانەوەیەکی بێسنوور لە هونەرەوە بیرۆکەکانی خۆی پشت ئەستوور دەکات. من لێرەدا باسی دوو نموونەی راشکاو دەکەم. لیۆتار لە روویەکەوە لە تابلۆیەکی پیکاسۆدا ئاماژە بە سنوور بەزاندنی یەکەی هێڵە کلاسیکیەکان دەکا؛ لە روویەکی تریشەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاماژە بەوە دەکا کە کارە هونەرریەکانی پۆلۆک/Pollock سنووری ئەو "فۆرمە راست و دروستە"ی کە ئەو ناودێری دەکا دەبەزێنێ "شەپۆڵەکان" لەسەر قوماش، تەوژمێک لە شێوەی زمان، رەنگەکان *دڵۆپە دڵۆپ دەکەن*.

ئەو پرسیارە لە هەردوو باردا لەسەر وەرچەرخانەوە، ئاوەژوو کردنەوەی ترادیسیۆن، لەسەرجۆرە ئازاد کردنی غەریزەک جەقدەبەستێ کە لەوێدا هێڵەکان یان رەنگەکان سەما دەکەن، پەنگدەدەنەوە و بۆ سەر قوماشەکە شەپۆڵدەدەن و لە خودی ئەو دووریانەدا هونەر وەک خودی هونەر (بە پیتی ە ی گەورە) دەتەقێتەوە. دواجار بەو تەقینەوەیە ئەو دام و دەزگایە داڕمێنێت و لێکدەترازێنێت و کە بەمەش دووبارە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت ، کە هەم هونەر و هەمیش ئەو دونیایەی کە لەگەڵ خودی هونەرەکەدا لێکچنراون *ببینین*. لێرەدا ئەو *سنوورد بەزاندنە* بەرجەستە دەبێتەوە، بە هەمان شێوەش دەکرێ بڵێین لەناو ئەدەبدا _ کە بۆ نموونە لیۆتار خۆی بۆ نموونە بە شیعری سوریالی و رۆمانە تازەکان دەکا_ ئەو شەپۆڵە بێسنوور و جوڵانەوانە بەرجەستە دەبنەوە.

لە روانگەی *گوتار، وێنە* وە هەموو شێوەیەکی رەسەنی دەرپرین لەناو خۆیدا هەڵگری خولیایەکە تاکوو "سیستەمی گوتار هەڵدەوەشێنێتەوە"، واتا ئەو مانا داسەپاوانە لەیەکتر دەترازێنێت بەمجۆرە ئەو ئیمان و پەیوەندیەی"راستینەکان" بەملا و بەولادا دەروخێن و بەمەش مرۆ *بە خۆی، لەمدیو هەموو ئەو شتنانەی کە پێشتر بینیویەتی*، دەتوانێت پەیوەندیەکانی نێوان شتەکان ببینێتەوە،

لەو ناوکۆییەدا لیۆتار پایەی شیعر وەک تاقانەیەک و شکۆمەندترین دەرپرین پێناسە دەکا، شیعر نموونەیەکە لەو جۆرە دەرپرینە ناوازە و سۆبژانەیە کە شتە "خۆیەتیەکان/تایەبەتیەکانی مرۆڤ" لە زمانی سادە و گشتیدا دەتەقێنێەوە. شیعر ئەو زمانە گونجاوە داسەپەیوە تێکدەشکێنێت. بەمجۆرە شیعر دەبێتە یەکلاکردنەوەیەکی تاکەکسیانە لەگەڵ نەریتە دەقگرتوو، بریارە پێشتر دراو و "ئیدیۆلۆگی" یەکاندا. شیعر ئەو وێنا کردنە ئاوەزگەرایە گشتیە قبووڵکراو سیستەماکیراوە تێکدەشکێنێ و بە چەمکگەلێکی ئاوەڵا ئازادییەکی سیستەماتیک نەکراو دادەهێنێ.

لە دیدی لیۆتارەوە ئەوە ئەرکی جوانناسییە کە دەق بە بینراو بکات تاکوو هەردوو دیوی دەقەکە بەرجەستە ببنەوە (لەوێدا داوەکان پێکەوە لە پرۆسەیەکدان ). بەمەش چاوی خەڵک بەرەو پیادەکردنی هەوەس و وردەکارییەکانی نمایشکاریی دەکرێتەوە، سەرباری ئەوەش چاوی بۆ رەگی پرۆسەکانی ئەفراندنە شیعرییەکانی نەشتەرگەری هۆشمەندییەکانی بەر لە زمان دەکرێتەوە، هەروەک چاوی خەڵک بۆ رەگی هەموو جۆرە هونەرێک" مۆسیک، وێنەکێشی، پەیکەرتاشی ...هتد دەکرێتەوە.

شرۆڤە کردنی واتای ئاستەنگ لای لیۆتار، واتا ئاستەنگێک لە شێوەی دەقگرتنێک کە هەستدەکا و توانای ئاڵوگۆڕکردنی هەیە، زایاڵەی ئەو ئاستەنگە هەتا ناو قووڵایی جەستە رۆدەچێ و وەک بنەمایەک بۆ گۆران پەیوەندییەکانی بە ئەزموونە نوێیە دەروونی و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جەستەییەکانەوە یەکلا دەکاتەوە، کە ئەوەش مەرجێکە بۆ "کارێکی خەملیوی هونەری". لێرەدا ئەو کارە وەک کارێکی هونەری پڕ دەربڕین، ڕاچڵەکێنەر، چڕ فام دەکرێت. تەواوی ئەو رامانە کتوپڕ و مەزەندە ڕەمەکیانە _ وەک هەستی کتوپڕی ڕەمەکیانەی هەر مرۆڤێک _ ڕێگای شپرزە کردن و وەرچەرخێنەرانە بۆ ناو زانیاریە پیادەکراوەکانی ئەو سیستەمە ژێر دەستەی ئاوەز دروستدەکا. ئەو جۆرە تەقینەوە ڕاستەوخۆیانە دەبنە هۆکارێک بۆ لەرزۆک بوونی ئەو زانیارییە تەواو بە بەڵگە کراو و ڕاست و دروست داڕێژراوە.

## 111 جەغتکردنەوە، مەیل و چڕایەتیەکان: هزر کردن وەک لیبیدۆ

لیۆتار بە گوتار، وێنە هەوڵیدا کە ئەوەی ئەو بە جوانناسی لیبدۆیانە ناودێری کرد گەشەی پێبدا، واتا جوانناسییەک کە چەقی قورسایی دەخاتە سەر بەرهەستی و غەریزە ئامێزی هونەرێک کە خۆی داڕیوە لە بونیاتی ئەو دابەشکاری، پۆلێنکاری و هەرارکیکراوەی گەردوونی ئاوەز. لیۆتار لە ساڵی 1974دا بەرهەمە سەرەکییەکەی *ئابووری لیبدۆیانە* بڵاوکردەوە. هەڵبەت ئەو کتێبە هەرچەندە شێوازگەرا و فەلسەفییە بەڵام سەربەخۆترین و ئۆرگینالترین کتێبە کە ئەو تا ئێستا نووسیویەتی. هاوکات دەکرێ ئەو کتێبە وەک چەشنە مانێفێستێک بۆ فەلسەفەی مەیل تەماشا بکرێت، کە بەلای منەوە _ بە تایبەتی لە پەیوەندی بە لیۆتارەوە _ دەخوازم ئەو کتێبە وەک جۆرە گۆشنیگایەک هەڵسەنگێنم، لەو دیدەی کە مەیل وەک شتێک نیشاندەدرێت کە هەمیشە لە کاردایە، هەروا ئەو مەیلە لەمدیو جیهانی ئەموونەکانمان و لەمدیو وشە و دەربڕینەکانماندا ئامادەیە کە ئێمە خۆمان ئەو ئەزموون تاقیکردنەوانەش دەبەخشین. مەیل یاسا و ماتۆڕێکە بۆ ڕەفتارەکانمان. وزەی کردەکانمانە. ئەو وزەیە کە ئێمە پێی دەژین و بۆ ئەوەش دەژین. ڕێگا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. کاتێ من دەنووسم، مەیلی خۆم وەک پێداویستییەک نیشاندەدەم بۆ ئەوەی هزر، هەست و بۆچوونەکانم دەربیرم، لەسەر کاغەز بیانووسمەوە، جێگیریان بکەم، *دەربڕینی خۆمیان* پێ ببەخشم. کاتێ من ئەڤینداری دەکەم، مەیل لە ڕێگای واتای ناز و دەستبازیەکانی منەوە ڕێگای خۆی دەکاتەوە، کە من لێوان لێو لە ئەشق و مەیلاندنەوە وێنای جەستەی خۆشەویستەکەم دەنەخشێنم، لە بەشدار بوونێکی هاوبەشانەی هەستەکانی من و خۆشەویستەکەمەوە و ئاماژەی ئەو هەستانەش ڕێگە خۆشدەکەن کە ئێمە دڵمان بۆ یەکتر ئاوەڵا بکەینەوە، دواجار یاریەکی دوو بە دوو و لێکتوانەوەیەک لە ڕامان و دەربڕین ئامادەمان دەکات تاکو ڕەهەندێک بە یەکتر ببەخشین،

هەر لە پێشەکیەکەی *ئابووری لیبیدۆیانە* دا بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە کە لیۆتار بە دوای ئەوەوە سەرقاڵە تاکوو هەموو بەشێکی ئەو واقیعە وەک شەپۆڵگەلێک لە مەیل کە بەشێوەیەکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تراديسیۆنیان لێکندراوەتەوە و گەڵاڵە نەکراون دەکێڵێت. گریمانە بەرفرەکەی لیۆتار دەکرێ بەمجۆرە بێت: *هەموو* دەرپڕینە مرۆڤایەییەکان بریتین لە *مەیل*. جەستە بە رای لیۆتار بێجگە لە "تۆێژێکی هەستداری گەوەرە" هیچیتر نیە، جەستە پێکهاتووە لە شێوەی قاوغێکی لیبیدۆیانە بە شریتی فیلم یان دەستە کاسێتێک دەچێت کە بە *چڕایەتییەکی/Intensitet* هەمەجۆر شەپۆڵدەدا. ئەمەش هاوکاتیش زەمینە خۆشدەکا کە بە شێوەیەکی تراديسیۆنانە نێوان "ناوەکیەت" و "دەرەکیەت" ی جەستە لە یەکتر جیابکەینەوە. جەستە "قاوغێکی تووناوتوونە"، بەشە ناوەکیەکەی دەبێتە بەشە دەرەکییەکەی و جێگری کارگێڕە. ئامانجەکەی هەردەم پەڕینەوەیەکی سەرنجدراوە.

لیۆتار وەک بەردەوامیەکی راستەوخۆیانەی گریمانەکەی لەمەڕ "ناوەکییەت" و "دەرەکییەت"، بە هەڵکاڵین لە رووی دەروونشیکارەکان و بە تایبەتیش ژاک لاکان، جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان غەریزە و مەیلدا لە گۆڕێدا نیە.

لە روانگەی فرۆیدەوە غەریزە لە هەڵچوونی فیزیکییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئامانج ئەوەیە کە ئەو بارە گرژانە دەمبەست بکرێن یان ماڵی بکرێن و بەتاڵ بکرێنەوە کە ئەوانە رێگەخۆشکەری سەرچاوەی غەریزەکانن، هەروا وەک فرۆید دەڵێ، کە غەریزە "لە ئۆبژە" یان بە بوونی ئۆبژەوە دەتوانێ مەبەستەکەی بپێکێت. سەرباری ئە،مەش لە روانگەی تێگەیشتنی فرۆیدیانەوە مەیل لەناو ململانێی بەرتەکە دەروونییەکاندا رۆڵی خۆی دەگێڕێت.: ئەو مەیلە نائاگایە بە نیشاندانی نیشانەکانەوە کە گرێدراوە بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی تێر بوونەوە بە دوای تێرکردنی خۆیەوە سەرگەرمە.

لاکان لە کۆی کارە دەروونشیکاریەکانییەوە بە راشکاوی توانی مانای ئەو مەیلەی کە فرۆید نەخشەی بۆ کێشا بوو بخەملێنێت و لەنێو چەقی تێوری دەروونشیکاریدا بەرجەستەی بکاتەوە. هاوکات لاکان راستەوخۆ لەگەڵ ئەو فراونکردنەیدا ئەو مەیلەی لە وێنا کردنەکانی دیکە بەتایبەتیش چەمکی "پێویستی" و "داخوازی "، هاوێر کرد کە هەمیشە پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەبن، *پێداویستییەت* چاو لە ئۆبژەیەکی تایبەت دەبڕێت و بەوەشەوە خۆی تێر دەکات. بە پێچەوانەی ئەمەش *داخوازی* خۆی فۆرمۆلە دەکا و روو لە بە هانا چوونی هاومرۆڤایەتی دەکات. هەرچەندە گەر داخوازی روو لە پەیوەندییەکی تایبەتیش بکا، کە ئەو پەیوەندییە وەک خۆی بۆداخوازی شتێکی گرینگ نیە چونکە ئەو داخوازیکردنە مشتوماڵ کراوە هەمیشە لە قووڵترین شێوەدا داخوازیکردنێکە بۆ ئەڤین. لە لایەکی ترەوە *مەیل* دەکەوێتە ئەو مەودایەی نێوان پێویستی و داخوازییەوە _ بۆ نموونە، لە لایەک ئەو هەوڵی تێر بوونە رووتەی غەریزەی زائەندە و لە لایەکی تریشەوە بوونی ئەو تەمەننایە بۆ ئەشق.خودی مەیل ئەو مەودایەیە یان *ئاستەنگەکەیە*. ئەو ئاستەنگەش ناکرێ تەنیا لە پێویستیدا بەرتەنگ بکرێتەوە، هەروەک مەیلیش لە پرینسیپدا دوور لە سۆبژەیەک ناتوانێ پەیوەندی بە ئۆبژەیەکی دیاریکراوەوە هەبێت.، بەڵکو بە *خەیاڵاندن*، واتا مەیل ئەو پەیوەندیە بەو وێنە زیندەخەوانەوە دروست دەکات کە سۆبژە بەرهەمی دێنێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوکاتیش ناکرێ مەیل تەنیا لە داخوازیدا بەرتەنگ بکرێتەوە چونکە مەیل هەوڵدەدات خۆی بەسەر ئەویتر *بسەپێنێت* و گوێ ناداتە نائاگاییەکانی ئەویتر _ لەسەر ئەوەش سوور دەبێت کە ئەویتر بە راشکاوی دانی پێدا بنێت.

پەڕینەوە لەو "خاڵی سفرە" گەورەیەی، کە لاکان باسی دەکا، واتا جیهانبینییەک سەبارەت بەو ئاستەنگە بنەڕەتیەی کە لە پەیوەندیەی بە خۆ دەرپرین یان گەیشتن بە ئەویتر بەرجەستە دەبێتەوە _ لاکان ئەوە بە *جەوهەری مەیل* ناو دەبات. ئەوەش لە دیدی لیۆتارەوە بە "ئاییندارى" دەچێت و وێڕای ئەمەش لە خودی خۆیدا جیهانبینییەکی خەیاڵی *لیبیدۆیانەیە*. هەروا بە واتای لیۆتار، ژاک لاکان لە گەردوونە دەروونشیکارییەکەیدا، پایەی ئاستەنگ، نائامادەیی و ئەو **ئەویترە** نەپێکراوە دەکاتە "ئەو خوایە پەنهانە"، بەمجۆرە "ئاستەنگ" کتومت دەبێت بە جیهانبینییەکی *ئیماندارانە* ، کەواتە جیهانبینی لە پێناو لە دایکبوونەوە خۆیدا بە پروا و ئومێدەواری بارگاویکراوە؛ هەڵگری سۆراغێکی ئەبەدی، غەریزەیەکی کۆتایی نەهاتووە دژی "شیتێکی نەبوو" _ مەیلێک، واتا لیبیدۆ. بەو مانایەی کە بناغەی مەیل خودی مەیلە.

گریمانەی لاکان بەمجۆرە خۆی دەنوێنێ: دەکرێ غەریزە تێر بکرێت بەڵام مەیل بە هۆی ئەو ئاستەنگە بناغەییە قەدەری ئەوەیە کە تێر نەبێت. کەچی بە پێچەوانەی لاکانەوە، لیۆتار دەیەوێ، لە دیوێکەوە، ئەو جیهانبینییە "ئایینیە" لەسەر ئەو ئاستەنگە سەرەکییە هەڵبوەشێنێتەوە، لە دیوێکی تریشەوە جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە غەریزە و مەیل دوو رووی تاکە شتێکن، واتا لیبیدۆ، هەروا بێگومان دەکرێ ئەو ئاستەنگە تێر بکرێت/ببێت، بەڵام ئاستەنگ دوای تێر بوون هەمیشە سۆراغی ئامانجی نوێ دەکا و هەر بۆیە بەردەوام خۆی لە بزواندا دەبینێتەوە.

کەواتە بەلای لیۆتارەوە غەریزە، مەیل و لیبیدۆ سەرتاپا *بەڵییە/ژیان لە ئامێز گرتنە*. ئامانجی سەرگەرم بوونی بەردەوامی مەیل لە یاریدا، لە پێناو ئەوە نیە هەتا تێر بوونێکی کاتی، وەک پێویستیەتی خۆراک، خواردنەوە و خەو، بە دەست بێنێت، کەواتە سۆراغی "ئەبەدیانە"ی مرۆڤ دەرپرینێک نیە بۆبەدەست هێنانی ئەو شتەی کە چونکە هەرگیز ناتوانێت بە دەستەبەری بکا، بەڵکو ئەو دەرپرینە زیاتر لە پێناو ئەوەیە کە دۆزینەوە یان دەستەبەرد کردن و ئەزموونی گۆشە نیگایەکی جەغتکراوە بە دەست بێنیت، کە وەک خۆی باشە، گەر مرۆڤ نەترس بێت لەوکاتەی کە خودی خۆیەتی لەناویدا بژی و بحەسێتەوە. واتا لیۆتار دەمڕاستیێ سۆراغکردنێکی دوو دڵ و بێسنوور نیە کە بەدوای شتێکی **راست و دروست** دەگەڕێت، دەمڕاستی سۆراغێکە کە بە دڵنیاییەوە هەرگیز ئامانجەکەی بە دەست ناهێنێت. بەڵکو ئەو نوێنەری سۆراغێکی *وریا* ئامێزە کە لەوێدا مرۆ *بە تەواوی خۆی لە رێژەگەرایدا تەرخان دەکات*.

وەکو تر لە روانگەی لیۆتارەوە هەموو چەمکە فەلسەفییەکان، بۆ نموونە، خودی چەمکگەلی "جیهانبینی"، "نیشانە"، نەرێتی"، "کات" و "چەمک" کە لە *لاواز کردنی چڕایەتیەکانەوە* سەرچاوەیان هەڵدەگرن. هەڵبەتە لێرەدا ئەوە زیاتر لەگەڵ لیۆتار دەسازێ کە نەڵێین ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەمکەگەلە "سەرچاوە هەڵدەگرێ لە" بەڵکو دەبێ بڵێین کە ئەو چەمکگەلە وەک دیاردەیەکی هاودەمانە "وێکڕا هاوئامادەن"، بە دیدی لیۆتار تەواوی تێرامانە فەلسەفی و فەلسەفە بیژۆکەکان سەبارەت بە "مەیلی نۆستالگیانە" ، "سۆراغی ئەبەدیانە"، "پەرێشانی خامۆش نەکراو" و "ئەوەی کە نەوتراوە" بە نزمکردنەوەی ئابووری لیبیدۆیانە (نوێنەرایەتیەکی غەریزە ئامێز) دەستپێدەکەن. بەهایە جودایەکان لە پچڕانی ئاراستەیەکدا وەک هاوئاهەنگیەک دەترازێن. چڕایەتییەاکن لاواز دەبن و ئاڵوگۆڕدەکەن، نۆستالگیش، با نەڵێین مێتافیزیک بەرجەستە دەبێتەوە. بە واتای لیۆتار، کە ئەوە شێوەیەکە لە داهێزران.
لێ بۆچی ئەو داپچڕانەی ئاراستەیە ڕوودەدات، مرۆ دەتوانێت بۆ ورووژاندن ئەو پرسیارە بکا. لیۆتار لە وەڵامدا دەڵێ، ئەی خودی ئەو سزادانەی کڵێسەیەو و سەبر نەگرتنە بۆچی، لێرە مەسەلە بە وردی بەندە بە *کەمگرتنی چڕایەتی*. ئەوە پرسیارە بەندە بە نیگا گرتن بۆ دواوە و نۆستالگیەک کە لە پێناو مانا و ڕامانێکدا خۆی دەبەستێتەوە بە ترادیسیۆن، مێژوو و قەڵای ڕابردوو _ بەڵام ڕەنگە ئەو مانا و *ڕامانە پێشتر* بوونیان نەبێ، بەڵکو ئەوانە شتێکن کە فراوانترن، دەژین، لێرە و لەوێ بەرهەمهێنەرن، *ئاراستەکەیان بەرەو پێشەوەیە*.
لیۆتار لە *ئابووری لیبیدۆیانە*دا ئاماژە بەوانە دەکات، کە سەرچاوی هەموو سادەییەکی شپرزە ئامێز لەسەر ئەوە سەرهەڵدەگرێت کە *هزراندن خۆی لە خۆدا لیبیدۆیە*. هزر لە مەیلەوە بەرهەم دێت، هزر وەک گرژییەکی نێوان وزەی فیزیکی و چڕایەتییەکان پێناسە دەکات. واتا پەیوەندی تیۆری و نەریت/پراکسیس پەیوەندییەکە لە مەیل، لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکانی مەیل بە هەمان شێوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئابووریی و پرۆسەی هزر یان پەیوەندییە زمانییەکان بناغەیین. پەیوەندییەکانی مەیل بناغەیی و "بێلایەنن" بەو مانایەی کە ئەو پەیوەندییانە خۆیان لە ناوەڕاستی "تاکەکەس" و "کۆمەڵگا"، نێوان "سۆبژە" و "ئۆبژە"، نێوان "ستروکتور" و "مێژوو" ...هتد، دەبیننەوە. بە کورتی مەیلە مرۆڤایەتییەکان وزە، بواری هێز، هەڵگیسێنەری کردە مرۆڤایەتییەکانن.

## جەستە و بینینە هەستەکیەکان: فروانکردنی شوێنە هەوەسدارەکان ١٧

*ئابووری لیبیدۆیانە* بە شیکردنەوەیەکی پوختە و وردەکارانە لەسەر جەستەی پەرش و بڵاو، لێکپچڕاوی ژن دەستپێدەکا، بە *بەڵێ* یەکی هانکیرانەش کۆتایی دێت! _ بەڵێیەکە بۆ ژیان، بۆ لیبیدۆ، بۆ چڕایەتی و بۆ بان شلەژانی و فلیقانەوەی سەرمایەداری. لە نێوان ئەو پێشەکی تەقینەوە مێینەیە و ئەو بەڵێیە کۆتایی هێنەرەدا 300 لاپەڕە لەو کتێبە تەرخانەکراوە بۆ تاووتۆکردنێکی دوور و درێژ لەسەر مێژوو، کولتورە جودایەکان، ژیارەکان، سیستەمی سیاسی، هەموو جۆرە شێوەکانی چەوساندنەوە، فشار و سۆزانیەتەکان _ ئەوانە هەموویان بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێوەیەک گەڵاڵە دەکرێن کە من دەخوازم بە *ڕەزامەندی هەستێکی لێوان لێو لە سەرکەوتن/euforiskt samtycke* و *سروتی ڕۆحانیەتێکی لە ئاسایی بەدەر -orgastisk överdrift-/* ناودێریان بکەم.

ڕەنگە *ئابووری لیبیدۆیانە* یەکەمین هەوڵێک بێت کە بیەوێ *ڕاڤەیەکی شیزۆ/schizoanalys* یان ڕاڤەیەک بۆ ئەو واقیعە مۆدێرنە درز بردووە بکات (بەڵی، وەک ئەوەی ئەو واقیعە تاقیبکەیتەوە تا بینووسیتەوە)، کە ئەو هەوڵەی لیۆتار نزیکە لەو شێوازەی دۆلوز و گۆتاری کە لە بەشی یەکەمی بەرهەمە گەورەکەیان بەناوی *ئەنتی_ئۆدیپۆس* لەسەر سەرمایەداری و شیزۆفرینیا ئەنجامیانداوە.

لیۆتار بۆ ئەوەی جیهان و مێژوو لە ڕوانگەی تاکە پرینسیپێکەوە شرۆڤە بکات، کتومت وەک فەیلەسوفەکانی پێش سۆکرات، یان کتومت وەک ئەو شێتە خۆبە مەزن زانە باڵگرتووانەی کە بەر لەوەی بیۆکیمی/دەرمانی چارە کردنی شێتایەتی پەیدا بێ، مرۆ دەیتوانی لە خەستەخانەی شێتەکاندا چاوی پێیان بکەوێت، کەچی دوای دورستکردنی بیۆکیمی تەواوی ئەو شێتانە "هاوشێوە" کران، واتا چیتر وەک شێتی سروشتی نەمانەوە، خۆی توردەداتە ناو پرۆژەیەکی هەڵبەستراو/mytomant . بەڵام ئەمجارە ڕوانگەی لیۆتار نە پەیوەندی هەیە بە زەوی یان ئاگر، هەروەک دەزانین کە ئەوانە بنەچەکەی ماددەکانن، هەروا نە بە *apeiron* یش *(شوێنێکی خاڵی لە ماددە)*، وەک ئەوەی کە ئەو بیرۆکەیە لای ئەنەکسیمەندەر/Anaximander دا هەیە، بەڵکو ئەو تاکە پرنسیپەی کە ئەو دەیەوێ جیهان و مێژووی پێ شرۆڤە بکا ئەوە چێژ *وەرگرتنە/la jouissance*.

بەمجۆرە لیۆتار بە ڕووی تیۆریی ڕەخنەیەکی ترادیسیۆنی هەڵدەکاڵێ، بەڵێ، ئەو بای تۆزقاڵێکیش خۆی بەو ڕەخنەیە خەریک ناکات چونکە ئەو مەبەستی ئەوە نیە کە ئەو ڕەخنە ترادیسیۆنە زیاتر ڕوون بکاتەوە یان پاداشتی ئەو ڕاستییە یان ئەویتر بداتەوە بەڵکو ئەو دواجار تەنیا بەوە "دڵخۆش و بەختەوەرە" کە لەناو جەرگەی شێوازەکانی مێشک تێکدان و ساختەکاریانەی کە ژیاری سەرمایەداری بەرهەمی دێنێت بتوانێ چاوی خوێنەر بۆ چێژ وەرگرتن بکاتەوە. نابێ بنەمای دەروازەی نووسینەکەی بۆ شانۆیە لیبیدۆیانیەکەی ***تەنیا وەک واتایەک بۆ بێئومێد کردن*** یان ***بەس بۆ هەوەسبازی*** لێکبدرێتەوە.

وەسفی سیستەماتیکیانەی کتێبەکەی لیۆتار بۆ "ئەو جەستە تێکشکاوە" لە جولەی هێڵەکانی تابلۆیەکی بێلمار/Bellmer زۆر نزیکە. ئەمەش پەیوەندی نیە بە ئەناتۆمیەتی، (وەک خوێن و گۆشت ... یان بایۆلگیەت ) جەستەوە، یان هێڵە دەرەکیی ، پێچەکان، بەرزی و نزمیەکانی جەستەوە، یان دەنگە ناوەکیەکانی جەستە. بەڵکو ئەو باس لەو جەستەیە دەکا کە کتومت وەک زونێکی هەوسدار، پەلی هاوێژاوە، "بەبێ بوونی دیوێک لە پشتەوە" لە پانتاییە لیبیدۆییەکان گەشەی کردووە. واتا مەسەلەکە بەند نیە بە جەستەیەکی پێوراو، پۆلێنکراو بە مۆدەکراو وەک ئەوەی کە زانست وێنای دەکا، بەڵکو بەندە بە جەستەیەک کە خرۆشیەک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستی پێدەکا و دەرکی دەکا و بە هێلی رەمەکی و گوزارەیی وێنەی دەکێشێ، جا بەدوای لۆگیکی ئەڤیندارەکەی دەکەوێت کە لۆگیکیەکان تێی ناگەن.

ئەم جەستەیەی کە لیۆتار باسی دەکا، دەکەوێتە "پێش" سانسۆر و "پێش" ئۆدیپۆس"ە و دوور لە چەپاندن و لەمپەرەکان هەموو جۆرە توانایەکی هەوەس و دەرفەتێک بۆ چێژ وەرگرتن دروستدەکا. ئەو جەستەیە وەک خودی مۆدێلێک بۆ ئابووریەکی لیبیدۆیانە نمایش دەکرێت. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لیۆتار جەستە وەک "توێژێکی هەستدار"، وەک کەرەسە هەڵگرێکی خاوێن، بزۆک، چڕ و *هاندەرێکی* راستەوخۆیانە و *بەڵێ* یەک بۆ ژیان، پێناسە دەکا.

ئەو ئابووریە لیبیدۆیانە وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ یان دژە بەرپەرچدانەوەیەک بە دژی هەموو تیۆرییەکانی وێنەکێشان، هەموو تیۆرییەکانی نەرێتی و ئاستەنگەکان، دەدوێ و دەنووسێ. کەواتە مرۆ دەتوانێ بڵێ_ ئەگەر ئێمە مێتافۆری ئێرۆتیکیەکان دوا بخەین _ ئەو ستراکچالیزمەی کە بەهرەیان لەتیۆریەکانی دەروونشیکاری وەرگرتووە (بۆ نموونە قوتابخانەی لاکان) ئەندامی نێرینە یان سیمبوولی زاوزێکردنی نێرینە/fallos وەک *بەهای وێنەیەکی هەست بین، وێنەیەکی مەتەڵ ئامێز* پێناسە دەکەن، دوای ئەوەی کە ئەو بەشە پیاوانەیەی جەستە دەخەسێنرێت لە جەستەی لیبیدۆیانەوە داپردرێت و بەرەو جڵەوکێشی دەرپرینی سێکسگەرایی بەرز دەکرێتەوە: دەبێتە بەرپەرچدانەوە گەورەکەی دەروونشیکاری، واتا ناچار دەکرێت. – بە گشتی مرۆ دەتوانێ ئەو مامەڵەکردنە لە بواری سیاسی (پاشا، سەرۆک، پەرلەمان) و لە بواری یاسایی (رێسایەکان، یاسایەکان، نۆرمەکان) و لە بواری ئابووریدا (پارە، بەهای گۆرینەوە، قازانجکردن) ...هتد، بدۆزێتەوە.

لە روانگەی لیۆتارەوە لە چوارچێوەی ئەو هەموو پرینسیپانەدا ئێمە وەک شایەد عەیانێک رەگەزی دەسەڵاتێکی فەرمانرەوای *نێوەند* و *خۆ بە دەمڕاست* پێکدێنین، کە ئەو دەسەڵاتە وەک "بریاردەرێک" کردەکانی خۆی دەچێنێ و رەگناژۆ دەکا و لە ئاستێکی بێکۆتاییدا *ئامادەیی خۆی*، خۆ *رەپێشکردنی*، خۆ *تێرکردنی* – چێژ *وەرگرتنی* دەسەپێنێت، ئابووری لیبیدۆی لیۆتار لە بەرانبەر ئەو جیهانبینییە دارێژراوە، ئەو نمایشکارییە تیاترۆیانەدا قورسایی ئەو کۆچەرایەتی و چڕایەتیە نیگا ئامێزە، ئەو بنەمایە رزگارکارانە رادەگەیەنێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە لە کۆمەڵگا چاودێرکار و-کۆنترۆل کارەکەماندا دەبێ بتوانین لە چەندان شێوەی "چڕایەتیەکی رێکخەرانە" - وەک چەشنە کۆچ کردنێکی خەڵک یان کۆچی پۆلە باڵندەیەک لەم ژیانە پروانین و تاقیبکەینەوە.

هەڵبەتە وێرای ئەو هاندانە بۆ "سۆراغکردن" و چڕایەتیە نیگا ئامێزە، بەڵام مرۆ دەتوانێ راستەوخۆ بە پێچەوانەی لیۆتار بڵێ کە هەموو ئەوانە بە رێگای زمانەوە بەرجەستە دەکرێنەوە و دواجاریش دەکەوێتە ژێر رکێفی هێماکانی زانستی زامانەوانی ئابووریانە، کە لەوێدا هەمیشە جۆرە درزێک لە نێوان دەرپرین و ناورۆکدا ئامادە دەبێت. بەڵام لیۆتار نکۆڵی لە بوونی ئەو درزە و رۆڵە پەرت و بڵاوکارە ناکات. ئەو تەنیا پێشنیازێک دەکا کە ئەو درزە *بزوێنەرانە لە نێوان ناوەرۆک و*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*دەرپریندا دابنرێت*، تاکوو بە مانایەک  ئەو درزە بتوانێ خوولبخوات، بەمجۆرە تا مرۆ بەردەوام بتوانێ ئەو دەرپرین و ناوەڕۆکە لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆریان بکات؛ بۆ ئەوەی مرۆ بەردەوام نۆرەی شوێنی بەرکەوێت، تا *بەڵێ* و *نەخێر*، قبووڵکردن و رەتکردنەوە، ناوەکی و دەرەکی، بەرکەوێت.
بە واتایەکی تر لیۆتار پێشنیاز دەکا کە مرۆ توانای خۆی بە شێوەیەکی پەرادۆکسال/لێکدژ بەکار بێنێت تاکوو وەک *شەحنکەرەوەیەکی چڕایەتی* فشار دروستبکات. مرۆ بۆ ئەوەی  بزانێت کە ئەوە کام بابەت بەخۆوە دەگرێت دەتوانێت    ناراستەوخۆ (وەک خوێنەرێک) دەرکی کاریگەرییەکانی ئەو *شێوازە* بکات کە لیۆتار *ئابووری لیبیدۆیانەی* پێ نووسیوە. ئاوازی بەرز و وروووژێنەرانەی کتێبەکە لە ئاراستە بێ پچڕانەکەیدا لەناخی خوێنەردا بە دەم ئاخاوتن – هاوارکردن-گۆرانی-سەما و بە *نووسێنێک* بە دەم چەپڵەڕێزانی پەیڤە سەرهەڵگرتووەکانەوە بەڵگەکانی لۆگیک یان کۆلۆگیک گەمارۆ دەدەن.
لێ لە دیوێکی ترەوە خەونە وروووژێنەرانەکەی لیۆتاری ئەوەیە کە گورزی خۆی لەناو بواری سیاسیدا بسرەوێنێت. دەبێ بگوترێ، کە لیۆتار، وەک سیاسیەکی چاڵاک لە رابردوودا تواناداره، هەر بۆیە، ئەو لە کەسانی تر زیاتر شارەزایە لەوەی کە ئاشنا بوون لەگەڵ نووسینەکانی مارکس چەند چێژدارە و کەم و زۆریش ئاگای لە گشت  نەخۆشییەکانی مامۆستایە سۆسیالیستە خۆ بە زلزانەکانی پشت مێزەکانە کە خۆیان بە *مارکسی سیاسی* دەزانن و بۆ ئەوە دەژین تاکوو ئاماژە بەوە بکەن کە ئاراستەی مێزی نووسین بەرەو کام لا بکرێتەوە و لەوەش دڵنیا بن کە با_ی  **مێژوو**، **شۆڕش** و **ململانێی چینایەتی** لە پشتیانەوە هەڵبکات.
بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە لیۆتار پێشنیاز دەکا کە لە روانگەی لیبیدۆیانەوە لە مارکس بگەین یان لیبیدۆیانە مارکس بەکار بێنین، وەک "بەرهەمێکی هونەری" مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانی بکەین، لیوتاریش بە گاڵتە، ئیرۆنییەکی نەرمەوە ئەو *سەرمەستیە غەریزە سروشتیانە* بۆ مشتوماڵکردن ئاوەڵا دەکاتەوە، کە خودی مارکس لە بەرانبەر بابەتی لێکۆڵینەوەکانیدا، ،واتا پارە و سەرمایەدا هەستی بەو سەرمەستیە دەکرد.
بەمجۆرە بە گوێرەی خوێندنەوەی من بۆ ئابووری لیبیدۆیانە هەڵبەتە لیۆتار بە دوای ئەوەیە کە سەرمایەداری لەو ئابووریە لیبیدۆیانە "دوور بخاتەوە"، هەروا کاتێ لیۆتار رەخنە لە سەرمایەداری ئەمڕۆکە دەگرێت، ئەو بە دوای ئەوە نیە، کە وەک تۆڵە کردنەوەیەک لە سەرمایەداری وێنەیەکی نۆستالگی بۆکۆمەڵگایەکی نموونەیی نیشانبدات (بۆ نموونە کۆمەڵگایەکی بێ چین)، لیۆتار دەنووسێ: "سەرمایەش راهاتنێکی باشە، پڕیاری لە سێدارەدان یان قەسابخانە دانانە بۆ دەسەڵات و دامودەزگایە باوەکان، بەلانانێکی چاڵاکانەی جیهانبینیە قەتیسماو و دڵنیاییە جێبەجێکراوەکانە، نەشتەرگەریی مرۆڤێکی رۆبۆتییە لە شارەکان، جیهانبینی خەیاڵەکان و جەستەی مرۆڤەکانە."
بە دیدی لیۆتار دەبێ روانگەی ئەو جۆرە رەفتارە سیاسییە بەکار بێنین، نەک بە رەخنەیەک بۆ خۆ بە دوور گرتن بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ *دڵخۆشییەکی سەرمەستانە* بەکاری بێنین. واتا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەسەلەکە ئەوەیە کە چێژ وەرگرتن زیاتر  بزوێنەر بکەین، کە ئەو چێژە بۆ لیۆتار بریتییە لە چڕایەتی و وەرچەرخێنەری. یان وەک لیۆتار خۆی دەڵێ: "ئەوە چیە کە دەبێت بگۆردرێت؟ نەبوونێک واتا دەبێ هەموو شتێک، گەیەنەری چڕایەتی بەبێ "دەراوێتە" کردن لە هەموو بەشێک لە جەستەی کۆمەڵگا رووبدات".

رەنگە مرۆ بتوانێ لەسەر ئەوە زۆر بپەیڤێ کە لێرەدا لیۆتار هەوڵدەدات ئەو چاڵاکییە سیاسییە لە مەیل چەپاندن، خۆ تەمبێ کردن و هەست بە تاوانباری کردنەکان رزگار بکات، هەروا ئەو رێککەوتنێکی داخوازیکراو لەگەڵ ئەو ئاگاییە نووشستی هێنەرە زێدە ناسراوە لای رۆناکبیرانی چەپڕۆ ئەنجامدەدا، بە واتای لیۆتار ئەو نووشستە لای ئەو رۆناکبیرە چەپڕۆیە هەمیشە لە بەرتەکێکی قووڵی ئەو سەربازانە دەچێت کە لە بەرەی رزگاری و ئازادیدا دەجەنگن.

## ٧ لە فەلسەفەی مەیلەوە بۆ سیاسەتی مەیل (؟)

لە کۆتاییدا دەمەوێ مەسەلەی لیۆتار لە چڕکردنەوەیەکدا بخە روو. بۆچی ئەو فەلسەفەی مەیلە لیۆتاریانە پێی دەگوترێ ئابووری لیبیدۆیانە؟ لیۆتار دەنووسێ، بۆ ئەوەی ئەو هەموو شلەژانە لێوان لێوە مەرجدارەی غەریزە و مەیلانە دەستنیشان بکرێن  کە لە ئابووریی سیاسیدا لە ئارادایە و دروستکەری یارییەکانە، هەروا هاوکاتیش چونکە، هەرچەندە ملکەچکراوە،  بە تەواوی ئەو سیاسەتە دەستنیشان بکرێت کە دەکەوێتە ناو شڵەژانەکان (غەریزەی ژیان)ەوە. لیۆتار ئەوە ساغدەکاتەوە کە ئەو لە *ئابووری لیبیدۆیانە* دا لەمدیو سەرتاپای فەلسەفەی سۆبژەکان و لەمدیو سەرتاپای ماتریالیزمەکانەوە هەڵوێستێک پێڕۆ دەکا، بەوەی کە ئەو بە چەقگرتنی لەسەر وزە و چڕایەتیەکانەوە سنووری خاڵە قەتیسماوە کلاسیکییەکان دەبەزێنێ. لیۆتار لە روانگەی *شوێنێک* ەوە دەنووسێت کە پێویستە مرۆ وێنای بکات، بەڵێ، واتا مرۆ بەخۆی لە خەیاڵاندنەوە ئەو شوێنە بدۆزێتەوە و شێوەی پێببەخشێت بێ ئەوەی پێویست بەوە بکا کە بە شێوەیەکی ئاوەزیانە لە تایبەتمەندی ئەو شوێنە  *تێبگات*. لەم کتێبەدا شوێن بە "توێژێکی بزۆک" پێناسە دەکرێت. ئەم شوێنە جەستە، پێست، شوێنێکە بۆ خرۆشاندن و دەرکردنەکان. ساتەوەختییێکی تێر بوونە. خرۆشاندنێکی نوێیە. هورووژان، خاو بوونەوە، هورووژانێکی نوێیە.

ئەوەی گرینگە لە ناوکۆیی مێژووی تیۆرییەوە ئەوەیە کە ئەو "دژە تیۆریە" خۆی بۆ پێشەوە رەپێشدەکا تاکوو شێوەکانی سیمۆتیک، دیالێکتیک و رەخنە تێکبشکێنێ، کە بەلای لیۆتارەوە ئەوانە هەموویان مانای "شێوەیەکی نێگەتیف لە هزراندن" دەگەیەنن. ئەم وێنا کردنە هزرییە نێگەتیڤە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاریی مۆرالییە کلاسیکیانەی کە لە جیاکردنەوەی نێوان **باشە** و **خراپە** کە وەک دوو دژ بەرانبەر یەکتردا دانراون، لە پاڵ ئەوەشدا وەک بەردەوامییەکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

راستەوخۆی ئەمەوە، ئەو شێوە هزر کردنە نێگەتیڤەی کە لیۆتار باسی دەکا، لەو جیاکردنەوەی نێوان راستی و ساختەیی، نێوان جوانی و ناشیرینی و نێوان دروست و نادروستییەوە... هتد، بەرهەمهاتوون. لیۆتار لە *ئابووری لیبیدۆیانە* دا رووبەڕووی تەواوی ئەو گریمانە بێمەرجانە دەبێتەوە و دەستنیشانیان دەکا، *چڕایەتییە/inensitet* هەڵچووەکانیش جەغدەکاتەوە، واتا هەموو چڕایەتییەکی هەست هەڵگر، غەریزە ئامێز و وزە بارگاویکراوەکان ئاوەڵا دەکاتەوە، کە لەناو هزراندن و لەناو برسیەتی زانیاریی مرۆڤایەتیانە بەدوای سۆراغێکی بەردوامی *واتا*دا، لە یارییەکی  هاوپەیوەندن _ بەڵام بە شێوەیەکی داپۆشراو، بەرتەنگکراو.

لیۆتار رادەپەرموێ بۆ ئەوەی ئەو داپرانە لەگەڵ ئەو شێوە هزرکردن و دەرپرینە باوەی کە بە گۆشەنیگا و شێوەی دەرپرینی سادەکانیەوە، نەک بە رەخنە بە مانای تایبەتمەندانەی وشە و واتایە ناوەڕۆک هەڵگرەکانەوە، گەڵاڵە دەکا. گۆشەنیگا و شێوەی دەرپرینەکان بە دەرپرینێکی شەڕەنگێز و هەڵچووانەوە لە هەموو شێوەی رامانە فێرکراوەکان و شێوەی جیهانبینیەکان مەحفدەکاتەوە، کە هەندێ جار سنوور بەزاندی وشە هاوئاهەنگ دەکا تاکوو داڕشتنەکان، خوێنەر یان ژیان یەکسەر لار ببنەوە و هەڕەشە لە داڕماندنیان بکات. بەڵام ئەو کارەی ئەو هیچ شتێکی زیان بەخش ناکات. چونکە سەرگەردان کردن بەرهەمدارە. ئەو سەرگەردانیە موچڕکێک دروستدەکا تاکوو مرۆ خۆی دەستبکات بە بینین و هزر کردن، بەڵێ، بۆ ئەوەی لەو کاتەی کە لیۆتار دەست لە نووسین هەڵدەگرێت مرۆ ئارەزوویەک بۆ پەرە پێدانی نووسین دەستەبەر بکات.

*ئابووری لیبیدۆیانە* هاوشێوەی *ئەنتی_ئۆدیپۆس*ی دۆلوز و گۆتاری نەخشەکارییەکە بۆ ئەو "شەکەت بوونە تیۆری"یە گشتگیرەی کە ناو فەلسەفەی هەنووکەی فەرەنسیدا هەیە، *سەفەرێکە بەرەو پێشەوە* بۆ دەرچوون لەو شێوە ڕم هاوێژانە تەنیاییەوە.

مرۆ دەتوانێ لە پوختەکرندەوەیەکدا بڵێ ریشەی کێشەکانی لیۆتار لە *ئابووری لیبیدۆیانەدا* دەگەڕێتەوە بۆ ناو هێڵگەڵێک لە ئەزموونە بە هەست و سیاسییە بارگاویکراوەکانی و ئاوێتە بوونە لە زیدەبەدەرەکانی خۆی لەگەڵ دەقە مارکسی و دەروونشیکارییەکانەوە. لیۆتار خودی ئەو وێنا کردنە لەسەر ئابوورییەکی لیبیدۆیانە لە فرۆید وەردەگرێ و بە بیر کردنەوە لەسەر ئەو وێناکردنە بە ناوکۆییەیکی ترەوە شێوازێکی کەسایەتیانەی خۆی بەو وێناکردنە دەبەخشێت، کە مرۆ ئەو ناوکۆییە لای سادێ، نیتشە، باتالی، دۆلوز و ئەوانی تر دەبینێتەوە. لیۆتار بەو وێنا کردنە لەسەر ئابووری لیبیدۆ یان غەریزەی پاشەکەوتکردن شێوازێک پێشنیاز دەکا تاکوو خۆی لە *سەرمایە* و "سەرمایەداری" نزیکبکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەو بەم نزیک بوونەوەیە دەیەوێ سەرتاپای ئەو بەهایە هەستەکییەی کە لەناو وێنا کردنەکانی *یاری سەرمایەدا* هەیە رەتبکاتەوە. بە واتای لیۆتارەوە ئەوەی کە لە چەمکی وێناکردن، بە شت کراوەکان، زۆرداری، چەوساندنەوە روودەدەن، کە ئەوانە هەموویان بە بیرۆکەیەکی ئۆرگینالی کۆپی نەکراو/patenterad وە "/خێر" و  "شەڕ" بونیات دەنێن: بیرۆکەیەکی داخراو و رقئەستوور، هەمیشەش مۆرالێکی بە شەڕ بارگاویکراوی لە پشتەوەیە. لیۆتار بە دژی ئەوە گەردوونێک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێکهاتوو لە غەریزە، وزە و جۆش و خرۆشی دەخوڵقێنێت. ئەو گریمانەیەکی بەهادارانەی بێلایەن دەخوڵێنێت کە رەنگە تەنیا دەکرێ بە خوڵقاندنی گریمانەگەلێکی تر لەمدیو خێر و شەڕە، لەمدیو مۆرالگەرایی و رۆحی رزگارکردن لە هەست بە گوناحکردنەوە شەڕی لەگەڵدا بکرێت.

لیۆتار بۆ ئەوە خۆی ئامادەباش کردووە کە لەگەڵ تەواوی ئەو بەناو *زانایانی تیۆری* یان "بە مەکینە کەری چەمکەکان" خۆی یەکلابکاتەوە، کە ئەو وا ناویان دەبات، کە دەشێ ئەو چەشنە تێگەیشتنەی لیۆتار لە فەلسەفە و ژیان و بوونە بە نائاوازگەراییەکی قووڵ لێکبدرێتەوە. بۆیە لیۆتار دەتوانێ پێشبینی ئەوە بکا کە هەموو ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری حەقیقەت/راستییەکان دەزانن و وەک نوێنەریش لای خەڵک قبووڵکراون کە هەر بزانە "دێوجامەی باڵندەی فاشیزم" هەڵبگرن و بە دژی ئەو بیشەکێننەوە. هەڵبەت لیۆتار لەبەرانبەر ئەو جۆرە رەخنەیەدا بە هاندان و لە ئامێز کردنی ئومێدەوارییەکانی گشت ئەو "جۆش و خرۆشیە بچووکانە"، گشت ئەو بزاڤە دژە هەراركیکراو و دژە باڵادەستیانەی کە کاکڵەی ئەو کۆمەڵگایە پیشەسازیە بەرجەستە دەکەنەوە داکۆکی لە خۆی دەکا. هاوکاتیش ئەو لەو رۆژگارەدا دەرپەڕێنێک بەدیدەکا کە بەوە دەتوانێ داڕمانی بەهای **حەقیقەت**، **یەکایەتی** و پێودانگی مەبەستەکان مەزەندە بکات. ئەو هاوسۆزە لەگەڵ *سیاسەتی کەمایەتییەکان*، سیاسەتی کەمایەتییەک، کە بە مەبەستی هەندی خاڵ و بێ ناوەند کردنی شەڕەکان تاکە روانگەیەک لەوەدا ئەوە کە قەیرانەکە *قووڵتیر بکاتەوە* و ئەو قەیرانەش بگاتە چڵەپۆپەی تەقینەوە بەمەش زەمینەیەک بۆ شتێکی تر و نوێ ئاوەڵا ببێتەوە.

بۆیە ئامانجی سیاسی لیۆتار ئەوەیە کە *هێزی بزاڤە لاوازەکان* پەرە پێبدا. لیۆتار پەیامی کۆدەتایەکی بێ زیان/بریندار نەکراو رادەگەیەنێت کە ئەوەش سەرتاپای گروپە چەوساوەکان، سەرتاپای بێدەسەڵاتەکانی سەر گۆی زەوی بەخۆیەوە دەگرێت، بەلای لیۆتارەوە ئەوە ریسوایی/سکاندالێکی گەورەیە، چونکە ئەو چەوساوە و بێدەسەڵاتە لاشەڕانە/ناڕوشێنەرانە کە بەشی زۆرینەی مرۆڤایەتی پێکدێنن. واتا لیۆتار خۆی دەکات بە زمانحاڵی"کەمایەتییە" سیاسییەکان کە زۆرینەیەکی گەورە، سەرتاپای چەوساوە و بێدەسەڵاتان لە خۆیدا *کۆدەکاتەوە*. ئەمەش تێرامانێکی سیاسی _ شاعیرانەیە بۆ "کودەتایەکی لاشەر، کودەتایەکی بێ *سەر* و بێ *کلکە*، بێ هیچ ماڵێکی جێگیر، بێ بەرنامەیەکی بە دام و دازگا کراو و بێ پرۆژەی پرۆگرامێکی سەقامگیر."

فەلسەفەی مەیلی لیۆتار بە ئاماژە کردن بۆ جەستەی گشت مرۆڤ و کۆمەڵگا و گشت زون/شوێنە هەوەسدارەکان دەستپێدەکا و سەرهەڵدەگرێ و، بە ناوی حەز و چێژ وەرگرتنەوە دەخوازێ مرۆڤەکانی گشت وڵاتەکان لەسەر خاکێک کە وەک جەستەیەکی زەبەلاحە لە *ژیان* کۆبکاتەوە، کە ئێمە هەمووومان بەشێکین لەو زەوییە، کتێبەکەی خەتم دەکا، بەمەش دەرفەت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ چێژ وەرگرتن ئاوەڵا دەکاتەوە، بۆیە بە لای لیۆتارەوە ئێمە *بەرپرسیارین* لەوەی کە بە شێوەیەکی گونجاو سەرپەرشتی ئەو زەوییە بکەین.

## بەشی شەشەم

## V1 خوێندنەوەی بۆدلیار

### 1 هێمایە ئیرۆتیکییەکان

ژان بۆدلیار/ Jean Baudrillard، لە ساڵی 1992 لە دایکبووە، کۆمەڵناسێکی فرە جەربەزە و هزر زەنگینی فەرەنسییە، پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی Nanterre_universitetی پاریس . بۆدلیار بە گشتی لە لێتۆژینەوەکانیدا *رەخنە لە کەرەسەی چەمکە ترادیسیۆنەکانی کۆمەڵناسیی و بواری لێتۆژینەوەکان* دەگرێت. بۆدلیار لە بەرهەمە رەخنەییە جڤاکییەکانیدا دەخوازێ شێوەی تێگەیشتنە باوەکان نیشانبدا، کە لەوێدا ئیتر ئەو شێوە تێگەیشتنە مارکسیستیە چیتر توانای پیادە کردنیان نەماوەتەوە لە ئاست کۆمەڵگایە هاوچەرخەکاندا.
بە لای بۆدلیارەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ئەو کۆمەڵگایە هاوچەرخە _ بە گشتی ئەو کۆمەڵگایە پیشەسازییە بە تەکنیک کراوە ئاڵۆزە بە تایبەتیش ئەو کۆمەڵگایە سەرمایەدارە هاوچەرخە _ رەنگدانەوەی *شۆرشی بەهایەکانە*، واتا ئاکامگیری وەرچەرخانێکی سەرتاسەری بوو لە شێوازی جیهانبینیەکان بۆ پێوانەی ئابووری و هاوکات بە گشتی ئاکامگیری وەرچەرخانێک بوو لە تێگەیشتنی بەهای ناوەرۆکی ئەو جیهانبینییە. لە روانگەی بۆدلیارەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێگەیشتن لە نرخی گۆڕینەوەی کەرەسە و شێوەکانی گۆڕینەوە لەم کۆمەڵگایە هاوچەرخەدا ئێمەی بەرەو ئەمدیو شێوەکانی ئەو گۆڕینەوەیە، بەرەو شێوەیەکی رادیکالانەی نوێی نرخ پەلکێش کرد، لە ئاکامی ئەمەشدا لە پێناوی گرینگایەتی نرخی کەرەسەدا تەواوی دەلالەتەکان ونبوون. گرینگی نرخی ئۆبژە/شتەکان کران بە نرخێکی سیمبوولی رووت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گرینگی مەبەستی شتە بەرچاوەکانە، کە بۆ نموونە لە رێگای ریکلامەوە دەکرێنە کۆمەڵی نرخی خەیاڵیانەی ماتماتیکی.

بۆدلیار لە بەرهەمەکانی بەراییدا وەک: *سیستەمی ئۆبژە/شتەکان_ Le Système des Objects*، 1968، *کۆمەلگای بەرخۆر_La Socièté Consommation*،1970، *رەخنەیەک لە نیشانەکانی ئابووریی سیاسی_ Critique de ’lEconomie Politique du Signe Paur une*، 1972 و *ئاوێنەکانی بەرهەمهێنان_Le Miroir de le Production*، 1973دا، ئەو گەردوونە کولتورە تێکنۆلۆگییەی ئێمە وەک جیهانێک کە نیشانە/sign باڵادەستە بەسەریدا پێناسە دەکا. لە ژیانی ئابووریدا ئەو شتانەی کە پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن  چیتر وەک ئامرازە بەرخۆرییەکان، پێداویستیەک بۆ تێرکردن یان چێژ وەرگرتن، داوا ناکرێن و بەرهەمناهێنرێن، بەڵکو  شتێکی تر لە پشت ئەو ئاڵوگۆڕکردنەدا لە یارکردندایە. بەڵام کام یاری؟

بەڵی، هەروەک چۆن بە پروای فرۆید خەون رەنگدانەوەی نائاگاییە، بە واتای بۆدلیاریش بە هەمان شێوەش ریکلام، مۆدە و بازاڕ مانای ژیان و ئاراستەکانی یان ئامانجە دیاریکراوەکانی ئابووری بەرجەستە دەکەنەوە. بۆیە بە دیدی بۆدلیار، ئێمە بەرخۆرین. بەڵام ئەوەی کە ئێمە بە بەرخۆری دەکەین *نیشانەی کەرەسەکانە*، نەقش و کۆدە کۆمەڵایەتییەکانە. بە واتایەکی تر، ئێمە خودی کەلوپەلەکان بەکار ناهێنین و بەرخۆریان نەکەین، بەڵکو ئێمە ئەو سیمبوول وێنانەی سەر ئەو کەلوپەلانە و کۆدە کۆمەڵایەتییە باوەکان بە گرینگ دەزانین و بەکاریان دێنین.

بۆ نموونە لە ساڵی 30 یەکاندا کاتێ  هێنری لێفێبڤرێ Henri Lefebvre  سەرپەرشتی فەلسەفە و کۆمەڵناسی دەکرد، کۆمەڵگای وەک یاری شانۆ پێناسە دەکرد، واتا کۆمەڵگایەک کە لەوێدا هەموو شتەکان بۆ سەیر کردن لە روویەکی دەرەکی دانرا بوون و هاوکاتیش نەشدەکرا کەسێک لەو کۆمەڵگایەدا "یارییەک" بە مانای رەخنەیی_هەڵکاڵین_گۆرانکاری خۆی ئەنجامدات. بەمجۆرە لە روانگەی ئەو لێکچوواندنەوە بۆدلیار لە تەواوی بەرهەمەکانیدا خۆی بۆ قسە کردن لەسەر ئەو "کۆمەڵگایە سیمبوولیکە" تەرخان دەکا. یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی بۆدلیار لەسەر ئەوە بونیاتکراوە کە لە کۆمەڵگایەکەماندا ئەو سیستەمەی کە کەلوپەل و ئۆبژەکان دروستی دەکەن وەک *زمانێک* ئۆرگانیزە کراوە، رێکخراوە.

دەکرێ وەک بە رادیکالکردنێکی مارکس لەو بیرۆکەیە تێبگەین، کە رەنگە بۆدلیار بەهرەی لەو تێرامانە رەسەنەی ژاک لاکان وەرگرتبێت کە لە لێۆڵینەوەکەی لەسەر فرۆید باس لەروانگەی دروشمی ئەو "نائاگاییەی کە وەک زمان ئۆرگانیزە کراوە" دەکا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واتا بۆدلیار لە گۆشە نیگای دەربڕین و ئاڵوگۆڕی/کۆمینەکەسۆنی سڕکراوەوە راڤەی کۆمەڵگای بەرخۆر و ئەفسانەکان و ستروکتورەکانی دەکات؛ کە یاسای ستروکتورە ئابوورییەکانی ئەو دەربڕینە سڕکراو و ئاڵۆگۆڕییە سڕکراوانە هەمیشە گەمارۆمان دەدەن.

بەڵام سەرەتا دەمەوێ بە پوختی پێناسەیەک بۆ یەکەمین کتێبی بۆدلیار، *سیستەمی ئۆبژە*، بکەم. بۆدلیار هەر زوو لە پێشەکی ئەو کتێبەدا بە کورتی خاسڵەتی ئەو پرۆژەیە دەناسێنێت: "ئایا مرۆ دەتوانێت ئەو فرە رەهەندە لە ژمارە نەهاتووانەی ئۆبژە/شتەکان وەک ناوچەیەکی سەوزایی یان جیهانی ئاژەڵان لەگەڵ رەگەزەکانی هێڵی ستوونی و هاورەگەزەکانی دەستنیشان بکات، کە کتوپڕ لەگەڵ رەنگ گۆڕین و رەگەزەکان خەریکە لەناو بچن؟ کولتوری شار بە جۆرێک دەبینرێت کە نەوەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنان، مەکینە و *شتومەکەکان* بە شێوەیەکی خێرا بە دوای یەکدا بەرهەمدەهێنێت _ کە لەو بەراوردەدا  مرۆڤ وەک رەگەزێکی دەگمەنی جێگیر نیشاندراوە. ئەو دروشمکارییە گەشە سەندووە ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانەی کە لەو دەوروبەرەدا پەیدا بوون لە خودی سەرهەڵدانی رەگەزە لە ژمارە نەهاتووەکان تایبەتیتر نین. بەڵام ئەوەی کە پاشان دێتە کایەوە کە خودی مرۆڤ لەسەر ئەو شتانەدا نیشانەی داناوە. لەو چرکە ساتەشەوە مرۆڤ دەستی کرد بە سیستەماتیزە کردنی ئەو نیشانانە، هەروا هەر خودی مرۆڤ لەهەمان دۆخدا لەو ئێنسیکلۆپیدیایە گەورەیەدا پوختەیەکی بناغەیی لەسەر لایەنی پراکتیکی و تەکنیکی ئۆبژەکان تۆمار کرد، کە خودی مرۆڤ دونیای ئەو ئۆبژانەی پێکدەهێنا. دواجار ئەو هاوسەنگییە بەربڵاو بوو: ئۆبژە رۆژانەییەکان (ئێمە قسە لەسەر مەکینەکان ناکەین) شێوە دەگرن، پێویستی بەرفرە دەبێت، بەرهەمەکان لە دایکبوون و مردنیان خێراتر دەبن، فەرهەنگی وشە ناوێک بۆ ئەوانە پێشنیاز ناکا. ئاخۆ، لەو دۆخەدا مرۆڤ دەتوانێ بە دەستنیشانکردنی دونیای ئەو ئۆبژەنەی کە لەبەرچاواندا گۆرانیان بەسەر دادێت ئومێدەوار بێ و سیستەمێک بۆ پێناسە کردنیان پێکبهێنێت؟"

بۆدلیار لە درێژەی ئاخاوتنەکانیدا بەمجۆرە بیرۆکەکانی رادەگەیەنێ: "مەسەلەکە بەند نیە بەوەی کە بە رەچاوکردنی راڤەیەک لە یەکەیەکی ئامانجگەراییدا ئەو ئۆبژانە  لە روانگەی کایەی خۆیانەوە یان لە گۆشەنیگای پایەکانیانەوە ە پێناسە کراون، بەڵکو مەسەلەکە بەندە بە پرۆسەی ئەو هێزەی کە مرۆڤ لە پەیوەندی خۆید لەگەڵ ئەو ئۆبژانە و بە کاریگەرییە دوو لایەنی و پەیوەندییە سیستەماتیکەکانی مرۆڤایەتیەکەی، کە ئەمانە خۆی لە خۆیدا پێکهێنەری ئەو سەرەنجامەیە."

کەواتە بەلای بۆدلیارەوە خودی ئۆبژە سەرنجکێش نیە بەڵکو ئەو پەیوەندییەی نێوان ئۆبژە و مرۆڤ جێگەی سەرنجە: بە واتای بۆدلیارد پەیوەندیە سیمبوولییەکان دروستکەری هەم مرۆڤ و هەمیش ئۆبژەن، مرۆڤیش لە دووانە مانایەکدا هەرچەندە کە خودی ئەو مرۆڤە بوونەوەرێکی ئاخێوەرە هاوکاتیش دەتوانرێ _ تەنانەت بە رێگای ئۆبژەشەوە _ *رازی بکرێت*.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆدلیار له دەقه جوان و لێوان لێو له هزرەکەیدا دەربارەی ئۆبژە ئەنجامگیریەکی لێکئاڵاو لەمەڕ وردەکارییەکانی کۆمەڵگای بەرهەمهێنەر و بەرخۆرانه پێشکەش دەکا: ئۆبژەی نوێ، بەردەوام بەرهەمهێنانی ئۆبژەی نوێ، ئەرکی نوێ، ئامێری ئۆتۆماتیکی، هەموو جۆرە شتێکی پروپوچ، دۆزینەوەی نوێ، هەڵبەستنی بیرۆکە، ئیشی کڕین و فرۆشتن ... بەرهەمدەهێنێت. له روانگەی بۆدلیارەوە ئەو "نوێکردنەوە" تەکنیکییه فێر بوو ببێته وزەی *جۆشدانی شۆڕشگێڕانەی* ڕۆژانەی ژیان. هاووڵاتییه ئاساییەکانی کۆمەڵگا، نموونەکانی بەرخۆری، که له هەموو شوێنێک له ماڵەوە (له ژیانی تایبەتی خەڵکدا) بۆ سەرنجکێشکردن، خۆشی دەستکرد و بەرفرەکردنی بەرخۆرەکان، سەرگەمن به دوای راوکردنی نوێکردنەوەی کارگەی ئۆتۆمبیل، ریکلامکردنەوە؛ سەرقاڵن به دوای پەیدا کردنی زیاتر و زیاتر کردنی پارە، وزە و خەونەکان، بۆیه ئەمانەش گرینگترین بوارن که بۆدليارد له *سیستەمی ئۆبژە* دا باسیان دەکا.

به خۆ نزیکردنەوەی بەرخۆران له ئۆبژەیەکەوە بۆ ئۆبژەیەکی تر، له خودی ئۆبژەوە بۆ ئەو وێنانە، له وێنەی ئۆبژەیەکەوە بۆ زمان_گوتار لەسەر ئۆبژە و له دوا مۆدێلەوە بۆ ئەو مۆدێلەی بەڕێوەیە، که به واتای بۆدلیار ئەو به بەرخۆر_ئۆبژە بوونه بۆ بەربڵاو بوونی کەلوپەلی ئەو رەفاهیەته و کردە بێوێنەکانی "ورێنه" دەکا، که هەموو مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایه رەفاهیەته تا ئەوپەڕی بەو لۆگیکه که باڵادەسته بەسەر دۆخ، رێکخەریی و شێوەکانی ئیشکردنی ئەو "ئۆبژە، شتومەکە" نوێیه سەرقاڵن.

بەمجۆرە بۆدلیار گریمانه بێمەرجیەکەی خۆی دەخەملێنێت. بەڵام ئەو بۆچوونه زۆر جار دووپاته و قووڵکراوەتەوە که بۆ ئێمه ئەو شتنانەی که بۆدلیار شیاندەکاتەوە وەک "راستییەکی بەڵگەنەویست" قبووڵمان کردووە. بۆیه ئێمه هەمووما‌ن دەتوانین پشتگیری له بۆچوونەکانی بۆدلیار بکەین.

پاش ئەوە بۆچوونێکی تری بۆدلیار دێته ئاراوە، که وەک گریمانەیەکی رەسەنی کارەکانی ئەو ئاماژەی پێدەکرێت. ئەو گریمانەش باس لەوە دەکا که ئۆبژە/شت، کەلوپەل و وێنەکان هەر تەنیا بۆ بێخەوشکردنیان زیاد له پێویست خشت و دڵگیر ناکرێن، بەڵکو ئەو کەلوپەل و وێنانە بەر له هەموو شت به رێگای ریکلام و پروپاگەندەوە به شێوەیەکی نادیارانه ناوەڕۆک و ئاراستەیەکی تر وەردەگرن. ئێمەش له باڵاترین شێوەدا بۆ ئەو ئۆبژە/ شتانە وەک جۆرە مۆدێلێکی کۆمەڵگا ئامادە دەکرێین و به هەمان شیوەی کەلوپەلەکان وەک ئەوەی "ئازادی" و "بەختەوەری" کانمان بن، بەسەر ئێمەدا پەرشدەکرێنەوە: ئەو سیستەمه بەرهەمهێنەرە هاوچەرخە بووکە شووشەیەکی سەرنجکێش بەکار دێنێت بۆ ئەوەی ئاراسته و بەهای کڕیارە ئاشقە ئازادی و تێنووەکان و تاکەکەسە کۆنترۆلکراوەکانی جڵەو بکات.

ئەو شتومەکە جودایانەی که رۆژانه گەمارۆمان دەدەن ناوەڕۆکه ماددی و مانای کاریگەرییە کردەییەکانیان پووچ نابنەوە. ئەو شتومەکانه به گوێرەی رەوتی ئامانجی کەلوپەلەکان، بازنەی ناکۆکیەکان و دابەشکاریی پێویستییەکانی دونیای ئۆبژە، دەقگرتنی ئۆبژەکان به پێی ئاڵوگۆڕی


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مۆدەکان پەرە دەسێنن _ بە دیدی بۆدلیار سەرتاپای ئەوانە تەنیا شتگەلێکی *ساختەن* کە نابێ رێگە بدەین ئێمە فریو بدەن. نابێ نمایشکردنی ئەو ئۆبژە ساختانە بۆ کاتێکیش بە جۆرێک سەرنجمان رابکێشێت کە ئەوە فەرامۆش بکەین یان ئاگامان لەوە نەمێنێ کە ئەو ئۆبژانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بچنە ناو یەکەی سیستەمێکی سیمبوولی، هەروا مرۆ تەنیا بە روانگەی وێنا کردنی ئەو سیستەمە سیمبوولیکەشەوە دەتوانێت بیر لە چەمکێک لەسەر **بەرخۆری** بکاتەوە، واتا بە خۆی لەسەر بەرخۆری تیورییەک گەڵاڵە بکات.

ئەوەی کە بۆدلیار لە *سیستەمی ئۆبژە/شت* دا راڤەی دەکا لۆگیکی ستراتیژی یەکایەتی ئۆبژەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوە، بۆدلیار ئەو جۆرە لۆگیکە تاووتۆ دەکا، کە لە نێوان ستراتیژییەکانی باری دەروونی تاکەکەس ئەرکی کۆمەڵگایەکی مەرجدار بە شێوەیەکی ریشەیی نەشونما دەکات، هاوکات ئەو لۆگیکە لە لایەک لە نێوان میکانیزمی پرۆژەکان و لەلایەکی تریشەوە لە نێوان یارییە ئاڵۆزەکانی مۆدێلەکان و مۆدێلە یەک بەدوا یەکەکانەوە بە قووڵی لە گەشە کردندایە.

بەمجۆرە بۆدلیار لە بەرهەمەکەی یەکەمی خۆیدا لە روانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاری سیمۆلۆژی/نیشانەناسیانە لەسەر پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی دیکۆری ماڵ، کڕینی ئۆتۆمبیل، مێشوولەی مۆدێل، کۆکردنەوەی شتە هونەرییەکان، چاڵاکی، پاشەکەوتکردنی وزەی کارەبا و ... هتد دەخاتە بەر ئەنجامدەدات. بەلای بۆدلیار و ئێمەوە ئەو ئەرکە بریتییە لەوەی پێویستە "دیقە بدەین" کە لە روانگەی مرۆڤەوە ئەو دیاردانە چۆن ئۆرگانیزە دەکرێن، چۆنیش ژیانی تاکەکەس و هاوبەشی مرۆڤەکان لە نێو ئەو تۆڕە پێکهاتووە لە نیشانە_شتگەل و پاشان کاریگەریی نیشانەکان ئۆرگانیزە دەکرێن، کە لە یەک کاتدا ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ ئۆبژە/شتدا هەم واقیعی و هەمیش خەیاڵیانە لەگەڵ یەکتردا لێکئاڵاو دەکردێن.

کتێبەکەی بۆدلیار *سیستەمی ئۆبژە* کە لە 1968 نووسیویەتی هەتا ئەو ئاستە پردەکا. بەرهەمەکەی تریشی بریتییە لە *کۆمەڵگای بەرخۆر/Konsumtionssam**hället*** کە ئەو کتێبە وەک قووڵکردنەوەیەک پەرەپێدانێکە بۆ کتێبەکەی پێشتری. ئەو کتێبە لەسەر ***بەرخۆر/ Consommation***، ئەفسانە و ستروکتورەکانی ئەو بەرخۆریە دەئاخڤێت.

بۆدلیار لەو کتێبەدا بەم جەغتکردنەوە دەستپێدەکا کە بەرخۆریی بووە بە *مۆراڵی* رۆژگار و جیهان. ئەو هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێش و رادەگەیەنێت کە بەرخۆری لە رەوتێکدایە خەریکە بنەمایەکانی چیەتی مرۆڤایەتی لە گۆڕ بنێت، ئەمەش بەلای بۆدلیارەوە لەگەڵ هزری ئەوروپییدا هاوسەنگە کە ئەو هزرە هەر لە رۆژگاری گرێکی کۆنەوە لەو هەوڵەدا بووە کە رەگ و ریشەی نێوان ئاوەز/ئەقڵی مرۆڤ و نێوان ئەفسانەکانی پەرە پێبدات. بۆدلیار هەر لە ئاکامگیریی بەرهەمەکەی یەکەمیدا *سیستەمی ئۆبژە* دا نەخشەی بۆ بەرهەمی *بەرخۆر* کێشاوە. بۆدلیار دەنووسێ: "مرۆ دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەو بەرخۆرییە وەک پەیوەندییەکی کارا ( نەک تەنیا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ ئۆبژە/شت، بەڵکو لەگەڵ هاوبەشی و لەگەڵ جیهانی دەوروبەریش) ببینێت، هەروا وەک جۆرە دووپاتە کردنەوەک لە چاڵاکی سەیری بکات کە تەواوی سیستەمی کولتوریی ئێمە بەو دووپاتە بوونەوەیە بونیاتنراوە ."

بۆدلیار لە کۆمەڵێ راڤەدا _ کە بە دەروازەیەکەیەکی روون و ورد لەسەر کتێبەکەی رۆلان بارت میتۆلۆگی (1957) دەستپێدەکا _ ئەوە نیشاندەدات کە ئەو رێکخراوە تەکنۆلۆگییە زلانە چۆن زنجیرەیەک مەیلی نوێ و بێزارکارانە دێننە گۆرێ، بۆ نموونە هەراکیەکی کۆمەڵایەتی تازە دادەهێنن کە ئەمانەش دەبن بە جێگرێک بۆ ئەو دابەشکاریی چینایەتییە باوانە، ئەو ***میتۆلۆگییە نوێ***یە بەمجۆرەیە: بۆدلیار دەنووسێ "مەکینەی جڵ شۆردن وەک ئامرازێک (ئامانجی شتومەک) خزمەتدەکا و رۆلی رەگەزی رەفاهییەت، باڵادەست_یان هێمای پایەداری/ستاتۆس... هتد دەگێرێت. لە مانایەکی راشکاودا خودی بواری هێمای پایەداریی دونیای بەرخۆری پێکدێنێت. لێرەدا هەموو جۆرە ئۆبژەیەک وەک رەگەزێکی واتا هەڵگر جێگەی مەکینەی جل شۆردن دەگرنەوە. بەمجۆرە لە لۆگیکی نیشانەدا بە گشتی وەک لۆگیکی سیمبوولەکان چیتر بە کردەکانی *سنووورداری* یان پێویستییەکی *دیارکراو* گرێنەدراون. بۆیە ئەو سیمبوولانە شتێکی تەواو جیاواز دەگەیەنن، کە یان مانای لۆگیکی کۆمەڵایەتی یانیش لۆگیکێکی سنووردار رەدەگەیەنن. بەڵام ئەو سیمبوولانە پێکەوە خزمەت بە دەرپرینی جولانەوە و نائاگایی دەکەن."

بۆدلیار بە مانایەک لە مانایەکان لەو کتێبەدا هەم سوورە لە رەخنە گرتن و هەمیش بە جۆرێک هەڵگری مۆراله". ئەو لە هزر کردنەوەدا چاڵاکی رەخنە دەستنیشانکراوە بە لۆکالیکراو و بە مۆرالیکراوەکان فەرامۆشدەکا و زیاتر و زیاتر دەبێت بە کەسێکی تێراماوانە، کە بۆدلیار خۆی بە بەرهەمە بچووکەی لەسەر فۆکۆ لەمەڕ ئەوەدا شایەدییەکی راشکاومان پێدەبەخشێ. بەڵام بۆدلیار *لێرە* ئاماژە بۆ ترسی رامان و بێگانەییەک دەکا کە بەدوامانەوەیە: وەک چۆن کۆمەڵگای سەدەی ناوەڕاست هاوسەنگی خۆی لە نێوان خوا و شەیتاندا دەبینیەوە، کۆمەڵگاکەی ئێمەش هاوسەنگی خۆی لە نێوان بەرخۆری و هەڵکاڵین بە رووی ئەو بەرخۆرییە دەبینێتەوە. هەڵبەت لە کۆمەڵگای سەدەی ناوەڕاستدا دەکرا بۆ دروستکردنی سحربازییەکی رەش خوانەناسەکان و دەستە و تاقمی خەڵک لە دەروبەری شەیتاندا کۆبنەوە. کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە سیحربازی ئێمە سیحرێکی سپییە. ئیتر لە کۆمەڵگایەکی ناپێویست چیتر بێبڕوایی، خوانەناسی جێگەی نەماوەتەوە. ئێمە لە کۆمەڵگایەکی سیخناخکراو. کۆمەڵگایەک کە لە ئەفسانەکانی خۆی زیاتر هیچ ئەفسانەیەکی تری نیە، لەبەرانبەر بیمارییەکی سپیی داخراودا وەستاوین."

لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکەی بۆدلیار لەمەڕ کۆمەڵگای بەرخۆر دەقێکی کۆمەڵناسانەی ناوەڕۆک فرە زەنگین و سەرنجکێشە، هەڵبەت ئەو نموونە گریمانەییانەی کە بۆدلیار بەکاریان دێنێت رەنگدانەوەیەکی دوونەیی/دوالیستانەیان هەیە. بەڵام بۆدلیار جارێکی تریش ئەوە بە ئەرکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی دەزانێت کە سەرتاپای ئەو ئۆبژە بەنگخواردووانەی دەروبەرمان گەمارۆبدا، کە ماسمێدیا بە شێوەیەکی راشکاوانە ئەو ئۆبژانە گەورە دەکەنەوە، کە رەنگە زیاتر تیڤی/tv - بە بەرنامە سەرگەرم کەر، تەمبەڵ کەر و ئامرازە کۆنترۆلکارەکانی ئەو ئۆبژانە گەورە بکاتەوە و تاسو لووسیان دەکات، کە ئەو بەرنامانەش بەسەر هەموومانەوە کاریگەریی هەیە.

*رەخنەیەک لە نیشانەکانی ئابووری سیاسی* ناوی کتێبێکی تری بۆدلیارە. ئەو کتێبە راستەوخۆ درێژەدانی هەردوو کتێبەکەی پێشوویەتی، کە بەشێک لە کۆوتاری "ئەرکی نیشانە و لۆگیکی چین" پێکدێنێت. لەم کتێبەدا بۆدلیار جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو حەقیقەتەی کە لەمێژە لە بواری کارواری بەرهەمهێنانی *ئابووردیدا* دانی پێدانراوە، واتا لەو بوارەدا بەهای بەرهەمهێنان هیچ مانیەکی نیە، بۆیە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بە گشتی دەبێ لە بواری بەرخۆری و سیستەمی کولتوریماندا دان بەو بەهای بەرهەمهێنانەدا بنرێت.

ئەمەش مانای وایە کە هەموو شتێک لە سیستەمی کولتوریماندا – تەنانەت بە بەرهەمە هونەریی، رۆشنبیریی و زانستییەکانیشەوە راستەخۆ وەک *نیشانە*/sign, tecken و *بەهای گۆرینەوە* بەرهەمدەهێنرێن. بەمجۆرە ئەمڕۆ "بەرخۆری" پێناسە کردنی ئەو قۆناغەیە، کە لەناو شێوازەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەدا کە بە شێوەیەکی سیمبوولی سیستەمەکەی داڕێژراوە راستەوخۆ کەلوپەل وەک نیشانە و نیشانەش وەک کەلوپەل لە ئاڵوگۆرییەکی دوو لایەنیدا بەرهەمدەهێنرێت،

بۆدلیار لە چەند روانگەیەکەوە نەخشە بۆ رامانێکی سێمۆتیکی-کۆمەڵناسی دەکێشیت، کە دەبێ رەخنە لە نیشانەی ئابووری سیاسی بە چ شێوەیەک بێت و ئەنجامەکەشی چۆن بێت. بەمجۆرە ئەگەر ئەو نیشانە ئابوورییە سیاسییە وەک تیۆرییەکی گشتی لەمەڕ پێویستییە مرۆڤایەتییەکان تەماشا بکەین ئەوە ئەوکات دەکرێ جۆرە بنەمایەک بۆ *راڤەیەکی پێویست* پێشەکەش بکەین.

لەم روانگەیەوە بۆدلیار شێوەی *نیشانە* لەسەر مۆدێلی راڤەکارییەکەی مارکس سەبارەت بە شێوەی بە *کاڵاکردن* راڤە دەکات. بۆدلیار بەمجۆرە گریمانە سەرەکییەکەی دەخاتە روو: وەک چۆن لە روانگەی مارکسەوە کاڵا هاوکات بەهای گۆرینەوەشە، لە روانگەی بۆدلیارەوە بەهای کاڵا هاوکات هەم دەرپرینە و هەمیش کاکڵەیە، کە ساوسێر زووتر ئەوەی سەلماندووە. بە هاوشێوەی کاڵا بەمجۆرە نیشانە/teckenش لە دوو ئاستدا داوای راڤەیەک دەکا، بۆدلیاریش بە هەمان شێوەی ئەو رەخنە رادیکالەی کە مارکس لەسەر چەمکی ئابووری سیاسی کلاسیکی (ئادەم سمیس، ریشاردۆ) ئەنجامیدا، دەستدەکا بە گەمارۆدانی گشت ئامرازەکانی چەمکی سیمیۆ-زانستی زمان.

لە *ئاوێنەی بەرهەمهێنان* دا کە ساڵێک دوای ئەو بەرهەمەی پێشتری نووسراوە، بۆدلیار کار و بەرهەمهێنان دەخاتە ژێر راڤەیەکی رەخنەییەوە. بۆدلیار دەپرسێت، ئایا ئەو چەمکانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە پیشەسازییەی کە لە دەوروبەرماندا پەرە دەسێنێت دەگونجێن؟ مەبەست چیە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"بەر لە پیشەسازی"؟ ئایا فەلسەفەی رۆشنگەریی کاری-بەرهەمهێنانێکی فەلسەفییە؟ ئایا پێودانگییەک لە نێوان زێدەبایی و دژە بەرهەمهێنان یان کارەساتی ئاوابوون (واتا پەیوەندی ئەو بەرهەمهێنانە بەربڵاوییەی کە کارەساتی دەرمان بەکار هێنان دروستی کردووە، بۆ نموونە ئەو بۆگەن بوونە بکوژانەی کە ئاکامی بڵاو بوونەوەی ماددە کیمیاوییەکانن) هەیە، کە نرخەکەی هەر چییەک بێت بەرهەم دەهێنرێن؟ ئایا دەکرێت لە جیهانبینیی ئیدیۆلۆگییەک و مۆدێلێکەوە سەیری ئابووری بکەین؟

بۆدلیار بۆ ئەوەی وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە بداتەوە هەوڵدەدات روانگەی مارکسیزم شیبکاتەوە، کە ئەو مارکسیزمە لە روانگەی بۆدلیارەوە بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ مۆدێلی بەرهەمهێنەرانە و بۆتە زەمینە خۆشکەرێک بۆ داهێنانی "کاری فیتیشیزم"ێکی راستەقینە. بۆدلیار لەسەر ئەم خاڵەدا دیدە رەخنەییەکەی خۆی رادەگەیەنێت: پێویستە *ئاوێنەی بەرهەمهێنان ورد و خاش بکرێت*، "کە تەواوی مێتافیزیکی رۆژئاوا ئاوێنە دەکاتەوە". هەروا مرۆ پێویستە ئەو لۆگیکە مارکسیە لەسەر ئەو ناوکۆییە خوارخێچە ئابووری سیاسییەدا هەڵبوەشێنێتەوە، کە لەوێوە مارکس تۆوی بناغەکەی چاندووە.

بۆدلیار لە کۆپلەیەکدا کۆتایی بە تیۆری مارکسی و بزاڤی کرێکاراندا دەهێنێ، کە بەلای ئەوەوە دەکرێ بگوترێ کە مەرجی مارکس لەوەدا کۆدەبێتەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێ ژیان گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆیە ئەو تیۆرییە لە توانایدا نییە "سەرکەوتنی پرۆلیتاریا" رابگەیەنێت.

*ئاڵوگۆڕیی سیمبوولییانە* و *مەرگ* کە دوا بەرهەمی گەورەی بۆدلیارە، لەو بەرهەمەدا رادیکالانتر لە بەرهەمەکانی پێشووتری روانگەی گریمانەیەکی بێمەرجانە هەڵدەبژێرێت. لە پوختە کردنەوەیەکدا دەکرێ بەمجۆرە بێت: ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و جڤاتییەی کە سەرمایە بەرهەمی هێناوە توانی خوسی نیشانەی ئابووری سیاسی "وێران بکات" و دواجار تەنیا واتایەکی لاوەکی بۆ نیشانە رابگەیەنێت. بە تێروانینی من بە گشتی ئەوەیە، کاتێ کە خودی چەمکی نیشانە/sign زادەی تیۆری سەرمایەداریی بێت، لێرەدا ترسێک قووتدەبێتەوە، بۆیە دەبێ واتێبگەین کە نیشانەی ئابووری سیاسی بەدەست سەرمایەوە تەفروتوونا کراوە،

پێشتر *سیمبوول* پەیوەندییەکی پێشکەشکراو لە نێوان *نیشانە* و *واقیعدا* لێک ئاوێتە دەکرد. بۆیە لە روانگەی بۆدلیارەوە ئەو تێگەیشتنە بۆ دۆخی شتەکان حیکایەتێکی رووتە. کەچی لە جێگەی ئەوەدا بۆدلیار هەڵدەستێ بە دانانی *گۆڕانکارییەکی* گشتی لە نێوان ئەو دەستەواژانەی کە پێش وەخت لێک ناکۆک و دیالێکتیکین.

ئێمە لەم رۆژگارە و کۆمەڵگایە هاوچەرخەدا خۆمان لەناو "سەردەمی وێنە گاڵتەجارەکاندا" دەبینینەوە ( *l'hèr des simulacres*). مۆدەی جوان و ناشیرنەکان، چەپ و راستی لە سیاسەتدا، هەقیقەت و ساختەیی لە پەیامی مەسمێدیادا، بە سوود و بێ سوود لە ئاستی شتەکاندا – تەواوی ئەو پەیوەندییانە بە شێوەی *بە سروشتیکردن و ئاساییکردن* ئاڵوگۆڕ و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جێگۆڕکیان پێدەکرێت. لە ئاستی سیاسی، ئابووری و تەنانەت تیۆریشدا شان بە شانی ئەمەدا "مەوتەنێکی دیاریی نەکراو "ی عەنتیکە و سەرگێژکارانە هەیە.

بە واتای بۆدلیار مرۆ هەرگیز ناتوانێ بە شۆرشکردن بە دژی شێوەکانی بەرهەمهێنان ئەو مەوتەنە بروخێنێت. بۆ ئەو شۆرشە ناکرێت؟ چونکە لۆگیکێکی تر لەمدیو وەهمەکانی لۆگیکی ئابووری سەرمایەدا بەردەوام گەشە دەکات، واتا بە وتەی بۆدلیار "سیمبوولەکان ئەو لۆگیکە ئاڵوگۆڕ دەکەن"، کە بۆدلیار بە بەهرە وەرگرتن لە ئەنترۆپۆلۆژی فەرەنسی مارسێل ماوس ئەو لۆگیکە ئابوورییە بە ***خەڵات*** و ***دژە خەڵاتی*** لۆگیک (کۆمەکی، پێدانەوەی کۆمەک؛ ئەنجامدان، دژە ئەمجامدان) ناودێری دەکا.

بۆدلیار ئەوە جەغتدەکاتەوە کە دەسەڵات کتومت وەک ئەو کۆمەڵگا ئابوورییە سەرەتاییانە هەمیشە لەناو "مەشقی تاک لایەنی خەڵاتدا": "خەڵاتی" کار، "خەڵاتی" بەرخۆری، "خەڵاتی" مێدیاکان، "خەڵاتی" خزمەت گوزارییە کۆمەڵاتییەکاندا بونیاتنراوە و ئامادەیە. مرۆ بە قووڵی *دەقدەگرێت* بە سەرتاپای ئەو خەڵاتانەوە، هەروا مرۆ هیچ شتێکی نیە کە بتوانێ وەک چەکێک لە دژی ئەو *بەرهەڵستکارەی*، کە وەک تفەنگێکی **خۆنەویست/بەخشندە**: وەک ***ڕێکخەر/کۆنترۆلێکی نەگۆڕ*** لە گۆڕێدایە، بەکاری بێنێت.

بەڵام لەو ئابوورییە سەرەتاییانەدا هەمیشە دەرفەتێک هەبوو کە سیمبوولە ئاڵوگۆڕییەکان بگۆرێت تاوەکوو بەردەوام نەبێتە "ئاڵوگۆڕییەکی تاک لایەنی"، بۆ ئەوەی کاڵا نەکاتە قوربانی، واتا *بەرهەمهێنان کاول نەکات*. بەڵام ئەوە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدا چۆن پێکهێنراو؟ لێرەوە سەرمایە بە بەرهەمهێنانەوە بێکۆتاییەکەی خۆیەوە بەری ئەو پرۆسە کاولکارییە دەگرێت. مووچە وەک ***سیمبوولێک*** بە ***خەڵات*** بەخشین دەسەڵاتی خۆی بەسەر کارمەندەکاندا پیادەکا، بەمەشەوە ئەو سەرمایە دەسەڵاتدارە "چارەسەر دەکا" یان رزگار دەکا. وەک چۆن ژیان بە کۆیلە دەبەخشرێ بە هەمان شێوە کار بەسەر کارمەندان دابەشدەکرێت. چۆن؟ لە روانگەی بۆدلیارەوە ئەو کار دابەشکردنە وەک مردنێکی لەسەرخۆ و بەش بەش بەسەر کارمەندەکاندا دابەشدەکرێت.

بەمجۆرە ئەوەی کە بۆدلیار دەیەوێ لەناو *ئەو سیستەمە ئاڵوگۆرە و مردنەدا* نیشانیبدا، کە بە پێچەوانەی کۆمەڵگایە سەرەتاییەکانەوە لەناو ئەو کۆمەڵگایە هاوچەرخە پیشەسازییەدا هیچ جۆرە سیستەمێکی *ئاڵوگۆڕکار* نەماوەتەوە. واتا لەو کۆمەڵگایە هاوچەرخەدا ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕییە چیتر وەک بە شێوە کردنێکی کۆمەڵگا لە گۆڕێدا نەماوە. لە مانایەکی دروستدا ئاڵوگۆڕکاری پێویستی بە دوو لایەنی هەیە. بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییە کاڵدەبنەوە چونکە کار یەکسانە بە خەڵات ، چونکە مرۆ باس لە ***خاوەن*** کار و کار *پێدراو* دەکا و چونکە خزمەتکردن و مووچە وەرگرتن هەمیشە بە پرینسیپی *کارکردنەکە بەستراوەتەوە*. واتا چەند کار بکەی ئەوەندەش وەردەگری. سەبارەت بەمەوە بۆدلیار پێغەمبەرانە دەنووسێت، هەربۆیە رەنگە کە ئەو *سیمبوولیکە* گورزێک لەو کۆمەڵگە هاوچەرخانە بوەشێنێت تاوەکو  مەرگ بە بیر ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵگایە هاوچەرخانە بهێنێتەوە کە یاسای زێدەبایی وەک مەرجێک  بە بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایە  بەرتەنگدەکاتەوە یان گەمارۆ دەدات،

دەکرێ ئەو ئاڵوگۆڕکاریە *سیمبوولیی* و *مەرگە* وەک رەخنەیەک لە مارکسیزم و دەروونشیکاری سەیر بکرێت. بۆدلیار جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جۆرە بیرکدنەوەیەک لە **شۆرش** هەرچەندە مارکس هەوڵیدا لە رێگای یاسای بەهاوە زەمینەی بۆ شۆرش خۆشبکات ، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە دەمێکە گۆرا بۆ بیرکردنەوەی **شۆرشێک** کە لە روانگەی **یاساوە** بەرپا بکرێت. بە واتایەکی تر شۆرشێکی رەوای یاسایی، شۆرشێک کە دەبێ باڵادەستەکان رێگەی پێبدەن، کە ئەمەش لە راستیدا واتا شۆرشێکی هەمیشە دواخراو.

لە دیدی بۆدلیارەوە تەنانەت دەروونشیکاریش بەهەمان شێوە لە شۆرش دەڕوانێت، بەڵام دەروونشیکاری کە ئەو شۆرشە  دەبەستێتەوە بە نائاگایی تاکەکەس و ملکەچکردنی لە ژێر **باوک،** خەساندن و **یاسای** دەریپرینەوە، دواجار بەو جۆرە بیرکردنەوەیە شۆرش بنەپردەکا.

بەمجۆرە یاسا و بڕیار هەمیشە هۆکارێکن بۆ دواخستن یان بەرتەنگکردنەوەی **شۆرش** و **ئازادی.** واتا لێیگەرێ بۆ بەیانی. هەمیشە بۆ رۆژی داهاتوو و هەمیشە دواخستنی.

ئێستا ئێمە گوێ لە "ئەلتەرناتیڤی" بۆدلیار دەگرین کە پێداویستییەکانی ئەو شۆرشە لە شێوەی ئەو ئیشە گریمانەییەدا کۆدەکاتەوە: دوور لە هەموو شێوەکانی ئابووری و کارگێری، سیاسەت یان لیبیدۆ، هەر لە ئێستاوە ئەو شۆرشە نەخشەی وێنا سەرەکییەکەی خۆی لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا دادەرێژێت، کە لە تەفروتووناکەری بەها خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، وێنەی ئەو ئاوەژوو بوونەوەیە لە کۆمەڵگایە سەرەتاییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئوتۆپییە رادیکالەکەی لە گشت ئاستەکانی کۆمەڵگادا هێدی هێدی دەستدەکا بە تەقینەوە. بۆدلیار هەوڵدەدا ئەو مۆدێلە یان ئەو جۆرە وێنایە لە بەشە جوداکانی کۆمەڵگا: کار، مۆدە، جەستە، مەرگ و زمانی شێعری، راڤە بکات.

ئەمرۆ تەواوی ئەو بەشانە لە ژێر رکێفی دامەزرانێکی چەقیو و دیسپلینێکی سنووردار (زانستە هەمجۆرەکان، زانستە مرۆڤایەتیەکان، بواری تۆژینەوە) ملکەچکراون، کە بۆدلیار لەو کتێبەدا دەیەوێ بە شێوەیەکی نوێ بیریان لێبکاتەوە و پێناسەی تازەیان بۆ بکات. بۆدلیار هەوڵدەدا وەک وێنەیەکی بە نموونە کراو و جیهانبینی، ئاوێنەی وێنەکانی واقیع – یان گەر مرۆ بوێرێ بڵێت: بە روو هەڵکاڵێنێکی تیۆریی راڤەیان بکات. یان هەم وەک پێناسەی واقیع و هەمیش وەک وەهمی تیۆرایانە راڤەیان بکات.

بۆدلیار لێرەدا تێمە/بابەتێک گەڵاڵە دەکا کە لە کتێبەکانی پێسوویدا ئاماژەی پێدەکا، بەڵام لێرەدا تەواو دەیخەملێنێت، ئەو بابەتەش جیهانبینی *پێچەوانە بوونەوە*/*reversibilitet* یە، کە ئەو وەک دووانە مانایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات: لە لایەک مانای شتێکی ئاسایی/ ناگرینگ دەگەیەنێت، لە لایەکی تریشەوە هۆکاری گۆرینەوە دەگەیەنێت. پێچەوانە بوونەوە وەک ئاوەژوو بوونەوە، خۆئامادەکردنەوە بەرجەستە کراوەتەوە هەروا وەک واتای مەرجێکی پێویستیش بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەشنە دوو لایەنیەک: ئاوەژوو بوونەوەی خەڵات بۆ دژە خەڵات، ئاوەژوو بوونەوەی ئاڵوگۆڕیی بۆ قوربانی، ئاوەژوو بوونەوەی ئاسۆییانەی کات بۆ بازنەیی، ئاوەژوو بوونەوەی بەرهەمهێنان بۆ روخێنەر و ئاژوو بوونەوەی بەهای زمان بۆ تیکدانی پیتەکان... هتد، بەرجەستە کراوەتەوە.
بۆدلیار پێی وایە، کە لە پشت هەموو ئەفراندنێکی مرۆڤایەتییانەوە وێناندنێکی مەزن یان شێوەیەک ئامادەیە، هەروا لەناو گشت شوێنە جودایەکانیشدا هەر هەمان شێوە ئامادەیە کە کۆتایی بە کات، زمان، ئەو ئاڵوگۆڕییە ئابووریی و دەسەڵاتە کەڵەکەکراوە سەمت ئامێزانە دەهێنێت. ئەم "شێوە" یە وەک تەفروتووناکەرێک، بەرتەنگکەرەوەیەک و مەرگێک خۆی نمایشدەکا.
ئەی فریادڕسێکی چارەسەر؟ ئەو شێوە "مەتەلۆکە" پان و پۆرە و باڵادەستە چیە کە ئێمە لە بەرانبەریدا دۆشداماوین؟ لە روانگەی بۆدلیارەوە ئەوە خودی ئەو شێوە ***سیمبوولیکەیە*** کە ئێمەی دۆشداماو کردووە.
بەمەش بازنە کۆتاییەکەیە. ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە لەوێدا دەستامانکرد بە قسە کردن لەسەر نووسینەکانی بۆدلیار: بۆ ئەو سەرچاوەی هێزە داهێنەرە، بەڵام هاوکاتیش بۆ ئەو سەرچاوە دووانە مانایەی بۆدلیار دەگەڕێینەوە. رەنگە ئەو دووانە مانایەی کە تژییە لە هێز و توانای سەرنج راکێشان، هەروا بریتییە لەو سیمبوولەی کە لەم شانۆییە بۆدلیارییەدا هەم رۆڵی پاڵەوان و هەمیش رۆڵی بکوژیی دەگێرێت (جا ئەو سیمبووله چ گوزارە بێ لەسەر ئەو سیمبووله ئاڵوگۆڕکارە یان گوزارە بێ لەسەر ئەو سیمبۆلە رێکخەرە).

## 11هەوەسە ورووژێنەرەکانی ئاوێنە

ئەو گریمانە هەرە گرینگ و خاڵە سکاڵا ئامێزانەی کە لە کتێبە چکۆڵە ساتیرییەکەی بۆدلیار سەبارەت بە فۆکۆ و ناونیشانە لە بیر نەکراوەکەی *فۆکۆ لە بیر بکەین*(1977)دا بەرجەستە دەبنەوە، بریتین لەوەی کە ئەو گوتار/دیسکۆرسەی کە فۆکۆ باسییان دەکا ئاوێنە بوونەوەیەکە لەو باڵادەستییە هەمەجۆرانەی دەسەڵات. دەقی فۆکۆ خەمڵیوانە ئاکام دەپێکێت: بە شێوەیەکی راشکاوانە و دڵنیاکەرەوە "دامودەزگا"یەکان تۆمار دەکات، هەروا بۆ نموونە نەخۆشی شێتایەتی، تاوانکاری و سێکسگەرایی رۆشندەکاتەوە.
بۆدلیار وەک نمایشێکی پوخت و باش، رەنگە دواجار وەک جۆرە خەیاڵاندنێک لە راڤەکانی فۆکۆ دەڕوانێت، کە ئەو راڤانە لە دوای خۆیانەوە کۆتاییان دێت، بۆیە سەختن "کە کونیان تێبکەیت" یان "لە پشتەوە بۆیان بێتە پێشەوە"، گەر هیچ رێگایەکی تریش نەمایەوە ئەوە دەبێ *بەوە رازی بیت کە بە چاوێکی رەخنەیی سەیریان بکەیت.* بۆدلیاریش حەز بەوە دەکا چونکە کێشەی هەیە لەگەڵیاندا. بەڵام بۆدلیار بەو نووسینە بچووکەوە، کە نووسینێکی ترس بەخش و هاوکات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خوێندنەوەشی بایەخدارە، ئەو لە هەوڵێکی بێئامانی پڕ مانای خاوەن تواناڈا دەیەوێ لە "پشتەوە"ی فۆکۆوە بێتە پێشەوە.

بۆدلیار وەک پێشەکییەک رادەگەیەنێ کە گوتارە هەمەجۆرەکانی فۆکۆ لەسەر دەسەڵات هەر خۆیان بریتین لە گوتاری دەسەڵات. کەچی رەنگە خودی فۆکۆ وەک یەکەم کەس بێت و ئیمزای خۆی بخاتە پاڵی ئەو رایەی بۆدلیار، واتا ئەویش ئەوە رایە بە راست دەزانێت. بەڵام بۆدلیار هەنگاوێک بەرەو پێشتر دەڕوات و فۆکۆ وەک کەسێک وێنا دەکا کە *چاوشارکێ/چاو چاوانێ* لەگەڵ دەسەڵات دەکا. هەڵبەت کێشەکە ئەوەیە کە ئەو کتێبە لەمەڕ فۆکۆ یەکەمین رەشنووسی بۆدلیارە بۆ تیۆریەک لەسەر *هەوەس ورووژاندن* (De le sèduction, 1979)، کە بە واتای ئەو ئەمە "بەشی پشتەوە"ی دەسەڵاتە بەڵام هاوکاتیش ئەوە تاکە بوارێکە کە خۆت بە ستراتیژی دەسەڵات یان بە دژی ستراتیژی دەسەڵات ببەستییەوە.

بەمجۆرە بۆدلیار جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە داهێنانەکانی فۆکۆ زیاد لە پێویست *جوانن* بۆ ئەوەی ببنە *راستی*. واتا ئێستا دەبێ فۆکۆ لەو "وەهمی حەقیقەتە"ی هزری رۆژئاوا خۆی رزگار بکات کە هەر خۆی بەوە ناودێری دەکا. وەلێ ئەو پەوەندییە تێڕوانینەکەی بۆدلیار زیاتر تووندو تیژ و نیگەران دەکا.

بۆدلیار رادەگەیەنێ کە لە راستیدا گشت کتێبە مکومەکانی فۆکۆ لەسەر دەسەڵات، سێکسگەرایی، جەستە و دیسپلین تەنیا بریتین کۆمەڵێک دەرک "خەیاڵاندن". بۆیە ئەو کتێبانە بەندەن بە شتگەلێکی دانپێدانراو کە رەنگە بۆدلیار چیتر نەتوانێ هەڵیانبێنێت. بۆدلیار دەنووسێ: "فۆکۆ تەنیا شێوە گێڕانەوەیەکی سەرنجکێش" لەسەر ئەو شێوانە بە ئێمە دەبەخشێت، "چونکە ئەو لە سنووری وڵاتێکەوە بۆ ئیپۆک/سەردەمێک کار دەکا... کە بەرەو ئاوا بوون دەچێت."

واتا بۆدلیار گەمە بەو هزرە دەکا کە فۆکۆ لەم ئاستە بێت راڤەیەکی سەیر و سەمەرە لەسەر ئەو فرە باڵادەستییەی دەسەڵات ئەنجامبدات، چونکە دەسەڵات بەر لەوە بەسەر چووە یان، وەک بۆدلیار دەلێ، دەسەڵات بەر لەو راڤەیە مردووە. بەمجۆرە هەڵبەت ئەوەی کە من دەیبینم ئەوە جۆرە یارییەکە، یان رامانێکی زۆرزانانەیە کە بۆدلیار نیشانیدەدات، وێدەچێت وەک سەرەتایەک کڕینی ئاسان بێت. بەڵام بۆدلیار هەوڵدەدا لە نووسینە بچووکەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی زۆر هوشیارانە و فرە رەهەندانە، بەڵام هاوکاتیش بە تێڕوانینی جۆشدەر، تووناتوون ئامێز و چاڵاکانە راڤەکەی بخەملێنێت. هەر چۆنێ بێت با وردتر لە کۆمەڵێک هێڵی سەرەکی رەخنەکەی بۆدلیار ورد ببینەوە.

بۆدلیار بەر لە هەموو شتێک لەسەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی فۆکۆ *مێژووی سێکسوالیتێت* کە بە ناوی *ویستی زانیاری* بڵاوکراوەتەوە رەخنەکەی ئەنجامدەدات. بۆدلیار خۆی ئامادە دەکات تاکوو ئەوە نیشانبدات کە فۆکۆ تەنیا ئەوەی لەبەردایە کە وێنای جۆرە سێکسگەراییەک راڤە بکا، کە ئەو سێکسگەراییە - وەک وێنای دەسەڵات – خەریکە وندەبێت. ئەو بۆچوونەی بۆدلیار



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وێدەچێت خۆی بە رامانێکی حەشادراو پشت ئەستوور کرد بێت، واتا ئەو بۆچوونەی بۆدلیار پشت ئەستووره بەو تیۆرییانەی، بە تایبەتی ئەو تیۆرییانەی کە تایبەتن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی، ئەو تیۆریانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییانە "لە بنەچەکەدا" لەبار بچن. بە واتایەکی تر، بۆدلیار دەیەوێ بڵێت ئەکاتەی فۆکۆ بە رێگای تیۆرییەوە سێکسگەرایی راڤە دەکا، لە ئاکامی ئەوەدا سێکسگەرایی خۆی دەشارێتەوە. بە هەمان شێوەش کاتێ تیۆری لەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دروست دەکرێن، ئەوە دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو پەیوەندییانە، چونکە بەو تیۆریاندنەوە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و سێکسگەرایی لە رەچەڵەکی سروشتی خۆیاندا دادەپڕێن، یان دەشێوێنرێن. بەمجۆرە ئەمەش واتا کە کارگە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان لەناو تۆڕی چەمکەکانیدا بەرزەفتدەکا بەمەش ئەو پەیوەندییانە تێکدەدا یان هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەم ناوکۆیەدا بۆدلیار ئەو تێڕوانینە ئاڵۆزە بەڵام هاوکات راشکاوانە نمایشدەکا: "دەروونشیکاری، کە مەوتەنی هەزار ساڵەی زایەندە و مەیل رادەگەیەنێت، رەنگە ئەوانەی کە دەروونشیکاری بە شێوەیەکی تەواو ئاشکرا نمایشی دەکات ئەوانە بن کە بەر لەوە بوونیان کۆتایی پێبێت. وەک چۆن مارکسیزم لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بە ململانێی شەڕی چینایەتی دێنێت، دەروونشیکاریش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیەوێ بە گریمانە کردن و کارە تیورییەکانی ئاگایی و مەیل لە گۆڕ بنێت و کۆتاییان پێبێنێت." بە راشکاوی دەکرێ مرۆ بە هەمان شێوە بە مافی خۆی بزانێ و بڵێ کە مارکسیزم رێگا بۆ ململانێی چینایەتی خۆشدەکا و هەروا دەروونشیکاریش سەبارەت بە نائاگایی، مەیل و ململانێی زایەندە هەمان کار ئەنجامدەدات. وەلێ هەڵبەتە بۆدلیار لەوە راستدەکا کە مارکسیزم زەمینە بۆ ئەو بۆچوونە خۆشدەکا کە دەڵێ "هەمووشتێک سێکسگەراییە" بەڵێ لێرەوە مرۆ دەتوانێ بڵێت کە شتێک بەڕێوەیەوە خەریکە لەناو بچێت. بەڵام ئەوەی کە لەناو دەچێت دەسەڵات و سێکسگەرایی نیە بەڵکو تێگەشتنێکی دروستی ئەو پەیوەندییانەیە.

لە روانگەی بۆدلیارەوە، کاتێ فۆکۆ لەسەر زایەندە و سێکسگەرایی دەئاخڤێت، جا روانگەکانی هەرچەند نوێ و رەسەن بن، کەچی ئەو لەناو شێوەیەکی تراديسیۆنیدا لەسەر ئەو شتانە دەپەیڤێ، بۆیە فۆکۆ لەسەر شتگەلێک دەنووسێت کە پێشتر روونکراونەتەوە و پێناسە کراون، هاوکات کە بۆدلیار بە حەماسەوە لە بۆچوونەکانی بەردوام دەبێت و چاوی ئەوە دەبینێت کە روانگەکانی فۆکۆ لە مێژوودا *ئامادەییان* لە دەست داوە هەر لە ئێستاوە لەناوچوونە.

بۆدلیار ئاماژە بەوە دەکا کە فۆکۆ باسی هیچ شتێکمان بۆ ناکات کە لەگەڵ دەسەڵاتدا خەریکی گۆڕانە و کە بەند بێت بە باری ئێستامانەوە، لەبەر چاوی هەمووماندا دیار بێت. فۆکۆ لە تەواوی بەرهەمەکانیدا "تەنیا" مێژووی نووسیووەتەوە: مێژووی شێتایەتی، مێژووی خەستەخانە ... هتد. فۆکۆ بە مەبەست هەمیشە گێڕانەوەکانی مێژووی هزرەکان بە نزیک بوونەوە لە گردی کاتی ئێستادا دەپچڕێنێت چونکە ئەو خودی ئەو خاڵە پرسیاری *مێژووی هزرە*. کاتێ فۆکۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەکامگیریی بەرهەمێکی  تەواو کردبێت ئەوە بە گشتی ئەو ئەکامگیریە تەقینەوەیەکی کاریگەریی لەو رۆژگارەدا هەبووە، بەمجۆرە خودی ئەو مێژووانە بۆ هەڵوێستێکی رەخنەییانە لەو دامودەزگایانەی کە ئێستا و لێرەدا ئێمەیان گەمارۆداوە بەرهەمهێنەری کەرەسەی تەقینەوەن.

فۆکۆ بە نمایشکردنی مێژووی شێوەکانی ئەو مەعریفە دانپێدانراوانەوە رەخنە لە مەعریفە دەگرێت. بۆدلیاریش بە نمایشکردنی ئەم رۆژگارەوە رەخنە لە مەعریفە دەگرێت. فۆکۆ کاتێ لە کۆتای یارییەکە نزیکدەبێتەوە پێکچوواندنێک، جۆرە نزیکایەتییەک لە زانستەکانی توێژینەوە پێشکەشدەکا، کە هەندێک جار دەکرێ رۆشناییەکی کزی هەبێت. بۆدلیار رۆشن دەهزرێ، بەڵام نەک مێژوویانە بەڵکو زیاتر سیمبوولیانە دەهزرێ. جیاوازییەکانی نێوان هەردووکیان لەم شتە بچووکانە کۆدەبنەوە، بەڵام ئەوان هەردووکیان یەکلاکارن.

لەو نووسینەدا بۆدلیار تەنیا بە رەخنەییەک واز لە فۆکۆ ناهێنێت. بۆدلیار وا مەزەنندە دەکا کە کودەتایەک و رێککەوتنێکی بێدەنگ لە نێوان فۆکۆ و دوو فەیلەسوفی فەرەنسی تردا، واتە دۆلوز و لیۆتاردا هەبێت

کاتێک کە فۆکۆ لەسەر دەسەڵات دەپەیڤێت هاوکاتیش دۆلوز و لیۆتار لەسەر مەیل دەپەیڤین، بەڵام بە پروای بۆدلیار بە شێوەیەکی گشتی رێککەوتنێک لە نێوان ئەو دوو هزرڤانەدا هەیە؛ هەردوو هزرڤان وەک چەشنە ئاوێنەیەکی یەکترن: بۆدلیار ئاماژە بەوە دەکا، کە ئەوە تەنیا ***مەزەندەیەکە***.

بەمجۆرە ناڕازیی بوونی بۆدلیار لەوە سەرچاوە دەگرێت کە فۆکۆ _ بە گەڵاڵە کردنی پوختەی وردەکاریی راڤەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان مەعریفە و دەسەڵات لە کولتوری رۆژئاوادا_ زەمینە بۆ دەسەڵاتێک خۆشدەکا کە پابەندە بە هەمان ئەو کولتورە باڵادەستە هەروا ئەو دەسەڵاتەش بە هەمان شێوەی مەیل لەناو شارستانی ئێمەدا ئیشدەکا. دۆلوزیش بە هەمان شێوە بە راڤەکارییەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان مەعریفە و مەیلدا بەشداری لە دامەزراندنی مەیلێک دەکا "کە پابەندە بە باڵادەستییەکانی ئەو دەسەڵاتەی ئایندەوە".

مەبەستی راستەخۆی بۆدلیار لەو "رێککەوتنە بێدەنگە"دا ئەوەیە کە لە ئاستی ئەو خولیایانەدا رەخنەیەک لەسەر دەروونشیکاری (بە تایبەتییش لەسەر قوتابخانەی_ لاکان) گەڵاڵە بکات، کە مرۆ دەتوانێت ئەو جۆرە خولیایە دەروونشیکارییە لای کۆمەڵێک فەلسوفی کەمێک پیری فەرەنسی، لە فۆکۆ و دۆلوزەوە بگرە تا دەگاتە لیوتار و دێریدا بەدیدبکات ئەو بەرتەکەی بۆدلیار بە راشکاوی  لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە فەیلەسوفە تازەکانی فەرەنسی، بە گشتی کەوتنە ژێر کاریگەرییەکی قووڵی لاکان و لاکانیزم. ئەو "فەیلەسوفە تازانەی" کە لە ژێر کاریگەر دەروونشیکارین هەندێک جار رەخنەی توندڕەوانە لە مارکسیزم دەگرن و دەیکەن بە رەخنەیەکی رادیکال لەسەر دەروونشیکارەکان، بۆ نموونە ئەو "فەیلەسوفە تازانە" لە سەرەتادا وەک سەرچاوەیەک ئەو فۆکۆیەیان لە *مێژووی سێکسگەرایی* دا بەکار هێنا بەڵام پاشان هەر زوو لە هەمان فۆکۆ دوور کەوتنەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بەو "کاری خیانەتکاریە"، واتا ئەو ناڕەزاییەی کە بۆدلیار جەغتی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە نەخشەی پەیوەندییەکان لەناو ئەم سیستەمەدا بۆ قازانجی خودی ئەو سیستەمە تەواو دەبێت، لێرەوە بۆدلیار بە راشکاوی خاڵێکی بەرهەست بەدیدەکات، واتا بازنەیەکی خۆ بەهێزکردن بەدیدەکات کە هاوکات بە پرِوای فۆکۆ، جا هەرچەندە ئەوە رەخنەگرانە بێت یان نا، ئەو بازنە خۆ بەهێزکەرە بریتییە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە، (چۆن فەرمانڕوایە دەسەڵاتدارەکانی رۆژئاوا و رۆژ هەڵات دەروونشیکاریی و مارکسیزم بەکار ناهێنن؟) فۆکۆ ئەو مەسەلەیەی لە خەڵکی تر زیاتر دەزانی، بۆیە هاوکات ئەو خاڵە بۆ بە کێشەکردنی بۆدلیار شتێکی بەڵگەنەویستە. بەڵام باشە گەر ئەو مەعریفەیە هەمیشە لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە بەکار بهێنرێت، ئەی مرۆ لە جێگەی ئەوە چ ئەلتەرناتیڤێکی تری هەیە؟ بەرسڤی فۆکۆ ئەوەیە کە، لە جیاتی ئەوەی بە رێزگرتن و ستایشکردن ئەم رۆژگار و ئایندە بە مۆرالی بکەین، باشترە بە نووسینەوەی مێژوو "رازی بین"، جا مەعریفە بە کشوماتی ئەو شێوە جێگیرکراوانە لە گۆر دەنێت. کەچی بۆدلیار پێچەوانەکەی ئەوە ئەنجامدەدات.

خاڵێکی یەکلاکەرەوەی فۆکۆ *لە کۆنترۆڵ و سزا* دا ئەوەیە کە نابێ دەسەڵات وەک شتێکی نالەبار/نێگەتیف و باڵادەستییەکی چەوسێنەرانە، وەک باڵادەستییە ترادیسۆنییەکان، ببینین، بەڵکو لە باشترین حاڵدا ئەو دەسەڵاتە وەک باڵادەستییەکی *بەرهەمهێنەرانە* ببینین. دەسەڵات دیسپلینێکی تۆکمە، تاکەکەسەی حەز لە کار و ملکەچ و گوێگر بەرهەمدێنێت. تەنانەت دام و دەزگاکانیشمان (کتومت وەک کارگەکانی ئێمە) بە شێوەیەکی خەم "بەرهەمدەهێنن": خەستەخانەی شێتەکان/مێشک نەخۆشەکان ئازار و تلانەوەی دەروونی بەرهەمدێنن، زیندانەکان تاوانباریی/تووند و تیژی بەرهەمدێنن... هتد. زایەندە/رەگەزی ژن و پیاو یان راستر بڵێن لەو سێکسگەراییەی رۆژئاوادا ئەو نمایشکارییەی کە لەسەر زایەندە نیشان دەدرێت، چەپاندن/هەوەس دەمبەستکردن، هەوەساندنی بە زۆرەکی و بێ زەوقی و بێ هەوەسی بەرهەمدێنن، سەرباری ئەمەش مرۆڤی رۆژئاوا رەنگە زیاتر فریو بدرێت، بۆ نموونە وایلێکراوە کە سەرگێژ بێت و بکرێت بە بەرخۆرێکی چاو چنۆک و هەرگیز تێر نەخواردوو.

بۆدلیار ئێستا ، لە پێناو ئەلتەرناتیڤێکی لەبار (وەک شێوازێکی لەبار بۆ خۆ دوور خستنەوە لە دەسەڵات)، چەمکێک لەسەر نهێنی و هەوەس وروژاندن، بە دژی ئەو جیهانبینییەی "بەرهەمهێنان" دادەنێت. لەم ئەلتەرناتیڤەی بۆدلیاردا چەمکی "بەرهەمهێنان" وەک وابەستەیەک لە بەرهەم و بەرجەستەکردنەوەی رێکخەر/کۆنترۆڵ کردن پێناسە دەکرێت، بەمجۆرە لەوێدا مەسەلەکە بەردەوام سەرقاڵ بوونە بە دوای ***تەمەننا دەربڕین***، بۆیە بۆدلیار بە دژی ئەوە ئاگاییەکی رۆڵگێرانە بە ***هەوەس وروژاندن*** پێشنیاز دەکا.

ئەوەی کە ئێمە لە کولتوری خۆماندا نیمانە نەبوونی دژە ستراتیژییەکە کە بتوانێت رووبەڕووی هەوڵەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت ببێتەوە و هەموو شتەکان بە باشی ئاشکرا بکات (کۆششێکی بەردەوام کە بتوانێت چاوەدێری و کۆنترۆڵی ئەو دەسەڵاتە بکات). کەواتە هەوەس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ورووژاندن دەبێتە دژێکی ئاراستەکراو بە دژی ئەو دەسەڵاتە، لەوێدا شتە حەشاردراوەکان سارێژ دەکا و لەوێشدا خودی ئەو نهێنیە لێوان لێوە گەورەترین کاریگەریی هەیە. بۆدلیار پێی وایە، لە کولتوری ئێمەدا سەرتاپای بەرهەمهێنان، تەمەننا و حەز دەرپڕینە، بەڵام هەوەس ورووژاندن خامۆش کراوە، بەڵی تاکە شتیک کە مابێتەوە ئەوە چاڵاکییە سێکسییەکانی ئێمەیە. وەک نموونەیەک بۆدلیار ئاماژە بە فیلمە رووتەکان/pornografi دەکات، کە ئەو وەک سنووری سێکسگەراییەکی ناکۆک/پەرادۆکسال پێناسەی دەکا: " هەرگیز لەم کولتوردا هەوەس ورووژاندنێک لە گۆڕێدا نیە، تەنانەت فیلمە سێکسییەکانیش بوونیان نیە، چونکە ئەو فیلمە سێکسییانە بەرهەمێکی راستەوخۆیە بۆ بنەپڕکردنی زایەندە، حەزە سێکسییە چرکە ساتە کێوییەکان؛ لە جەستەکانی ناو ئەو فیلمە سێکسیانەدا هیچ هەوەس جۆشدانێک نیە کە نیگاکانمان پڕ دەکەن، بە مانایەکی کتومت ئەو فیلمە سێکسیانە پڕن لە رۆحی بۆشایی. بەڵام هاوکات لە سەرتاپای دونیای بەرهەمهێناندا هیچ سێبەرێک لە هەوەس ورووژاندن بەدیناکرێت، چونکە ئەو بەرهەمە تەواو حیساب بۆ کراوانە وەک دیاردەیەکی رێکخەرانە: کەرەسە، مەکینە، شتە زایەندییەکان یان دوا نرخی بەرهەمەکان، بۆ پرینسیپی بازرگانی ملکەچکراون."

بۆدلیار وەک دژایەتیەک لە "سێکسی تەکنیکی"ی دونیای رۆژئاوا ئاماژە بۆ مێژووی *سێکسگەرایی* فۆکۆ دەکات کە تەنیا باس لە *هونەری* خۆشەویستی سێک لە کولتورەکانی تر دەکات. بەڵام لەو کتێبەدا فۆکۆ دەیەوێت جیاوازییەکانی ئەو کولتورە تۆمار بکات، بەوەندە رازیی دەبێت کە کەمێک رۆشنایی بخاتە سەر زانستی سێکسگەرایی کولتورەکەمان، کەچی بۆدلیار ئەو کولتورانە وەک مۆدێلێکی لەبار و باش دەبینێت. هەروا بۆدلیار بە وێنا کردنێکی جوان ئاماژە بەو پرۆسە درێژانەی هەوەس ورووژاندن و ناسکایەتییەکان دەکا، کە لە کولتورەکانی تردا سێکسگەرایی وەک "کردەیەک لە پاڵ کردەکانی تر، ئامادەییەک بۆ بەخشینی خەڵاتەکان سەیر دەکرێت، چونکە دیمەنی سێکس کردن تەنیا بوارێکە بۆ دەرپڕینی ئەو دوو لایەنییەی کە لە ریتوال/سروتێکی بەرجەستەکراوەدا وەک ئاوازێک دەلەرێتەوە". بە پێچەوانە ئەمەشەوە ئێمەی "بە شارستانی کراوی رۆژئاوایی" بووینە کۆیلەی ژێر دەستی سێکسگەرایی، تەنانەت سێکسگەراییەکی دەستکردی زانستی، کە بە رێگای راقەکاری ئۆرگازمێکی نەشتەرگەرییوە لە چاوتروکانێکی خێرای چێژ وەرگرتندا خپ و بەختەوەرمان دەکات.

بۆدلیار نیشانە شکێنانە دەڵی، "ئێمە کولتورێکی رەحەتکەری خێرامان هەیە، کولتورێک خێرا هەوەسمان دادەمرکێنێتەوە"، ئەو لەو خاڵەدا تێڕوانی فۆکۆ بەرەو پێش دەبات و رادیکالی دەکات. بۆدلیار ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن سروتی ئەشق بە رێگایەوەیە ون بێت و ببێت بەشێکی گەورەی بە سروشتکردن، واتا بەناوی ئازاد کردنی سێکسەوە، خەریکە بسڕێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە هەوڵدەدرێت "ئازاد بکرێت" ئەوە ژیانی کۆیلەیی سێکسگەرایی رۆژئاوایە!

ئەو گەڵاڵە کردنەی کە ئێمە لەسەر فۆکۆ ئەنجامیدەدەین ئەوەیە کە *مۆدێلی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای پیشەسازی*، مۆدێلێکە ناخی دەروونی تاکەکانی گەمارۆ داوە، ئەمەش مەترسیی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی هەیە کە خودی غەریزەی ژیان ئیفلیج بکات، هاوکاتیش چێژ و هەوەس بکرێنە ئامانج و بەهایەک بۆ شێوازی بەرهەمهێنانییێکی بێمەرجی سەرمایەداری.
بۆدلیار بە نیگایەکی توورەوە چاوەدێری ئەو دیاردەیە دەکات، بەڵام لەو خاڵەی کە ئەو کێشەی لەگەڵ فۆکۆ هەیە، فۆکۆ بەوە تاوانبار دەکا کە ئەو لە دەقەکانیدا هیچ باسی ئەو دیاردانە ناکات، واتا فۆکۆ بە وردی رووبەرووی ئەو مەترسییانە نابێتەوە کە بۆدلیار ئاماژەیان بۆ دەکا. کەچی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی بۆدلیار یەکدیناگرنەوە، کە گوایە هەموو شتێک لە جیهانی فۆکۆدا لەگەڵ بەرهەمهێناندا دەسازێن و هیچ کێشەیەکی چەوساندنەوە بەرچاو ناکەوێت، یاخود بەلای فۆکۆوە گوایە هەموو شتێک وا بەرچاو دەکەون کە بۆ ئازاد کردن و هیچ بەرتەنگکردنەوە و لەمپەرێک بەرچاو ناکەوێت. بە پێچەوانەوە فۆکۆ لە نووسینەکانیدا زۆر بە راشکاوی ئاماژە بەوە دەکا کە دەسەڵات – هەروا مەعریفە وابەستەی ئەو دەسەڵاتەیە کە وەک شێوەیەکی باو دانی پێدا دەنێت، نەک هەر رۆڵی چەوساندنەوە و لەمپەر دروستکردن دەگێرێت بەڵکو *بە هەمان ئاستی باڵاوە* یاری بە بەرهەمهێنان و ئازادیشەوە دەکات. بەلای منەوە ئەو روانگەیە تازە و هزر ورووژێنە.
کەواتە بۆ فۆکۆ بەرهەمهێنان "کلیلی" هەموو شتێک نیە، وەک ئەوەی کە بەرهەمەکانی بۆدلیار جەغتی لەسەر دەکەنەوە، بەڵکو فۆکۆ بەرهەمهێنانی مۆدێلەکان و پرۆسە بەرهەمهێنەرەکان لە بوارە فرەوانەکاندا کە ئێمە پێشتر نەماندەتوانی ببیان بینین دەستنیشاندەکا. بەلای منەوە وێدەچێت کە فۆکۆ بە بەردەوامی *دەمامک لەسەر هەوەس ورووژاندن دادەکەنێت*، هەڵبەت فۆکۆ لە ئاستی ئیرۆتیکی-تاکەکەسیدا ئەوەی ئەنجام نادات، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵایەتی: دەمامکەکانی ئامادە کردنە هەوەس ورووژاندنە زەبەلاحەکانی دەسەڵات و زانستەکان، لە کاریگەرییە حەشاردراو و پڕ لە نهێنییەکانی ریکلامەوە تا دەگاتە کاریگەرییە حەشاردراو و پڕ لە نهێنییەکانی دامەزراوەکانەوە هەڵدەماڵێت. وێڕای ئەمەش کە بۆدلیار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە "پێویست"مان بە هەوەس ورووژاندن هەیە، کەچی رێگە بە خۆی نادات گشت ئەو شێوە وردەکارییە "هەوەس ورووژێنەرانە" ئەو بورووژێنن؟
بە واتای ورد و رەخنە گرانەکەی بۆدلیار، ئێمەی بە شارستانی و سێکسکراوی رۆژئاوایی بە راشکاوی گوزارە لە "حەقیقەتی بێوێنەی راسیزم"ی خۆمان دەکەین، کاتێ کە پێمان وایە لە دەڤەرەکانی تردا سێکسگەرایی "چەپاندراوە"، کەچی بە پێچەوانەوە لەو کولتورانەدا مرۆ بەشێوەیەکی تر لە سیکسگەرایی دەڕوانێت. لەوێدا ئەو سێکسە وەک مۆدێلەکەی ئێمە بوونی نیە. لەگەڵ ئەوەشدا لووت بەرزانە بە تێگەیشتنە-خۆ بە زۆرزانییەکانمانەوە سەیری کولتورە کۆن یان دوورەکان دەکەین کە ئێمە هێشتا لە ئاکامی کولتورە ئیمپریالیستیەکەمان نەمانتوانیوە لێیان رزگار بین. بۆدلیار لەگەڵ ئەو بۆچوونەی فۆکۆ هاورایە، کە دەڵێ قسە کردن لەسەر "چەپاندن" لە کولتورەکانی تردا خۆی لە خۆیدا دەربڕینی تێگەیشتنێکی رەگەزپەرستانەیە، هەروا لەگەڵ ئەو بڕوایەی فۆکۆ هاورایە – بەڵام بەشێکی ئەو بڕوایە، کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەڵێ چەپاندنەکان (لە هەموو بارێکدا ئەوەی کە بەندە بە سێکسگەرایی، یان ڕەنگە بە واتایەکی راستر: *قسە کردن لەسەر سێکسگەرایی*) خاسڵەتی کولتوری ئێمە *نیە*. بە پێچەوانەوە. بەڵام فۆکۆ لەوێدا هەر بەو ئاماژە کردنە رانەوەستێ، کە هەر تەنیا بڵێ چەپاندنی سێکسگەرایی لە کولتوری ئێمەدا شتێکی سەرەتاییە، هەرچەندە ئێمە بەردەوامیش بە جۆش و خرۆشەوە *قسەی لەسەر دەکەین*، بۆدلیار سەبارەت بەوە هەنگاوێکێ زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات و رادەگەیەنێت کە ئەگەر لە کولتوری ئێمەدا هیچ چەپاندنێک نەبوویێت، کەواتە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی لە کولتوری ئێمەدا هەرگیز سێکسگەراییەکی بەڕاستی لە گۆڕێدا نەبووە. بۆدلیار کاکڵەی گریمانە/تێزەکەی بەم خاڵەدا بەرجەستە دەکاتەوە، کە لەو خاڵەدا لە هەندێ تایبەتمەندیدا بە فۆکۆ دەچێت بەڵام لەسەر ئەوە هەر لێک جوداشن: بۆدلیار دەبێژێ، هەروەک ئابووری سیاسی سێکسگەراییش بێجگە لە مۆنتاژێک یان وێنەی پێکەنیناوی، چەشنە داستانێکی تیۆرییانەی وەک نەریتە مرۆڤایەتییەکان (لەفۆرمێکی کۆنکرێتدا) بترازێ هیچی تر نییە، بەو واتایەی کە سێکسگەرایی هەرگیز لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دوور نەخراوەتەوە و *هەرگیز بە گرینگی بیری لێنەکراوەتەوە*. لێرەدا بۆدلیار لەو رەخنەیەدا تەواو رادیکالە، تا سنوورێکی ئەنارکیستانە رادیکالە: سەرتاپای – زانست، گوتار، دامەزراوەکان و ... هتد – لە یاریەک بترازێ هیچی تر نیە. هەروا بۆدلیار سەرەڕای ئەمەش هەوڵدەدا هەنگاوێکی تریش بچێتە پێشەوە: سەرتاپای زانستەکان رەنگە تەنیا دەستخەڕۆ دان یان وەهمێک بن. دوا هەنگاو کە بۆدۆلیار دەوێرێ بینێت، یان بینووسێت کە (دوای ئەو مەترسییەی کە لەو نووسینە دروستی دەکا هیچی تری نیە کە باسی بکا یان بیکات): رەنگە هەر هەموو شتێک بێ مانا بێت. هیچ. هەموو شتێکە. **وشە**، **وشە** ...

بەمجۆرە بۆدلیار رەخنە لە فۆکۆ دەگرێ بۆ ئەوەی بنووسێ و *بهزرێ* هەروەک دەسەڵات ئامادە بێت تاکوو پەیوەندییە واقیعییەکان بەرهەمبێنێت یان کتومت *واقیع دروستبکات*؛ هەروەک دەسەڵات شتێکی واقیعی بێت کە لەو واقیعەدا بەکار هاتبێت. بەڵام بە پڕوای بۆدلیار دواجار دەسەڵات – لە شارستانی ئێمەدا – وێنەیەکی گاڵتەجاڕە، ئامادە نیە لە بۆشایی زیاتر هیچ شتێکی تر "بەرهەمبێنێت": دەسەڵات لە رۆژئاوای ئێمەدا ناتوانێت نە سمت/پاشەڵی خۆی نە سمتی شارستانیش بەرهەمبێبێت.

فۆکۆ بەرەو رووی رەخنە دەبێتەوە چونکە پڕوای بە بوونی شتێکی لەبار/پۆسەتیڤ هەیە، بە کورتی فۆکۆ پڕوای وایە کە مەعریفە و زانست پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە و خودی خۆشیان واقیعن! بۆدلیار لە فۆکۆ ناڕازییە چونکە ئەو بۆتە دیلی وەهمێک کە پێی وایە وشەی "دەسەڵات" و وشەی "زایەندە" ئاماژەن بۆ شتی کۆنکرێت، لەو جیهانە ماددی و تاقیکراوەدا، تەنیا پێناسەی پەیوەندییەکانی ناو واقیع دەکەن: "کە دەسەڵات" و "زایەندە" ناو لێنەری پەیوەندییە واقیعییەکانن. فۆکۆش هەمان شت دەڵێت، بەڵام بە پڕوای بۆدلیار ئەو بە هەڵەدا چووە. بۆیە دەسەڵات وەک زایەندە، بە واتای تایبەتیانەی بۆدلیار، وێنەیەکی گاڵتەجاڕانەیە یان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فریو دەرە. دەسەڵات ئەفسانەیەکە کە لەم کاتە یان کاتێکی تردا دەچێتە ناو خوڵگەیەک کە لە دواجار بە بێ ئەوەی کەسێک لە بەهایە راستییەکەی تێبگات، چونکە دوای ئەوەی کە زۆر خووڵی خوارد و هێندەش سیلاک بووە کە ئیتر مرۆ ناتوانێ بیناسێتەوە، بۆیە تەواو "بێنرخ" بووە. بەمجۆرە من وا دەبینم کە بۆدلیار وێنای ئەو سیمبوولە "مەحف بۆوانە" دەکا و رادەگەیەنێت کە فۆکۆ و هاوڕێیە فەیلەسوفە یەکگرتووەکانی یاری بووکە شووشەییان بەکار هێنا، کە ئەوان بەوە بە جوانی ئەو سەرسامییە گەورەیەی مۆدەی ئاگاییان: "دەسەڵات"، "مەیل"، "چڕایەتی"، نیشانەگەریی" و هەموو جۆرە دراوێکی پاریسیان بەبێ تەمغە، دروستکرد. بە سادە کردنەوەیەکی زۆرەوە، ئەمەیە رەخنەکەی بۆدلیار .

بە گشتی دەکرێ بە چاوێکی رێشکە و پێشکە و پروا هێنەرانە لەسەر ئەو شتانە بنووسرێت، کە ئەمەش بە روانگەی بۆدلیار بەندە بەوەی کە ئەو شتانە خەریکن دەمرن و کۆتاییان پێدێت، یان هەرگیز بوونیان نەبووە. قسە کردن و نووسین لەسەر هەموو شتێک بۆ کردنە *داستان/fiktion* ئەوە دەرفەت بۆ بۆدلیار دەڕەخسێنێت کە نیشانەی بنەمای هەنووکەییانەی مێژووی هزریی فۆکۆ بە *رێژگەرایی* بکات: رەخنە گرتن بۆ دوور کەوتنەوە لە فۆکۆ خۆی لە خۆیدا دوور کەوتنەوەیەکی فرە هزرییانەشە، ئاماژە کردن بەوەی کە ئەو پەیوەندییانە کە خودی فۆکۆ لەسەریانی نووسیوە بەستراونەتەوە بە قۆناغێکی مردوو. واتا دەمەوێ بڵێم بە گشتی سەبارەت بە دەسەڵات، سێکسگەرایی و فۆکو شتگەلێکن (لە دەرەوەی جیهانی خەیاڵدا) رۆژێک بوونیان هەبووە.

راستییەکەی بەمجۆرە هەندێ جار بۆدلیار "کێویی" و "شێتانە" دەهزرێ، لە روانگەی منەوە ئەو شێتاتیە ئەنارکیستییە کاکڵە، ئۆرگینالیەتی بۆدلیار بەرجەستە دەکاتەوە. لێرەدا ئەو بەوە *دەتوانێت* کاریگەرییەکی رزگارکارانەی هەبێت و ئەکتۆریتارەکان/ فەرمانڕوایەکان تێکبشکێنێت، مرۆ پێویستە رێگا نەدا کە ئەو بیورووژێنێت. دوای ئەو کتێبە مرۆڤ دەتوانێ ئازا و بوێر بێت تاکوو هەوڵبدا بۆ خۆی بیر بکاتەوە، واتا پێویست ناکا هەر بە وروژاندنی ئەو بەردەوام بێت. بەڵکو پێویستە ***بۆدلیار لە بیر بکات***.

ئەو خاڵە گرینگ و ئەرکە گەورەیەی کە کتێبەکەی بۆدلیار ناڕاستەوخۆ بەرجەستەی دەکاتەوە: بانگێکە بۆ "لە بیر کردنی" خواوەندە بچووکەکانی پارس/راستیزان و سەرتاپای ئەو یاریکەرانەی کە لە دەڤەرەکانی تردا یاری مەرجانی شووشەیی دەکەن (هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە دەمڕاستی حەقیقەت دەزانن)، بەمجۆرە تاکوو چاومان هەڵبێنین و بتوانین واقیعی *خۆمان* و مێژووی *خۆمان* ببینین.

لێ ئەمە مێژوویەکی ترە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەرکۆڵێک لە بەرهەمەکانی فۆکۆ/ دۆلوز



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## **رۆشنبیران و دەسەلات**(4)

## **گفتوگۆی نێوان مێشیل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز**

**فۆکۆ** : (ماویستێک) پێی وتم : "لەوە باش تێدەگەم کە بۆچی لەگەڵماندا دەوەستیّ و لەبەرچیش کاری سیاسەت دەکات و بەرەو کام ئاقاریش کاری بۆ دەکا, لە کاتی پێویستدا لە تۆ تێدەگەم ,ئەتۆ هەمیشە گرفتی بەندکردنت دەربڕیوە .بەلام هەمیشە لە دولۆز ناگەم."

ئەم وتەیە تەواو حەپەساندمی , تێفکرینی تۆ بۆ من زۆر ئاشکرایە .

**دولۆز** : رەنگە لەبەر ئەوە بووبیّ چونکە ئێمە بە رێگەی پەیوەندییەکی تازەوە لەگەڵ تیۆری کرداردا بژین. هەندیّ جار, دیدی کردار, بەو مانایەی کە پراکتیزەکردنی تیۆرییە, ئەمە بۆ تەواوبوونی ئەو تیۆرییە وەك ئاکامێك وایە. بەپێچەوانەی ئەمەش, هەندیّ جار, خودی کردار، لە پێناوی تیۆرییەکی داهاتوودا کارێکی داهێنەرانەیە. لە هەموو بوارێکدا, بەو مانایە بێت یان ئەویتر, تێروانینی ئەو پەیوەندییەی کە لەسەر شێوەی رەوتە سەرتاسەرییەکەی کە لە نێوان تیۆری و کرداردا هەیە، باوی نەمایە. سەبارەت بە ئێمەوە رەنگە دەکرێت مەسەلەکە بە رێگەیەکی ترەوە دەربپردرێت. تیۆری- کردار خۆی هەمیشە بەش بەش و لێکداپڕاوە, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تریشەوە, تیۆری هەمیشە ناوچەییە, بەبوارێکی بچووك بەستراوەتەوە, رەنگە ئەگەر دوور لە بوارەکەی خۆیدا, لە بوارێکی تر پراکتیزە بکریّ, ساتمە بکات. بەلام نابیّ پەیوەندییەکانی پراکتیزەکردنی, پەیوەندیەکی وێکچوو بێت. هەروا لەلایەکی تریشەوە, تیۆری لە بوارە تایبەتیەکەی خۆیدا, خۆی رەسەن دەکاتەوە, تاوکوو لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگ و دیوار و لەمپەرانەدا خۆی دەرباز بکات کە وادەکەن بە زۆرەملیّ بۆ جۆرە گوتارێکی دیکەی بگۆڕن " هەر ئەو گوتارەشە کە رێگەی شیانی تێپەڕبوونی بەرەو بووارێکی تر پێدەبەخشیّ".

خودی کردار لە نێوان خاڵێکەوە بۆ یەکێکی تر سەرەنجامی رۆڵەکانە, تیۆریش, لە کردارێکەوە بۆ کردارێکی تر رۆڵی خۆی دەگێرێت. هیچ تیۆرییەك ناکریّ پێشبکەویّ ئەگەر رووبەڕووی دیوارێك نەبێتەوە. دەبیّ لە پێناوی کونکردنی ئەو دیوارەدا رەفتار بکا. بۆ نموونە, کارەکانی تۆ بە راڤەیەکی تیۆری دەستییان پێکرد، کە لە سەدەی نۆزدە, لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ناو کۆڕ و کۆمەلانی گیراوەکاندا دەستت بە لێکۆڵینەوەی تیۆری کرد. پاشان گروپی "P.I.G" لە خودی شێتەکان دروستکرد، لەپێناوی ئەوەی کە دەبیّ ئەو شێتانە بە خۆیان بئاخڤن و بە خۆیان بە نوێنەرایەتی هەستن, (یان بەپێچەوانەوە, تۆ بۆ ئەوان بوویتە نوێنەر), ئەو کەسانە لەناو زیندان بوون, ئەوان لە زیندان بوون, تۆ بەو زیندانیانە تیپی راگەیاندنی زیندانت رێکخست, کە لەسەر ئەم بناغەیە بوو : بارودۆخێك دروستبکرێت کە دەرفەت بدا بە زیندانیەکان بە خۆیان بئاخڤن. ئەو قسەیە بەگشتی بە هەڵە تەواو دەبیّ, کە ئەو "ماویستە" رایدەگەیەنیّ، گوایە تۆ گەیشتیە ئاستی بە پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانت. لێرەدا گەر پراکتیك نەبیّ, نە پرۆژەی چارەسەری, بگرە نە دابینکردنیش بە مانا تەقلیدیەکانی لەگۆرێدایە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوێدا شتێکی تەواو جیاواز هەیە ئەویش : هاوکات سیستەمی رۆڵەکانە لە ناو گروپە گۆشەگیرکراو، تیۆری و پرۆسەکاندا.

سەبارەت بە ئێمەوە, رۆناکبیری تیۆری کە ببێتە خودێك, هۆشمەندێکی نوێنەرانە یان نوێنەرێتیکردن رۆژگاری بەسەرچوو. ئەوانەی کە تێدەکۆشن و دەجووڵێن بگرە گەر بە ڕێگەی حزبیەوە, یان ساندیکاشەوە بێ, کە بە رۆڵی خۆیان هەقیشە بین بەو جێگە گرتنەوەیە, بین بە هۆشمەندیان, لەو نوێنەرێتیکردنە دەسبەرداربوون. کێیە قسە دەکا و کێ کار دەکا ؟ هەمیشە کەمایەتیە, تەنانەت لە زیندانیشدا هەمیشە کەمینەیەک کە قسە دەکا و کار دەکا. ئەوەی کە هەبوونی هەیە تەنیا کارە, کاری کردەوەیی لە ناو پەیوەندبە هاوبەشەکان یان تۆڕەکان, بێجگە لەوە هیچی تر لە گۆڕێدا نیە.

**میشێل فۆکۆ**: بە مەزەندەی من هەڵوێستی رۆناکبیرە باوەکان لە روانگەی دوو شتدا دامەزرابوو: وەك رۆناکبیرێک هەڵوێستی، لە کۆمەڵگای بورژوازی, لە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی و ئەو ئایدۆلۆژیای کە ئەو کۆمەڵگایەی بەرهەمدەهێنا، وەردەگرت، ئەو رۆناکبیرە وەک (تەقیینەرەوە، هەژاری، بەرپەچدانەوە، تۆمەتبار کردن، قبوڵ نەکردن, تۆمەتبارکراو, بێپەروا بە پەیوەندییە سیاسییەکان تاوانبار کراو...هتد) سەیر دەکرا. ئەم دوو شێوە بە سیاسەتکراوانە لە گەڵ یەکتردا ئاشنانین, بەلام پێویستیش نیە هاوجووت بن لەگەڵ یەکتردا. لەوێدا چەشنە رۆناکبیرێکی "سۆسیالیستی)" هەبوو. ئەم دوو جۆرە بە سیاسەتکراوە بە ئاسانی لەگەڵ یەکتر تێکەلاو دەبن, لە ساتە دیاریکراوەکاندا لە بەرتەکی دەسەلاتدا, دوای 1748, دوای کۆمۆنەی پاریس و, دوای 1940: لەو کاتەی کەتیایدا "شتەکان" لەسەر حەقیقەتەکانیان سەریانهەڵدا, لەو ساتەی کە نەدەبوو بگووترێ کە ناوی مەلیك شەرمەزارییە, ئەودەم رۆناکبیر بە چەوسانەوە رازی نەبوو. ئەو کات رۆناکبیر بۆ خەڵک راستی رادەگەیاند کە خۆیان هێشتا نەیاندەبینی، بۆیە رۆناکبیر بە ناوی ئەوانەی کە توانای قسە کردنییان نەبوو راستی رادەگەیاند: ویژدان و ئاشکرایی. رۆناکبیران هەر لە هەوڵی تازەوە ئەوەیان دۆزیەوە, کە جەماوەر لەبەر خاتری زانیاریی پێویستیان بەوان نیە. چونکە ئەوان خۆیان بە شێوەیەکی تەواو باش دەیبێژن. دەسەلات نەك هەر تەنیا لە ناوەندە بەرزەکاندا جێگیرە, بەڵکو شارەزایانە لەناو تۆری کۆمەلایەتیدا, بەقووڵی رێشاژۆکراوە. خودی رۆناکبیران بەشێك لەو دەسەلاتە پێك دێنن, ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ, هەموو رۆناکبیران نوێنەرایەتی "هۆشمەند"ی گوتار دەکەن, ئەوە خۆی بەشێك لەو سیستەمە پێکدێنێ . رۆڵی رۆناکبیر بۆ "پێشەوە یان تەنیشت" نیە تاکوو حەقیقەت رابگەیەنێت، گوایە هەموو خەڵکان کەڕن, بەڵکو لەو شوێنەی کە مادده و کەرەستەی تێدابێ, رۆڵی رۆناکبیر تێکۆشانە دژی هەموو شێوەکانی دەسەلات: تێکۆشانە لە دژی سیستەمی "زانیاری", سیستەمی "هەقیقەت", سیستەمی "هۆشمەندی" و سیستەمی "گوتار"دا. بۆیە رۆناکبیر لە تیۆریی نائاخڤێ, بەڵکو وەریدەگرێ, یان جۆرە کردارێك پراکتیزە دەکا, تیۆری هەر خۆی کارکردنە. بەلام ناوچەیی و بەش بەشە:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمەلایی نیە, بەڵکو تێکۆشانە دژی دەسەلات, تێکۆشانە لە پێناوی بە دیارخستن و شیتەڵکردنی ئەو دەسەلاتەی کە هەرچەندە زێدە شاراوە و بە توندیش ئاڵۆزکاو بێ. رۆڵی رۆناکبیر تێکۆشان نیە بۆ "نوێنەرایەتی هۆشمەندی"، چونکە هەر لەدێرزەمانەوە جەماوەر خۆی، بە مانای زانین، لە هۆشمەندی حاڵی بووە, خودی هۆشمەندی وەک دەسکەوتێک بەر لە بورژوازیەتی خاوەندارێتی, کۆتایی پێهات, بەلام رۆڵی رۆناکبیر لە تەنیشتەوە, تێکۆشانە لەپاڵ هەموو ئەوانەی کە لە پێناوی قوڵپ کردنەوە و دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتدا تێدەکۆشن, ئەم تێکۆشانەش نەوەك بۆ پاشەکشە کردن لە پێناو هۆشیار کردنەوەی خەڵک. خودی "تیۆری" بۆ ئەم تێکۆشانە سیستەمێکی ناوچەییە.

**ژیل دۆلۆز**: خودی تیۆریی, کت و مت وەك پاکەتی کەرەسەکان وایە, پەیوەندی بە نیشانە/signiferەوە نیە. نابێت لە پێناوی خۆیدا ئەو خزمەتە راپەڕێنێ, ئەوە بجووڵێنێ. لێرەدا ئەگەر لە دیدگەی هەمان دیمەنەوە, کە بەسیەتی هەر دیمەن بێ, کەسانێك نەبن ئەو تیۆرییە بەکار بێنن, ئەوکات شایەنی هیچ شتیك نیە, یان ئیتر ساتی بەکارهێنانی بەسەردەچێ, ئەگەر جۆرە تیۆریەك نەبێ کە وەک سەرچاوەیەک بۆی بگەڕێینەوە, ئەکات دەبێ تیۆرییەکی تر دابهێنین, دەبێ کار بۆ تیۆریەکی تر بکرێ, جێگەی سەرسوورمانە وتەیەکی لەم تەرزە لەدەمی نوسەرێکی وەک مارسێل پرۆست ڕێچکە دەگرێ، کە بە رۆناکبیرێکی پاك دادەنرێ, ئەو بە ئاشکرا گوتی: دەبا وەک ئاوێنەیەکی ئاراستەکراو بۆ دەرەوە لەگەڵ کتێبەکەم مامەڵە بکەن، ئەگەریش لەگەڵتان رێکنەکەوت, بە یەکێکی تر بیگۆڕنەوە, تاکو ئێوە ساتمە لە سەر کەرەستەکانتان بکەن، کە هەر دەبێ کەرەستەی شەڕ بێت. ئەو تیۆرییە بە گشت ناکرێ, ئەو تیۆرییە لاواز دێنێ, لاواز کارە. خودی دەسەلاتیش, بە حوکمی سروشتەکەی بە گشت ناکرێ, تۆش بە ووردی وتت: تیۆریی بە سروشتەکەی خۆی, دژی دەسەلاتە. ئەوەی کە لەم خاڵە یان ئەویتردا تیۆریی رەسەن دەکاتەوە, ئەگەر هات و لە کاتی پێویستیشدا لە خاڵێکی تر نەتەقێتەوە، بەڵام دەبێ بەلای کەمییەوە, لەگەڵ مەحاڵ بوونی سەرکەوتن رووبەڕووبێتەوە. بۆیە بیرۆکەی ریفۆرم گەمژەیی و دوو ڕوویە, یاخود خودی ریفۆرم ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نوێنەر دادەنێن, ئەوانەی کە لە پری ئەوانیتر, بە ناوی ئەوانیتر پیشەی قسەکردن پەیرەو دەکەن، پیادەی دەکەن, ئەوەش خۆی تەنیا یەکێك لە کارە رێکخستووەکانی دەسەلاتە, دەسەلات بە دابەشکردن هەڵدەستێ و هاوشانیش داپڵۆسینی بەردەوامی لەگەڵ ئاراستە دەکات, یان ئەوەی کە دەسەڵات پیادەی دەکا تەنیا ریفۆرمێکە, ئەوانەی کە پەیوەندیان پێوەیە تێکیدەشکێنن, ئەو کات واز لە ریفۆرم دێنن, تاکو ببێت بە کارێکی شۆرشگێرانە, ناخی سروشتە بەشایەتیەکەی و گشت دەسەلات و سیستەمە ریزکراوەکانی دەخاتە بەردەم پرسیار. لە زیندانەکاندا ئەو رۆشن نەبوو: کەم و زۆری لەخۆبوردوویی داواکاری زیندانەکان بەس بوو تاکوو لە ساڵانی پەنجایەکاندا ریفۆرمی پێکەنیناوی سەرۆکی فەرەنسی رێنێ پلیڤین (( Renè Pleven)) بئاوسێت. ئەکەر هاتوو منداڵە بچووکەکان, لە قەتابخانەکانی دایکایەتی, بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێویستیەکانیان یان بگرە بۆ پرسیارەکانیان کەس گوێیان لێنەگرن، دواجار دەکرێ لە سەرتاپای سیستەمی فێرکردندا تەقینەوە رووبدات. لە راستیدا, ئەو رژێمەی کە تێدا دەژین هیچ شتێکی نیە کە قبووڵ بکرێ: دواجار, سەرچاوە ریشەییە رۆخۆکەکەی و سەرچاوەی هێزە داپڵۆسێنەرەکەی ئالێرەدایە.
وابزانم تۆ یەکەم کەس بووی کە فێری شتێکی سەرەکیت کردین ئەویش: گەر مرۆڤ لە بری ئەویتر بئاخڤێ سەر شۆڕییە.
دەمەوێ بڵێم: نوێنەرایەتی لە قاڵبیداین, ئەوە بڵێ کە ئەوە کۆتایی هات, بەلام بێ ئەوەی بیر لە ئاکامی ئەو وەرچەرخانە "تیۆری" یە بکەینەوە، کە ئاخۆ بە قسە کردن لە جێگەی ئەوانیتر تیۆریی تێکدەشکێت.
**میشێل فۆکۆ**: هەروا کاتێ زیندانییەکان قسە دەکەن, ئەوە دیارە لەمەڕ زیندان, لەمەڕ یاسای سزا و عەدالەت تیۆری خۆیان هەیە. ئەو گوتارە، گوتارێکە دژ بە دەسەلات, گوتار-_ دژ, کە ئەوە لەلایەن زیندانیەکان یان ئەوانەی کە بە باڵگرتووەکان ناوزەند دەکرێن بەرهەمهاتووە, کە ئەوەش سەرەکییە, لە مەڕ باڵگرتنەوە تیۆریی نیە. گرفتاری زیندان گرفتارێکی ناوچەیی و پەراوێزییە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە سالانە بە زینداندا تێدەپەڕن لە ((100000)) کەس تێناپەڕن, بە شێوەیەکی گشتیش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە فەڕەنسادا ئەمڕۆ چوونە زیندان لەنێوان ((300_-400000)) هەزار کەس دەبن, وێرای ئەوەش, ئەم گرفتارییە پەراوێزیە خەڵکی هەژاند. گرنگیدانی ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا زیندانیان نەدیووە بەو گرفتارییە سەرسامیان کردم, هەروا بە روانینی ئەو خەڵکەی کە بۆ گوێکرتن لە گوتاری زیندانیەکان, خۆشیان ئامادە نەکردبوو, حەپەسام, لە کۆتاییدا چۆن گوێیان بۆ گرت, چۆن دەکرێ ئەمە شیبکرێتەوە؟ فڕێدانی خەڵك لە ناو زیندان, حاسێکردنییان لە ناو زیندان, لەخواردن بێبەش کردنیان, لە گەرمێتی, قەدەغەکردن لە چوونە دەرەوە, قەدەغەکردن لە خۆشەویستی, ......هتد، ئەمەش خۆی لە توندوتیژترین ورێنەدا مانای بوونی دەسەلاتە. دوێنێ بوو لەگەڵ ژنێکی زیندانی ئاخفیم, پێی گوتم: "پروانە ئەوانە سزایان دام و ئەز ژنم, کە تەمەنی 40 سالان بوو,تەنیا نانی رەقیان پێدام)". ئەو چیرۆکە تەنێ کارێکی مندالانەی دەسەلات نیە, بەڵکو ئەو رەشۆکیەیە کە دەسەلات, بە دواکەوتوویی و چەپەڵی و مشەخۆریانە تا ئەوپەڕی پەیرەوی دەکا. بێبەشکردنی مرۆڤ لە هەموو شتێك بێجگە لە نان و ئاو, ئەوە لەو کاتەی کە منداڵ بووین فێریان دەکردین.
خودی زیندان تاکە شوێنێکە کە دەکرێ دەسەلاتی بە رووتی و بە هەموو رەهەندە لەڕادەبەدەرەکانی تێدا بە دیار بکەوێ, هەروا ئەو دەسەڵاتە، کە گوایە دەسەلاتی رەوشتە، خۆی بەم جۆرە دەڕازێنێتەوە: (( مافی خۆمە سزات بدەم, چونکە تۆ دەزانی دزیکردن شەرمەزارییە, لە مرۆڤ بدەی, یان مرۆڤ بکوژی...)). ئەو شتەی کە لە ئەزموونی زیندانیەکان سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە, کە دەسەلات چیتر ناتوانێت خۆی بشارێتەوە بە هەموو چەپەڵیەکەیەوە خودی خۆیەتی, لە هەمان کاتیشدا چۆن خۆی بە پاك پیشاندەدا, کە بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"بیانۆ"ی گشتییەوە, بەخۆی دەتوانێ نەخشەی رەفتارەکانی لە ناو رەوشتدا بکێشێ: ئەو کات زۆردارییەکەی بە دیار دەکەوێ کە وەک ئەوەی گوایە کۆنترۆلێکی خێرە بەسەر شەڕدا, سیستەمێکە بەسەر ئاژاوەدا.

**ژیل دۆلۆز**: بەڵێ, هەروا پێچەوانەکەشی راستە. نەك هەر تەنێ زیندانیەکان وەك منداڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ, بەڵکو خودی منداڵیش وەك زیندانیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. منداڵ بۆ پرۆسەی بە منداڵ کردن ناچار دەکرێ, بەم مانایە بۆیە راستە بگوترێ کە خودی قوتابخانەکان وەك زیندان وان, لەوەش زیاتر کارخانەکان زیندانن. ئەوە بەسە کە مرۆڤ چووە ژووری کارخانەی رینۆ چاودێری دەکرێ. یان لە شوێنێکی تردا: بۆ کەس رەوا نییە کە رۆژێ سێ کەڕەت زیاتر بچێتە ئاودەستخانە. تۆ دەقەکەی ((ژیریمی بێنتهام))ت دیوە کە بە ووردی لە سەدەی هەژدەهەمدا زاراوەیەکی بۆ زیندانیەکان پێشنیاز کردووە و دەڵێ: بە ناوی ریفۆرمێکی بەرز بۆوەوە و سیستەمێکی ئەڵقەیی دادەمەزرێنێ، لەناو ئەو سیستەمەدا نموونەی زیندانێکی تازەی لە ناودا پێکدێنێت, مرۆڤیش بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو لە قوتابخانەوە بۆ کارگە تێدەپەڕێ, بە پێچەوانەشەوە لە کارگەوە بۆ زیندان. ئا ئەوەیە ناوەڕۆکی ریفۆرم, ناوەڕۆکی نوێنەری ریفۆرمیست. لە بەرانبەر ئەمەشدا, کاتێ کەسەکان بە ناوی خۆیان دەئاخڤن, ئەوانە نوێنەرایەتیەك لە شوێنی نوێنەرایەکی تر دانانێن, هەتا گەر پێچەوانەی ئەویش بوو, ئەوان (کەسەکان) لە رووبەڕووبوونەی نوێنەرایەتی ساختەدا نوێنەرایەکی تر پێشنیاز ناکەن. بۆ نموونە, لە بیرمە تۆ گوتت: لە دژی عەدالەتدا, جەماوەر بوونی نیە, هەر هەموو لەسەر ئاستێکی تردا تێدەپەڕن.

**میشێل فۆکۆ**: وابزانم نابێ وا تەماشا بکەین کە گەل رقی لە عەدالەت, لە حوکمڕان, لە دادگاکانە, زیندانەکانیش تەنیا هزری عەدالەتێکی ترە کە باشتر و عادلترە, بەلام یەکەم و بەر لە هەموو شتێکیش خاڵێکی تایبەتمەند رەچاو بکە کە دەسەلاتێك هەبێ بە پشتیوانی گەل دەسەلات پەیرەو بکا. تێکۆشان بە دژی –عەدالەت خۆی تێکۆشانە لە دژی دەسەلاتدا, پرواشم بەوە نیە کە ئەو تێکۆشانە , تێکۆشان بێت دژی ناعادلەکان, ناعادلی عەدالەت, هەروا تێکۆشان بێ لە پێناوی پیشەیەکی باشتر بۆ دام و دەزگای عەدالەت. هەروا ئاشکرایە مانای وانیە کە هەموو جارێ کە یاخی بوون و هەڵخشان و راپەڕین روودەدات ئامانجی دەزگای عەدالەت بێ, لە هەمان کاتیشدا ئەو یاخی بوونانە خەریکە کە دام و دەزگای باج بکات بە ئامانجی خۆی, هەروا سوپا و پێکهاتەکانی تری دەسەلاتیش. گریمانی من, هەر تەنێ گریمان نیە, بەڵکو بۆ نموونە, دادگایی کردن خەڵکی لە کاتی شۆرشدا رێگاکەی تەنیا بۆرژوای بچووك نیە، کە لە پێناوی جارێکی تر گەڕاندنەوە و زاڵبوونی بە سەر بزاڤی تێکۆشانی دژ بە عەدالەتدا, نابێتە هاوپەیمانی جەماوەر. چونکە لە پێناوی پێشکەشکردنی سیستەمی دادگا نیە، کە پشت بە عەدالەت دەبەستێ، لە توانایدا هەیە عادل بێت, هەتا دادوەرێك دەتوانێ دەتوانێ بریارێکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عادیلانە دەربکات. شێوەی دادگا خۆی لەمەڕ عەدالەتەوە بە ئایدۆلۆژیاوە بەندە کە خۆی عەدالەتی بۆرژوازییە.

**ژیل دۆلۆز:** گەر لە هەڵوێستی ئێستاکە بفکرین, ئەوە دەدۆزینەوە, کە تێرامانی دەسەلات رەها و بەرفراوانە. دەمەوێ بێژم هەموو شێوە داپلۆسێنەرەکانی ئێستاکە, فرەلایەنە, لە ماوەی بۆچوونی دەسەلاتەوە دەکرێ بە ئاسانی ئاوەژوو بکرێتەوە: (داپڵۆسینی داپڵۆسێنەرانە بە دژی بیانیەکان, داپڵۆسین لە ناو کارگەکاندا, داپڵۆسین لە ناو خوێندن و فێرکردندا, بە شێوەیەکی گشتی داپڵۆسین دژی لاوەکان). ئەو رەفتارانەش کاکڵەی دەسەڵات رووتدەکەنەوە. نابێ تەنێ بیر لە یەکێتیەك بکرێتەوە، کە هەموو ئەو شێوانەی کە لەسەر شێوەی بەرتەکی ئایاری 68 بوو لە خۆ بگرێت, بەلام سەرباری ئەوەش دەبێ بیر لە یەکێتیەکی رێکخراوی چارەنووس ساز بکەینەوە: سەرمایەداریی فەرەنسی پێویستیەکی زۆری بە "یەدەگی" بێ کاریی هەیە, چیتر نایەوێ وەک باوکێکی لیبرالی خزمەتی سەرتاپای خەڵک بکات, لێرەدا یەکێتی شتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: کۆچ دیاریکردن, گەر ئەوە نەزانین کە ئەو کار پێدانە بە کۆچپێکراوەکان هەر خۆی توندوتیژترین دژواریی و خۆ گێلکردنە لە لایەن دەسەڵاتەوە. داپڵۆسین لە ناو کارگەکان, وێرای ئەمەش مەبەست لە پێبەخشینی "تامی" کاری پەشۆکاوی بە فەرەنسیەکان خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە رەفتاری سەرکوتکردن. دواجار ململانێ کردن لەگەڵ لاوەکان و داپڵۆسین لەناو سیستەمی خوێندندا لە پەرەسەندن دایە. کاتێک رەفتاری داپڵۆسێنەرانەی پۆلیس توونـد و تیژە، بۆیە بەم پێوانەیە لە بازاڕدا کاری پۆلیس بەرتەنگ دەکاتەوە. جا دەسەڵات بۆ تیۆریەکانی پەرەسەندنی کار رەفتاری پۆلیس بە باشی تاپۆ دەکات: مامۆستایان, دکتۆرەکانی مێشك, هەموو ئەوانەی کاری پەروەردەیی دەکەن تاپۆیان دەکات. پاشان شتێك هەیە کە تۆ لەمێژە راتگەیاندووە, کە وامدەزانی جارێکیتر بەرهەم ناهێنرێتەوە: بەهێزکردنی هەموو بونیاتی بەندکراوەکانە. ئەو کاتەی کە دەستمان کرد بە رووبەڕووبوونی ئەم سیاسەتە بەرفراوانەی دەسەلات, ئەوجا بەئاگر-و بە هەڵکاڵین، بە داکۆکی کاریگەر و هەندێ جاریش بە ئاگادارکردنەوەی رووبەڕووبونەوەی ناوچەیی رووبەڕی ئەو دەسەڵاتە دەبینەوە. بەڵام ناکرێ ئەو بەرانگار بوونەوەیە یەکسەر هەموو لایەکی دەسەڵات بگرێتەوە, هەروا لە تواناشماندا نیە هەموو بەشەکانی بگرێتەوە. سەبارەت بە ئێمە, تەنیا گەر بتوانین دووبارە ئەو پێکهاتانە دامەزرێنینەوە کە نوێنەرایەتی ناوەندێتی و پلەکان دەکەن. کە ئەمەش ئەرکی ئێمە نیە, ئەوە ئەرکی دامەزراوێکی پەیوەندیە ئاسۆییەکانە, ئەوە سیستمی تۆڕەکان و بناغەکانی گەلە. کە ئەمەش بۆ خۆی سەختە. بەهەمان حاڵ, راستی ئەمەش بە واتا تەقلیدییەکەی، کە لەلایەن سیاسەتەوە بەڕێگەی ناوەندەکانی نوێنەرایەتیەوە, وەك شێوەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی و یان سەندیکاکانەوە، دەبێتە دژایەتی کردن و دەسەلات دابەشکردن, کە ئەمەش سەرناگرێ. لە بنەڕەتدا ئەم کارە, کە ئەمڕۆ لە ناو سەربازگە, زیندان, ناوەندی پۆلیس, قوتابخانە, کارگەکاندا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

روودەدەن. بە جۆرێك لە چەشنە راگەیاندنێكی تردا هەمان كاریگەری بەخۆوە دەگرێ , كە بەڕواڵەتەكەی خۆی لەگەڵ راگەیاندنی رۆژنامەگەرییدا پێچەوانەیە.

**میشێل فۆكۆ**: ئەستەمی دۆزینەوەی شێوەمانی گونجاوی خەبات, ئاكامی ئەو راستیەیە كە ئێمەی هەمیشە لەبەردەم دەسەلات دەسەپاچەكردووە. ئایا دەكرێ بەرپەرچی بدرێتەوە, لە كاتێكدا كە ئێمە هێشتا خۆمان لەوە نەزان دەكەین كە دەسەلات چییە؟ دەبووایە چاوەڕێی سەدەی نۆزدە بكەین تا بزانین چەوسانەوە چیە, كەچی رەنگە تا ئەمڕۆكەش خۆمان لەوە نەزان بكەین كە دەسەلات چیە. لە هەموو بارێكدا بۆ تیگەیشتنی ئەو شتە ئاڵۆزكاوە , هاوكات بینراو و نەبینراوە, ئامادە و نائامادەیە, كە لەهەموو شوێنێكدا بەرهەمهێنراوە, ئەو شتەی كە دەسەلاتی پێدەڵێن دەبێ پەنا بۆ ماركس و فروید ببەین, تیۆریی دەوڵەت, لێكۆڵینەوەیەكی تەقلیدیە بۆ دەزگای دەوڵەت, كە بە دڵنیاییشەوە پانتایی رەفتار و پیشەی دەسەلات لەكارناخات.

هاوكات ئێمە دەبێت ئەو توانایە لەبارانە شرۆڤە بكەین و بڕیار لەسەر  روانگەنەی ئەو هەراركییانە  بدەین كە بە گشتی كاریگەری ئەوتۆیان نیە، هەروا هەموو جۆرە شێوەیەكی بەرانگار بوونەوە تاقیبكەینەوە.

دەسەڵات لە هەموو بوارێكدا ئامادەیە و رەفتاری خۆی دەكا. كەس بە رەسمی لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا مافی بەرەنگاری نیە، بەڵام هەمیشە لە هەندێک ئاراستەدا خەڵک خۆی ئەو دەسەڵاتە پیادە دەکەن. بە گشتی ئاسان نیە كە بەم واتایەكی دروست بێژین كێ دەسەڵات پیادە دەكات، بەڵام زۆر ئاسانە كە بزانین كێ دەسەڵاتی نیە یان بێدەسەڵاتە. ئەوەی كە من بە خوێندنەوەی كتێبەكەی تۆ لە *نیتشەوە*  ئەوەیە كە من  لە *سەرمایەداری و شیزۆفرینیا* چاوەڕوانی دەكەم. ئەو كتێبە بە هۆی ئەو كێشەوە بۆ من گرینگ بوو: لەو بەشەی كە باسی مانا دەكەی لە نیشانەگەریی/signfield ... هتد، لەوێدا تۆ پرسی دەسەڵات زیاتر بەرجەسەتە دەكەیتەوە. هەموو بەرەیەک لە سەرچاوەی جۆرە دەسەڵاتێک گەشە دەسێنێت، جا ئەو سەرچاوەی دەسەڵات هەر كامیان بن، واتا ئەو دەسەڵاتە پێكدێت لە سەرچاوە لە ژمارنەهاتووەكان، سەرچاوە بچووكان ، بۆ نموون وەک مووچەخۆرە بچووكەكان یان مۆدێلێكی وەک كارگەی HLM خانووی بەندكراوەكان، پاسەوانی زیندانییەكان ، ساندیكا، دەمڕاستێک و بەڕێوەبەری رۆژنامەیەک. ئێمە كاتێ كە جەغت لەسەر ئەو سەرچاوانە دەكەینەوە و ئاشكرایان دەكەین، كە ئەوانە بەشێكن لەو بەرەی دەسەڵات، نەک لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوە ناسراوە نیشان بدەین، بەڵکو تاكوو لەسەر ئەو بابەتە قسە بكرێت و ئەو تۆرە دامەزراوە زانیاییانە ناچار بن گوێبگرن، تاكوو ناو بەرهەم بێنن، تاكوو پەنجەیان بۆ رابكێشرێن، تاكوو ئامانجێک بدۆزرێتەوە، تاكوو وەک هەنگاوێكی سەرەتایی دەسەڵات ئاوەژوو بكرێتەوە و دەسەت بە بەرەیەكی نوێ بكرێت بە دژی فۆرمە جێگیرەكانی دەسەڵات. گوتاری ئەو بەرەیە بە دژە ئاگایی نیە، بەڵام دژی شتە حەشاردراوەكانە. رەنگە ئەو حەشادراوانە زۆر باش لە دەرەوە نەبینرێن؛ بەڵام ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت گەر شتێک رووبدات كە ئێمە چاوەڕوانیمان نەكرد بێت؟ زۆر شت بە هەڵە بیریان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێکراوەتەوە کە "شاردراوەنەتەوە"، "چەوسێنراونەتەوە" و "نەگوتراون"؛ ئەو بیرکردنەوەی کە گوایە شتەکان بە هەڵە بیریان لێکراوەتەوە ڕێگە بە "دەروونشیکاری"یەکی هەرزان دەدەن لەسەر ئۆبژەی بەرە. رەنگە ئاشکرا کردنی نائاگاییەک ئاسانتر بێت لە ئاشکراکردنی شتێکی حەشاردراو. ئەو دوو بابەتە هەمیشە لە کاتی رابردوویەکی ئامادەدا بەیەک دەگەن، کە "نووسین پێکهاتە چەوسێنراوەکان نیشاندەدات" و هاوکاتیش "نووسین وەک پێویستییەک کردەیەکە بۆ داڕماندن"، وێدەچێت ئاشکرا کردنی چالاکییەک، دەبێتە پاڵنەرێک بۆ دەرپڕینێکی کاریگەرانە.
دۆلوز: سەبارەت بەو کێشەیەی کە تۆ باسی دەکەی، هەڵبەتە شتێکی راشکاوە کە کێ لەوە سوودمەندە و کێ قازانجی لێدەکا و کێش بەسەریدا زاڵە، وەلێ وێرای ئەوەش دەسەڵات شتێکە زۆر پەرش و بڵاوە. من دەخوازم ئەو گرمانانە بخەمەڕوو: وزەی مارکسیزم بریتی بوو لەوەی کە چەمکە سەرنجکێشەکاندا پێناسە بکات "دەسەڵات خاوەن چینێکی باڵادەستە کە لە ئامانجەکانی خۆیدا پێناسە دەکریت". بەمجۆرە راستەوخۆ ئەو پرسیارە قووتدەبێتەوە: چۆن دەبێ مرۆڤ خواستەکانی بۆ دەستەبەر نەکرا بێت، کەچی بۆ ئەوەی ئەو کێکە دابەشبکات پشتگیری لە ستروکتورەکانی ئەو دەسەڵاتە جێگیرە بکات؟
سەبارەت بەوە ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە، بە  هۆکاری پاشەکەوتکردن، جا ئەوە چ ئابووری بێت یان نائاگایی، بەرژەوەندی ببەسترێتەوە، کە ئەو وەڵامەش نابێتە وەڵامێکی کۆتایی؛ لەوەدا داوای بەرژەوەندییەکانمان سەبارەت بە حەزی پاشکەوتکردن شێوەیەکی ئاڵۆزکاو و قووڵتری هەیە. بەڵام هەڵبەت ئێمە هەرگیز دژی خواستەکانی خۆمان ناوەستینەوە، چونکە لەو جێگەی کە مەیل ئەو خواستانە پۆلێندەکا خواستەکانمان هەمیشە بەردەوام دەبن و هەر بە خۆشیان خواستەکان دەدۆزنەوە. ئێمە ناتوانین هاواری ویلیهام رایش بێدەنگ بکەین: ئاپۆرەی خەڵک فریو نەدرابوون؛ ئەو ئاپۆرەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا خۆیان رژێمی فاشیستیان دەویست! مەیل پاشەکەوتەکانی وەک شێوەیەک پاشکەوت دەکاتەوە و دەسەڵات دابەشدەکا، ئەمەش مرۆڤ دەکاتە پۆلیس و سەرۆکی وەزیران خاوەنداری. لەو ناوکۆییەوە هیچ جیاوازییەکی کاکڵەیی لە نێوان دەسەڵاتی پۆلیسێک و سەرۆک وەزیراندا نیە. سروشتی ئەو پاشەکەوت کردنەی مەیل لەناو گروپێکی کۆمەڵایەتیدا ئەوە شیدەکاتەوە کە بۆچی حیزبێکی سیاسی یان رێکخراوێک بە ناوی چینەوە بیر لە شۆڕشکردن بکاتەوە، سەبارەت بە مەیل و رێفۆرم هەمیشە پێش وەخت سازکراوە یان تەواو بەرتەک ئامێزە.
فۆکۆ: وەک تۆ گوتت، پەیوەندی نێوان مەیل و دەسەڵات و خواست زۆر ئاڵۆزکاوە لەوەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی بیر لە دەسەڵات دەکرێتەوە، هەروا وەک پێویستییەک ئەوانەی کە دەسەڵات پیادە دەکەن خواستێکیان لەو پیادە کردنە هەیە. وێرای ئەمەش مەیلی دەسەڵات بناغەیەکە بۆ پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خواست. ئەوەی کە روویدا کاتێک ئاپۆرەی خەڵک لە سەردەمی فاشیستدا حەزیان دەکرد ببنە خاوەن دەسەڵات، ئەو خەڵکانە بێتوانایانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەیانویست خۆیان بەوە پێناسە بکەن، بۆیە ئەو تاکەکەسانە پیادەی دەسەڵاتێک دەکەن کە بە دژی خواستەکانی ئاپۆرەی خەڵکە.

بەمجۆرە تا ئەو ئاستە ئەو خەڵکە ژیانی خۆیان لەسەر ئەو دەسەڵاتە دانا. وێرای ئەمەش ئەوانە ئەو دەسەڵاتە تایبەتییەیان دەویست. ئەو گەمەی مەیل، دەسەڵات و خواست، کەم سەرنجی پێدراوە. دوای ماوەیەکی درێژ ئەوجا ئێمە لەوە تێگەیشتین، کە زۆرداریی؛ مەیل مێژوویەکی درێژی هەبووە و هەیە. شتێکی شیاوە کە ئەو بەرەیەی کە ئێستا لە ئارادایە و ئەو بەرە ناوچەیی، ئەو تیۆرییە لێکداپڕاوانە کە بریتین لەو بەرەیە و لێک جیاناکرێنەوە. ئەو بەرەیە دۆزینەوەیەکی نوێنە لەو شێوەیەی کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵات پیادە کراوە،

دۆلوز: لەم بارەیەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەم پرسیارە: بزاڤی شۆڕشگێڕانەی جیهانی پێگەی ئاڵۆزکاوی دروستکردووە، ئەمەش ئاکامی لاوازی ئەو بزاڤە نیە، چونکە جۆرە توتالیتارییەک بەستراوەتەوە بە دەسەڵات و هێزە کۆنەپەرستەکانەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە مانۆڕی بەرەنگاری ناوچەیی، ڤێتنام نموونەیەکی باشە. بەڵام چۆن ئەو فرە بازنە بەیەکەوە بەستراوانەی نێوان ئەو خاڵە ئاڵۆزکاوە کاریگەرە لێکداپڕاوانەی وڵاتە جودایەکان ناو ناو خودی وڵاتان بزانین.

فۆکۆ: ئەو جوگرافیایە پەلهاوێژەی کە تۆ باسی دەکەی دەکرێ بەمجۆرە راڤە بکرێ: هەر لەو ئان و ساتەی کە مرۆ بەرە لە دژی چەوساندنەوە دەست پێدەکا ئەوە پرۆلیتارە کە پێشڕەوی ئەم بەرەیە دەکا و هاوکاتیش ئامانج، مێتود، بواری هێز و چەکەکانی دەست نیشاندەکات، هاوپەیمان بوونت لەگەڵ پرۆلیتاریا واتا خۆ گرێدانە بە پێگەکەی و ئیدۆلۆگییەکەی. ئەمەش واتا قبووڵکردنی سۆنگەکانی بەرەی پرۆلیتاریایە. ئەمەش واتای هەڵوەشاندەوەی ناسنامەی خۆت دەگەیەنێت. بەڵام گەر ئەوە بە دژی دەسەڵات بوو کە مرۆ بە دژی شەڕ دەکا، ئەوکات هەموو ئەوانەی کە دەسەڵات بەسەریاندا زاڵە یان دژی پرۆلیتار بە خراپ بەکاریان دێنێ، هەموو ئەوانەی کە مل کەچ نەبوونە، دەبێ پێکڕا لەو شوێنەی کە خۆیان تێدا دەبیننەوە لە روانگەی چالاکی خۆیان (یان دەستەپاچەیانەوە) دەست بکەن بە جۆشدانی بەرەیەک. بە دەستپێکردنی بەرەیەکی لەم جۆرە، کە هی خۆیان و ئامانجەکەیانە ئەوە خۆیان باش زاڵ دەبن بەسەر مێتودەکان و خودی خۆشیان دەتوانن لەگەڵ ئەو بەرەیە بن و بڕیار بدەن، ئەوان دەتوانن بچنە ناو ئەو پرۆسە شۆڕگێڕییەوە. هەڵبەت وەک هاوپەیمانی پرۆلیتاران، کاتێ دەسەڵات بە گەڕ دەکەوێ، گۆڕانی بەسەر خۆی دێنێت بۆ ئەوەی چەوساندنەوەی سەرمایەدارانە بپارێزێت. دەسەڵاتدارانی سەرمایەدار لەو شوێنەی کە چەوساندنەوە بە دژی پرۆلیتاریاران پیادە دەکەن کە ئەوان بەرانگاریان دەبنەوە ئەوە لە نزیکەوە هەست بە شۆڕشەکەیان دەکەن. ژنان، زیندانیەکان، ئەوانەی بە زۆرەملێ کراون بە سەرباز، لە خەستەخانە کراوەکان، هۆمۆسێکسوالەکان و چەندان گروپی تر کە ئێستا دەستیان کردووە بە زنجیرەیەک لە پێکدادان بە دژی ئەو شێوازە تایبەتمەندەی دەسەڵات، ئەو ناچار کردن و کۆنترۆلەی کە بە دژی ئەوان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیادە دەکرێت. لە کاتی ئێستادا ئەو جۆرە پێکدادانە بەشێکن لە ژێر مەرجەکانی ئەو بزاڤە شۆرشگێڕیەی کە ئەو گروپە  رادیکالن، دوورن لە سازش کردن و ریفۆرمیزم، هەوڵیش نادەن دەمڕاستی بکەن و بە ناوێکی تر هەمان دەسەڵات بەدەست بگرنەوە (کە ئەوان دەیانەوێ پێشی لێبگرن). ئەو بزاڤانە گرێدراون بە بزاڤی شۆرشگێڕانەی پرۆلیتارياوە ئەوانیش دەبێ وەک ئەو بزاڤە لە پێناو هەموو ناچار کراو- کۆنترۆل بەسەر داسەپێنراوەکان تێبکۆشن کە بە دەست ئەو دەسەڵاتە جێگیرەوە گیریان خواردووە.

واتا هاوکات خاسڵەتی گشتی ئەو بەرەیە لەناو ئەو فۆرمە بە توتالیسێرە کراوەدا کە تۆ ئێستا باست کرد، کە لە ژێر دروشمی ڕاستییدا، ئەو فۆرمە دەکرێ بە توتالیسێرەکردنێکی تیوریانە، بەرجەستە نابێتەوە. ئەوەی کە ئەو خاسڵەتە گشتییە بەو بەرەیە دەبەخشێ خودی سیستەمی دەسەڵاتە، هەموو بەکارهێنانێکی دەسەڵات و- پیادە کردنی شێوەکانی ئەو دەسەڵاتەیە.

دۆلوز: هەروا ئێمە گەر سروشتە پەرش و بڵاوییەکەی دەسەڵات ئاشکرا نەکەین، ناتوانین بچینە ناو بەشە جودایەکانی ئەو دەسەڵاتە، بۆیە ئێمە وەک پێویستیەک – بەبێ هیچ مەرجێک بنەمای رابەرایەتیمان دەستپێکرد – بەو مانایەی مەیل دەستی ئێمەی راکێشا تاکوو ئەو دەسەڵاتە بتەقێنینەوە. هەر جۆرە هێرشێک یان بەرگرییەکی شۆرشگێرانە، هەرچەندە بچووکیش بێت، بەم شێوەیە ئەو هێرشە شۆرشگێرانە بەستراونەتەوە بە خەباتی کرێکارانەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئەنتی ئۆدیپ- Anti Odipos

دەروازەیەك بۆ ژیانێکی بێ فاشیزم

نووسینی: ژیل دولۆز و فیلکسی گۆتاری

خوێندنەوەی: مشێل فۆکۆ (5)

ساڵانی 1945-1965 لە ئەوروپادا ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی راست، شێوازێکی دیاریکراو بۆ گوتاری سیاسی و رەوشتێکی دیاریکراویش بۆ رۆناکبیر دەستنشانکرا بوو: ئەگەر مرۆ پەیوەندییەکی توونی و گەرمی بە مارکسەوە نەبووایە، ئەوە لە فرۆیدیش دوور دەکەوتەوە و دادەپڕا، گەر مرۆ لە دیدی مارکس و فرۆیدەوە چارەسەری کێشەی دەلالی بکردبایە باشترین رێزی بۆ دادەنرا. ئەو سێ مەرجە بوو کە وای لەم کارە تاکگەراییە دەکرد، کە کردەی مرۆڤ بە نووسین و ئاخاوتن، وەك بەشێك لە هەقیقەتی خودی خۆی و سەردەمەکەی و هاوکاتیش بە ئەرکێکی قبووڵکراویش بنرخێنرێت.

ئەمجا پێنج ساڵی خێرا، بە جۆش و گوڕ، پێنج ساڵ لە شادی و مەتەڵەکان بەسەر چوون. هەڵبەت ڤێتنام، لەبەر دەریچەی دونیاکەمان، یەکەمین گورزی بەهێز بوو کە توانی دەسەڵاتی دامودەزگایەکان بپێکێت. بەڵەم بەڕاست لێرە، لە پشت سەرماندا چ روویدەدا؟ تێکەڵاوییەك لە لە سیاسەتی شۆرشگێرانە و دژە دەسەڵات؟ هەڵگیرسانی شەڕ لە دوو بەردەدا: چەوسانەوەی جڤاکی کۆمەل و داپڵۆسینی دەروونی؟ پرەوسەندنی "لیبیدۆ-Libido"، کە دیسان کێشەی چینایەتی زیندوو کردەوە؟ دەشێت. ئەو بارە هەر چۆنێ بووبێ، ئەو راڤە گونجا و دووانەیە، وەك ڕێگایەك بوو بە بەهایەك تا بتوانم شرۆڤەی ئەو ساڵانە رابگەیەنم.

لە نێوان شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی فاشیزمدا، زۆرینەی توێژە ئۆتۆپیستەکانی ئەوروپا (وێلیهاەم رایشی ئەڵمانی و سوریالیستەکانی فەرەنسا) کە بەو خەونە شەڕەنگێزیە سەرمەست بوون، هاتن بۆ ئەوەی پەنگری هەمان هەقیقەتی گۆڕین جۆشبدەن: مارکس و فرۆید کە رۆشنکەرەوی یەك گوڕو جۆش بوون.

بەڵام ئایا ئەوەی کە روویدا، بەڕاستی هەر ئەوە بوو؟ هەڵبەت ئەمجارە لەسەر ئاستی رەفتاری مێژووییەوە، کارەکە بەو پرۆژە ئۆتۆپیایەی سییەکانەوە گرێدەدەمەوە، یاخود ئەو بزاڤەی ئۆتۆپیستە پێچەوانەیەی کە بەرەو کێشەی سیاسی رۆیشت، هەرگیز یەکناگرنەوە لەگەڵ ئەو نموونە کۆپیکراوەی کە مارکسیزم بڕیاری لەسەر دابوو. یاخود لە ئەزموون و خواست و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وردەکارییەکانی فرۆید دوور کەوتەوە و  داپرا. هەڵبەت ئاڵا کۆنەکان بەرزکرانەوە، بەڵام شەڕ لە گۆڕەپانەکەیەوە پەرەی سەند و بۆ ئەوەی هەرێمە تازەکان بتەنێتەوە.

کتێبی ئەنتی ئۆدیب کە  بەر لە هەموو شتێك پانتایی ئەو گۆڕەپانە ئاشکرا و بەدیار دەخات. بەڵام لەم ئەرکە زیاتریش بەرهەمدارترە. ئەم کتێبە خۆی بە سەرکۆنە کردنی بتە کۆنەکان سەرقاڵ ناکا، تەنانەت لە تەنز و گەمە زۆرەکانی لەگەڵ فرۆیدیشدا؛ بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆ هەڵقووڵانێکی دوور و قووڵتر هانماندەدات. هەڵەیە گەر ئەو ئەو کتێبە وەك سەرچاوەیەکی تیۆری تازە بخوێنینەوە. بەڵو ئەو کتێبە خوێندنەوەیەکی قووڵ و بە دیقەتی گەرەکە، (ئەو تیۆریە بەناوبانگە ناسدەکەن، کە بە ئێمەی ڕاگەیاند: گشت شتێك بە خۆوە دەگرێ، بە چۆنایەتییەکی بەرهەڵدراو گشت شتێك دەگرێتەوە و زامنمان دەکا. هەروا ئەو کتێبە بۆمان جەخت دەکاتەوە، کە ئەو کتێبە "تێورییەکە بۆ هەر خواستێك کە هەتبێ، پێویتستت پێی دەبێ"، بە تایبەتیش لەم سەردەمی پسپۆری و تەفروتووناکارەی کە "ئومێد"ی نەهێشتۆتەوە، کە بەربڵاوی کتێب و چاپەمەنییەکان لە هەڕمێندان، ئەو کتێبە کۆمەکیت دەکا).
لەناو ئەو هەموو بە فیرۆدانە ترسناکەی هزر و چەمکە تازانەدا، کتوپڕ پێویست ناکا لە فەلسەفە بکۆڵینەوە: ئەنتی ئۆدیپۆس، پەیەکەرێکی بریقەدار نیە، بە یرواى من باشترین شێوە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە، خوێندنەوە و بەرانگار بوونەوەیەتی وەك جۆرە "هونەرێك"، بەهەمان واتای ئەو مەبەستەی کە دەڵێ: بۆ نموونە، "هونەری ئێرۆسی". ئەنتی ئۆدیپۆس بە رێگای لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی مەیل  بە واقیع و "ئامێر ئامێز"ی سەرمایەداری، وەرامی پرسیارە هەستپێکراوەکان پێشکەشدەکا. خودی پرسیارەکان هۆکاری شتەکانی بەلاوە گرینگ نیە، بە قەد ئەوەی کە چۆنایەتیەکانی بەلاوە گرینگە. چۆن مەیل لەناو هزر و گوتاری سیاسی و رەفتاردا تێکەڵا و ئامێتە بکەین؟ چۆن مەیل دەتوانێ، (چۆن دەبێ) کە هەوڵەکانی تەرخان بکات بۆ چوارچێوەی سیاسی و هەروا خۆی لە رەوتی دڵی رژێمی باڵادەستدا چڕبکاتەوە؟

لێرەوە کە کتێبی ئەنتی ئۆدیپۆس رووبەڕووی سێ نەیاردا خۆی دەبینێتەوە: ئەم سێ نەیارەش وەك یەك نین لە هێز و لە هەڕەشەیاندا ئاستی جیا جیا دەنوێنن. کتێبی ناوبراویش بە کەرەسەی جیاواز شەڕیان لەگەڵ دەکا:
1-سیاسیە خەڵوەتنشینەکان، شۆڕشگێراه خوێن تاڵەکان و خەمخۆرەکان، تۆریکارە تێرۆریستەکان، ئەوانەی کە دەیانەوێ پارێزگاری لە سیستەمی تەواوی سیاسی و گوتاری سیاسی بکەن، شۆرشگێرە بیرۆکراتەکان و مووچە خۆرەکان.
2-تەکنیکارە مەیل خوازە رەنجکێشەکان: دەروونناسەکان، نیشانەناسەکان، ئەوانەی هەموو بەڵگە و هۆکارێك تۆمار دەکەن و مەیل رێکخستنی هەمەجۆر دەشێوێنن و بۆ یاسای بنەما و پسپۆریی دووانەیی بەرتەسکی دەکەنەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3- له کۆتایشدا، نەیاری ستراتیژی، دوژمنی گەورە، واتا فاشیزم. (هەڵبەت هاوکاتی ئەمەش کە ئەنتی ئۆدیپۆس بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانی تری، ئیلتیزامێکی مانۆریانە پێکدێنێ).

ئەم کارەی دولۆز هەر تەنیا فاشیزمی مێژوویی لە خۆی ناگرێ: فاشیزمی هیتلەر و مۆسۆلینی، کە زانیان چۆن مەیلی جەماوەر مێلیتاریزە بکەن. بەڵکو -ئەنتی ئۆدیپۆس، ئەو فاشیزمەی کە لەناو هەر هەموماندا دەژی و بەسەر ئاوەز و ئاکار و رەوشتی رۆژانەماندا فەرمانڕەوایی دەکا، ریسوا دەکا. ئەو فاشیزمەی کە بۆ دەسەڵات گرتنە دەست مەستمان دەکا، کە واشمان لێدەکا ئەو کەسانەمان خۆشبوێ و پێیان دڵگیر بین کە بەسەرمانەوە دەسەڵاتدارن و دەمان چەوسێننەوە. کتێبی ئەنتی ئۆدیپۆس (با نووسەرەکەی رێگەم بدات بڵێم): کتێبێکە لە بواری رەوشتناسیدا. یەکەم کتێبە کە لە بواری زانستی ناوبراو لە فەرەنسادا بنووسرێ و بگرە فەرەنسا لە مێژە کتێبی وای نەبینیوە. (رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێ کە سەرکەوتنەکەی تەنیا لە نێو خوێنەرە پسپۆر و پیشەییەکاندا نەمایەوە: گەر مرۆڤ ئەنتی ئۆدیپۆس بوو، ئەوکات بە جۆرێك لە جۆرەکانی ژیان دەژی و بە جۆرێکیش بیر لە ژیان دەکاتەوە: دەبێ چی بکەین هەتا نەبین بە فاشیست، ئەمەش بە تایبەتی لە کاتێکدا کە وا دەزانین. گوایە ئێمە خەباتگێڕ و یاخین؟ چۆن ئاوەز و کار و دڵ و چێژەکانمان لە فاشیستیەت رزگار بکەین؟ چۆن فاشیزمی رەگ داکوتاو لەناو رەفتار و ئاکارماندا ریشەکێش بکەین؟ نووسەرە رەوشتناسە مەسیحییەکان لەناو ستایشەکانی رۆحدا لە شوێنەواری جەستەیان دەکۆڵیەوە، بەڵام ژیل دولۆز و فلیکس گۆتاری، لە زۆر باردا لە خودی جەستەدا سەرگەردانی و گومڕایی فاشیزم دەستنیشاندەکەن.

ئێمە دەتوانین پاش ئەوەی کە سڵاوی خۆمان_ سڵاوی پیرپزبایی و سادە لە فرانسوا دیسال(6)_ بکەین و بڵێین: ئەنتی ئۆدیپۆس، "دەروازەیەکە بۆ ژیانێکی بێ فاشیزم".

ئەم هونەرە، هونەری ژیانە لە دژی هەموو شێوەکانی فاشیزمە، جا ئەو فاشیزمە جێگیر بێ یان ئەوەی کە هەڵپەیەتی تا خۆی جێگیر بکات. ئەم هونەرە ژمارەیەکی دیاریکراو لە پرنسیپی کاکڵەیی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە، گەر ویستت ئەم کتێبە مەزنە بکەیتە ئامرازێك بۆ رێنماییکردنی ژیانی رۆژانەت، ئەوە لە خوارەوە ئەم پرنسیپانە کۆ دەکەمەوە:

_-کاری سیاسی لە گشت شێوەیەکی وڕێنەی پەرەنۆیای یەکگرتوو و گشتگیریی_ Paranoie unitarire et totalisante رزگار بکەن.

_ کار و هزر و مەیلی بۆ دایکبوون و کۆکردنە و هەڵوەشاندنەوە پەرە بپێبدەن، لە جیاتی دابەشکردنی بەش بەشیانە و بەرە بەرەیی هەرەمیانە.

_-خۆتان لە گوتەگەلێکی وەك کۆن و نالەبار و نێگەتیڤەکان (یاسا، لەمپەر، پووتی، خۆ بەکەمگری، ئاستەنگ ) رزگار بکەن، بەو مانایەی کە جۆرێکە لە دەسەڵاتدریی و شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە واقیع، کە هەمیشە هزری رۆژئاوا، ئەوانەی پەرستووە. پۆزەتیف و بەرفرەیی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەسەر تاكە شێوەیی و دوورخستنەوە، لق و پۆپداری و بەسەر یەكەكاندا بسەپێنن، _ پۆلێنكردن و ڕێزبەندی بزۆكی، بەسەر سیستەمدا بسەپێنن و پرەوی پێبدەن. پروا بەوە بێنن كە خودی بەرهەمهێنانی بە پیت و بەرەكەت بزوان و بەردەوامیە، نەك چەقین و وەستان.
_-وا مەزانن كە مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێ بە شۆڕشگێڕ، دەبێ دڵتەنگ بێ، تەنانەت گەر ئەو شتەی كە شەڕی لەگەڵ دەكەین دزێو و چەپەڵیش بێ. پەیوەندی مەیل بە واقیعەوە، خاوەنی هێزێكی شۆڕشگێڕانەیە، (نەك راكردن بەرەو شێوەكانی نوێنەرایەتیكردن).
_-لە پێناوی جۆرە رەفتارێكی سیاسی، هزر بەكار نەهێنین، وەك تاكە نرخێكی راستینە؛ هەروا چالاكی سیاسی بۆ بەرتەسك كردنی هەر جۆرە هزرێك، تەنانەت گەر بە مەبەستی پێكدادانیش بوو، بەكار نەهێنین. رەفتاری سیاسی وەك ئامرازێك بۆ چڕكردەوەی هزر و لێكۆڵینەوەش بۆ فرەكردنی شێوە و بوارەكانی رەفاتركردنی سیاسی بەكار بێنین، بەو واتایەی كە خودی هزر، چەندەها شێوەی هەیە و دەچێتە ناو بوارەكانی كاری سیاسیەوە.
_-لە سیاسەت مەخوازن بكرێتە سەرچاوەیەك بۆ"مافەكان" ی تاكەكەس، بەو شێوەیەی،كە فەلسەفە ئەو كارەی كرد. _ تاكەكەس بەرهەمی دەسەڵاتە. ئەركی ئێمە ئەوەیە كە بە رێگەی پێوەنان گۆڕان و پۆلێنكردنی پایە جیاوازەكان "نەكرێ بە تاكگەرایی"": "de`sindividualisation .
نابێ كۆمەڵێك ئەندامی گرێدراوی یەكگرتوو هەبێ. بەڵكو دەبێ ببێتە لە دایكبوونەوەیەكی هەمیشەیی لە پێناوی لەناو بردنی شێوەی تاكەكەسی.
-_ بە ئەشقی دەسڵات مەست مەبن.

ئێمە دەتوانین دوورتر پروانین و بڵێین، كە دۆلوز و گۆتاری بە دەگمەن حەز لە دەسەڵات دەكەن. بگرە هەوڵیانداوە كاریگەریی ئەو دەسەڵاتەی، كە بە ئاخاوتنە تایبەتمەنییەكانی خۆشیانەوە گرێدراوە، نیشان بدەن. جا دوای هەموو ئەمانەوە، ئەو گەمە و تەنز و ساتیرانە دێن، كە لە ناخی كتێبی ئەنتی ئۆدیپۆسدا، ساتمەیان لێدەكەین. هەر ئەمەشە كە وەرگێڕانەكەی دەكاتە ئەزموونێكی سەخت و تواناییەكی تایبەتیش دەخوازێ.
بەڵام كارەكە بە تەڵە ئاسایی و باوەكانەوە نەبەستراوەتەوە: تەڵەی واژە-و داڕشتن، ئەو فێڵانەی كە هەوڵدەدەن خوێنەر وێڵبكەن بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا سەركەوتن بە دەست بێنن، بگرە كە لە گەمەش بە دوورن. وەك مەسەلەی نووسەران: فێڵەكانی ئەنتی ئۆدیپۆس، فێڵی ساتیری شۆخییە: زێدەترین بانگكردنە بۆ دەست هەڵپرین و وەدەرنان. بۆ واز هێنان لە دەق، كە دوای ئەوەی كتێبەكە دادەخەین.
كتێبی ئەنتی ئۆدیپۆس بە زۆرەكی بەرەو مەزەندەیەكت دەبا، كە تەنیا گاڵتە و یاری نیە، بگرە لەو بابەتانەی، كە ئەو گاڵتە و یاریانەش پێش دێن. وێرای ئەمەش ئەو گاڵتە و یاریانە شتگەلێكی سەرەكین، شتانێكن لە جدیەتیش جدیترن: راونان و پەردە هەڵماڵینە لەسەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەموو شێوەکانی فاشیزم. ئەو شێوە فاشیزمە بەهێزانەی کە گەمارۆماندەدەن، بگرە هەتا ئەو شێوە بوودەڵانەی، ژیانی رۆژانەمان دەکاتە زۆرداریەکی تاڵ، وردوخاشمان دەکا.

## پەڕاوێز:

1. Postula رامانێکی فەلسەفیانەیە کە گریمانەیەک دەخرێتە روو بێ ئەوەی بتوانرێ وەک شتێکی بەدیهی ئەوە بسەلمێنرێت (وەرگێری کوردی).

.2 سەیری چاوپێکەوتنەکەی ژولیا کریستیفیا لەگەڵ دێریدا، "سیمۆلۆگی و گراماتۆلۆگی" بکە، کە کراوە بە دانمارکی و لە کەشکۆڵی/ئەنتۆلۆگی *ستراکچالیزم/Strkturalizm*، Rhodos، لە ساڵی 1969دا. لە ژێر سەرپەرشتی پیتەر ماسین، بڵاوکراوەتەوە. بە خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە بابەتە سەرەکییەکەیە قورسەکەی گراماتۆلۆگی ئاسانتر دەبێتەوە.

.3 وشەیەکی گرێکیە، مانای زانین یان بیر کردنەوە دەگەیەنێت. پلاتۆن نۆموێنە" لەگەڵ ئیدێکان/بیرۆکەکان جودا دەکاتەوە، کە مرۆ تەنیا دەتوانێت لە رێگای ئاوەزەوە زانارییی بەدەست بهێنێت (و. کوردی).

.4 سەرەتا ئەم دەقەم لە ساڵی 1994 کرد بە کوردی، کە حەسەن عجە وەریگێڕاوە بۆ عارەبی، لە گۆڤاری (مواقف) بڵاو کراوەتەوە. بەڵام لە ساڵی 2001 کە لە بەشی فەلسەفە لە زانکۆی Södertörn خوێندکار بووم، هەمان دەق بە زمانی ئینگلیزی، *Intellectuals and pawer*، گۆڤاری *Language, Counter-Memory Practice,* *cornell University press*، ژمارە 49، لەپەڕە 205_ 217، ساڵی 1977، یەکێک بوو لەو سەرچاوانەی کە بۆ بەشی فەلسەفەی سیاسی تەرخانکرا بوو. هاوکات من ئەم دەقەم وەک ئەرکێکی زانکۆیی لە سەمینارێکدا بۆ خوێندکاران پێشکەشکرد. ئەمەش هانیدام دووبارە ئەو دەقە لەگەڵ ئینگلیزییەکەی بەراورد بکەمەوە.

.5 ئەم دەقە خوێندنەوەیەکی فۆکۆیە بۆ کتێبەکەی ژیل دولۆز کە فەیلەسوفێکی فەرەنسیە و یەکێك بوو لە هاورێیانی فۆکۆ. دولۆز کتێبەی، *شیزۆفرینیا و سەرمایەداری، ئەنتی_ئۆدیب*، لەگەڵ دەروونناسی فەرەنسی فیلکس گۆتاری نووسیوە. ئەو کتێبە لە رۆژگارێکی جۆشدارا، لە ژێر کاریگەری راپەڕینی مای 1968. نووسراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی هێرش دەکاتە سەر بە سادەکردنەوەیەی فرۆیدگەرایی،-مارکسیزم و دەروونشیکاری، کە ئەوکات رەواجییان هەبوو. وەرگێری عارەبی محمد میلاد ئەم دەقەی لە گۆڤاری *العرب والفکر المعاسسر*، ژمارە 58 و-59،ساڵی 1988، بڵاوکردۆتەوە. لە سەرەتادا ئەم دەقەی مێشێل فۆکۆ، بە فەرەنسی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکو وەك پێشەکیەك، لە چاپە ئەمریکیەکەی کتێبی *سەرمایەداری و شیزۆفرینیا، ئەنتی_ ئۆدیپۆسی* ژیل دولۆز و فلیکس گۆتاری دا، بڵاوکرایەوە. پاشان لە دووتۆی کتێبی "ئاخاوتن و نووسینەکان"دا؛ کە بریتییە لە کۆمەڵێ وتار و هەڤپەیڤین و پێشەکی و بەشداری تر، ساڵی 1989 لە بلاڤۆکی "گالیمار" بە فەرەنسی، دووبارە بڵاوکراوەتەوە. شایەنی باسە لە ساڵی 1998، ئەم دەقەم وەرگێڕا ولە گۆڤاری "بینین"، ژمارە 5 و 6 دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەبەر گرینگی پرسیارەکان؛ کە پێم وایە بیرۆکەکانی ئەم دەقە، وەك وریا کردنەوەیەك بۆ پرسی رۆناکبیری کوردی و دەسەڵاتەکەی، سوودمە بێت. بۆیە دووبارە ئەم دەقەم بەراورد کردەوە لەگەڵ دوو تەرجەمەیەی تری عەرەبی و هاوکاتیش لەگەڵ ئەو دەقە ئینگلیزییەش بەراوردم کرد،

.6 پیاوێکی کڵێسە بوو، لە سەدەی حەڤدەدا لە ژنێف سەرۆکی کڵێسە بوو، بە کتێبەکەی "دەروازەیەك بۆ ژیانێکی ئەمەکدار، بەناوبانگە. Introduction à la vie dèvote (و.کوردی).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەمجۆرە لە بەرگی دواوە **بنووسرێت!**

**تێبینی! ئەم چەند دێرە لە بەرگی دواوە بنووسرێ**

**"ئێسبرێن کراوسێ-ێنسن، لەم کتێبەدا بە زنجیرە وتارێک باس لە فەلسەفەی فەرەنسی دوای ستراکچالیزم دەکات. نووسەر لە روانگەی خۆیەوە هزری فەیلەسوفانێکی وەک فۆکۆ، دێریدا، دۆلوز، لیۆتار و بۆدلیار بۆ خوێنەرەوە دەخەملێنێت. ئەمڕۆ شێوازی دەربڕینی خولیایە تازەکان لە فەلسەفەی فەرەنسیدا بە بەزاندنی سنوورەکان و بە شرۆڤەکردنی بوار تازەکان و شێوازی دەربڕینە تازەکانیەوە وەک هزرێکی کۆچەرییانە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەم هزرە کۆچەرییەش واتا داپڕان لە پەیوەندی مارکسیزم و دەروونشیکاری و ستراکچالیزم. ئەمەش تەنیا وەرچەرخانێک نیە لەو هزرانەی پێشتر بەڵکو دامەزراندنەوە و گەشە پێدانی ئەو هزرانەیە. بە دەم هەوڵی مەحفکردنەوەی مۆدێرنیتێت و گەشتکردن و سەرهەڵگرتن بە پێچەوانەی ئەو مۆدێرنیتێتەوە بەمجۆرە مرۆڤ رێگا نادات کە تەنیا لە شوێنێکدا لێی دانیشێ و سندم بکرێت. ئەمەیە فەلسەفەی کۆچەری.**

# Nomadfilosofi

## Aktuella tendenser i franskt tänkande



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Esbern Krause-Jensen
Översatt till svenska: Jochim Retzlaff

Till kurdiska: Handre
2005



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com